مەحمود مەلا عززەت

# بازنەکانی ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورد

چاپی دووەم

سلێمانی ١٩٩٩

# بازنەکانی ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورد

مەحموود مەلاعززەت

چاپی دووەم
سلێمانی- ۱۹۹۹

ناو: بازنەکانی ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورد

نووسەر: مەحمود مەلا عززەت

ساڵ: ١٩٩٩ چاپی دووەم

# بەشی یەکەم

# رەگ و ریشەی مێژوی تەقەلای
# بە عێراقیکردنی
# کوردو مەسەلەی کوردستان

ئەمڕۆ کێشەی نەتەوایەتی و سیاسیی کورد، لە هەمو سەردەمێ زیاتر گەشەی کردوەو جێگەی خۆی لەسەر شانۆی سیاسیی نیونەتەوەیی گرتووە، لەناوخۆشدا،سەرەڕای ئاڵۆزییە خۆییەکان، هەنگاوی بەرەوپێشی ناوە . بەڵام لەسەر ئاستی سنوری سیاسییو جوگرافی هەریەکە لەو دەوڵەتانەی بەشێ لە کوردستان ئەوقیان کراوە، چی وەك رژێم و چی وەك هەڵوێستیی زۆریەی زۆری حیزب و رێکخراوەکانی میللەتانی سەردەست، تا ئێستا هەڵوێست، بیرو بۆچون، جۆری مامەڵەی کێشەکە..گۆڕانێکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتوە، کە هۆیەکانی لای خوێنەر شارراوە نین..لێرەدا باشوری کوردستان بە نمونە دەهێنینەوە. وەك دیاردەیەکی نامۆ لە مێژوی ناوچەکە، هەر لەو کاتانەوە کە ئەم عێراقە لەدوای یەکەم جەنگی جیهان خولقێنرا، مافە نەتەوایەتیو نیشتمانییەکانی کورد سەنتەری قسەو مشت و مڕو ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکان بووە.. زیاتر قسەویاسەکان لەسەر ئەوەبو کە ئایا گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا مافی بڕیاردانی چارەنوسی خۆی هەیە..؟وەئەگەر ئەو مافەی هەبێت ئایا بۆی هەیە بڕیاری جیابونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی ئازاد وسەربەخۆی بدات ..؟لە راستیدا زۆر لەعەرەب زمان ،(بە تایبەتی بۆرژۆلو راسترەوەکان) نەك هەر ئەو مافە ناسەلمێنن و ئەگەر بەدەستیان بێ نایدەن بە کورد، بەڵکو هەر قسەکردن و رادەربڕین لەسەری بە تاوان و نۆکەریی دادەنێن.. تیایاندا هەیە بە ناچاری ،ددانی پێدا دەنێن ، بەڵام باس کردن و لێدوان و تەنها قسە لەسەر بەکارهێنانی، بە بڤەو خەتەر دادەنێن ..هەیانە ددان بەوەدا دەنێ کورد گەلە..هەموو مافێکی هەیە، بەڵام کە دێتە سەر مافەکان، کەڕوڵاڵو واق وڕماو دەبێت، یا لێنەزان و نە شارەزایانە دەکەونە هێنانەوەی بڕوبیانوی نابەجێو نادروست.باوەڕ بەوە دەهێنن کە کورد نەتەوەیەو نیشتمانی خۆی هەیە ..کەچی، گێل ئاسایی، وا دەیانبەستنەوە بەنەتەوەو نیشتمانی عەرەبەوە هەروەك لەئەزەلەوە بە پێکەوەنوساوی لەیەك سك بووبن و هەر لێکیان جیا بکەنەوە گیانیان لەبەردا نامێنێ و دەفەوتێن، بۆیە لایان وایە کە بەهیچ کلۆجێ بۆ جیابونەوە ناشێن! . کارەساتەکە هەر بەوەوەناوەستێ، بەڵکو زیاتر لە (٥) ملیۆن کوردی کوردستانی خوارو، ئەمڕۆ لەبەردەم شەڕی لەناوبردن و توانەوەدایە..وڵاتەکەی دەعەرەبێنن ..بەنوێترین چەك و بەگازی کیمیاوی کۆمەڵ کوژی دەکەن.. بەرامبەر ئەو مەترسییەو ئەو دوژمنە هارە، کورد سەرسەختانە بەرامبەری وەستاوەو هاوار بۆ دنیاو لەهەموو گەلان دەکات کە فریای بکەون .. هاوار لە گەلانی دراوسێو لەعەرەب دەکات کە دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەن و لەو کارەساتە رزگاری بکەن..بانگی مرۆڤ پەروەران دەکات کە بەدەنگییەوە بچن و هەقی ژیانی بۆ مسۆگەر بکەن، بەڵام وەڵام نییە..کەس نییە بەدەنگییەوە بچێو فریای کەوێ ..کەچی کاتێ ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئەگەر کورد بەبەشکردنەوەی عێراق و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی تایبەتیی خۆی لەو دۆخی کارەساتانە رزگاری ببێ ئایا ئەوەی پێ باشەو ئامادەیە ئەو مافە پیادە بکات؟ لەوەرامدا ئەگەر بلێ بۆچی نەء. وا دنیا ژێرو زەبەر دەکەن کە چۆن کورد ئەوە دەڵێ، چۆن

والەبەهەشتی عێراق یاخی دەبێ ..ئیتر بێ ئەوەی دەم لەکارەساتەکەوە بدەن..بێ ئەوەی ڕێگەی سەرفرازیی کوردلەم میحنەتە دەست نیشان بکەن و بڵێن: ئەی ئەگەر فریای نەکەوین و لەمردن ڕزگاری نەکەین بۆچی ئەو مافەشی لێ زەوت بکەین !هەیانە وا دەزانێ عێراق ئەزەل کردەو سنوورەکەی هێندە پیرۆزە کە نابێ دەستکاری بکرێ.. جا بۆ ئەوەی دیدو بۆچون و هەڵوێستی نادروست و چەوتی ئەوانە دەربخەین و بیسەلمێنین کە بنەچەی ئەو راو دیدو بۆچون و هەڵوێستانە، رەگ و ریشەیان هەر لەهەوڵو تەقەلای بە عێراقیکردنی کوردو شێواندنی مەسەلەی کوردستانەوەیە ..تا دەربکەوێ کە ڕێبازی ئازادیخوازانەی کورد و خەباتیان لە پێناوی ئامانجە ستراتیجییەکەی، مێژوو کردە، لەناو قوڵایی هەناوو دەرونی نەتەوەی کوردو چینە رەنجدەرەکانییەوە، لەرێڕەوی پرۆسەیەکی مێژوییدا، هەڵقوڵاوە، مافی بڕیاردانی چارەنوسی خۆیو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، لەناو واقیعی گۆرەپانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەرەوە هەڵقوڵاوەو ئەو ڕۆژە هەر دێت پێی بگات.. بۆ ئەوانەو دەرخستنی راستییە مێژوییەکان ، ئەم کورتە باسەیان پێشکەش دەکەین .

## دیاردەی سەرەتا

بیری بەستنەوەی کوردستان بەعێراقەوە و مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد بە سنوریسیاسی و جوگرافی دەوڵەتەکەیەوە ..تەقەلای بەعێراقیکردنی گەلی کوردو ئامانجە پلەیىو ستراتیجییەکەی ..

دیاردەیەکی نوێ نییەو لەدایکبووی ئەم ڕۆژگارە نییە ، بەڵکو بنکەو بنەچەی ئابوریو مەتریالیی مێژوویی خۆی هەیە..ئەو راو دیدو نەخشەو تەقەلایانە لەرێڕەوی روداوە یەك لەدوای یەکەکانی سالانی پێش سەردەم و پاش یەکەم جەنگی جیهاندا سەریان هەڵداوەو گەشەیان پێ کراوە، زەمینەو بنکەو سنوریسیاسیو جوگرافی بۆ رەخسێنراوە، ئینجا هەولی چەسپاندن و بەهێزکردن و ئەزەلیکردنی، خولقاندنی هەلومەرج، رەسیویی ژیان و بەردەوامیی دراوە. لە سەردەمێکی دواتری ناو ئەو دیاردانەدا، تێندینسی بەعەرەبکردن و تەقەلای تواندنەوەی نەتەوەی کورد سەری دەرهێنا، بەجۆرێ خۆی لەسەر شانۆی روداوەکان سەپاند کە مل هوڕانە لە دژی بەعێراقیکردنەکەش بووەستێ، تەنها لەو کاتانەدا نەبێ کەسەرجەم گەلانی عێراق، بەنەتەوەی کوردیشەوە هەموو سنوریسیاسی ئێستای عێراق، بەکوردستانیشەوە، بەبەشێکی هەرگیز لێجیانەبووەوەی نەتەوەو نیشتمانی عەرەب دابنرێن. چونکە ئەمە پایەگایەکی گرنگ بوە لەخزمەت ستراتیجەکەیدا.

لەناو ئەو دیاردانەدا ململانێ و خەباتی جۆربەجۆری دژ بەو تەقەلایانە هاتەروو..هەروەك دژە کرداری ئەو دیاردانەو رەنگ دانەوەی خواست و ئارەزوی نەتەوەی کورد بۆ سەربەخۆیی، بووەهێزێکی مەتریالی و چەسپیوی ئەوتۆ کە لەناو زۆرانبازییەکی نابەرابەرو سەختدا تێکۆشانی دژ بە داگیرکەرو ئەو نەخشانە درێژە پێ بداو بگاتە ئەم مەڵبەندە هەستیارەی ئەمڕۆ..

-١-

# ئاوڕێکی دوورتر لەمێژووی سیاسی و جوگرافیای ناوچەکە

کوردستان هەروەك هەموو وڵات و هەرێمەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مەڵبەندی جەنگ و پێکادان و ململانێی خوێناوی بووە..دەوڵەت و هێزەکانی ناوچەکەو ئەو تیرەو هۆزانەی بەشەپۆلی گەورە گەورە هەزاران میلیان دەبڕی بەرەو ناوچەکە دەکشان، مێژوی دوورو درێژی سەردەمە جیاجیاکانیان پێکهێناوەو هەریەکە بە ڕۆری هێزو خۆسەپاندن، دەوڵەتی خۆی دامەزراند .دروستکردنی ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی‌و داگیرکردنی ناوچەکە- بە کوردستانیشەوە- دەستپێکردنی پلەیەکی ئاشکرای پڕ لەگۆڕان و وەرچەرخان بوو. هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئەمەویشەوە (٦٦١-٧٥٠ع) ئوروستوکراتییەتی عەرەب کەوتە سەر ڕێبازی سەپاندن و زاڵکردنی ڕەگەزی عەرەب و بەکەم دانانی گەلانی ترو بەریەرەکانی کردنی کولتورو نەریت و خووڕەوشتیان.. بەرامبەر بەوە گەلانی ناعەرەب کەوتنە جوڵەو چالاکی، بەتایبەتی دوای ڕوخاندنی ئەم دەوڵەتەو دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسی(٧٥٠-١٢٥٨ع). ل.ە ڕۆژگاری نێوان سەدەکانی (١١-١٤) دا ، تیرەو هۆزەکانی سەلجوقی ، قەرە قۆینلو، ئاق قۆینلو وە مەغۆلەکان ڕۆڵی گەورەو پڕ لەشەڕو شۆڕیان لەناوچەکەدا بینیوە. لەو سەردەمانەدا، هەرچەندە کورد نەیتوانیوەڕۆڵی مەزنی هاوونەی عەرەب و فارس و تورك وازی بکات، ئەگەر تەقەلای تاکەکەسی چاو لێ بپۆشرێ، لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ دەوڵەت و میرنشینی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆی دامەزراندووە، لەوانە دەوڵەتی هەزبانی (٩٠٧ع) ، دەوڵەتی‌حەسنەوی (٩٥٩-١٠١٥)، دەوڵەتی دۆستەکی (٩٨٢-١٠٨٦)، دەوڵەتی شەددادی (٩٥١-١١٦٤)..هتد هەر لەسەدەی دوانزدە شەوە، دەوڵەتی ئەردەڵان وا بەهێز بوو کە جەنگیزخان ئاڵوگۆڕی تیا نەکات، هەروەك لۆنگریك دەڵێ: ددان بەدەوڵەتەکەدا بنێ.بێگومان دەبێ ڕۆڵی گرنگی ئەیوبییەکان و دەوڵەتی ئەیوبیش (١١٧١-١٢٥٠) کە لە سەلاحەددینی ئەیوبییەوە دەستپێکرد، لەبەر چاو بێ. ئینجا چەندین میرنشینی گرنگ هاتنە ئاراوە ..بۆتان و ئەردەڵان و بابان و سۆران گرنگەکانیان بوون. کە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی (١٢٩٩) و سەفەوی (١٥٠٢) هەر یەکە لەناوچەیەکی بچوکی وڵاتی فارس و ئەنەدۆڵدا دامەزران، بەرەبەرە نەش و نمایان کردوو ئیتر بوون بە گەورەترین دوو هێزو دەوڵەت و کەوتنە بەریەرەکانیو ململانێ و شەڕو پێکادان، کە یەکێ لەسەرەنجامەکانی ئەو شەڕانە دابەش کردنی کوردستان بوو. چونکە هیچ یەکێ لە قەوارەو میرنشینەکان نەیاندەتوانی بەرامبەریان بوەستن. کە شەڕی چاڵدێرانیش (١٥١٤) بەسەرکەوتنی عوسمانییەکان کۆتایی هات، ئیتر یەکەم دابەش کردنی وڵاتی کوردستان بەڕەسمییو لەناو پەیمان مۆرکردندا یەکێك لە ئەنجامەکانی بووە. بەو پێیەش کوردستانی خوارو بو بە بەشێك لەقەڵەمڕەوەکەی ئەم دەوڵەتە. زیاتریش لەوە تورکە عوسمانییەکان ڕێگەی داگیرکردنی (میسۆپۆتامیا) یان بۆ کرایەوە، لە ساڵی ١٥٣٤دا بە غدایان داگیر کرد ..پێش ئەمەش وڵاتانی شام و میسریان داگیر کردبوو(١٥١٦-١٥١٧ع).

دوای سەقامگیرکردنی دەسەلاتی ئەو دەوڵەتە،هەروەك شێوەی بەڕێوەبردنی هەموو هەرێمەکانی تری سنوورییەکەڵەمڕەوەکەی، ئەم ناوچانەشی لە شێوەی ویلایەتدا ڕێك خست و هەریەکەی بەبابی عالیەوە- ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ-بەستەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ خواست و دەسەلاتەکەی بەتەواوی لە هەرێمەکاندا جێگیر بکات. دوای ئەوەی هێزەکانی (یەنی چەری) ڕووەو ئەورووپا کشان، پاش داگیرکردنی ناوچەکانی بەلقان، گەیشتنە بەر دەروازەی ڤییەنا (١٦٨٣) تا یەکێتی هێزو سوپاکانی دەوڵەتانی ئەورووپای مەسیحی بەرەنگاریان بوون و ناچاریان کردن پاشەوپاش بگەڕێنەوە. ئیتر عوسمانلییەکان کەوتنەوە سەر کاروباری ڕۆژهەلات و درێژەدان بە زۆرانبازی دژ بەسەفەوییەکان..بەتایبەتی زۆر قەوارەو میرنشینی سەربەخۆ دامەزرێنرابون کە تەنها بەناو سەر بەدەوڵەتی عوسمانی مابونەوە..بۆیە کەوتنە نەخشەدانان بۆ لێدانی ئەو میرنشینانە و جێگیرکردنی هێزو دەسەلاتی دەوڵەت لەم ناوچەیەدا. حوکمی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی عوسمانی زیاتر لە ویلایەتەکانی بەسرەو ئەحساو موسڵ و بەغدادا جێگیربوو، زیاتریش لەوە ویلایەتی بەغدای کرد بەکوتەکی دەستی بۆ سەرکوت کردنی هەر گەل و ناوچەو میرنشینێ کە لەفرمانی سوڵتان و بابی عالی یاخی ببوایە، بۆیە ئەم ویلایەتە لە ڕوداوەکانی کوردستانداو لەو ململانێیەی نێوان کوردو تورکە عوسمانلییەکاندا، ڕۆڵێکی زۆر ترسناکی وازی کرد. زیاتر لەوە هەر لەمێژەوە بابی عالی گرنگییەکی تایبەتی دابوو بە کوردستان،سەبارەت بەوەی کە ئەڵقەی پێکگەیاندنی دەوڵەتەکەیی و زۆر ناوچەو وڵاتی موسڵمانان بوو، بۆیە هەر زوو هەوڵی بنج بەست کردنی دەسەلات و هێزو بەرژەوەندییەکانی دابوو، یەکێك لە دیاردەکانی ناو ئەوە، نیشتەجێکردنی عەشایەری تورك بوو لەسەر هێڵی بازرگانی تەلەعفەر - ئاڵتون کۆپری - کەرکوك - تاووغ - توزخورماتو وە خانەقین- (١٦٣٧) کە ئەوەش سەرەتاو هەوێنی دروستبونی کەمینەی نەتەوایەتی تورکمان بوو لە کوردستانی خواروودا.

ئەڵقەی لاواز لە ناوچەکەدا، ویلایەتی موسڵ بوو، کە لەوەوبەر نیمچەسەربەخۆبو. لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی خێزانی(ئال جەلیل)دا کە لەساڵی ١٨٣٤ دا دوا حوکمداری ئەو خێزانە - یەحیا پاشا - لابرا، لە جێگەی (موحەمەد عبد ئال یاسین) دانرا تا لەساڵی ١٨٣٩دا ئەمیشیان لابردو ئیتر ویلایەتی موسڵ سەربەخۆیی خۆی لەدەستدا.. جا بۆ ئەوەی ڕێگە لەوە بگیرێ کە جارێکی تر تەقەلای سەربەخۆیی سەرهەڵداتەوە، ئەم ویلایەتەی ڕاستەوخۆ بە ویلایەتی بەغداوە بەستەوە.

دوای ئەوە، نۆرە هاتە سەر میرنشینی بابان .. ئەو میرنشینەی کە زۆر جار سەربەخۆیی خۆی سەپاندبوو وە ببووە هەڕەشە بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی، بۆ نمونە: لەسەردەمی ئەوڕەحمان پاشا، وە ئەحمەد پاشا.. جگە لەو یاریکردن و ئەم سەرو ئەو سەرکردنەی نێوان دەوڵەتی فارس و دەوڵەتی عوسمانی ..هەر لەو ڕۆژگارەدا میرنشینی سۆران لەناوبرا - (١٨٣٧ع)..گەلێ هۆی ناوەکیو دەرەکیش میرنشینی بابانی لاواز کردبوو، بە تایبەتی شەڕی

ناوخۆو ململانێی نان بەرەبابی بابان..کە لەو سەردەمەدا، ئەحمەد پاشاو عەبدولا پاشای برای، دوا پەردەیان دەنواند، بابی عالیش کردیە هەلێکی لەبار بۆ بەئەنجام گەیاندنی نەخشەکەی.. بە تایبەتی ئەحمەد پاشای بابان کە دەسەلاتی گرتە دەست(١٨٣٨ع)، خولیای سەربەخۆیی تەواو کەوتە کەللەیەوە و دەستی کرد بەهەولدان بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکەی.. بۆیە بابی عالی نەجیب پاشای کردە والی بەغدا(١٨٤٢–١٨٥٠ع) و فرمانی جێبەجێکردنی نەخشەی لەناوبردنی دەولەتی بابانی پێدا. ئینگلیزەکانیش باشتر زەمینەی ئەو کارەیان خۆش دەکردو هانی والی‌و بابی عالیان دەدا.. چونکە زۆر جار کێشەو مەخسەرەی ئەو میرنشینە لەگەل دەولەتی فارس و دەولەتی کولمەندو والییەکانی بەغدا وا توندو سەرنج راکێشەر دەبوو کە کێشەی کورد بخاتە سەر شانۆی سیاسی دەولەتان ... نەمانی ئەم کۆسپە رێگە خۆشکردنیش دەبێ بۆ ئینگلیزەکان کە بەرژەوەندییەکانی خۆی لەناو دەولەتی عوسمانی‌و ولاتی فارسدا جێگیر بکەن، کوردیش بەلای خۆی دا رابکێشێ‌و بیکاتە شورەیەك لە دژی تەماعەکانی روسیای قەیسەری، دەولەتی عوسمانیش لەو دیاردەیە رزگار بکات کە والیەکانی بەغداد هەندێ جار بۆ دەسەلاتی بەغدا گرتنە دەست یا گێرانەوەی دەسەلاتە لەکیس چووەکەیان، یا جێگیرکردن و پاراستنی، پەنایان دەبردە بەریابان و مێزەکەی ..... بۆیە عەبدولا پاشای برای ئەحمەد پاشای بابان، کە بۆ ئەستەنبول دوور خرابووەوە، گێرایانەوە بۆ بەغداو لەشکرێکی بۆ ساز کراو بەرەو سلێمانی خرایەرێ، ئەحمەد پاشای برای شکاندو دەسەلاتی میرنشینەکەی گرتە دەست، بێ ئەوەی هەولێ تەقەلاکانی ئەحمەد پاشا ئەنجامێکی هەبێ.. ئەم هەنگاوەو لابردنی ئەحمەد پاشا زەوتکردنی سەربەخۆیی ولاتی بابان بوو، چونکە عەبدولا پاشا بە نێوی (قائمقام) وە دانرا. پاش چەند سالێ، عەبدولا پاشا بانگ کرا بۆ بەغدا. ئینجا لە جێگەکەی (میر لیوا اسماعیل پاشا)ی ئەسل کوردو کردەوە تورك، دانراو کرا بە قائیمقامی‌سلێمانی (١٨٥٠–١٨٥١). ئیتر تەقەلاکانی عەبدولا پاشا بۆ وەرگرتنەوەی دەسەلاتەکەی بێ کەلك بوو..داخوازییەکانی دانیشتوانی سلێمانی بۆ دانانی (موحەممەد ئەمین پاشای کوری ئەحمەد پاشا) گوێی لێ نەگیرا، وە شۆرشەکەی عەزیز بەگی بابانیش بێ ئەنجام کپ کرایەوە. بەو جۆرە میرنشینی بابان لەناو براو ناوچەکەی - کە بە ویلایەتی شارەزووریش ناو دەبرا- بە ویلایەتی بەغداوە بەسترایەوە.

کاتێ مەدحەت پاشا بە والی بەغدا دانرا(١٨٦٩) بۆ توندو تۆلکردنی دەسەلاتی دەولەتی عوسمانی لەناوچەکەداو لەناوبردنی گیانی یاخی‌بوون و سەرپێچی‌و باج نەدان، کەوتە جێ بەجێکردنی یاسای ویلایەت، بۆ ئاسان کردنی کارەکە گشت هەرێم و ویلایەتەکانی ناوچەکە لە دوو ویلایەتدا بەم جۆرە رێك خرا:

- ویلایەتی بەغدا لە لیواکانی :بەغداو حیللەو کەربەلاو موتەسەریفیەتی بەسرەو کوێت و نەجد و ئەحسایێك هێنرا. ئیتر لەدواییشدا سەر لەنوێ ویلایەتی بەسرە لە ویلایەتی بەغدا جیا کرایەوە.

• ویلایەتی موسڵ: لەهەردو ویلایەتی موسڵو شارەزوور پێك هێنرا کە بەم جۆرە بوون:
– لیوای موسڵ: لە موسڵو قەزاکانی ئامێدی، زاخۆ، دهۆك، ئاکرێ وەشەنگار پێك هێنرا.
• ویلایەتی شارەزور:
– لیوای کەرکوك: لە کەرکوك و قەزاکانی‌ڕەواندوزو هەولێرو سیلاحیە(کفری) و کۆیسنجەق وە ڕانیە پێك هێنرا.
– لیوای سلێمانی: کە لەقەزاکانی سلێمانی، گوڵ عەنبەر، بازیان، قەرەداغ، شارباژێر، مەرگە، وە قەزای جاف پێك هێنرا.
– لیوای هەولێر: کە لە قەزاکانی مەرکەزی هەولێر، مەخمور، کۆیسنجق، ڕەواندوز، ڕانیە وە زێبار پێکهێنرا.

ئاشکراشە کە ویلایەتی شارەزوور – ی پێش ئەو ئاڵوگۆڕە هەموو لیواکانی سلێمانیو کەرکوك و هەولێری گرتبۆوە وە شاری کەرکوکیش پایتەختی ویلایەتەکە بووە، ئیتر دوای ئەوە ناوی ئەم ویلایەتە لە ڕەسمییاتی دەوڵەتدا نەماوە.

بە درێژایی مێژوی ڕۆژگارەکانی ناو ئەو سەدانە و لەناو جەنگ و ململانێی دەوڵەتی عوسمانیو سەفەویو میرنشینی بابان دا، کورد بە گشتیو لە کوردستانی خوارودا بە تایبەتی، لەناو ژیانی سەربەخۆییو هەست بە ناسنامەی نیشتمانی خۆکردن، لەناو بۆتەی زۆرانبازیو بەرگری لە نیشتمان و خۆشەویستی مەڵبەندەکەیدا، هەست و گیانی خۆ بەیەك گەل و یەك قەوم و خاوەن یەك نیشتمان سەری دەردەهێناو گەشەی دەکردو مێژووییەکی ماویەش و هەست و نەستێکی یەکگرتو وە ئامانجی سەربەخۆیی نیشتمان ڕەگی دادەکوتا. لەسەردەمەکانی دوا ماوەی ژیانی میرنشینی بابانیشدا، هەست و گیانی نەتەوایەتیو نیشتمان پەروەری بەئاشکرا چەکەرەی کردبوو، بۆیە ئامادە نەبوو بە ئاسانی مل بۆ ئەو دابەش کردن و داگیرکردنە دابنەوێنێ، چونکە بەردەوام بیری سەربەخۆییو ئازادی نیشتمانی لە مێشکدا بووە، هەرچەندە کێشەکەی بەدەسەڵات پەیداکردنی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان، زیاتر ئاڵۆز کراو چەوسانەوەیەکی تریش هاتە ئاراوە.. لەگەڵ ئەوەشدا، درێژەی بە خەباتی خۆی هەرداوە.. بەڵام ئەنجامی زۆر خراپی ئەو ڕوداوو بارودۆخە، مانەوەی گەلی کوردبو بە دواکەوتوویی .. لایەنەکانی ئابوریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری و خوێندەواری، زۆر بە سستی گەشەیان دەکرد چونکە ڕەوتی ئاسایی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕێبازی سروشتی لادرا.. دیاردەیەکی کوشندەی ناو ئەو بارە، چاندنی تۆوی بێ کارەیی و تەمەڵیو بیرنەکردنەوە لە پێشکەوتن و دوارۆژی نیشتمان و باوەڕ کزبوون بە خۆ بەکارکردن بوو....ئەوانەش بە ڕونی کاریان کردە سەر نەوەکانی دوایی و سەر زیاتر لاوازکردنی کەسایەتی کورد، هەرچەندە زۆر دیاردەو فاکتەری تر ڕۆڵیان لە دروستکردنی ئەو پرۆسە و دیاردەیەدا بینیوە.

له راستیدا دوای ئەوەی جێگەو پایەی موسڵ تەولو هێنرایە خوارێو لە ساڵی ١٨٥٠ دا کرا بە موتەسەرییفیەت، لەکاتێکدا ویلایەتی شارەزور وەك خۆی مابووەوە.. لە ساڵی ١٨٧٩دا سەرلەنوێ کرایەوە بە ویلایەت کە لەسێ سنجق پێکهێنرا، ئیتر لەو کاتەوەبو کە ناوچەکانی کوردستان بە موسڵەوە بەسترانەوە..

سنجقی موسڵ: کە لە قەزاکانی : دهۆك، زاخۆ، عەمادیە، سنجار، عقرە پێکهێنرا.

سنجقی کەرکوك: کە لە قەزاکانی : هەولێر، رانیە، رەواندوز، کۆیسنجق وە کفری پێك هێنرا..

سنجقی سلێمانی: لە قەزاکانی : بازیان، هەڵەبجە، شارەزور وە مەرگە پێکهێنرابو..

بروانە : أربعة قرون من تأریخ العراق الحدیث ص٢٧٦.

-٢-

# ئیمپریالیزمی بەریتانیا ئالای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بەرزدەکاتەوە

له قسه‌کردن له‌سه‌ر هه‌ڵوێست و راو بۆچونه‌کانی به‌ریتانیا، ده‌بێت دو خاڵی گرنگ رون بکه‌مه‌وه:

یه‌کەم: دوای برانه‌وه‌ی یه‌که‌م جه‌نگی جیهان، ئه‌و ده‌وڵه‌ته‌ به‌نه‌خشه‌یه‌کی بڕیار له‌سه‌ر دراو بۆ کوردستانی باشورو مه‌سه‌له‌ی کورد، نه‌هاتبووه ناوچه‌که‌وه، له‌سه‌ره‌تادا، ئامانجیان گرتنی تا به‌غداد بو، دوای ئه‌وه، مه‌سه‌له‌ی هێرش بۆ سه‌ر موسڵو بۆ کوردستان هێنرایه ئاراوه.

دووه‌م: ئه‌فسه‌ره‌کاریه‌ده‌سته‌کانی ئینگلیز له به‌غداو له کوردستاندا ببونه سه‌رچاوه‌ی زه‌مینه خۆشکردن بۆ داڕشتنی نه‌خشه‌یه‌کی له‌بار بۆ سیاسه‌تی ئاینده‌ی وڵاته‌که‌یان له‌و ناوچه‌یه‌دا، که به‌گشتیی بوبوون به سێ به‌ش و سێ هه‌ڵوێسته‌وه:

یه‌که‌م: که زۆریه‌و خاوه‌ن ده‌سه‌ڵات به‌رزه‌کان بوون، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا بون که کوردستانی باشور بخرێته سه‌ر میسۆپۆتامیاو وڵاتی عێراقیان لێ پێکبهێنرێت، فی.تی.وڵسن حاکمی گشتیی له به‌غدا سه‌رکردایه‌تی ئه‌م رێبازه‌ی ده‌کرد به هاوکاریی: سێر پرسی کۆکس، مێجه‌رسۆن، لۆنگریك و زۆری تر، چونکه ئه‌مان باشوری کوردستانیان به ته‌واوکه‌ری رۆڵی میسۆپۆتامیاو خلیج داده‌نا.

دووه‌م: ئه‌م دام و ده‌زگاو ئه‌و لێپرسراوانه بون که لایان وابو په‌له نه‌کرێت له هه‌نگاونانی بێ لێکۆڵینه‌وه‌و بێ تێگه‌یشتن له دانیشتووانی ناوچه‌که، تا ئه‌وانه رون ده‌بنه‌وه..

سێیه‌م: ئه‌و گروپه بون که له‌گه‌ڵ دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌تێك بون بۆ کورد له‌سه‌رجه‌می ناوچه‌کانی کوردستانی باشوردا. بێگومان گه‌لێك هۆ ئه‌و دیاردانه‌یان به‌و جۆره خولقاندووه، به‌ڵام ئه‌وه‌ی که گرنگ بێت بۆ ئێره ئه‌وه‌یه که مه‌به‌ست و ئامانجی سه‌ره‌کیی هه‌رسێ تاقمه‌که خزمه‌تی ده‌وڵه‌ت و وڵاته‌که‌یان بووه، هه‌ر تاقمه له‌و بڕوایه‌دا بووه که به‌و جۆره‌و له‌و رێگه‌یه‌وه ده‌توانرێت به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی به‌ریتانیا بپارێزرێت، دیاره هه‌ر لایه‌کیشیان به‌ڵگه‌و بۆچونی لۆجیکیی و لێکدانه‌وه‌ی خۆی هه‌بووه...

تا وای لێهات ئه‌و سێ هه‌ڵوێسته له‌ناو وه‌زاره‌ت و دام و ده‌زگا گرنگه‌کانی حکومه‌تی به‌ریتانیا له له‌نده‌ن و له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تییه‌که‌ی له هیندستان – یش ره‌نگیان دایه‌وه ، دوای ململانێی سیاسیی و سه‌ربازیی دورو درێژ له‌سه‌ر ئه‌و مه‌به‌ستانه، به‌ره‌ی یه‌که‌م زۆرترو به‌هێزتر ده‌بون، له‌سه‌ر حسابی دویه‌ره‌که‌ی تر، تا له سه‌ره‌نجامدا، جگه له‌وه‌ی ده‌وڵه‌ته‌که‌ی کوردستانیان روخاند، کوردستان – یشیان به‌زۆر به عێراقه‌وه لکاند، شێخ مه‌حمودی سه‌رکرده، بریندارو یه‌خسیرو ئاواره‌و له دواییدا ته‌ریك له دنیای شۆڕش وه‌ستا، به‌هۆی گه‌لێك فاکته‌رو روداوی تریشه‌وه..ئیتر به‌ریتانیا وه‌ك ده‌وڵه‌ت و به نه‌خشه‌و به‌به‌رنامه له‌دژی کوردو داواو جوڵانه‌وه‌کانی بووه..

جا مه‌به‌ستم له‌م تێبینییه ئه‌وه‌یه که بڵێم: قسه‌کردنم له‌سه‌ر هه‌ڵوێستی ئینگلیزه‌کان له‌م باسه‌دا، ئه‌و دوو لایه‌نه‌ی ناو ئه‌و دوو پله سیاسییه ده‌گرێته‌وه..واته : لایه‌نه به‌هێزه

کاریەدەستەکەی ناو سێ ڕێبازەکە یەکەم، وە ئەو سیاسەتە داڕێژراوەی کە لەسەرەنجامی ئەو ململانێیەدا بو بە ڕێبازی ڕەسمیی دەوڵەتی بەریتانیا.*

لەناو مەسەلەی ڕۆژهەلاتدا ، کە زۆر جار دەوڵەتی مەبەست لێی، دەوڵەتی عوسمانی، کە بە (پیاوە نەخۆشەکەش) ناو دەبرا، لە کۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدەوە، بەریتانیا کاریگەرترین ڕۆڵی تیا وازی دەکرد.. وەك گەلێ ناوچەی هەستیاری تر، جیۆستراتیجی کوردستان و ڕۆڵی ڕوبارەکانی میسۆپۆتامیا سەرنجی ڕاکێشابوو، وە زوو زوو شرینقەی مەمرە و بژی لەو پیاوە نەخۆشە دەدا تا لەناو نەخشەکانیدا، یەکەیەکە مەبەست و ئامانجەکانی بەدەست بهێنێ... هەر لە مێژیشەوە شارەزاو گەریدەو پسپۆرو جاسوسەکانی ئینگلیز ناوچەکەیان دەکێلاو مەبەستەکانی خۆیانیان تیا دەچاند..کاتێ تەقەلای ڕوسیای قەیسەریو ئەڵەمانیاو فەرەنساش بە ئاشکرا کەوتنەروو، وەبونە مەترسی لەسەر ئینگلیستان و بەرژەوەندییەکانیو دوای ئەوە لەساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا کانی نەوت دۆزرایەوەو ئەڵەمانیا دەستی کرد بە ئیمتیاز وەرگرتن بۆ ڕاکێشانی خەتی شەمەندەفەری بەغدا، دواتریش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش هاتە ناوچەکەوە. ئەوسا ئینگلیزەکان زیاتر کەوتنە خۆیان، ستراتیجیی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا لە کوردستان و میسۆپۆتامیاو خلیج لەسەر گرنگیو بایەخی زۆر لایەن و زۆر بابەت بینا کرابوو، کە هەرە گرنگەکانیان: لایەنی ئابوریو دەرکەوتنی کانی نەوت و کانزای ترو سامانی کشتوکاڵ و ئاژەڵو دۆزینەوەی بازاڕو کرێکاری هەرزان بوو، بۆ لایەنی ستراتیجیش جەمسەری بەستنەوەی ڕێگەی زەمینی ئەوروپا و ئاسیا بەرەو هیندستان بوو، کە گرنگترین کۆڵۆنی بووە بۆی، بایەخی ئەم هەرێمەو بەستراوەیی بە خلیجەوە و گرنگیی ناوچەکانی سەر خلیجیش بۆ ئینگلیستان..هەستیارییو گرنگی هێڵی شەمەندەفەری بەغدا–خلیج و بایەخی نەوتی دەرکەوتە لەناوچەکانیدا، نەخشەی جێگیرکردنی ئارامیی لەوڵاتی فارس و ناوچەکانی سەر خلیج، لەدواییشدا بایەخی خەتی ئاسمانیو ئینجا دامەزراندنی بنکەی سەربازیو ئاسمانی لە ناوچە ستراتیجییەکاندا بوو...جگە لە لایەنی سیاسیو مەسەلەی سەقامگیرکردنی هەیبەتی بەریتانیاو گەلێ فاکتەری تر. بۆیە دوای ئەوەی ئەڵمانیا ئیمتیازی ڕاکێشانی خەتی شەمەندەفەری بەغدای لەدەوڵەتی عوسمانی بۆ خۆی مسۆگەرکرد(١٩٠٢)و ئینجا ئیمتیازی نەوت دەرهێنانی لە بیست کیلۆمەتری ئەم لاو ئەولای ئەو هێڵە وەرگرت، ئینگلیزەکان کەوتنە خۆیان تا لەگەڵ ئەڵەمانەکاندا کۆمپانیای نەوتی تورکییان

---

* بۆ درێژەی ئەو باسەو ململانێیەکە لەسەر کوردستان و مێژوی زۆرانبازییەکەی ئەو سێ لایەن و گروپانە، دیپلۆماسییەتی کورد لەو سەردەمەدا.. چەند ساڵێکە لەگەڵ لێکۆڵینەوەیان خەریکم.ئەگەر ئاڵۆزییەکانی ڕۆژگار نەبنە کۆسپی تەواوکردنی، وا لەژێر سەرباسی: "کورد لەناو مەتەڵی سیاسەتی بەریتانیادا" ڕوناکی دەبینێت..

دامەزراند(١٩١١). تەنها ساڵێك پێش جەنگی یەکەم، ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی کەرکوکیشیان وەرگرت. لەگەڵ جەنگ هەڵگیرسانیشدا، دەستی بەسەر بەشەکەی ئەڵمانیادا گرت. زیاتر لەوانە، ستراتیجی ئەو دەوڵەتە بۆ ناوچەکە، لەناو ئەم پرۆژانەشدا سەنگ و بایەخیان بۆ پرۆژەی بەستنەوەی دەریای سپی ناوەڕاست بە خلیجەوە دەردەکەوت، بەتایبەتی بۆ ناوچە کوردنشینەکان، چونکە دەبوو هێڵی شەمەندەفەر بە کوردستاندا تێپەڕێ، ئەوەش دەبووە رەخساندنی پرد بۆ بەستنەوەی ناوچەکە هەموو پێکەوەو کردنی بە بازارێکی فراوان بۆ کەلوپەل ساغ کردنەوە و کردنیشی بە سەرچاوەی کەرەسەی خاوو بەگەڕخستنی کۆمپانیای جۆریەجۆرو دەسکەوتنی کرێکاری هەرزان. ئەوانەش زەمینەی بۆ بەریەرەکانیی دەوڵەتانی تری ئەورووپا خۆش دەکرد بۆ وەستان بەرامبەریان تا نەتوانن دەست بکێشنە ناو ناوچەکەوەو ببنە هەڕەشەی راستەوخۆ لەسەر بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا...

سەبارەت بەوانە، چەندین ساڵ پێش یەکەم جەنگیجیهان، نەخشەی ئینگلیز بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی لە شوێنە گرنگەکانی ناوچەکەدا، تا رادەیەك رون بو.. بۆیە هەر دەنگێك لەناو رای گشتیو پەرلەمانی بەریتانیادا بەرز ببوایەتەوەو بەریەرەکانی ئەو نەخشەیەی بکردایە..خێرا بەپیریەوە دەچوون و رازییان دەکرد.(لۆرد کێرزن) پێش جەنگ هەڵگیرسان، لەبەردەم ئەنجومەنی لۆردەکاندا وتی: بێ پێچ و پەنا ئەگەر بڵێین بەرژەوەندیی سیاسیمان هەر لەناوچەی خلیجدایەو بەس ..ئەوە هەڵەیەو وانییە، زیاتریش هەر لەناوچەکانی نێوان بەغداو بەسرەشدا نییەو بەس بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ سەروی بەغدا. بێگومان مەبەستی کێرزن هەر ویلایەتی موسڵ – کوردستانی خواروو –بووە. قسەو باس و بەڵگەی تری لەو بابەتە زۆرن..وە هەر ئەوانەش هاندەری چالاکییەکانی ئینگلیز بووە لە کوردستان و میسۆپۆتامیادا، هەر لە دامەزراندنی کۆمپانیای هیندی رۆژهەلات، لە نیوەی یەکەمی سەدەی پانزەیەمدا، تا دەیان پرۆژەی گەورەی ترو ئینجا لەشکرکێشی لەسەرەتای یەکەم جەنگی جیهاندا.

پەیمانیسایکس پیکۆ(١٩١٦) بەڵگەیەکی تری نەخشەو دیدی ئینگلیزە لە ناوچەکەدا.. تەنها یەك رۆژیش بەسەر بەرپابوونی جەنگی یەکەمدا تێپەڕی کە ئینگلیزەکان فاویان داگیرکرد دوای چەند رۆژێکیش بەسرە. ئینجا بەرەو بەغدا هێزەکانیان کەوتنە جەنگ تا لەساڵی ١٩١٧ دا داگیریان کرد. لە رۆژیبڵاوبونەوەی بڕیاری وەستانی جەنگ و خۆبەدەستەوەدانیئەڵمانیاو مۆرکردنی (هودنەی مودروس – ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨) هێزەکانی ئینگلیز شاری موسڵیان داگیر نەکردبوو ، بەشێکی گەورە لە کوردستانی باشوور بەدەست کورد خۆیەوە بوو..کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کە لەهودنەی مودروسدا بڕیار درابوو کە دەبێ هەموو سوپاو هێزەکانی جەنگ لەو شوێنەدا جێگیر بن کە تابڵاوکردنەوەی هودنە داگیرکراوە..هێزەکانی ئینگلیز کەوتنە داگیرکردنی موسڵ و ناوچەکانی تر دوای ئەوە کەوتنەبایەخدان بە نەخشەدانان بۆ داگیرکردنی کوردستان...

چیرۆکی ململانێ لەم سەردەمەداو خەباتی گەلی کورد لەدژی بەریتانیا دوورو درێژو پڕ لەکارەساتی خوێناوییو دیپلۆماسیەتی پڕ لە ساختەی ئینگلیزە .. هەنگاو و ڕێگەو شوێن و نەخشەکانی زۆر لەئەفسەرە سیاسییەکانی بۆ هەڵخەڵەتاندنی کورد بووە، لەگەڵ ئەوەشا هەڕەشەو گورەشەو هێزبەکارهێنان و داگیرکردن ڕوی دووەمی سیاسەتی ئەوانە بووە بەرامبەر بە کورد.زیاتر لەوە، زۆرجار ئالۆزیو نادیارییو لاستیکی قسەو بەندو برگەکانی هەندێ بەیان و پەیمان و ڕێککەوتن، ئەوەیان دەردەخست کە سیاسەتێکی ئاشکراو نەخشەیەکی کۆنکرێتییان نەبێ، ئامانجەکانیان زۆر ڕون و ئاشکرا نەبن، ئەگەر ئەوە بۆ هەندێ هەنگاو لەناو هەندێ مەبەستدا دروست بێ، وا بۆ بەستنەوەی کوردستان بە میسۆپۆتامیاوە و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، ئەو ئەفسەرە سیاسییە دەسەڵاتدارانە زۆر بەرونی کاریان بۆ کردووە .. کە لەسەرەتاشدا باسی سەربەخۆیی کورد کراوەو ...لە پەیمانی سیڤەردا دیارد بۆ ئەو مافەی کورد کرازە.. وابەشێ لەئینگلیزەکان زۆر بە چەسپیوی لەسەرەتادا هەر لای خۆیان، لە دواییشدا بەئاشکرا مەبەستیان ئەوەبوو کەلەناو سنوری‌سیاسیو جوگرافی ئەو دەوڵەتە نوێیەدا بێ کە دەهێنرێتە ئاراوە ..لە دواییشدا کە باسی مافەکانی کوردیان دەکرد، هەر بۆ ئەوەبوو کە بیری سەربەخۆییو دەوڵەتی کورد دامەزراندن لە مێشکی کورد دەربهێنن... دوای ساغبونەوەی نەخشەی بەریتانیا کە لەسەر بنچینەی سیاسەتی ئەو تاقمە ئەفسەرە دارێژرا.. ئیتر وەك دەوڵەت لە دژی کورد بون بۆیە لە ڕێڕەوی ئەو دیپلۆماسییەتە فێڵاوییەدا ..لەجەنگ و هێرش و پەلامارو داگیرکردن نەوەستاوە..

لەناو ململانێی دەوڵەتە ئەوروپاییەکانیشدا، لەتەقەلای غەنیمەت دابەشکردندا.. لەبەردەم هەڕەشەی – ئەتاتورك – و ئالۆزکردنی مەسەلەی کورد و تەقەلای کپ کردنی شۆڕشەکانی کورد، کە شێخ مەحمودی حەفید ڕابەریی دەکرد، لەناونەگونجان و ڕای جیاوازی سیاسەتی (قوتابخانەی قاهیرە) بەرامبەر بە (قوتابخانەی هیندستان)..لەناو هەمو ئەوانەدا، سیاسەتی داگیرکردنی کوردستانیخواروو وە بەستنەوەی بە میسۆپۆتامیاوە، بەمەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و گیان کردن بەبەریدا ..ڕاستەوخۆ دوای جەنگ و بەستنی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس ئاشکرابوو، هەرچەندە زوتر شۆڕشی ئۆکتۆبەر (١٩١٧)دەستەکەی ئینگلیزی خستەڕوو بە بڵاوکردنەوەی پەیمانە نهێنییەکان، بەتایبەتی سایکس پیکۆ، سەرەڕای هەموو ئەوانە، سەرجەم هەنگاوو ڕاو هەڵوێست و بڕیارو ڕاسپاردەی دەوڵەتی بەریتانیاو فەرمانبەرە زل و بەدەسەڵاتەکانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق تەرخان کرابوو.

فی.تی ولسن حاکمی گشتی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا لەبەغدا کە لە نیسانی ١٩١٩– دا چوو بۆ پاریس و لەگەڵ لوید جورج سەرەك وەزیرانی وڵاتەکەی کۆبۆوە لەدواییدا وتبوی: لە قسەکانی لوید جورج دا بۆم دەرکەوت کە مەسەلەی موسڵ بە نیسبەت فەرەنساوە کۆتایی هاتووەو ئەوەی ماوە تەنها مۆرکردنی پەیمانێکی ئاشتییە لەگەڵ تورکیادا، بۆ هێنانەکایەی یەك حکومەتی

عەرەبی لە موسڵ و بەغدا و بەسرە. چونکە هەروو بەرە لەژێر پێی فەرەنسا دەرهێنرا بە پێدانی هەندێ ناوچەو شاری وڵاتی شام و لە ٢٣,٥٪ بەشی نەوتی کۆمپانیای نەوتی تورکی. بەرامبەر ناڕەزایی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش ئینگلیزەکان پشتی فەرەنسا بگرن.

دیسان لەو ماوەیەدا لە پاریس کە لە ویلسن-یان پرسی ئایا خواستی دانیشتوانی ناوچەکە دەربارەی ئەو حوکمەی گەرەکیانە چییە؟ وتی : ویلایەتی موسڵ و دیرلزورو ئەو ناوچە کورد نشینانەی کە بەشێکن لە ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە دەبەسترێنەوە، دیسان وتی باشتر وایە مەسەلەی حوکمی زاتی بە کوردی کوردستان، نەخرێتە ناو باسەکانی کۆنگرەی ئاشتییەوە، بەڵکو ئەوە بۆ حکومەتی بەریتانیا بەجێ بهێڵرێ. خۆ ئەگەر قەوارەیەکی تایبەتی بۆ کوردستان دروست کرا، واعێراق دەبێتە پێنج ناوچە ، مەبەستیشی لەو ناوچانە ناوچەی بەسرە، بەغداد، فورات، ناوچەی موسڵە، وە پێنجەمەکەشی دەبێتە کوردستان، چونکە هەردەبێ بە عێراقەوە ببەسترێتەوە.

هەرچەندە گەلی کورد و شۆڕشەکەی و شێخ مەحمودی سەرکردە ئامادەبوون ئینگلیز سەرپەرشتی دەوڵەتەکەی کورد بکات ..ببێتە ..ماندات..بەڵام هەر کەڵکی نەبووە، تەنانەت ئامادەبوون کەوەك دەوڵەت لەناو سنوریدەوڵەتی عێراقیشدا بن دیسان سوودی نەبووە بۆیە دوای ماوەیەکی کەم لە حوکمدارێتی شێخ مەحمود - ١٩١٩- خێرا میجەرنۆئیل، کە لایەنگیری دامەزراندنی دەوڵەت بووە بۆ کورد، دوورخراوەتەوە و میجەرسون لە شوێنی دانرا، ئیتر دوای ئەوەی شێخ ملیبۆ فەرمانەکانی مێجەرسۆن دانەنەواندوە، لەشکری ئینگلیز رووەو سلێمانی کەوتە رێ و شەڕی دەربەندی بازیان هەڵگیرسا و شیخ مەحمود بەبرینداری بەدیل گیراو حوکمی خنکاندنی درا بەسەردا، کە حوکمەکەشی کرا بە ، ژیان زیندانی، ولسن تەقەلای جێبەجێکردنی خنکاندنەکەی دەدا . هەر ئەمیش بوو هانی سەرەك خێڵ و هۆزەکانی تری ئەدا کە بە حوکمی شێخ مەحمود قایل نەبن.. بۆیە دوای کۆبونەوەکەی لەگەڵ شەست سەرکردەو سەرەك هۆزی کورد لە سلێمانی، وتبووی گوایا هەندێکیان فەرمانڕەوایەتی شێخیان ناوێ و هەندێکی تریان دەیانەوێ لەگەڵ عێراق بن و ژمارەیەکیش بەریتانیایان گەرەکە .. زیاتر لەوانە کەوتە هاندانی دانیشتوانی کەرکوك و ئاڵتون کۆپریو کفری کە دژی شێخ مەحمود بن، بەعەرزو حاڵ ئەو هەڵوێستەی خۆیان دەربخەن..

ولسن و سیاسەتمەدارانی تریئینگلیز لەهاونەخشەو بۆچونەکانی، بەو هەڵوێست و سیاسەتەیان، هەر دژایەتی شێخ مەحمودیان نەکردووە ، بەڵکو لەناو ئەو هەموو دژایەتیەو هەڵوێستەیان، دژایەتی کوردیان مەبەست بووەو هەر ئەوەش ئامانج و نەخشەیان بووە بەرامبەر گەلی کوردو جوڵانەوەکەی، ئەگینا چەند جار هەڵی وا رەخسا کە دەتوانرا ئەگەر بیانویستایە یەکێکی تر لە جێگەی دابنرێ یا ئەلتەرنەتیڤێك بدۆزنەوە و قەوارەیەکی بۆ دروست بکەن و بیپارێزن. لەسەرەتاشدا بیری دامەزراندنی چەندین قەوارەو شێخ نشین لەئارادابوو..ئەوە کەم و زۆر لەدژی نەخشە سەرەکییەکەیان نەبووە، چونکە ئەیانویست، بەو رێگەیە بەریەرەکانی سەرکردایەتی

کوردو جولانەوەکەی بکەن، ئەگەر هێزی بەردەوامی بەرهەڵستیی و دژایەتی دەوڵەتە نوێکەو ئینگلیزی تیا بمێنێ..جگە لەوەش گەرەکیان بوو ئەو شێخ نشینانە هەر لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەی عێراقدا بێت.. دوای ئەوە ئینگلیزەکان گەلێ هەنگاوی گرنگیان نا، زەمینەی نەخشەکەیان تەواو خۆش کرد، ئەوسا کەوتنە سەر هەوڵدان بۆ بەتاڵ کردنەوەی هەندێ لەو بڕیارو راسپاردەو بەندانەی لەناو پەیمانە دەوڵەتییەکان و کۆمەڵی گەلاندا شێوەی یاسایی و نێونەتەوەیی بە خۆوە گرتبوو..بۆیە پەیمانی سیڤەری بە لۆزان پووچ کردەوە . لە کۆنگرەی قاهیرەدا (ئازاری ١٩٢١) هەرچەندە سیاسەتێکی دەوڵەتیی و سەقامگیر فۆرمەلەو بەرکار نەخرابو، رای جیاجیا هەر لەئارادا مابو، دیسان تاقمە دەستبالاو جڵەوبەدەستەکە کەوتە دانانی نەخشەی تەواو بۆ دامەزراندن و خستنە گەڕی دەوڵەتی عێراق، رژێم و یاساو پاشاو سوپاو سنوورو دارایی..هتد بۆ ئامادەکرا وە یەکسەر دوای کۆنگرە کەوتە جێبەجێ کردن و قوتکردنەوەی هەریەکەیان، بەهێنانی فەیسەڵیش و کردنی بەیەکەم پاشای ئەو دەوڵەتە تازەیە ..ئیتر وردە وردە داواکانی کورد دەخرانە لاوە. بۆ هێنانەوەی شێخ مەحمود لە هیندستان و کردنەوەی بە حوکمدارو ئینجا خۆکردنی بەمەلیکی کوردستان (١٩٢٢) وەپێکهێنانی وەزارەت بۆ ئەو پاشایەتییەی کوردستان..ئەوە سەبارەت بە گەلێ هۆ بووە کە گرنگەکانی: دامرکاندنەوەی راپەرینەکانی کورد، هەڕەشەی هاتنی ئۆزدەمیر بە هێزێکەوە بۆ ناوچەی رەواندوز، کپ کردنی ئەو چەند دەنگە عێراقییەی بۆنی بەربەرەکانی سیاسەتی ئینگلیزیان لێ دەهات.. وە بۆ هەڕەشە لە تورکە تۆرانییەکان . هەر لەبەر ئەوانەش لە بەیانە رەسمییە دوو قۆڵییەکەی حکومەتی بەریتانیاو عێراقدا(٢٢-کانونی یەکەم-١٩٢٢) ددانیان بەوەدا نا کەکورد مافی ئەوەی هەیە لە سنوری‌عێراقدا دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ ..یەکێ لەمەبەستە هەرە گرنگەکانی ئەم بەیانە ، بەو دارشتنەی،رامێنانی کورد بوو بەو داوایە..بەو دەوڵەتە نوێیە..بەمانەوەی لەناو سنوورەکەیداو ئینجا بۆ بەستنەوەی رێگە لەهەر کەس و لایەك کە دەنگی نارەزایی لەدژی هەنگاوەکانی بەریتانیاو دەوڵەتە نوێکەی عێراق بەرز بکاتەوە. بۆیە هەر کە پرۆتۆکۆلی ٣٠-٤-١٩٢٣ی لەگەڵ تورکیادا مۆرکرد وتیایدا بڕیار درا سلێمانی بە شێوەی هەموو لیواکانی تر بخرێتە سەر عێراق، ئیتر هێزی ئامادەکرد..لە ٤-مایسدا سلێمانی بۆمباباران کرد. وە هەرچەندە هێزەکانی کورد، پایتەختەکەیان کەوتەوەدەست(٢٣-مایس). بەڵام لە ١٩- تەممووزدا هێزەکانی ئینگلیز توانیان داگیری بکەنەوە. کە لە(٥) حوزەیرانی ١٩٢٦دا تورکیا ددانی نا بە(هێڵی برۆکسل) کە سنوورەکەی لەگەڵ عێراقدا دیارو دەست نیشان دەکات..ئیتر ئینگلیز لەیەکێ لەکێشەو کۆسپە گەورەکان سەرفراز بو، ئیتر هیچ جۆرە راو تێندینسێ بۆ دابینکردنی سادەترین مافی کورد لە ئارادا نەما، سیاسەتی چەسپاندنی بنەمای داگیرکردن و دژایەتی کورد تەواو ئاشکراکرا.

له ساڵی ١٩٢٧یشدا بەکاتیی کێشەکەی شێخ مەحمودیشی بۆ بەرژەوەندیی خۆی لابەلاکرد..ئینجا زیاتر کەوتە تەواوکردنی بینای دەوڵەتەکە. لەوەوبەر، لە ١٩٢٤دا یاسای جنسیەی عێراقیی بۆ دانا، لە جێگەی جنسیەی عوسمانی . لەساڵی ١٩٣٢دا دیناری عێراقی بۆ لە سکە دا،چونکە تا ئەو ساڵە رووپیەی هیندی پارەی رەسمی دەوڵەتەکەبوو،هەموو وەزارەت و دام و دەزگاودایەرەو سوپاو پۆلیس، راستەوخۆ ئینگلیزەکان لێپرسراوی یەکەم بوون و کارەکان لە ژێر چاودێریو ئامۆژگاری ئەواندا رادەپەڕێنران... بەو جۆرە دەردەکەوێ کە نەخشەی ئەفسەرە کاریەدەست و گەلێ لە لێپرسراوانی ئینگلیز هەر لەسەرەتاوە، بەستنەوەی کوردستان بە میسۆپۆتامیاوە، ئامانجێکی سەرەکیو گرنگیان بوو. تەقەلاکان بۆ ئەوە تەرخان کرابون کە چارەسەری مەسەلەی کورد هەر لە سنورێنەو دەوڵەتە نوێیەدا و بەو جۆرەی دەیانەوێ بکەن و توند بیبەستنەوە بەو دەوڵەتە نوێیەوە.

ئەگەر سەرنجێکی وردیش لەبەندەکانیپەیمانی سیڤەرو لەبڕیارو راسپاردەکانی کۆمەڵی گەلان و لە هەڵوێست و راسپاردەکانی ئەو لیژنانەی کۆمەڵی گەلان پێکیهێنان بدەین، بەمەبەستی ساغکردنەوەی راو بڕیاری کورد لەسەر پاشەرۆژی خۆی، ئەگەر لەخاڵو بەندەکانی سیڤەی ماندانی بەریتانیا بۆ عێراق وردبینەوەو بەراوردی لەگەڵ بەندەکانی ٦٢،٦٣،٦٤ی سیڤەردا بکەین، ئەگەر تاوتوێی سەرجەم بەیان و بروسکەو نوسین و راو هەڵوێستی بەریتانیاو لێپرسراوە زلەکانی بکەین و هەنگاوەکان سەرنج لێ بدەین... بۆمان دەردەکەوێ کە فروفێڵ و شێوەی لەخشتەبردن لە چ ئاستێکدا بووە..تەم و مژوناکۆکیو نەگونجان و رای دژ بەیەکی زۆر لەو پەیمان و بەڵگەنامانە دەری دەخەن کە دیپلۆماسیەتی ئینگلیز لە چ ئاستێکدا بووە.. کاتێ بەزۆری هێزو ئەو دیپلۆماسیەتەشی نەگەیشتبێتە مەبەست، ئەوا کەوتۆتە پیلانی هێز بەکارهێنان و هێرش و کاری تیرۆر.بۆ نمونە کە شێخ مەحمودی سەرکردە سەریەرزانە لە مەیدان وەستاو فەیسەل ئاسایی ملی بۆ کەچ نەکرد، ئەوەبوو کەوتە پیلانی کوشتن، فەرمانیدا بە حکومەتی عێراق کەجێبەجێیبکات.. ئەمیش لە ١٣-٦-١٩٢٥ دا بڕیاری دا سەد هەزار رووپیە تەرخان بکات بە خەڵات بۆگرتن یا کوشتنی شێخ مەحمود و چەند هاورێیەکی.

بەریتانیای گەورە، لەناو بەکارهێنانی هێزو شێوەی داگیرکردن، بە دیپلۆماسیەتی پڕ لە فروفێڵ، توانی مەبەستەکەی بهێنێتە دی، دەوڵەتەکەی عێراق دابمەزرێنێو ژیانی بەبەردا بکات، بە پێچەوانەی یاساو نەریت و بەڵێن و پەیمانی هەموان، وە دژ بە خواست و ویستی خەلکی کوردستان، بەلاخستنی بڕیارو راسپاردەو پەیمانە دەوڵەتییەکان و بڕیارو راسپاردەکانی کۆمەڵی گەلان.. بڕیاریدا کوردستانی خواروو بە زۆر بەو دەوڵەتە تازەیەوە ببەستێتەوە..وە بۆ ئەوەی ناوی عێراق و مۆرکی عیراقی بچەسپێ، وردە وردە کەوتنە نەك هەر لەبیربردنەوەی مافەکانی کوردو پێکهێنانی دەوڵەتێ بۆکورد، بەڵکو بۆ لەبیربردنەوەو حەشاردانی مەسەلەی کورد، چەندیان توانی هەوڵیاندا تەنانەت ناوی کورد نەبرێو لەبیر ببرێتەوە.. بۆ ئەوەی بکرێتە عێراقی، چونکە کە

ئینگلیز نەیەوێ تەنانەت قەوارەیەکی کوردی لەژێر سایەو سێبەری خۆشیدا دروست بکات، کوردیش بەو جۆرە لەدژی ئینگلیز بووەستێ..وا دەبێ ئەو سیاسەتە بەرگێکی تری لەبەر بکرێ کە بە رەنگ و روخسار ئینگلیزانە نەبێ، دەبوو نەخشەکە بۆچەواشەکردن و سەرلێتێکدان بێ..سەبارەت بەوە پیلانەکە بۆ نیشتمانیکردنی بیرەکە بو، بە شێوازی ئینگلیزانە. دەبو بەعێراقیکردنەکە بەبەرگێکی عێراقیو خۆماڵییەوە بێ! تا زەمینەی ئەو خۆماڵی کردنە چاویەستە بڕەخسێنرێ.. تا بەرگ و رەنگ بۆ زەمینەی بە عێراقیکردنەکە جێگەی ئینگلیزییەکە بگرێتەوە ..بۆ ئەوەی چەند بتوانرێ، ئەوەندە زوتر کارەکە ئەنجام بدرێ.. تا جارێکی تر کورد نەیەتەوە سەر شانۆی سیاسی، نەوەکا نەخشەی ناو سنوری دەوڵەتە نوێ دامەزراوەکە لە ئینگلیز تێك بدات... دیارە بۆ ئەمەش نەخشەو پلانی تەواوکەری هەبوو.. کەرەسەی بۆ رەخساندبوو. وەوەکو دەرکەوت هەر لەسەرەتاشەوە، بە تایبەتی دوای شۆڕشی ١٩٢٠، چەند هەنگاوێکی نابو، بەلام ئاڵۆزیی کێشەکەو روداوەکان و ململانێی هەمەچەشنە رێگربون...ئامانجی سەرەکی ئینگلیز لەناوبردنی بیری سەربەخۆییو دانەمەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بوو..کە بۆ ئەمەش دەبوو زۆر بە توندی لە دژی جولانەوەی چەکدارو شۆڕش بێ...بۆ گەیشتنە ئەو ئامانجەش دەبوو چۆن کوردی بەستەوە بەو دەوڵەتەوەو کوردستانی لکاند بەو سنوورە جوگرافیە تازەیەوە..هەر بەو جۆرەش چارەسەرکردنی کێشەی میللەتەکەش بخاتە ناو قاڵبی کێشەی نیشتمانی ئەو وڵات و دەوڵەتە نوێیەوە.. ئامانجەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی خواروودا بە ئامانج و خواست و پاشەڕۆژی ئەو عێراقەوە ببەستێتەوەو ئیتر بەتەواوی لە کێشەی کورد رزگاری ببێ‌و بەکاڵاوو پێتاوەوە بیکاتە عێراقێکی ئینگلیزانەو عێراقی ئینگلیز..لەلایەکی تریشەوە دەبوو ئینگلیزەکان رێگە لە هەموو دەست تێوەردانێك لەکاروباری ناوخۆی عێراق بگرن، چۆن بۆ خۆی ساغ کردۆتەوە، هەر بەو جۆرەش بە هەمیشەیی بیهێڵێتەوە و بیپارێزێ...سەرنج بدەن( سەرکردایەتی هاوبەشی هێزەکانی ئینگلیز لە عێراق و ئێران لە دووەم جەنگ (١٩٣٩–١٩٤٥) لە راپۆرتێکیدا، لەناو ئەو دیدو بۆچونە لەسەر عێراق چی دەڵێت: بۆ هەر یەکێك لەوانەی زەرەیەك زیرەکییان تیایە، نی‌یە کە بڵێ بەریتانیا سەبارەت بە خۆشەویستی خەڵکی تر لێپرسراوێتی لە عێراقدا گرتۆتە ئەستۆی خۆی.. چونکە بەریتانیا لە مێژەوە دەری خستووە کە بەرژەوەندیی بنچینەییو هەمیشەیی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەیە، بەڵکو هەر ئامانجێکی بنچینەیی هەیە، کە لە پێناویدا لە رێڕەوی جەنگی (١٩١٤–١٩١٨) دا زۆر گیانی لە پێناودا بەخت کردووە، ئەو پرنسیپەش لەسەر ئەو بناغەیەیە کە هیچ جۆرە بوارێك بە هیچ دەوڵەتێکی ناحەز نەدرێ هەڕەشە لە رێگەوبانی ئیمپراتوریەتەکە بکات، جگە لەوەش بەریتانیا زۆر بە بڵاوی بەرژەوەندیی ئابوری لە وێدا هەیە کە گرنگەکەیان نەوتی کەرکوکە. عێراقیش خۆی، بەسەرجەمیی، ددانی بەو بەرژەوەندییەدا ناوە *.

* عبدالرزاق الحسني، تأريخ العراق السياسي الحديث–ص٧٦.

# -٣-

# تێکەڵبوونی بەرژەوەندییەکانی ئینگلیزو بۆرجوای عێراق و بۆرجوای عەرەبی عێراق

وەکو لەرێڕەوی باسەکەدا دەرکەوت، لەوەوبەر دەوڵەتێ..وڵاتێ بەم سنووورە جوگرافیو سیاسییەی ئێستاوە نەبووە ناوی عێراق بووبێ.. گەلی کورد تا دامەزراندنی دەوڵەتەکە، هیچ کاتێ بەشێکی گەلی عێراق نەبووەو کوردستانیش بەشێك نەبووە لە عێراق..بەڵکو، ئینگلیز ئەوانەی دروست کردو چۆنی دەویست وای دەکرد و هەنگاو بە هەنگاو لە بەڵێن و وادەو قسەکانی پێشوتری پاشگەز دەبۆوە، تەنانەت خاڵی ١٦-یاسای ماندات-یش، هەرچەندە خۆشی داینابوو، بەتاڵ کردەوە، کە رێگەی نەگرتبو لە دروستکردنی حکومەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد، کە لەروی ئیدارییەوە ناوچە کورد نشینەکان بگرێتەوە، ئەگەر ئینگلیز بیەوێ.

سیر پرسی کۆکس(موعتەمیدی سامی) هەر لەسەرەتاوە، چالاك و دڵسۆزانە کەوتە جێبەجێکردنی نەخشەی سترەکتۆری دەوڵەتەکە لە دامەزراندنی دام و دەزگاکان بۆ ئەم دەوڵەتە نوێ رەخساوە. لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٠دا بو یەکەم حکومەتی کاتیی دانراو(عبدالرحمن النقیب) کرا بە سەرۆك وەزیران. بەپێی بریارەکانی کۆنگرەی قاهیرە لە تەمموزی ١٩٢١دا ئەو وەزارەتە بریاری دانانی فەیسەڵی دا بە پاشای دەوڵەتەکە، لەدوابیشدا رێگەو شوێنی راوەرگرتنی دانیشتوانی سنوریدەوڵەتەکە بۆ دانانی فەیسەڵ دانرا.. ئەمانەش هەنگاوی جێگیربوون لەسەر رێگەی دروستکردنی چینی فەرمانرەواو(نەتەوەی عێراق) بۆ چەسپاندنی ئەو دەوڵەتە ..هەر بەو پێیەش یاسای رژێم و ئیدارەو سوپای بۆ رەخسان و لەدواییشدا، پێویستییەکانی تری بۆ خولقاند..بۆ ئەوەی ببێتە ئەو دەوڵەتەی کە ستراتیجی ئینگلیز دەیخواست، تا بەشێکی نەخشەکەی لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نەوتی کوردستان و رێگەی هیندستان و ناوچەکانی خلیج و فارس و بەرژەوەندییە سەربازییەکانی تری بخاتە ئەستۆ.. ئینگلیزەکان و تاقمی حوکمڕان.. چییان بەبیردا دەهات کە یارمەتیدەری کارەکەیان بێ دەیانکرد..چ لەروی پراکتیك و هەنگاو نانەوە بوایە.. وە چ لەروی تیۆریو چەواشەکردن و زاراوە هێنانە کایەو ناوی نوێ دروست کردنەوە بوایە. لەمەڕ دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەی عێراق(مجید خدوری) سەرۆکی ئەنستیتۆی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی(جۆنز هۆپکنز) لە واشنتۆن – لە کتێبەکەیدا(العراق الجمهوری)دەڵێ* :

(وادیارە ئینگلیزەکان بڕوایان وابوو کە عەرەب و کوردو کەمینە نەتەوەییەکان لەیەك بۆتەدا دەتوێنەوەو هەوییەیەکی نەتەوایەتی نوێیان لێ بەئەنجام دێت و هاویەرژەوەندیی ناوسنوریهەرێمیی ئەو دەوڵەتە عێراقییە تازەیە پێکیان دەبەستێتەوە... دیسان بڕوایان وابو کە تاقمێکی هەڵبژاردەی نوێ لەعەرەب و کورد، چینی فەرمانرەوا پێك دەهێنن، ئیتر دوای سەربەخۆیی، بەریتانیا دەتوانێ پشتی پێ ببەستێ و ببێتە پارێزەری وڵاتەکە لە پاشەرۆژدا.رۆژی هەوڵدا لەناو (الامە العراقیە)دا کورد بتوێنێتەوە، رستەی: عێراق قابیلی جیابونەوەلێیو دابەش کردن نییە، زادەی بیری ئینگلیز بوو کە لەیەکەم دەستوردا تۆماریان کرد، وەئەوەش بوو بە

---

* مجید خدوری– العراق الجمهوری– ص ٢٢٤،٢٢٥.

بناغەی رستەی نازانست و بۆشی(العراق جزء من الامه العربيه) کە لەدواییدا بووە دروشم و ئامانجی کۆنەپەرستانی عەرەبی عێراق و دەرەوەشی، تەنانەت هی ئەوانەش کە ددان بەوەدا دەنێن کورد نەتەوەیەکەو دابەشکراوەو کوردی عێراق بەشێکێتی ..بەلام نەکورد ملی بۆ یەکێ لەوانە دانەواند وە نە ئەو کاتەو نە لەدواییشدا ئەو ئامانجەی ئینگلیز هاتە دی.. لەبەر ئەوە کە ئەو تاقمە حوکمڕانە، هەرچەندە کوردیشی تێکەڵ کرا، دیسان هەر حوکمێکی عەرەبی سوننە بو، پارێزەری دەستکەوتەکانی بەریتانیاو بەرژەوەندیی تەسکی خۆی بوو..دەستکەوتی گەل خرابووە لاوەو بڕیارو راسپاردەکانی کۆمەڵی گەلان خرابونە سەر رەفە..بۆیە هەر لەسەرەتاوە خەڵکی کورد دژی سەرجەم هەنگاوەکان بوو.. لەدەنگدان بۆ دانانی فەیسەڵ بە شای عێراق ..دانیشتوانی لیوای سلێمانی هاویەشی دەنگدانیان نەکرد، دانیشتوانی لیوای کەرکوك دژ بوون، دانیشتوانی موسڵو هەولێر مەرجیان بۆ دانانی فەیسەڵ بە شای عێراق بریتی بوو لەجێبەجێکردنی تەواوی بڕیارو راسپاردەکانی کۆمەڵی گەلان کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەبووە.

لەناو نەخشەو سیاسەتی چینی بۆرژوای عێراقی کە چینی بۆرژوای عەرەبی عێراق زاڵو جڵەو بەدەست بووە، سەبارەت بە سنوریسیاسیدەوڵەتەکەو خواستی مۆرك لێدانی، ناویعێراق دەچەسپێنرا، بەرژەوەندیی چینایەتی لەناو چوارچێوەی جوگرافیو سیاسی ئەم وڵات و دەوڵەتە نوێیەدا پەرەی دەسەند، بە تایبەتی دوای دەرکەوتنی نەوت و بەرهەمهێنانی، وەهەر لەسەرەتاوە ئەم چینە لەناو چالاکیو جموجۆڵی چینی کرێکاریشدا.. لە پێك هێنانی کۆمەڵەی پیشەییو کرێکاریی جۆراوجۆردا رۆڵی دەبینی. شان بە شانی ئەوەش دەرەبەگ و شێخ و سەرەك تیرەو هۆزەکان هاوکارییەکی تەواویان لەگەڵ کاربەدەستانیئینگلیزدا دەکرد.. تاوای لێهات سەرجەم کاربەدەستانی گەورەو ناونجیو نەفسەرو نائیبەکان... لەگۆڕان و گەشەکردنەکاندا زیاتر بەرژەوەندییو پاشەڕۆژیان لەگەڵ بەرژەوەندییو پاشەڕۆژی ئینگلیز لە عێراقدا تێکەڵ دەبوو..کۆسپ و کەلەبەرو ناکۆکییەکانی بەردەمیان تەخت و چاك دەکرد... کاتێ لەناو روداوەکانی داگیرکردنی عێراق و سەردەمی مانداتدا، کە دژە کرداری ناو جەماوەری خەڵك دەردەکەوت .. لەبەر تیشکی دەسکەوتی هەردولا ، لابەلا دەکرا. سیاسەتی ئینگلیز هەر لەسەرەتاوە لەناوکرنگیدان بەدەرەبەگ و شێخ و پیاوی ئایینی و بۆرژوا‌و بۆرژوا دەرەبەگدا کێشەکانی لابەلا دەکرد، کەیەکێك لەسەرەنجامە گرنگەکانی زیاتر بایەخدان بوو بە چینیتوێی کاربەدەست..بە پشت گوێخستنی کوردو بە بەعێراقیکردنی مەسەلەکان.. بە تایبەتی پەلەکردن لەوانەی کە سەریەشەی گەورەیان دروست کردو لەترسی ئەوەی ئەوەك سەر هەڵبدەنەوەو ببنەوە دروستکەری سەریەشەی ترو کۆسپ هێنانەوەرێ.

سەرەڕای ئەم هەموو تەقەلایانە کارێکی دژوار بوو هەر وا بە ئاسانی ئەو وڵاتە یەکگرتووە .. (ئەونەتەوەیە) ئەو (گەلە خاوەن یەك هەوییەیە) وازوو لەناو ئەو ئاڵۆزییەدا دروست ببێ...بۆ دەرخستنی زەحمەتیی ئەو کارەو ئاستی ناڕەسەنیو لاوازی زەمینەی بۆشی ئەم دەوڵەتە نوێیەی

ئەمڕۆ.. با گوێ بۆ فەیسەڵی یەکەم - پاشای ئەو دەوڵەتە شل بکەین و بزانین دەربارەی دەوڵەتەکەی چی دەڵێ.. یەکەم پاشای دەوڵەتی عێراقی لە ١٥ی ئازاری ١٩٣٢دا واتەدوای نزیکەی دوانزە ساڵ لە دروستکردنی پاشایەتییەکەی وتی:

( وڵاتی عێراق لەو وڵاتانەیە کە یەکێك لە عونسورە هەرە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی نییە کە ئەوەش یەکێتی بیرو میللەت و ئایینە، بۆیە هێزی پرش و بڵاوو پارچە پارچەیە، بیرو رێبازی جیاجیایە کە سوننەو شیعەو کوردو کەمینە نەتەوایەتییە ناموسڵمانەکان و عەشایەرو زوریەی خەڵکی نەخوێندەوارو گەنجە نوێ خوازەکان و شێخ-ن. عێراق پاشایەتییەکە حکومەتێکی سوننی حوکمی دەکات، کەلەسەر داروپەردووی حوکمی عوسمانی دامەزراوە..حوکمی بەشێکی کورد دەکات کە زوریەیان جاهیلن و خەڵکی بەتەماعیان تیایە کە هانیان دەدەن لێی دووریکەونەوە، بە بیانوی ئەوەی لەرەگەزی خۆیان نییە... ئەڵێم و دڵیشم پڕ لەپەژارەیە، بەلایمنەوە لە عێراقدا جارێ گەلێکی عێراقی نییە بەڵکو چەند کۆمەڵە مرۆڤێ هەیە کە هیچ جۆرە بیرێکی نیشتمانییان نییە.....هیچ شتێك پێکەوە کۆیان ناکاتەوە..بۆیە ئێمە دەمانەوێ یەك گەل دروست بکەین و فێری پەروەردەی بکەین و مەشقی پێ بکەین... ئەوەی لەوە بگات کە لەناو ئەو بارودۆخەدا زەحمەتی دروستکردنی ئەو گەلە چەندە، دەبێ لەمەزنی ئەو تەقەلایەش بگات کە پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئەو کارە سەرف بکرێ )*

بۆیە دەیانویست هەموو شتێ بکەن بە قوربانی ئەو ئامانج و مەبەستە.. بۆ چاو بەستنیش بێ لەو (یاسا ئەساسیە)ی کرا بەدەستوری عێراق، کە لە١٢٣ماددە پێك هێنراو لە ئازاری ١٩٢٥دا بڵاو کرایەوە(بەوشەش)ناوی کورد یان کوردستانی تیا نەهێنراوە ئەوەی پەیوەندی بە مافی نەتەوایەتیو ئیدارییەوە هەبوو تیایا باسی نەکرا.

بەو جۆرە، هەست و ئەست و مەبەستە و بەو زەقییە بەرژەوەندییەکانی ئینگلیزو چینە فەرمانڕەوا داتاشراوەکە بە تێکەڵاوی خۆی ئاشکرا دەکرد، تواناو تەقەلاکەیان بۆ رەسپوکردنی بو، بۆ تەخت کردنی کۆسپەکانی بەردەمیان بو. بۆ ئەوەی لێرەدا تیشکی روناکی ئاراستەی تەقەلای چین و فەرمانڕەوای نوێو جێگرەوەی دەسەڵاتی مانداتی بەریتانیا بۆ رەسپوکردنی ئەو عێراقە نوێیەو دروستکردنی ئەو گەلە یەکگرتووەی کە ئینگلیز دەیویست یەك نەتەوەی لێ بەئەنجام بگەیەنێ، بکەین...با کەمێ وردتر سەرنجی روداوەکان بدەین.هەروەك لێپرسراوانی ئینگلیزو مەلیك فەیسەڵی یەکەمیش رونیان کردەوە کە ئەو حکومەتەی عێراق عەرەبی و سوننە بوو، لەسەرنجدا لە جۆری پێکهاتەی کۆمەلایەتیو چینایەتیی تاقمی فەرمانڕەوا، بۆمان دەردەکەوێ کە راستەوخۆو بێ پێچ و پەنا، نوێنەرانی دڵسۆزی چینی بۆرژوا - دەرەبەگ و ئۆروستوکراتییەتی عەرەبی ئەو عێراقە بوو.. کە لەناو گەشەکردنی چینی بۆرژوای عێراقدا بوو بە چینی زاڵو باوو، لە دواییشدا بیرو

* السید عبدالرزاق الحسنی - تأریخ العراق السیاسی الحدیث- ص٩-١١.

مەبەستەکانی، وا جێگیر بوون کە رەگ و ریشەیان قووڵ داکوتا.. وە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی داگیرکەریشدا تێکەڵ و چەسپیو بوون.. جا بۆ گەشە پێدانی ئەوەو بەدیهێنانی مەبەستەکانی هەردوولا .. وە هەروەکو دیپلۆماسیەتی ئینگلیز نەخشەی بۆ کێشا و بەشە هەرە گرنگەکەی بەئەنجام گەیاند.. دەبوو لەسەر تەواوکردنی نەخشەکەو بۆ گەیشتنە ئامانجە سەرەکییەکان ..بڕۆن و کۆسپەکانی بەردەم تەخت بکەن.. دیارە یەکێك لەوانەش مەسەلەی کورد بوو.. کە دەبوو لەناو ئەو سنوورە نوێیەدا سەربەخۆخوازان رابێنن. بیانگوونجێنن، نوێنەریان لێ دابتاشرێ و تێکەڵی دەستەودایەرەی فەرمانڕەوا بکرێن، تا ئامانجە سەرەکییەکانیان لە بیر بەرنەوەو دەنگ کپ و سەرلێشێواویان بکەن.. بەناوی ئەو وڵات و گەلە نوێیەوە رابکێشرێنە مەیدانەکەوە.. بۆیە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەوە تا شۆڕشی ١٤ی تەمموز - ١٩٥٨ هەروەك تەواوکەری نەخشەو سیاسەتی بەریتانیا جوڵاوەو هەنگاوی ناوە.

لە لێدانی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید تا دوا شەڕ لەناو بارێك (١٩٣١) بەهێزی ئینگلیزو بەناوی یاسا جێگیرکردنەوە چی لەتوانایدا هەبو بەختیکرد. دیسان لە کوژاندنەوەی شۆڕشەکانی بارزان (١٩٣٤،١٩٤٣،١٩٤٥) بە یارمەتی هێزو چەك و سەرپەرشتی ئینگلیز، بێ بەزەییانە دوژمنایەتی جوڵانەوەی نیشتمانیی کوردیان کرد.. هەموو ئەو حیزب و رێکخراوانەی هەر لەسەرەتاوە دروست کران مەبەستی سەرەکی هەر یەکەیان جێگیرکردنی ئەو دەوڵەتەی عێراق و بەهێزکردنی دەسەڵاتی چینی بۆرژواو دەستکەوتەکانی بەریتانیا بووە.. کە لەسەرەتادا زیاتر بەناوی عێراق و گەلی عێراق و دەستکەوتەکانی دەوڵەتی عێراقەوە ئەو چینە بۆرژوایە دەجوڵا، لە دواییشدا، وە دوای‌باش گەشەکردنی تەیاری نەتەوایەتی عەرەب و بەهێزبونی تێندینسی نەتەوایەتیو یەکێتی عەرەب، ئامانجی دامەزراندنی یەك وڵات و یەك دەوڵەتی عەرەب بوو بە دروشم و رێبازی بۆرژوای عەرەبی عێراق، ئیتر بیرو مەبەست و رێبازەکەی لەسەر شانۆی سیاسی، بوو بە دیاردەیەکی ئاشکراو هێزێکی رۆڵ بینەر..

ئەو حیزب و رێکخراوانەی هەر لەسەرەتادا دروستکران الحزب الوطنـي العراقـي، حزب النهضة العراقية، الحزب الحر العراقي، حزب الأمة، حزب الأستقلال الوطني في الموصل، حزب التقدم، حزب الشعب،حزب الغد ،حزب الأخاء الوطني، الحزب الوطني العراقي، حزب الأستقلال، حزب الأحرار..هتد.ئەم حیزبانە سەرجەم نوێنەری چینی بۆرژوا دەرەبەگ و بۆروستوکراتی عەرەبی عێراق بوون.. لەناو رێبازو ئامانجەکانیاندا مەسەلەی کورد، نەك هەر کرابوو بەمەسەلەیەکی سانەوی، بەڵکو لاخرابوو، ئەگەر بەرستەیەکیش ناوی کورد ببرایە، وا هەر لەناو بازنەی مەبەستی بەعێراقیکردن ودەستکەوتەکانی خۆیان و بە نیازی بێ دەنگکردنی هەندێ رۆشنبیر بووە. لە ئامانجە سەرەکییەکانیان، پاراستنی قەوارەو رژێم و یاسای ئەو دەوڵەتە بوو.. بنچ بەست کردنی دەسەڵاتی چینی بۆرژوا بوو، کە هەر حیزبە بەجۆرێ تەعبیری لێدەکرد..موڵکداری گەورەو بازرگان ر فەرمانبەری زل و سەرمایەدارو شێخ و سەرەك عەشیرەت و دەرەبەگ، پێکهێنەرو بەڕێوەبەرو

نەخشەكێشی ئامانج و سیاسەتی ئەو حیزبانە بوون..ئەوەندە لەناوی كورد دەترسان تەنانەت لەناو بازنەی ئەو نەخشەو سیاسەتەی بەریتانیاو ئەو چینەشدا ڕێگەیان بە كورد نەدا ڕێكخراوێ بۆ خۆی پێكبهێنێ.. چونكە ئەوەشیان بەهەڕەشە دادەنا.. بە تایبەتی پێكهاتەی ئەو حیزبە نائاساییە بەوەڵەد بوانە، هێندە گەندەڵ بون كە، ناكۆكییە سادەكانی نێوان سەركردەكانیان بەرامبەر حیزبی دەسەلات بەدەست، بەس بو بۆ روخاندنی یەكێكیان.. لەو سەرەتای ژیانی حیزبایەتییە نائاسایی و نارەسەنەدا(حزب الاستقلال) بە ئاشكرا نوێنەرایەتی تەیاری نەتەوایەتی عەرەب و تێندینسی كۆنەپەرست و جارجار فاشیانەی دەكرد.. زوربەی ئەو حیزبانە نوێنەری بۆرژوای تۆكەر بە ئینگلیز بوون. باشترین حیزب كە نوێنەری بۆرژوای نیشتمانی عێراق بوو(الحزب الوطني الديمقراطي) بوو كە لەراستیدا دیدی نیشتمانیانەی بە عێراقیكردنی مەسەلەی كورد لای ئەم حیزبە باشتر قاڵبی تیۆری بۆ دارێژرا تێندینسی یەكسانیو هاوولاتی، گەشەی پێدەكرا، بەرامبەر بە كورد، راو دیدی حیزبەكە وا دەردەخرا:

– نیشتمانی عێراق مەیدانێكی ئازادە بۆ هاوكاریی ئازادانە لە نێوان كوردو عەرەب و هەموو ئەو رەگەزانەی كە گەلی عێراقیان لێپێكهاتووە ......

لەناو حیزبە نیشتمانییەكانی عێراقدا ( حزب الشعب ) بایەخی وای دا بەمەسەلەی كورد كە دیدێكی عێراقییانەی نوێی هێنایە ئاراوە. داوای رەفتاری سیاسی پۆزەتیڤانەی دەكرد بۆ چارەسەركردنی مەسەلەی كورد، دەیگوت: گەشەكردنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی كورد هیچ زیانێكی بۆ مەسەلەی عەرەب نابێ.... ئەو راو بۆچونانە، دیدی ئاشكرای حیزبی شیوعی عێراقیو تەیاری چەپی جولانەوەی عێراق و ڕێبازی عێراقییەكی روخسار نوێ بوو.. لەو بازنەیەدا حیزبی شیوعی عێراق كە لە ٣١/ئازاری ١٩٣٤ بە ناوی ( لجنة مكافحة الاستعمار والأستثمار) دامەزرێنراو سكرتێرە گشتییەكەی (( عاصم فليح))بوو (١٩٣٤–١٩٣٥) بە نهێنی كەوتە خەبات. هەڵوێستی لە چارەسەركردنی مەسەلەی كورددا، (دروشمی مافی سەربەخۆیی كوردستان) بوو . ئەم حیزبە كە لە تەمموزی ١٩٣٥ دا ناوی بوو بە حیزبی شیوعی عێراق.. لەناو خەباتی دژ بە ئیستیعمارو ڕژێمی پاشایەتیو دامەزراندنی حوكمێكی نیشتمانی عێراقیدا، دیدی خۆی بۆ كێشەی نەتەوایەتی كورد و چارەسەركردنی دادەڕشت كە بەگشتی لەناو نوسین و ئەدەبیاتی حیزبەكەدا گشتییو لاستیكی بوو.. چونكە لەو دروشمەی سەرەتا دور دەكەوتەوە. هەرچەندە لە كۆنفرانسی دووەمیدا (١٩٥٦) هەڵوێستێكی كۆنكرێتیو زانستییانەی وەرگرت بەم جۆرە:

( نەتەوەی كورد نەتەوەیەكی خۆ وەستاوە (قائم بذاته) و هەموو سیفەتێكی نەتەوەیی تێدا هەیە، كۆمەڵە خەلكێكی مێژووكردن كە زەوی هاوبەشیان هەیەو خاوەنی بناغەی یەك ئابوری هاوبەشن، خوو رەوشت و نەریتی هاوبەشیان هەیە كە لەئەدەب و ئامرازو ئامانجە نەتەوایەتییە ناوكۆییەكانیاندا و لە پێناوی سەربەخۆییو یەكێتی نەتەوایەتییاندایە..)، لەبەر تیشكی ئەوە

سەرلەنوێ دروشمی مافی بڕیاردانی چارەنوسی بەرزکردەوە ... کەچی لە شوێنەواری ئەو کارتێکردنەی سەرەتادا- کە لەشوێنی خۆیدا پەنجەمان بۆ راکێشا- سەرفراز نەبوو- مەبەستم گوشارو کارتێکردنی بۆرجوای عەرەبی عێراقە- چونکە کاری بۆ ئەو دروشمە نەدەکردو دژایەتی هێزە نەتەوایەتییەکانی کوردیشی دەکرد...دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ و رزگاربوونی عێراق ..نەك هەروا مانەوە، بەڵکو لە پراکتیکدا زیاتر لەرێبازە دروست وگونجاوەکە دور دەکەوتەوە، لەدواییشدا کە دروشمی ئۆتۆنۆمی لا خەملی، ئەوە هەر لەژێر پاڵەپەستۆی هێزی نەتەوەخوازەکانی کورددا بوو... بەڵام ئەم حیزبە هەر لەسەرەتاوە وەکو وتمان ئاڵاهەڵگری رێبازێکی نوێتری عێراق بوو کە جیاوازبوو لە بەعێراقیکردنەکەی یەکەم و دووەم، لە بەعێراقیکردنی ئینگلیزانەو لە بەعێراقیکردنی بۆرژوای عەرەبی عێراق، بەڵام ئەوە زیاتر لەلایەنە تیۆرییەکەو لەسەر کاغەز بوو، ئەگینا مۆرکی هەریەکە لەوانە لەکردەوەو هەڵوێستەکاندا، جێگەی خۆیان گرتبوو..کاری خۆیان لەسەر ئامانج و رێبازی تایبەتی خۆیان دەکرد.. لەلایەکی تریش ، ئەم رێبازە نوێیە کاری خۆی لەسەر جوڵانەوەی نیشتمانی کورد کردو لە دواییدا بووە هۆی دامەزراندنی رێکخستنی تایبەتیی سەر بەو حیزبە و ئینجا هاتنە سەر شانۆی سیاسی و ململانێی ئایدۆلۆجی لەگەڵ بزوتنەوەی نیشتمانیو نەتەوایەتی کورددا.

کەوابوو هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و بەستنەوەی کوردستان بە عێراقەوە تا کۆتایی سییەکان سێ رێبازی سەرەکی بۆ بەعێراقیکردنی کوردو مەسەلە نەتەوایەتییەکەی بە ئاشکرا دەرکەوتن و هەریەکە لەماوە مێژووییە جیاجیاکاندا رۆڵی بینیوەو هەندێکیان بەردەوام بوون لەسەر رۆڵ وازی کردن:

١- بەعێراقیکردنی ئینگلیزانە کە لەم رێبازەدا خەڵکی نەتەوە پەرستی عەرەب و عێراقیش رۆڵیان تیا وازی دەکرد.

٢- بە عێراقیکردنی بۆرژوای نیشتمانی عێراق لەم رێبازەشدا عەناسیری بیر چەپ و بیر راست کاریان دەکردو هەڵوێست و دیدی جۆربەجۆریان بەرامبەر بەمەسەلەی کورد هەبووە و لەپلە جیاجیاکاندا هەریەکە رێبازی تایبەتی خۆی گرت و کەوتنە ململانێ لەگەڵ یەك، لەلایەك و هەمویان دژ بە کورد لەلایەکی تر.

٣- بەعێراقیکردنی چەپ و پێشکەوتنخواز کە خەڵکانی بیر سۆسیالیستی عێراقیو مارکسستەکان ئاڵا هەڵگری بون .... هەروەکو دیاردمان بۆ کرد، داڕشتنی بیرو دروشم و ئامانجەکانی ناو ئەم رێبازە لەناو ئەو کۆمەڵەوە بوو کە لە (عێراقی عەرەبیدا) ژیاوەو کە روناکیمان ئاراستەی دۆخە سیاسیو بیرو بۆچونەکانی کرد..هەروەك زاناو مێژوو نووسەکان زانستانە دەیسەلمێنن کە بارودۆخ و رووداوەکانی ئەو سەردەمە.. باری جوگرافیو سیاسی، لێك دابڕاوی و جیاوازیی کوردستان و دانیشتوانی لە میسۆپۆتامیاو دانیشتوانی ..دووری گەلی کورد لەعەرەب و جیاوازیی ئامانج و

داخوازیو رەوتی ژیانیان ... ئەوانە سەرچاوەی خولقاندنی جۆرە جیاوازییەکی زۆر ئاشکرا بوون لە بیرو هەست و نەست و دیدو بۆچوون و دروشم و ئامانجدا.. ئەو لەیەك دووریو پچڕاوی و جیاوازییانە* کاریان کردە سەر دارێژەرانی دروشم و داخوازیو ئامانجەکان..بۆیە هەر زوو دروشمەکەی سالی (١٩٢٤-١٩٢٥)، ١٩٥٦ پێچرایەوە.. حیزبەکە کەوتە بەر پالەپەستۆی گوشاری بۆرژوای عێراقیو لە دواییشدا بۆرژوای عەرەبی..ئەمیش لەجێگەی خۆیەوە شالاوی پالەپەستۆی خۆی ئاراستەی کورد کرد و فشاری خۆی وا خستە سەر جولانەوەی نەتەوایەتیو نیشتمانیی کوردستان کە هیچ حیزب و کۆمەلێکی کوردی و کوردستانی ئەما تیری خۆی لەو سەرچاوەو مەلبەندەوە، ئاراستە نەکات.. ئەگەر سەرنجێکی مێژووی ململانێی سیاسی ئەو سەردەمە بدەین زۆر نمونەی ئەو راستییەمان دەکەوێتە پێش چاو .. بۆیە هەلوێستی سالی ١٩٧٢ - ١٩٧٤ ی ئەو حیزبە بەرامبەر شۆڕشی کوردو هاوپەیمان لەگەل حیزبی بەعس، گەلێ هۆ خولقێنەری بووە کە هەرە گرنگەکەیان ئەو سەرچاوەیە بووە.

هەرچەندە زەمینەو بیری ڕێبازی ئەم لایەنە، بەبەراورد لەگەل دوو ڕێبازەکەی تردلو ئینجا لەگەل ڕێبازی نەتەوەپەرستانی عەرەبدا - کە لەدواییدا دێینە سەر باسکردنی- واقیعیو مرۆڤپەروەرانەتر بوو، چونکە دروشمی برایەتی و هاوخەباتی و یەکسانی و مافەنەتەوایەتییەکان بەرزکرابونەوە، بە نوسین و قسە تارادەیەکی دوور، لەناو ئەو ستراتیجە عێراقییە بروایان بە مەسەلەی کورد بووە... زیاتریش لەوانە هەندێ جار بروایان بە مافە ستراتیجییەکەی دەربڕی و لەبەرنامەدا - وەك دیاردەمان بۆ کرد- تۆماریان دەکرد..بۆیە ئەوانە بونە زەمینە سازکردنی دروستبونی ئەم ڕێبازە عێراقییە لە کوردستاندا .. بەلام ئەمیش وەك ڕێڕەوی باسەکە دەری دەخات نەیتوانی زەمینەی ئەو بەعێراقیکردنە راستەقینەیە، کە کوردو جولانەوەکەی ئەوقی خۆی بکات، بهێنێتە ئاراوەو بتوانێ بەرامبەر پالەپەستۆی تێندینسی عەرەبچێتییەکە بووەستێ. بۆ باشتر رونکردنەوەی شوێنەواری ڕێبازی بە عێراقیکردنەکانی تر لەسەر ئەم لایەیان.. با قسە لەسەر دیدو بۆچونی یەکێ لەسەرکردەکانی ئەم حیزبە بکەین وەك نمونەی ڕێبازی سەرکردایەتییەکەی بە گشتی، تا بزانین چۆن مەسەلەیبە عێراقیکردنی کوردو کێشەکەی بە دارشتەی بێ بناغەو لێکدانەوەی نا زانستییانە دەپێچێتەوە. ماجد عبدالرضا دەلێ* :

(.. وە بەداخل بوونی عێراق و بونە ئەندامی کۆمەلەی گەلان، پەرەسەندنی مەسەلەی کورد کەوتە ناو پلەیەکی نوێوە سەبارەت بەوە کە جولانەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە عێراقدا کەوتە بەردەم پەرەسەندن، لە دۆخی بوونی دەولەتێکی (سەربەخۆ) و خاوەن قەوارەیەکی نێو دەولەتان و بڕوا پێکراو .....ئەو کاتەش پەرەسەندنی مەسەلەی کورد لەسەر ڕێبازی سەربەخۆ لەمەسەلەی عێراق

---

* بۆ سەرنج دلن لەو دیاردانە سەیری د. کمال مظهر أحمد، (الطبقة العاملة العراقية) بکە.

* ماجد عبدالرضا- المسالة الكردية في العراق الى١٩٦١، بغداد - ١٩٧٠، ص٧٢و٧٣.

بە گشتی کۆتایی هات.... ئەو واقیعە تازەیەش، بوونی کورد لەگەڵ عەرەب لەناو چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا، دەوڵەتی عێراق، وە ئیعتیراف کردن بەو واقیعە لەرووی نێو دەوڵەتیی و یاساییەوە .. بارودۆخێکی بابەتیی گرنگی هێنایە کایەوە، لەسەر جوڵانەوەی نیشتمانی کوردی عێراقی پێویست کرد کە ئەوە بخرێتە بەرچاو لەنەخشە کێشانی ئەرکە سەرەکییەکانداو دەبێ سیاسەتە گشتییەکەی لەسەر ئیعتیراف کردن بەو واقیعە دابرێژێ..)

ئەوانە قسەی ناوبراوبوون. لەهەمان باسدا، خۆی وتەکەی (فەهد) کە ئاراستەی کوردی کردبو دەهێنێتەوە(.. مەسەلەی گەلەکەتان ئەمانەتێکە لەملتاندایە، بۆیە دەبێ ئەرکی سەرشانتان بەرامبەر بەگەلەکەتان، کە خولقاندونی، جێبەجێبکەن سەرکردایەتی بکەن بەرەو ئەو رێگەو شوێنەی کە لەو واقیعە خراپەی تێیدایە رزگاری دەکات..)

دەی ئەو واقیعە خراپە .. هەر ئەو واقیعە نییە کە نووسەر لەکوردی دەخوازێ( بەئەمری واقیع) وەری بگرێو پێی قایل بێ.. رۆڵەکانی کورد لەورێگەو شوێن هەڵبژاردنانەدا رێبازی خۆی هەڵبژارد، تا ئەو ئەمانەتەخۆی بەدەستی خۆی، بە خەباتی خۆی بگەیەنێتە دەست نەتەوەی کورد، بەرزگارکردنی ...باشە بۆچی دەبێ ئیتر خەڵکی تر خۆی بەسەریدا بسەپێنێ و رێگەو نەخشەی بۆ دابنێ و بەسەریشیدا فەرز بکات کە دەبێ بەقسەی بکات و لەو ئامۆژگارییانە دەرنەچێ ئەو برایە، نارەواو نازانستانە جوڵانەوەی مێژووی وەستاندووە، شێواندوێتی‌و هەر کوت ومت لە پێناوی ئەو بەعێراقیکردنەدا چۆنی ویستووە وای لێکداوەتەوە، وا تیۆری بۆ دارشتوە، لە کوردیش دەخوازێ کە ملکەچی قسەکانی بێ.

ئەگینا چۆن و کەی بەبریارێکی ئینگلیز، کە بەناوی کۆمەڵی گەلانەوە دەرکراوەو عێراق کراوەتە ئەندامی ئەو کۆمەڵی گەلانە.. چۆن بە بریارێکی سەر کاغەز، کە لە ولاتێکی هەزارەها میل دوور لە کوردستان و لەعێراقەوە نووسرا، ئەو دنیایە وا تێك چوو کە کورد لەسەر رێبازی مێژوویی و نەتەوایەتی و نیشتمانی خۆی بگوێزێتەوە ناو چوارچێوەیەکی تەواو نامۆو جیاواز و تەواو پێچەوانەی خواست و ئارەزوی خۆی.. هەروەك پاشای دەوڵەتەکە خۆی دانی پیادا دەنێو کەلێنەکان دەست نیشان دەکات، کەچی ئەم سەرکردە شیوعییە عێراق پەرستە دوای نزیکەیچل دانە ساڵ لەو بۆچونەی فەیسەڵی یەکەم، دێت بۆچونەکان هەڵدەگێرێتەوەو ئەو واقیعە بە جۆرێکیتر دەخاتە پێش چاو. سەیر ئەوەیە کە قسەکەی مەلیك فەیسەڵی یەکەم ( ١٩٣٢) هەریەك ساڵ دوای بەئەندام بوونی عێراق لە کۆمەڵی گەلاندا (١٩٣٢) کراوەو ئەو شەق و شرییەی دەوڵەتەکەی باس کردووە. باشە ئەگەر ئیعتراف کردن و مل کەچی بۆ ئەو واقیعە هەر لەبەر ئەو بریارە بێ، وەسەبارەت بەو بریاری ئەندامێتییە، عێراق بوبێت بەدەوڵەتێکی (سەربەخۆ)وە هەر لەبەر باری نێو دەوڵەتان و ئەو بریارەی کۆمەڵی گەلان وا روی مێژوو پێچەوانە بوبێ، کە وابو هەر بەو پێوانەیەش نەبوو دژایەتی کردنی ئەو دەوڵەتە بە رژێم و مەلیك و ئالاو دەستورو ئاغاوە حەرام بوایە، دەبوو دژایەتی کردنی ئینگلیزو دەوڵەتە مەلۆتکەکەیو جۆری بەرێوەبردنی ولاتەکە،

دەرچون بوایە لەو یاساو سنوورەی کاکی نووسەر بۆ کوردی داناوە.. دەبو ئیترحیزبی شیوعی خۆی هەڵبوەشانەیەو پشتگیری ئەو دەوڵەتەو ئاغاکەی بکردایە.. بڕوام وایە ئەگەر ناوبراو لەسەردەمی روداوەکەدا(١٩٣٢) کار بەدەست بوایە..یا لەناو ململانێی سەر شانۆکەدا رۆڵی ببینیایە وا لەگەڵ رێبازی ئینگلیزانەدا جووت دەبوو، چونکە ئەو چل ساڵ دوای ئەوە (قالبی تیۆری) راستیو دروستی رێبازی ئینگلیز و دەوڵەتە دروستکراوەکەی دارشتووە و خۆی لەو بەرەیەدا ساغ کردۆتەوە..تا ئەوەیە رەگی قوڵی بەعێراقیکردنی کورد لە رێبازی سێیەمدا کەسەرچاوەکەی لە رێبازی دووەم و یەکەمەوەیە..

بنەچەی مێژووی توانەوەی کورد لەناو ئەو قەوارە نارەسەنەی ئینگلیز دروستی کرد کە بەو جۆرە لە بیری چینی بۆرژوای عێراق و نەتەوە پەرستانی عەرەب و سەرجەم پیتی بۆرژوای عەرەبی عێراق و عێراقچییەکان، وا رەنگی دایەوە و وا قوڵ رەگی داکوتا کە لە رێبازە چەپەکەی بە عێراقیکردنیشدا بەو جۆرە دەریکەوێ .. لەناو سەرکردایەتیچینی کرێکاری عێراق و هەڵگری تیۆری مارکسیزم – لینینیزم دا وا رەنگ بداتەوە کە دوای دەیان ساڵ نەتوانێ خۆی لە ماك و تەپوتۆزو رەگی ئەو رێبازە چەوتە رزگار بکات... هەر ئەو سەرچاوەیە بوو کە بووە فاکتەرێکی گرنگ لە زاڵبوونی تێندینسی عەرەبایەتی لەناو حیزبە عێراقییەکاندا کە بو بە هاندەرو رێگە خۆش کەریش بۆ نەتەوە پەرستانی عەرەب کە نەك هەر سوورین لەسەر رێبازەکەیان، بەڵکو زۆر بەتوندی بچن بە گژ جولانەوەی کوردو حیزبی شیوعیشدا

. کاتێکیش رەشەبای نەتەوەپەرستانی عەرەب لە دژی کورد هەڵی کرد کە لەدژی بەعێراقیکردنەکەی ئەویش بوو، وا ئەو هێزو توانایەی نەبوو کە بەرگری لە کورد بکات و هیچ نەبێ بیپارێزێ.

لەهەڵوێستی بەرامبەر نەتەوەی کوردا، تەیارە رەگەز پەرستەکە زیاتر خۆی ئاشکرا دەکرد. دژایەتیکردنی جولانەوەکەی (بەکر صدقی)١٩٣٦/١/٢٩و هەڵوێستی سەرکردەکانی جولانەوەی مایس – ١٩٤١ نمونەو کرداری ئەوانەو سەلمێنەری ئەو راستییەن..

رەشید عالی و چوار عەقیدەکە بەناوی نەتەوە پەرستانی عەرەبەوە، هێتلەر خوازیی خۆیان دەکرد.. هەر لە رۆژانی یەکەمی جولانەوەکەیان لە رێگەی ئەنقەرەو تارانەوە نوێنەریان پەیوەندییان بە ئەڵمانەکانەوە کرد..خێرا(٢٣) فرۆکەی جەنگییان فریا خستن* لەگەڵ ژێرکەوتنی جولانەوەکەشدا، رەشید عالی خۆی گەیاندە ئەڵەمانیا، ئەوەبو تا هیتلەرو دەوڵەتەکەی روخێنرا

---

* هەیە دەڵێ (١٠٠) فرۆکەی جۆراوجۆر بووە.

هەر لەوێ مایەوە، دوای ئەوە رووی کردە عەرەبی سعودی ..دیارە جولانەوەکە ئەمەندە تەمەن کورت بوو کە ئەڵەمان سەر ئەوە نەپەرژان هێزیان بۆ بنێرن... بەتایبەتی لەگەڵ بەرەکانی شەڕ لەدژی یەکێتی سۆڤیەت خەریك بوون.. دیدی کۆنەپەرستانەی ئەو تاقمە بەرامبەر بەگەلی کورد لە رادەیەك دا بو و کە دیاردەی تەهجیر کردنی کورد لەناوچەی خانەقین لەسەر دەستی ئەواندا، لەناو بازنەی بیری رەگەزپەرستانەیان هاتە ئاراوە.. بەردی بناغەی ڕێبازێکی کۆنەپەرستانەی نەتەوایەتییان دانا و دوای چەند ساڵێکیش کۆمەڵو ڕێکخراوی جۆربەجۆری لێوە هەڵقولا..بیری رەگەزپەرست و فاشستانەیان، بوو بەهەوێنی بیرو بۆچونی حیزبە نەتەوەپەرستەکانی وەك حیزبی بەعس و هاو وێنەکانی لە عێراقدا.

لەناو جولانەوەی نیشتمانیی عێراق و بزوتنەوەی کرێکاریدا، چینی کرێکاریش، هەرچەندە بزوتنەوەیەکی لاوازو بێ توانا بووە، وە سەبارەت بەو هۆیەش، دیدو بۆچونی بۆرژوای عەرەبی عێراقی تیا ئاشکرا بووە، دیسان دیاردەی بەعەرەبکردن – ئەگەر هەر بۆ ئامانجیش بوبێ، بزوتنەوەی چینی کرێکاری عێراق و روخساری جولانەوەی نەقابیو پیشەیی پێ مۆرکرا. لەناو جولانەوە سەرەتاییەکانی کۆمەڵ و نەقابەکانی کرێکاراندا گەلێ نمونەی ئەو راستییە دەکەونە پێش چاو.... لە چاپکراوی (العامل) دا کە چاپەمەنی (کۆمەڵی کرێکارانی چاپخانەی عێراق) بوو لە (ژمارە ٨–١٩٣٠)دا ئەمە نووسراوە( ئەی کرێکاری عێراق ئەمە رۆژنامەی ئەدەبی خۆتە لە خەباتی نەپساوتدا لە پێناوی داخوازی مافی خۆتداو بۆ بەرگریکردن لەمەسەلەکەت کە بەشێکە لەمەسەلەی کرێکاری جیهانی عەرەب، ئەمە دەنگی تۆیە.. کە جیهان دەبیستێو دەزانێ تۆ هەست بەزۆر لێکردن و داگیرکردنی مافەکانت دەکەیو هەست بە لێپرسراوەتیی تەواوی خۆت دەکەی لەبەرامبەر خۆت و براکانت لە نیشتمانەکانی دەورو پشت کە زۆرداران یەکێتییان پارچە پارچە کردووە* ئەم دیاردەیەش هۆیەکی تری رەنگدانەوەی تێندینیسە جۆربەجۆرەکانە لەناو چینی کرێکارو جولانەوەی کۆمۆنیستی عێراقدا.

ئەو دیاردانەو نەبونی زەمینەیەکی ئاسایی لەبارو گونجاوی دەوڵەتە نوێیەکەی عێراق لەلایەك و هەڵوێستی گەلی کورد – کە لەدواییدا دێینە سەر شیکردنەوەی – لەلایەکی تر هۆو فاکتەری زۆر گرنگ بوون لەمانەوەی ئەودەوڵەتە بە لاوازی و زەمینە بۆشیو ئاژاوەی ناوخۆ لەلایەك، وەسەرنەکەوتنی سیاسەتی بەعێراقیکردن بە هەموو جۆرەکانییەوە لەلای دووەم و ئینجا توندو تیژبوونی سیاسەتی بەعەرەبکردنەکەلەجێگەیان ، وەك جولانەوەی زاڵی ناو حیزبە عێراقییەکان، بەتەبیارە نەتەوەپەرست و ئیسلامیو نیشتمانییەکانیشەوە ..روداوەکانی زیاتر لە نیو سەدە لە مێژووی ئەم عێراقەو ئەو مەڵبەندەی گەلانی عێراق پێی گەیشتووە، ئەم پرسیارە قوت دەکەنەوە کە بۆچی ئەو چینە عێراقیو دەوڵەتە چەسپیوە لەسەر زەمینە ئاساییەکەی، نەك بە زۆری هێزی کوشتن و برین، بۆچی دروست نەبووە؟ لەکاتێکدا لەهەندێ وڵات کەم و زۆر ئەو

* بۆ زیاتر شارەزایی لەمێژووی ئەو سەردەمە و روداوەکانی سەیری د. کمال مظهر أحمد _الطبقة العامله العراقیه) بکە.

جۆرە دەوڵەتانە جێگیربوون و بونە دەوڵەتی هەمووان...(مجید خدوری) لەناو تەواوکردنی راکانی پێشویدا وەڵامی ئەو پرسیارە بەم جۆرە دەداتەوە:

رەنگە کوردو عەرەب ئامادە بووین لەناو نەتەوەیەکی نوێو دەوڵەتێکی نوێی عێراقدا بتوێنەوە، ئەگەر تەقەلایەکی دڵسۆزانەو راستەقینانە بۆ خەڵقکردنی ئەوانە بدرایە......بەلام ئەوانە نەهاتنەدی، چونکە کۆمەڵگەی عەرەبی عێراق سوننەو شیعەن، وە سەبارەت بە فاکتەری مێژوویی و ئایینی، لەوە بەهێزتر بووە کە ئەو کۆمەڵگە نوێیە قبوڵ بکات، چونکە شیعەی نیوەی دانیشتوانی عێراق، لایان وابووە کە تواندنەوەی کورد، کە سوننەی لاتنگین، لەگەڵ عەرەبە سوننەکاندا، دەبێتە هۆی شڵەقاندن و لاوازکردنی جێگەو قەوارەیان، عەرەبە سوننەکانیش ئامادەنەبون لەگەڵ کوردەکاندا تێکەڵ بن، سەبارەت بەتەیاری نەتەوە پەرستیی عەرەب، بەرامبەر بەوە کوردیش روو بەروی تەیاری یەکێتی عەرەب خوازەکان بووەو، ئەو هەڵوێستەی عەرەب وای لێ کرد کە ئەمیش ئامادە نەبێ لەگەڵ گەلێکدا یەك بگرێ کە ئامادە نەبێ سەربەخۆیی وڵاتەکەی بپارێزێ، یا پارێزگاریی رەگەزی بەرامبەرەکەی بکات...بۆیە کورد رێبازی نەتەوایەتی خۆی گرتەبەر*

ئەو تێندینسی بەعێراقیکردنەی مەسەلەی کورد، دیاردەیەکی کۆنەپەرستانەی وای خولقاند کە سەرجەم حیزبە عێراقییەکان بکەونە سەر ئەو بەندو باوەی کە لەمامەڵەو هاوکاریو هاو خەباتیاندا لەگەڵ کورد، لەگەڵ هەر هێزو رێکخراوێکی کورددا، مەرجێ بسەپێنن و بیکەنە بنچینەی ئەو پێکهاتن و هاوکارییە، کە ئەوەش دروشمی ناوەرۆك بەعێراقیکردنی کوردو مەسەلەی کوردستان بوو..زیاتر لەوەش هەر کە کورد باسی مافی چارەنوس و ئازادیی دەکرد، گشت لاو کۆمەڵو رێکخراوەکان دەسڵەمینەوە، نەك هەر لایەنگیرییان نەکردووە، بەڵکو دەشچونەوە بە گژیدا..هەر ئەو دیاردە نوێو زەمینە کۆنەی فشاری حیزبە عێراقییەکان لەناو حیزبی شیوعیو چەپە عێراقییەکاندا رەنگی دایەوە، ململانێیەکی نائاساییو نادروست لەگەڵ جوڵانەوەی نیشتمانیو رزگاریخوازانەی کورددا هاتە ئاراوە، بە پێچەوانەی بیرو رێبازو ئامانج و بیروباوەڕی هەردوولا درێژەی پێدراو زیانی زۆری لە هەردوولا داوە، تا ئەو دیاردانە وا سەپێنران کە، کار بکەنە سەر بەشێ لە کوردیش ... نەك هەر لەناو حیزبە کوردستانییە عێراقییەکاندا بەڵکو تەنانەت لەناو حیزب و کۆمەڵە کوردستانییەکانیشدا.

تەییارە نەتەوە پەرستانەکەی عەرەبیش وا بەهێز بوو کە جێگەو بۆشایی خۆی لەسەر شانۆی سیاسی بکاتەوە، هەر لەسەرەتاوە جوڵانەوەی کوردیان بە کۆسپی بەردەمی یەکێتی عەرەب دادەنا، کوردیان بەبەشێك لەگەلی عەرەب و کوردستانیش بەبەشێك لە نیشتمانی عەرەب دادەنا..نەك هەر گەلی کورد لە کوردستانی باشووردا بەڵکو تا چیای پشتکۆو تا شاری

---

* مجید خدوری–العراق الجمهوری–ص٢٢٤و٢٢٥..

دیاریەکریشیان بەزەوی عەرەب و بەبەشێك لە نیشتمانی گەورەی عەرەب داناوە. ئیتر لەسەر ئەو رێگەیە، چەند توانراوە، بەریەرەکانی کوردو بزوتنەوەی نیشتمانی کوردستان و مافە نەتەوایەتییەکەیان کردووە..زیاتریش لەوە کەوتنە رووبە رووبون و تەقەلای بەعەرەبکردن و تەهجیر کردن.. هەر لەسەرەتای هەلگیرسانی شۆرشی ئەیلولیشەوە(١٩٦١) دوژمنایەتی شۆرشیان کرد بەعسییەکانِ کۆنەپەرستترین نوێنەری بیری راستڕەوی ناو ئەو تەیارە، لە ١٩٦٣ حوکمی عێراقیان گرتە دەست، هەرچەندە ماوەیەکی کورتی چەند مانگی مانەوە بەلام خوێناوی ترین جەنگیان، تا ئەو کاتە، بەرامبەر کورد دەست پێکرد، تا روخاندنی (تشرینی دووەم – ١٩٦٣) دەیان دێیان تەهجیر کرد کە تەنها لەناوچەی دویز(دبس)دا (٢١)دێ رووخێنراو (١٥٠٠) خێزانی کوردیان دەربەدەرکرد.

بە روخاندنی رژێمی بەعس، سەرلەنوێ تەیاری بە عێراقیکردنەکە وەك دروشمی چینی بۆرژوای عێراق بوژایەوە..کەوتە مامەلەکردن لەگەل کورددا، بەبێ ئەوەی ئەنجامێکی سەقامگیر بەدەست بهێنێ. تا سەرلەنوێ حیزبی بەعس حوکمی گرتەوە دەست(١٩٦٨)کە لەسەرەتادا و لەناو مامەلەکردنیدا، عێراقیانە خۆی دەردەخست، هەرچەندە عەرەبچێتی خۆی نەدەشاردەوە، یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانیشی بەیانی ئازاری ١٩٧٠بو زەمینەخۆشکردن بو بۆ لێدانی شۆرشی کورد. تا خۆی جێگیرکردو تا پەرووبالی هەموو هێزە سیاسییەکانی کرد، ئەوسا رووی فاشیستانەی خۆی دەرخست و بە ئاشکرا کەوتە جێبەجێکردنی نەخشەی تەعریب و تەهجیرو تەبعیس، وە لەخراپترین شێوەی ئیستیعماری ئیستیطانیدا نەخشەو هەولی تواندنەوەی نەتەوەی کوردی خستە کار، بە هەموو ئەو شێوانەی کە مەبەستەکەی لێوە بەئەنجام بێ وەکو: زۆری هێزو تۆقاندن و کوشتن و برین .. ئاوارەکردنی خەلکی کورد وەعەرەب جێگیرکردن لە شوێنیان و دامەزراندنی کۆلۆنیو رەخساندنی هەموو پێویستییەکی ژیان و کارو گوزەرانی خۆش، بەعەرەبکردنی سوپاو کۆلیجە گرنگەکان و سەرجەم دەستگا گرنگەکانی وەزارەتەکان، چۆلکردنی هەموو سنوورەکان و کۆکردنەوەی دانیشتوان لە ئۆردوگای زۆرەملێدا و تێکدانی خورەوشت و پێکهاتەو سیستمی کۆمەلایەتیو ئابوری، یان کرینی زەویو زارو خانووبەرە لەناوچە نەوتییەکان و هەندێ ناوچەی تێکەل و دێهاتەکانی سەر سنوور، بە تایبەتی دوای هەرەس (١٩٧٥) پارەیەکی زۆر بۆ ئەو مەبەستە سەرف کرا،هەلتەکاندنی ئابوری لادێو بەستنەوەی خەلکەکە بە ئابوری دەولەتەوە، دوورخستنەوەی کرێکارانی کورد و دامەزراندنیان بە مەعاشی زیاتر لە ئاسایی و بەخشینی زەوی بەو کەسانەی مەلبەندی نیشتەجێی خۆیان بگوێزنەوە بۆ ناوچەکانی خوارووی عێراق، دروستکردنی قەزاو ناحییەو پارێزگای نوێ و خێرا خێرا ئالوگۆرکردن لە سنوریناحییەو قەزاکاندا، بە جۆرێك کە لە پلەی یەکەمدا زۆر ناوچەبە تایبەتی سەرجەم ناوچە نەوتییەکان بکاتە عەرەب و تەنها سلێمانی و چەند قەزایەك، هەولێر و چەند قەزایەك وە دهۆك و چەند قەزایەك بهێلێتەوە بۆ قۆناغیدووەمی تەعریب، ناوی دێو ناحیەو قەزا گۆرین بۆ عەرەبی، بۆ کوێرکردنەوەی ناوو شوێنەوارە ئەسلییەکانیان. چاندنی تۆوی دووبەرەکی لەناو کورددا و نرم روانینە کوردو

بڵاوکردنەوەی گیانی بەزین و نۆکەری و جاسوسی... بەناوی ئەمنی قەومی و ئەمنی نیشتمانی و ئەمنی ناوچەی ستراتیجی، چیان ئەوێ دەیکەن، کردنەوەی خوێندن بەعەرەبی(بابەتە ئینسانییەکان) تا لەهەڵێکی تردا بابەتەکانی تریش واڵێ بکەن.. زۆر لەخەڵك کردن بۆ ناوی دوکان و کۆگا گۆڕین..داخستنی قوتابخانەکان لەناوچە دێهاتییەکاندا، بێ بەشکردنیان لە خەستەخانەو کارگوزاری کۆمەڵایەتی تا خەڵکەکە ناچار بکەن ناوچەکانیان بەجێ بهێڵن، بۆ ئەوەی ئیتر ناوچەکان بەتەواوی بە چۆڵ و وێرانکراوی جێگەی حەوانەوەو ژیانی تیا نەمێنێ و لەناو شەڕی لەناوبردن و وێرانکردندا بە ئامانج بگەن.. وا دوا چەکی کۆمەڵ کوژیش کەوتۆتە کار و چۆنیان دەوێ بەکاری دەهێنن، دوای ئەوەی هەمو جۆرەکانیان خراونەتە بەردەستیان، بە تایبەتی متوسیجین، فۆسیجین وە خەردەل..تەهجیریش بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی عەرەبی سعودی و ئەردەن لە ئارادایە.

ئەو نەخشە رەشەی رژێمی بەعسی عێراق بەرامبەر بە کورد هەر لەناو بیری رەگەزپەرستی و فاشیستانەوە نەهاتۆتە ئەنجام، بەڵکو هۆی گەورەو سەرەکی ئەوە، شوێنی ستراتیجی و جێگەی جوگرافی گرنگی کوردستان و دەوڵەمەندیی لە نەوتدایە کە تا ئێستا لەزیاترلە(٣٠) کێڵگەی نەوتدا پتر لە (٥٠٠) بیری ئامادەکراو هەیە، نوێترین لێکۆڵینەوە دەری خستووە کە باشترین نەوتی جیهانی لەناو ئەو کێڵگە تازە دۆزراوانەدایە، کێڵگەی وا هەیە کەلە ژێرییەوە گۆمی گەورەتری نەوت هەیە. هەر ئەتوانین بڵێین جگە لە کێڵگە کۆنەکان، ناوچەکانی تری خانەقین– حەمرین– کەرکوك –مەیدان– چەمچەماڵ–دوکان–تەقتەق–کۆیە، لەهەردوولاوە بەرەو سنجار دەیان گۆمی ئاڵتونی رەشە..سامانی غازی سروشتیش، کانزایەکی ترە کە تا ئێستا ٢– ٣ملیۆن مەتر موکەعەبی کەڵکی لێ وەردەگیرێ. روبارو گۆم –ی دەستکردو سروشتکرد، جۆگەو بیرو کانیاوو باراناو.. سەرچاوەی ژیانن، گیانگەی ژیان لەعێراقدا بە کوردستانەوە بەسراوەتەوەو لەسەر حیساباتی پاشەڕۆژدا، رووبارو لقەکانیان رۆڵی مەزن دەگێڕن..ئەگەر دەستی ئاوەدانی بکەوێتە کوردستانەوەو بەدەست خاوەنی خۆیەوە بێ وا دەبێتە هاوینەهەوارو سەیرانگای زستان و هاوین، سامانی دارستان و مەڕومالات و کشتوکاڵو میوەجات کانی هەمەجۆرو کەرەسەی هەمەجۆری بیناو ئاوەدانی و شارستانی هتد..ئەمانە لیکی لوی بۆرژوای عەرەبی وا وروژاندووە کە بەعسی عەفلەقی بەو درندەییە بخاتە مەیدانەکەوەو ئەو جەنگە خوێناوییە لەدژی کورد هەڵبگیرسێنێ..زیاتریش لەوە هەر لەناو ئەو تەماع و لێك پڕژان و ئینجا مەترسی لە شەپۆلی ئیسلامەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، جەنگێکی ناڕەوای بەرپاکردو بۆتە مایەی ئەو وێرانی و پاشەگەردانییەی ناوچەکە، کە پاش هەستکردنی بەمەترسی دوای جەنگەکە، وەك دەیەوێ بەئاسانی لێی دەرباز بێ ..

بەعسی عێراق بەکەڵك وەرگرتــن لـە تاقیکردنـەوەی دەیان دەوڵـەتی خـاوەن ئـەزمون لـە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواو لەناو کارو کردەوەی دوژمنکارانەی خۆی، هەموو ڕێگەو شوێنێکی گرتۆتە بەر بۆ لەناوبردنی کوردو تەواوکردنی نەخشەی کاری بەعەرەبکردنەکە، کە ئەوە سەرفراز بوونیشێتی لە تیندینسی بە عێراقیکردنەکە.

ئەمڕۆ گەلی کورد لەناو ئەو بارودۆخەو لەبەردەم هێزی ئەو دەوڵەتەدا، دەجەنگێو بەرگری لەخۆیو لـە نیشتمانەکەی دەکـات...لـەناو ڕوداوو گۆڕانەکانـەوە، هەرلــە پێکهێنــانی دەوڵــەتی عێراقەوە تا ئێستاکە، لەناو پرۆسەی کاری جۆربەجۆری دژ بە کورد،هەر لەنەخشەکەی ئینگلیزەوە تا ئێستا..لەسەرەنجامی ئەو نەخشەیەو لەناو ڕێبازی ئەو بەعێراقیکردنەو تەقەلایدروستکردنی ئەو نەتەوەی عێراقە...لەناو ڕێڕەوی کـاروانی ئـەو ململانێیـەدا..ئـەمڕۆ گـەرداوی جـەنگی لـەناوبردن و ڕەشەبای بەعەرەبکردن هەڵی کردووە، نەتـەوەی کورد خراوەتـە بـەردەم–دووڕیـانێ..بـێ ئـەوەی ئارەزوو خواستی خۆی تیابێ..جیهـانی پێشـکەوتنخوازو کۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتی خراونەتـە بـەردەم بەرپرسیارییە مێژوییەکە..گـەلی هاوخـەبات و گـەلانی دراوسێو ناوچەکـە هـەموو لەبـەردەم ئـەو بەرپرسیارییەدان.

# -٤-

# کورد لەناو ململانێ و لەبەردەم دووڕیاندا

لەناو باری سەربەخۆیی سەردەمی میرنشین و قەوارە خۆماڵییەکان و پاشەڕۆژێکی رەخسیوی تر بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەتی کوردستان.. گەلی کورد ملی بۆ واقیعی داگیرکردن و ململانێی نابەرابەر دانەنەواندوە، هەرچەندە قەوارەی سیاسیو هێزی رێکخراوو بە توانای ئەوتۆی نەبوە کە بیکاتە ئامرازی خەباتەکەی، دیسان بە درێژای مێژوی زۆرانبازییەکە بەرامبەر داگیرکەرو تەقەلای تواندنەوەو ئاوارەکردن وەستاوە..ئەگەر سەرنجێ لە سەرەتای مێژوی باسەکەمان بدەین، گەلێ نمونەی چالاکیو خەبات و راپەڕین و شۆڕش دەکەوێتە پێش چاومان گرنگەکانیان..

- راپەڕینەکانی کورد لە موسڵ و ئەرزرۆم و بتلیس (١٩٠٧).
- جولانەوەکەی مەلا سلیم و شەهابەددین لە بتلیس(١٩١٣).
- جولانەوەکەی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی (١٩١٤).
- راپەڕینەکانی موکریان، ورمێ، هەورامان وە مەنگوڕایەتی (١٩١٨ و ١٩٢٠ و ١٩٢٥ و ١٩٣٠).
- جولانەوەکەی سمکۆ (١٩٢٠ – ١٩٣٠).
- شۆڕش و حوکمداریو مەلیکایەتییەکەی شێخ مەحمودی حەفید (١٩١٨–١٩٣١).
- جولانەوەکانی بارزان، ئامێدی، ئاکرێ وە ناوچەکانی زاخۆ(١٩١٩–١٩٢١).
- راپەڕینی زوربەی عەشیرەتە گەورەکان لە کوردستانی خواروو لە دژی ئینگلیز.(١٩١٨–١٩١٩).
- راپەڕینی ئێزیدییەکان (١٩٣٥).
- شۆڕشەکەی برایم خانی دەلۆیی لە کفری (١٩٢٠).
- راپەڕینی تیرەکانی پشدەر بەسەرکردایەتی عەباسی مەحمود ئاغاو غەفورخانی ناودەشت.
- راپەڕینی کەریم بەگی هەمەوەند (١٩٢١–١٩٢٢).

ئەوانە هەمووی کاریان کردبووە سەر شێوەی راپەڕینی خەلکی کورد بە تایبەتی لە کوردستانی خواروودا.. کە شان بە شانی ئەوانەش گەلێ هۆی تری گرنگ رۆڵی خۆیان لەو هوشیارکردنەوەو راپەڕینەدا دەبینی.. لەوانە بڵاوکردنەوەی زۆر رۆژنامەی کوردی...بانگەوازو بەیانی دەوڵەتە سوێند خۆرەکان دەربارەی رزگارکردنی گەلانی ژێر دەست، چواردە بەندەکەی ویلسن کە یەکێکیان دەربارەی مافی بڕیاردانی چارەنوس بوو بۆ هەموو نەتەوە داگیرکراوەکان، شۆڕشی ئۆکتۆبەر، پێکهێنانی رێکخراوو کۆمەڵی کلتوریو سیاسی، سیاسەتی رەگەزپەرستانەی تورکە کۆنەپەرستەکان، شۆڕش و راپەڕینی گەلان، بوونی کوردی رۆشنبیر لەدەرەوەی وڵات و ئاگادارییان لە روداوەکان و گەشەکردنی هەستی نیشتمان پەروەری ...هتد.

لەو سەرەتایەدا گەلی کورد لەگەڵ خەباتی چەکداریدا، رێگەی دیپلۆماسیو کاری سیاسییانەشی کردبووە ئامرازێکی تری خەبات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی..چالاکییەکانی نوێنەرانی کورد بەسەرۆکایەتی شەریف پاشا لە پاریس، یاداشت و داخوازی کورد خستنەبەردەم کۆنگرەی ئاشتی، هەوڵدان بۆ پەیوەندیکردنی نوێنەرانی شێخ مەحمود بە دەوڵەتان و بە ئەندامانی کۆنگرەی ئاشتی لە ڤرسای و یاداشت و داخوازی پێشکەش کردن بە کۆمەڵی گەلان و دەوڵەتە زلەکان.. تەقەلای

جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی سیڤەرو بەڵێنەکانی کۆمەڵی گەلان و راسپاردەکانی ئەو لیژنانەی کۆمەڵی گەلان پێکیهێنان بەمەبەستی ساغکردنەوەی رلوو هەڵوێستی کورد، هـەوڵی جێبـەجێکردنی بەڵێنەکانی ناو بەندەکانی لائیحەی ماندانی بەریتانیا بۆ عێراق، وە لەدواییشدا قایل بوون بـە مـافی رۆشنبیری و بەڕێوەبردن لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، دوای ئەوە کوردستانی خوارو بـە زۆر پێوەی بەسترایەوە..مەزیەتەو عەرزوحاڵی زۆر لەناوداری سەرۆک عەشیرەتەکانی ئـەو سـەردەمە بـە کۆمەڵی گەلان و بە لێپرسراوانی بەریتانیا لە بەغدا...

ئەو روداو چالاکیيانە بارێکی باش و پڕ لە هیـوای لەکوردستـانی خـوارودا خولقـاندو زیـاتر بونە یارمەتیدەری گەشەکردنی شۆڕشەکان بەسەرکردایەتی شێخ مەحمودی نەمر..شەڕو پێکـادان و نەبەردییەکانی سالانی شۆڕشی ١٩١٩-١٩٢١ دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ (١٩١٨) و ئینجا پاشایەتی کوردستان بەسـەرکردایەتی شـێخ مـەحمود (١٩٢٢) گفتوگۆو پەیوەندییـەکانی شـێخ مەحمود و تەقەلای سود وەرگرتن لە ناکۆکییەکانی نێوان بەریتانیاو تورکیا و یـەکێتی سـۆڤیەت و ...هتد.چەند لاپەڕەیـەکی گەشن لەخـەباتی نەتـەوەی کـورد لـەدژی داگیرکردن وە بـۆ وەسـتان بەرامبـەر هـەوڵی بەسـتنەوەی کوردسـتانی خـواروو بـە عێراقـەوە و لـەدژی بـە عـێراقیکردنی مەسەلەکەی.

بـەلام هـێزو دیپلۆماسیەتی بـەریتانیا..تەڵەکـەبازی لەمامەڵـەکردن لەگـەڵ کـوردو لـە دژایەتیکردنیدا، رۆڵی گەورەیان لەوەرچەرخاندنی روداوەکـاندا بینـی، بەتایبـەتی دوای ئـەوەی بە ئاشکرا ستراتیجەکەی چڕ کردە سەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی عێراقی لەمیسـۆپۆتامیاو کوردسـتانی خوارودا..ئیتر نەخشەو پیلان و هەنگاوەکانی کردە ئاشکراو کەوتـە لێدانـی بزوتنـەوەی کـوردو بـێ دەنگ کردنـی ..تـا لـەو رێگەیـەوە ئامانجـە سـەرەکییەکەی کـە پێکهێنـانی ئـەو دەوڵەتـە بـوو بهێنێتەدی.

بەرامبەر بەوەش خالی لاواز لەجولانەوەکەی کورددا:

– نەبوونی ستراتیجێکی سەربازیی گونجاو بەرامبەر بە نابەرابەریی لەهێزو چەك و تفاقی جەنگدا..

– ناکۆکی ناو ریزەکانی کوردو ئامادەنەبونی هەندێ سـەرەك هـۆزو تـیرە کـە سـەرکردایەتی شـێخ مەحمود قبوڵ بکەن...

– سوربوونی سـەرکردەی شـۆڕش و حوکمـدارو مـەلیکی کوردسـتان لەسـەر فراوانکردنـی ناوچـەی دەسەلات و دەوڵەتەکەی بۆ ئەو ناوچانەی کە ئینگلیز هەرگیز بیری لێ نەدەکردەوە کە بخرێنـە ژێـر دەستی سەرکردەیەکی وەك شێخ مەحمود. بە تایبەتی سوربوونی شێخ مەحمود لەسەر کـەرکوك و پەلاماری هێرش بردنە سەر ناوچەکە بۆ رزگارکردنی شارەکە، ئینگلیزی بـێ ئارام کردبـوو..چونکـە ئینگلیزەکان هەرگیز ئامادە نەبوون کە بیەڵێن نەوتی کـەرکوك بکەوێتـە بەردەسـتی سـەرکردەیەکی (کەللەڕەقی کورد)! کە دەرکەوتبوو مالیکردنی مەحالە، لە کاتێکدا فەیسەڵ و هاوەڵەکانی پیـاوی بـەوەفاو مـالیو ئەلقـە لـەگوێ بـوون و رۆژێ لـە رۆژان بیریـان لـە یـاخیبوون و سـەربەخۆیی نـەدەکردەوە..ئـەوە لـە کـاتێکدا کـە پارسـەنگی هێزو دیپلۆماسیەتەکە لـەو ئاسـتەدا نـەبوون کـە

شۆڕشی کورد بتوانێ بەیەکێکیان ئەو ئامانجەی شێخ مەحمود بەدی بهێنێ. زیاتر لەوانە ..ئەو چاو برینە کەرکوك و فراوانکردنی سنورو ئەو سووربونە لەسەر سەربەخۆیی‌و قەوارەی تایبەتی کورستان هەر لەبنەڕەتدا پێچەوانەی ئەخشەو پلانەکەی ئینگلیز بوون..
– تێنەگەیشتن لە بیرو هەڵوێستی هەموو ئەفسەرەکان وە بەیەك چاو سەیرکردنیان. لەناو ئەو بارودۆخە ئاڵۆزانەدا..سەرەڕای ئەوەی رووداوەکان هەموو بە پێچەوانەی خواست و ئارەزوی گەلی کوردەوە ئاراستە دەکران، ئینگلیز چی ویست کردی، دام و دەزگاو کەرەسەی ژیان و بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی رەخساندو هەموو ئەو داخوازییانەی بەمەزیەتەو مانگرتن و خۆ پیشاندان دەخرانەڕوو، بە هێمنی پشت گوێ دەخران، هەموو راسپاردەو پەیمان و بەڵێن و بڕیارەکانی کۆمەڵی گەلان و بەریتانیاو دەوڵەتی عێراق خۆشی پەردەیان بەسەردا درایەوە...بۆیە کورد لە ئینگلیز، لە بەڵێنی سوێندخۆرەکان و کۆمەڵی گەلان و لەبەڵێنی دەوڵەتی عێراق بێ ئومێد بوو، بەڵام لەتوانای خۆی لە سووربوون لەسەر داواو مافەکانی خۆی بێ‌ئومێد نەبوو.. بۆیە هەر کە پەیمانی ١٩٣٠ مۆرکرا..دانیشتوانی کوردستانی خواروو بەگشتی‌و خەڵکی سلێمانی بە تایبەتی کەوتنە جوڵەو خۆپیشاندان و سەرلەنوێ بانگەواز لە کۆمەڵی گەلان و لە ئینگلیز کرا، بێ ئەوەی گوێی لێ بگیرێ، بۆیە لەشەشی رەشی ئەیلولدا بە(٢٠)شەهیدو(٣٠) بریندارو زیاتر لەسەد کەس زیندانی سەر لەنوێ بەکاتیی..دەنگی زوڵاڵی کوردیان کپ کردەوە، شێخ مەحمود بە راپەڕین و لەلولەی تفەنگەوە داخوازییەکانی خستەڕوو، نامەیەکی بۆ (موعتەمیدی سامی) لە بەغدا نووسی و جارێکی تر داوای سەربەخۆیی کوردسان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کردەوە، بەسەرپەرشتی بەریتانیا، بەڵام وەڵام ، ناردنی هێزو شەڕی ئاوباریك بو. ئەو تەقەلاو رەتکردنەوەی بە عێراقیبونەو سووربوون لەسەر مافی کوردو لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارو راسپاردەکانی کۆمەڵی گەلان لەناو خەڵکی کورددا، باش رەگیان داکوتابوو..تا زۆر لەفەرمانبەرو خەڵك و ئەندامانی پەرلەمانیشی گرتبۆوە، کە هەرچەندە بەو عێراقەو بە عێراقیبوون رازی بوون، بەڵام لەو رێگەیەوە هەر چاوەڕوانی حەقی کورد بوون... دەیانویست لەو رێگەیەوە شتێ بۆ کورد بەدەست بهێنن، بۆیە لە شوباتی ١٩٢٩دا ئەندامانی پەرلەمانی عێراق: جەمال بابان و ئیسماعیل رەواندوزی –نوێنەرانی هەولێر، محەمەد صالح و سەیفوڵا –نوێنەرانی‌سلێمانی، حازم شیدین ئاغا– نوێنەری موسڵ، وەمحەممەد جاف نائیبی کەرکوك..پێکەوە راپۆرتێکیان دابەسەرەك وەزیران..تیایا داوای جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمەڵی گەلان یان کرد بە دروستکردنی لیوای دهۆك و بەستنەوەی هەموو قەزاکانی کوردکە لەسەر موسڵن پێوەی، وە لەگەڵ لیواکانی کەرکوك و هەولێرو سلێمانی یەك بخرێن و (یەکەیەکی) ئیداری لەهەر چوار لیواکە پێك بهێنرێ و یەك موفەتیشی کورد ناوچەکە بەڕێوەبەرێ‌و تەنها رێگەی پەیوەندی کردنیش بێ بەحکومەتی بەغداوە..

له ڕۆژێکدا که قسه لەسەر پەیمانی ١٩٣٠ لەپەرلەماندا دەکرا (ئانیبێکی)کورد هەستاو ڕووی کردە (موعتەمیدی سامی)و لێی پرسی که ئایا ئەو بڕیارەی کۆمەڵەی گەلان دابووی دەربارەی مافەکانی کورد لە عێراقدا، ئەگەر ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەری، لەپەیمانەکەدا دەبێ...؟ ئەویش لەوەڵامدا وتی: ئەمە حیلەو بابەتی وای تێدا باس ناکرێ..!محەمەد ئەمین زەکی مێژوونووسی ناسراوی کورد..لەناو بیرو دیدی کورد پەروەری خۆیدا گەلێ هەوڵی ڕووخستن و بیرهێنانەوەی مافەکانی کوردی داوو بەعەریزەو یاداشت خستنیە بەردەم مەلیك فەیسەڵی یەکەم و موعتەمیدی سامی، که هێڵە گشتییەکانی ئەو مافانە لە ئاست ئەو پرۆژانەدا بون که دوای زیاتر لە نیو سەدە کرابون بە دروشم و ئامانجەکانی شۆڕشی کورد..

له ئاياری ١٩٣١دا تۆفیق وەهبی موتەسەریفی سلێمانی، پارێزەر سەعید نامق و دکتۆر شوکری موحوممەد و چەند مەسیحییەك گیران بە تاوانی پیلان گێڕان لەدژی دەوڵەت و خەڵك هاندان که داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەکۆمەڵی گەلان بکەن...

جوڵانەوەکەی بەکر سدقی ڕوویەکی تری ڕێبازێکی نوێ بوو لە دژی کۆنەپەرست و ناحەزانی کورد..بەلام شۆڤێنیو تۆکەرانی ئینگلیز پاش چەند مانگێك توانیان سەرکردەی جوڵانەوەکە لەموسڵ بکوژن و وەزارەتەکەی حیکمت سلێمان بڕوخێنن..

بەو جۆرە هەرچەندە گەلی کورد سەربەخۆیی لێ زەوت کرا، کوردستانی خواروو بەزۆر بەعێراقەوە بەسترایەوە، مافە ڕۆشنبیریو ئیدارییەکانیشی چاولێپۆشرا، هەر دەنگێکیشی لێوە بهاتایە بەهەر شێوەیەك بوایە کپ دەکرا..لەگەڵ ئەوانەشدا نە ئینگلیزو نەچینی فەرمانڕەوای عێراق و نە ڕێبازەکانی تری دژ بەجوڵانەوەی کوردو ئامانجە سەرەکییەکانی، نەیانتوانی کورد ماڵی بکەن و لەناو عێراقدا نقومی بکەن و بیکەنە عێراقیو مەسەلەکەشی تیا بتوێننەوە، سەرەڕای ملدانی سەرکردایەتییەکانی کورد بۆ دروشمە بەرگ و ڕوخسار کوردستانیو ناوەڕۆك عێراقییەکان.

زیاتر لەوە نەیانتوانی ئەو دەوڵەتە بەهێز بکەن و زەمینەی پتەوی ئەو عێراقەی مەبەستیان بووە بیهێننە ئاراوە..بۆیە یەکێك لەهۆیە هەرە گرنگەکانی لاوازیو بێئارامیو نەچەسپینی عێراق وەکو وڵات و گەل وەدەوڵەت، مەسەلەی کورد بوو، چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد بوو، سیاسەتمەدارانی ئینگلیزو عێراق وایان دەزانی که مەسەلەکە مەسەلەی ڕۆژو وەختە .. ئەگینا ئەو ڕۆژە لەبەردەمدایە کەمەبەستەکانیان بێتە دی!.. بەتایبەتی بیریان لەوە نەدەکردەوە که جارێکی تر کورد دەست بداتەوە چەك و لەڕێگەی ڕاپەڕینی چەکدارییەوە داوای مافەکانی خۆی بکات..زیاتریش لەوە، دوای لەناوبردنی شۆڕش و جوڵانەوە چەکدارییەکانی عێراقی عەرەبی (١٩٢٠)، کازمییە(١٩٣٥)، شێخ خوررەم (١٩٣٥)، بەنی کەعب(١٩٣٦)، سوق شیوخ (١٩٣٥)، ڕومەیسە(١٩٣٦) وە ئەگرەع (١٩٣٤-١٩٣٥)...هتد لەم نەخشەیەدا جێگەی ئەوە نەبوو کە

لەعێراقی ناوەڕاست و خواروودا سەریەشەیەکی تری لەو بابەتانە دروست ببێتەوەو دەوڵەتەکە بنکوڵ بکات... هەرچەندە ناو بەناو شەپۆلی خەباتی جەماوەری پایتەخت و ئەم شارو ئەو شاری دەگرتەوە...بەلام دیسان بەمەترسییان دانەدەنا ...خاڵی وەرچەرخانی گرنگ و دیاردەی هەرە دیارو سەرنج ڕاکێشەر لەناو جوڵانەوەی نیشتمانی کورددا لەسەرەتای سییەکان بەدواوە مەسەلەی دروشم و ئامانجەکان بوو..کوردی بەغداو هی شارەکانی کوردستان ..زۆر ڕۆشنبیرو فەرمانبەرو قوتابی و ئەفسەر، لە شۆڕش و جوڵانەوەی چەکدار ، بێ هیوا بوویون..زیاتر ملی ڕێگەی ڕۆشنبیریو خەباتی سیاسییان گرت ،دامەزراندنی کۆمەڵەی لاوان (١٩٣٢) ، کۆمەڵەی فیدائیان نیشتمان (١٩٣٥)، کۆمەڵەی برایەتی (١٩٣٨) وە حیزبی هیوا (١٩٣٩)...دیاردەی ناو بیرو ئامانج و ئەو ڕێبازە نوێیە بوون...کارەکە هەر بەوەشەوە نەوەستا، بەڵکو هەر ئەو بێ هیواییە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەت و سەربەخۆیی لاخست و لەجێگەی ئەوە، مافی بەڕێوەبردن و ڕۆشنبیریی جێگەی گرتەوە..لە حیزبی هیوادا کە تا ئەو سەردەمانە گەورەترین ڕێکخراوی سیاسی بووە، دوو تەیاری ئاشکرای تیا بەدی دەکرا.. ئیتر لەدواییدا لەسەر مەسەلەی ڕۆڵی بەریتانیا، لایەنگیری شۆڕشی بارزان یا نەکردنی، بو بەدوو بەشەوەو لەدواییشدا هەڵوەشا..ئینجا ڕێکخراوی نوێ بەڕێبازو دروشم و ڕوانگەیەکی نوێوە هاتنە ئاراوە..حیزبی رزگاری (١٩٤٤-١٩٤٦) بە ئامانجی یەکخستنی کوردستانی گەورە، لەڕێگەی عێراق رزگارکردن و گەیشتنە مافی بریاردانی چارەنوس بۆ کورد، دامەزرێنرا، یەکێك لەکارە گرنگەکانی ئەم حیزبە ، ئاراستە کردنی یاداشتێك بوو بۆ کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتە زلەکان لە مۆسکۆ. حیزبی شیوعی عێراق، کە لەجێگەی خۆیدا پەنجەمان بۆ ڕاکێشا..ڕێکخستنەکانی کوردستانیش لە دیدو بۆچونی ناوەندیان دەرنەدەچوون.....حیزبی شۆڕش(حیزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق (١٩٤٤-١٩٤٦) بە ئامانجی رزگاریونی کوردستانی عێراق پێك هێنرا...لە ئابی ١٩٤٦یشدا لەهەردوو حیزبی شۆڕش و رزگاری، پارتی دیموکراتی کورد دامەزرێنرا، کەلەسەرەتادا رزگاری کورد لە عێراق و تورکیاو ئێران ئامانجی بوو، لەدوایشدا ئۆتۆنۆمی لەپەیڕەوو پرۆگرامیدا چەسپی، چونکە ئەمیش لە ژێر کارتێکردنی ئەو فاکتەرانەدا دامەزرا کە ئاراستەکەری دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. دیارە کۆمەڵەی ژ.ك یش لقێکی لە کوردستانی خواروودا هەبوو (١٩٤٢-١٩٤٧) کە لەسەرەنجام دا تێکەڵ بە پارتی کرا... زیاتر لەکاری ڕێکخراوەییش، نیشتمان پەروەرانی کورد لەدەرەوەی وڵات، ناو بەناو مەسەلەی کوردیان دەهێنایەوە بیر نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ نمونە لەساڵی ١٩٤٨دا وەفدێك لەروناکبیرانی کورد بەنەخشەیەکی کوردستانی مەزنەوە، چوونە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان و بەدرێژی لەیاداشتێکدا، مەسەلەی کوردیان خستە پێش چاو، داوای سەربەخۆیی کوردستانی گەورەیان کرد..

ئەو هەوڵانە بێ بەرهەم بوون و ئەنجامێکی بەکەڵك و جێگیریان لێ بەدەست نەهێنرا، خەباتی کورد لەناو چالاکی ئەو ڕێکخراوە سیاسییانەدا، زیاتریش کێش کرایە ناو جوڵانەوەی

سیاسی عێراقەوە، بەناوی بەربەرەکانی کردنی گیانی جیابونەوە و جیابونەوەخوازی بەناوی یەکێتی خەبات و ئامانجی رزگاری عێراق ودەرپەڕاندنی ئیمپریالیزم، بەربەرەکانی راستەوخۆو نا راستەوخۆی دروشمی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد دەکرا، لەدژی مافی بڕیاردانی چارەنوسی خۆی، دەوەستان..بەلام ئەو خامۆشیو بێ ئومێدییەی ناو ئەو بارە سیاسییە، زۆری نەخایاند، جارێکی تر وەك ئاگردانێکی سەرنراوە، خەباتە چەکدارانەکەی ،شۆڕشەکەی بارزانی لێوەبەرپابوو (١٩٤٤-١٩٤٥) کە لەناو زۆری هێزو یارمەتی ئینگلیزو سوپا بەناو عێراقییەکەی دەستکردی خۆی، هێزەکانی شۆڕش کشانەوە بۆ کوردستانی ئێران بۆ سنوری کۆماری دیموکراتی کوردستان..

رووداوەکانی کوردستان ئەوە دەردەخەن کە هەرچەندە کورد ئامانجەکانی خۆی بەدی نەهێناو لەناو شکستی و چەوساندنەوەدا ماوەتەوە ..لەگەڵ ئەوەشدا ملی بۆ هەولی بەعێراقیکردن، نە لەسەر شێوەی ئینگلیزو نەلەسەر شێوەی بۆرژوای عێراقیو عەرەبیو نەلەسەر شێوەی حیزبی شیوعی دانەواند، رەتی کردۆتەوەو بەهەموو شێوەیەکی لواویش بەگژیاندا چۆتەوە ...بەلام هێزە سیاسییەکانی کورد ئەوانەی رێگەی یەکێتی عێراق و خەباتی هاوبەشیو یەکگرتوویان هەڵبژارد، ملیان بۆ بەعێراقیکردنەکە دانەواند.....ماف و دروشمەکانیان لەناو سنوورو چوارچێوەی دەوڵەتەکەدا دیاری دەکرد،کە بەوەش هەرچەندە عێراقی خوازەکان لەدژیان دەوەستان و مەودای تەنانەت ئەو مافە قەتیسکراوانەی ناو ئەو چوارچێوەیەشیان نەدەدا، بەلام لەسەرەنجامدا، لە پاراستنی سنورەکەی عێراق و لە وەستان بەرامبەر جیابونەوەو دژ بەجیابونەوە خوازەکان یەکیان دەگرتەوە ...لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا جەماوەری کوردستان هەمیشە چاوی لەئامانجە سەرەکییەکە بڕیبوو، تۆتۆتۆمی هەر بە ئامانجێکی پلەیی داناوە ..ناچاری و بێ دەسەلاتیی سەپاندبوی ... لەناو شۆڕشەکەی ئەیلولیشدا(١٩٦١ -١٩٧٥).. دروشمی حوکمی زاتیو عێراقێکی دیموکرات ئامانجی سەرەکی شۆڕش وپارتی بوو.. ئەو رووداوانە دەری دەخەن کە هێزە سیاسییەکانی کورد لەناو دیدو بۆچوونی خۆیان و فشارو خواستی هێزە عێراقیو عەرەبییەکاندا بەنوسین و بەقسە لەدژی جیابونەوەو سەربەخۆیی وەستاون، جاری واش بووە کە نەیانوێراوە بەلای دروشمی مافی چارەنوسدا بچن. کەچی رێکخراوە عەرەبی و عێراقییەکان لە دژیان دەوەستان، کە حیزبی بەعسیش لە شوباتی ١٩٦٣دا بەکودەتاکەی جڵەوی حوکمی بۆ چەند مانگێك گرتە دەست، ئیمپریالیزم دەستی گرت و شوورەی پاراستنی لەدەوری سنوورەکەی دروست کرد و لەبەردەم هێزی شۆڕشی کوردستاندا (پرۆسەی دیجلە) (تەمموزی ١٩٦٣) ی دانا، بەپێینەخشەیەك، بڕیار بو هێزەکانی تورکیا بەرەو موسڵو هی ئێران بەرەو سلێمانی بکشێن. زوتریش ئێران و سوریاو تورکیا سنوریان لە شۆڕشی کورد داخست. تا (گرۆمیکۆ) بە یاداشتێ، ئاگاداری عێراق وئێران و تورکیاو سوریای کرد کە یەکێتی سۆڤیەت لەدەست وەردانە ناو کاروباری عێراق بێدەنگ نابێ. لە ئەنجومەنی ئاسایشیشدا سیاسەتی حکومەتی عێراقی بەرامبەر بە کورد

تاوانبار کرد(تەمموزی١٩٦٢). هەر لەو ڕۆژانەدا (مەنگۆلیا) داوای لەنەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە چەوسانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا بخاتە ناو بەرنامەی باسەکانی کۆبونەوەی ئەنجومەنی گشتییەوە ..ئەو چالاکییانەی سەر شانۆی سیاسی جیهان، یەك شەپۆلی‌مەزن لە هیواو تەوژمی خەباتی لەناو پێشمەرگەو جەماوەردا هێنایە ئاراوەو بە ئومێدێکی گەشەوە سەیری پاشەڕۆژو هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت دەکرا. من بۆ خۆم ئەوەم بەرووداوێکی گەورە دەزانی، بە تایبەتی چەند مانگێك پێش ئەوە لەیەکێك لە نهێنییەکانی پەیوەندیی سەرکردایەتی شۆڕش و حیزبی شیوعی یەکێتی سۆڤیەت، ئاگادار بوم (١٩٦٢) بەهۆی نامەیەکی مەکتەبی سیاسی پارتییەوە بۆ ئەو حیزبە."سەید عەزیز شەمزینی" ئەندامی مەکتەبی سیاسیو لێپرسراوی پارتی لە بەغدا، لەو سەروبەندەدا، تایپکردنی نامەکەی بەبەندە سپارد، داواشی لێ کردم کە هیچ کاتێك لای هیچ کەسێك، بە لێپرسراوانی پارتیشەوە ئەو نهێنییە نەدرکێنم. نامەکە باسی کەمیی یارمەتیی ئەو حیزبە بو کەوەك لەبیرم بێت"٤٠ هەزار دۆلار" بو. تیایا جۆری بەشکردنی یارمەتییەکە لە نێوان مەکتەبی سیاسیو بارزانیدا دەرخرابوو.

وە بەهۆی زۆربونی پێشمەرگەو خەرجی شۆڕشەوە داوای زیادکردنی یارمەتییەکە کرابو... بەلام بۆ خودی ئەو یاداشتەی" گرۆمیکۆ"و داواکەی "مەنگۆلیا" تەنها مانۆڤرێکی سیاسی و گوشارێکی میدیا بو. زیاتر لەوە، ئەو ئومێدەی بە حیزبی شیوعی عێراقیشەوە بەسترابۆوە لە شۆڕشگێڕ کردنی خەبات لەناوەڕاست و خواروی عێراقداو دەست کردن بە شۆڕش بەکەڵك وەرگرتن لەو بارودۆخە بابەتییەی هێرش و پەلاماری درندانەی بەعسییەکان لە ئارادا نەماو نەدەتوانرا کارێکی وا بکرێ.

لەناو ئەو دۆخەو ڕەتکردنەوەی بەعێراقیبون (لەبەردەم پێنەگەیشتنی زۆر لە فاکتەری خۆیی شۆڕش ونەبونی دۆستی ستراتیجی، دۆخی نالەباری جیۆپۆلیتیکی کوردستان و سیاسەتی زلهێزەکان لەناوچەکەدا، بەرامبەر بەمەسەلەی کورد..جولانەوەی نیشتمانی کورد لەناو سروشت و زەمینەی پێکهاتن و بەرنامەو ئامانج و داخوازییە نەتەوایەتیو نیشتمانییەکان، لەدیدو بۆچونی هێزە جلەو بەدەستەکەوە، هەولی نەئەدا لەبازنەی ئەو خەباتە عێراقیانەیە خۆی دەربێنێ، یا توانای ئەو خۆ سەرفرازکردنەی نەبوو تا بگەڕێتەوە سەر ڕێبازە دێرینەکەی..هەر لەگەل تووشی لاوازیو نوشوستییەکیش بووبێ، وا گەلێ هۆ دەژمێردرا کە لەسەروو هەموویانەوە ئەو دیاردەیە بووە. بە تایبەتی دوای ئەوەی دوچاری شەڕی ناوخۆش بوو، ئیتر مەسەلەکەی زیاتر ئالۆزو گری کوێراوی بوو..کە جارێکی تر بەعس هاتەوە سەر حوکم (تەمموزی ١٩٦٨) جولانەوەی کوردی راپێچی کوێرەڕێیەکی ترسناك کرد، یەکە یەکە پەڕوبالی حیزب و هێزەکانی کورد و عێراقی کرد. ئینجا کەوتە بەکارهێنانی ئاگرو ئاسن و سیاسەتی سوتماك...چەند کورد کەلکی لەرێککەوتنەکەی

نازاری(١٩٧٠) وەرگرت، زۆر لەوە زیاتر بەعس زیانی لێدا، تەهجیرو تەعریب و تەبعیس زەمینەکەی کەمێ ئاشکراترو بەرینتر کرا.لەدوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلولیش گەلی کورد کەوتە بەردەم هەڕەشەیەکی گەورەتر، ئەوە تا ئەو کاتە کارەساتێکی مێژوویی لە وێنە نەبو بوو...دیسان لەم ڕۆژگارە سەختەدا هەرچەندە مژدەی کورد بوون بەبەعسی دیاردەی روخان و ورە بەردان و بێ هیوایی زۆر خەلکی گرتبۆوە ...کورد هەر سەرسەختانە لەمەیداندا مایەوە، ئەگەر واقیعی عێراقی بونەکەی رەت کردبێتەوەو بۆی نەلوابێ، وا بەعەرەب بونەکە بە مەحاڵ و بەلەدەست دانی نەتەوەو نیشتمانی داناوە...بۆیە لەناو بەریەرەکانییەکی بێ دەنگی دوای هەرەسدا ژیاو چاوەڕوانی دەرفەت و هەلێکی نوێی دەکرد، هەرچەندە ئەو تەقەلایەی بەعس گورزێکی کوشندەی لە شادەماری نەتەوایەتی گەلی کورددا، لەگەلێشیدا وە وەك دژەکردار، بەجۆرێکی نامۆ لەخەونی کورتی کارەساتی هەرەسەکەی راچڵەکاند، کە لە شێوەیەکی وێنەنەبودا دەست بداتەوە چەك و بەرامبەر دوژمنە سەرسەختەکە بووەستێو لەسەر ڕێبازێکی نوێو سەردەمدا شۆڕشی دەست پێکردەوەو بەرامبەر تەقەلای بەعەرەبکردن وەستاو، کەوتە شەڕێکی نوێ بۆ ژیان. تەقەلای بەعێراقیکردن، هێندە زەمین بۆش و توانا لاواز بوو تەنانەت لەناو کارەساتی هەرەسیشدا ئالا هەلگرەکانی نەیانتوانی بیکەنە واقیعی کۆنکرێتی، بۆرژوای عێراقی هەر زوو بەزی ..خۆ مێژو تەییارە چەپە عێراقی خوازەکەش کە لەو پلەیەدا بوبو بە شەریکی رژێمی بەعس، هەر پێش ئەوەی بجوڵێو تەنها هەنگاوێك بنێ، رژێم پەلاماری داوزیانیزۆری لێدا، ئەگەر شۆڕشی نوێی کورد نەبوایە پرزەی لێ دەبڕی ..بەلام ئەوەبوو شۆڕشەکە فریاکەوت و بۆناو کوردستانی رزگار کراو سەرفرازی کرد..کەچی هەر زوو تێندێنسە بەعێراقیکردنەکە سەری هەلدایەوەو تا دەهات دەکرایە کۆسپ، ئیتر گەیشتە ئەو مەلبەندەی کە کوتومت، وەکو رێکخراوی چینی بۆرژواو نوێنەری راستڕەوی کۆمەلی عێراق و هەلوێستی نەتەوە پەرستە شۆڤێنیو رەگەزپەرستەکانی عەرەب،بەناوبردنی مافی بڕیاردانی چارەنوسی خۆ بۆ نەتەوەی کورد، شێتگیر ببن و ئەوە بە لاتنگیریی نەتەوایەتیو جیابونەوەخوازی و گەلێ ناوو ناتۆرەی تر دابنێن ...کارتێکردنی ئەم هەلوێست و دیدو بۆچونە، ئەگەر بەتەنها بوایە، ئەو بایەخەی نەدەبوو...بەلام کە ئەوە تێکەل بە شەپۆلە توندوتیژەکەی هێرشی بەعسییەکان و سەرجەم کۆنەپەرستانی دژ بەنەتەوەی کورد دەبوو، وا جۆرە سەنگەرێکی تیۆریو بڕوبیانوویەکی ناو جولانەوەی بەریەرەکانی عێراق دەکەوتە دەستی بەعسی حوکمڕان.ئەو کاتە گرفتی زیاتر لەبەردەم جولانەوەی نیشتمانی کورد دروست دەبوو بەتایبەتی ئەگەر مێژو ئامرازی حوکم بکەوێتە دەستیان و ببێتە ناوکۆ، هەروەك لەمەویەر لە حەفتاکاندا روی دا، بەلام ئەمڕۆ کارەکە وانییەو، لەدوویەرەوە، دیدەکان یەك دەگرنەوە، بۆیە مەترسییەکە هەر لەسەر لاوازکردنی دوژمنانی رژێم و بەرەی بەریەرەکانی چڕ دەبێو لەمەوە رژێم کەلك وەردەگرێو درێژە بە ژیانی دەدرێ...هەڕەشەکەش زیاتر پڕ لەمەترسیو چارەنوسساز دەبێ..کە دەبێ لەبەرامبەری، کورد خۆی بگرێو لە دژی بوەستێ و خۆی لێ سەرفراز بکات..

## سەرەنجام

هێزە سیاسییەکانی کورد لەمێژەوە بڕوایان بەبرایەتی کوردو عەرەب ..بەهاو خەباتی و یەکێتی تێکۆشان هەبووە، لەو نیو سەدەیەی رابردودا، زۆریان قوربانی داوەو لەڕادەبەدەر خۆیان بەو رێبازەوە بەستۆتەوە، ئەگەر دوێنێ لەناو بێ بەرهەمی و بێ ئەنجامیدا توانیبێتیان چاوەڕوانی بکەن، وا زیانەکە لەو سەردەمەدا خەتەرناك نەبووە..پەیوەندی بە هەڕەشە لەسەر چارەنوسی مەسەلەی گەلێکی پێنج ملیۆنییەوە نەبووە.. بەلام ئەمڕۆ کارەکە وانەماوەو روداوەکان وەکو جاران رەوت ناکەن، بەڵکو زیاتر لەپێنج ملیۆن کوردو دەیان هەزار لە کەمینە نەتەوەییەکانی دانیشتوی کوردستان لەبەردەم پرۆسەی لەناوبردندان...هەر لەبەردەم هەڕەشەو مەترسییەکەدا نین، لەناویدا دەژین و رۆژ لەدوای رۆژ بەهەموو شێوەو ئامرازێ نەخشەکە ئەنجام ئەدرێو پرۆسەکە لەبەردەوامیدایە...بۆیە ئەگەر دوێنێ لێی قبوڵ کرابێ هەر بە رەخنەو گلەیی باس کرابێ ..ئەوڕۆ دۆخەکە لەوەدا نەماوەو سنوری‌زەق و ئاشکرای بۆ کێشراوە..

ئەگەر رۆڵی گەورەو کارتێکەرو گۆڕێنەر نەبینرێ، وا چاو پۆشین و لێخۆشبوون و ئەمڕۆ نا بەسبەینێ لەئارادا نەماوە .. ئەگەر لەگەڵ گەلدان و بەرگری لێ دەکەن.. فەرموو با ئەو برایەتییە ..ئەوهاو خەباتییە، رۆڵێکی ئەوتۆ ببینێ، سەنگەرێکی بەرگریو پارێزەری‌وا دروست بکات کە بەرگری لە کورد بکات، تا ئەگەر باسی سەربەخۆییو جیابونەوەو لەت و پەتکردنی عێراق کرا..بتوانین بڵێین..ئەمانە لەسەر ناحەقن ، شەق لەبارودۆخی گونجاو هەڵئەدەن..دەستی درێژکراوی یارمەتی رەت دەکەنەوە..یارمەتیو دۆستایەتیو پاڵپشتیکردن و هاوکاری توردەدەن....کەسێ نییە ئەمڕۆ لەوە نەگات کە تەقەلای بەعێراقیکردن دادی کورد نادات.. هێزە عێراقییەکان نە توانای بەفریاکەوتنی کوردیان هەیەونەوەش لە بازنەی لواوو رەخسیندا بەکار دەهێنرێو بە فریا دەخرێ، وە نەخۆشیان لەناوواقیعەکەداو لەدوور واقیعەکە بەکاری دەهێنن، زیاتریش لەوە ئەوە هەڵوێست و مامەڵەیانەو ئەوە سەرحیسابی زیان و سەرەنجامی هەڵوێستیی پڕ لە ناحەزییە..وە هەرچۆن کورد لەنانەوەی شەڕەکە دەستی نەبووە، لەوەستاندنیشیدا هەر دەستی نییە، بەزۆری زۆرە ملێ بەسەریدا سەپێنراوە و بەناچاری ئەبێت بەرامبەری بووەستێو بەرگری لە مان و ژیانی خۆی بکات..هەر بەو جۆرەش، ئێستاکە بەرەو ئەو دوڕیانە راپێچ کراوە ..بەناچاری هەڵوێستەی کردووە، ئەبێ لەو دوو رێگەیەی ئەو دووڕیانە، یەکێکیان هەڵبژێرێ، وە سەبارەت بەوە کە بەتەنها لەناوکارەساتەکەدا دەژی و خەبات دەکات و قوربانی دەدات بۆیە حەقێکی سروشتیی خۆیەتی کە بێ گوێگرتن و هەڵوێستەو ئامۆژگاری کەس، بڕیاری سەربەستانەی خۆی بۆ چارەنوس و پاشەڕۆژی ژیانی خۆی بدات..زیاتریش لەوانە هەمووی، وەکو نەتەوەیەك، مافی خۆیەتی دروشمی مافی بڕیاردانی چارەنوس بەرز بکاتەوە..مافی خۆیەتی لەهەر شێوەیەکدا بەگونجاوی بزانێ بەکاری بهێنێ ..ئەگەر بیەوێ جیا ببێتەوە و سەربەخۆیی خۆی

هەڵبژێرێ .. بەتایبەتی لەناوئەو دۆخە سەخت و خەباتە خوێناویەدا بێ. لە حساباتی گریمانیشدا، ئەگەر رۆژێ لە رۆژان ئەو مافەی خۆی بەکارهێناو مەودای دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی بۆ رەخسا.. ئەم بەئامانج گەیشتنە نەك هەر زیانی بۆ نەتەوەی عەرەب و بۆ کەس نییە- مەبەست چینەبۆرژواو کۆنەپەرستەکان نییە- بەڵکو هەر راستەوخۆ قازانجی هەیەو دۆستێکی ئازاد دەبێتە هاوخەباتی... ئەگەر ئەمڕۆش کەس نەتوانێ، یا نەیەوێ، فریای کورد بکەوێو دەستی بگرێ، وا بۆشی نییە رێگەی لێ بگرێو ببێتە کۆسپ و ناحەز بەرامبەری.. خۆ ئەگەر هەر لایەك ئەمەی کرد، وا یەکسەر دەبێتە یارمەتیدەری دوژمنە سەرەکییەکەو بەرامبەر گەلی کورد دەبێتەوە...گەلی کورد لە کوردستانی خواروودا، بەدرێژایی نزیکەی حەفتا ساڵ لەناو خەبات و فیداکارییەکی سەختدا ..لەناو مەینەتیو دژواری شۆرش و خەباتدا دەژی، رێگە نەماوە تاقی نەکاتەوە..بگرە لەبێ هێزیو ساتەکانی نوچدان و نشوستیدا، بەرامبەر ناحەزو دوژمنان وەستاوە..داشکانی کردووە..دەست بەرداری زۆر مافی خۆی بووە، کاری زۆری بۆ برایەتیو هاوخەباتیو دۆستایەتی کردووە، زۆر خۆی بەبرا بچووك داناوە. بەڵام هیچیان بە فریای نەکەوتون، زۆر شتی لەدژی ئارەزوو خواستی خۆی کردووە..بەڵام ملی بۆ تواندنەوەو بۆ بەعەرەبکردن، بۆ بەبەعسی کردن دانەنەواندوە. دیارە دوای ئەو هەموو خەباتەو دەیان هەزار قوربانیو نیشتمان وێرانکردن و ئەم بارە سەختەی ئێستا، وە لە کۆتایی سەدەی بیستدا مل بۆ ئەوانە دانانەوێنێ..مل بۆ مشتێ لەعێراقی خوازەکان لەداواو داخوازی ئەو ناحەزانە کە راستەوخۆ لەخزمەت بەرەی بەعەرەبکردنەکەدایە، دانانەوێنێو لەدژیشی دەوەستێ، بەهەموو هێزییەوە ریسوای دەکات..چونکە ئەو داوایانە رێگەی مردن و لەناوچوون خستنە بەردەم گەلی کوردە،یارمەتیدانی راستەوخۆی دوژمنە..ئەوڕۆ ئەوەی بیەوێ ئەو دەوڵەتە کە کەوتۆتە کورد لەناو بردن، بمێنێ، وا راستەوخۆ دەیەوێ کورد لەناو ببرێو یەکسەر خۆی دەخاتە بەرەی دوژمنانی گەل..ئەوڕۆ ئەوەی ببێتە کۆسپی رێگەی رزگاری کورد، لەو کارەساتەو لەو لەناوبردنە، لەو تەعریب و تەبعیس کردنە ئیتر بەهەر بروبیانوویەکەوە بێ، وایەکسەر دەچێتە پاڵ بەرە رەگەز پەرست و فاشستەکە، بیەوێ یا نەیەوێ، لەناو بەرەی دژ بەگەلانی ئازادیخوازدا خۆی دەبینێتەوە...ئەوڕۆ کورد لەهەموو رۆژێ زیاتر پێویستی بەهاوخەباتیو هاوکاری براکانیتی.. ئەوڕۆ لەهەموو رۆژێ زیاتر پێویستی بەدەست گرتنە... بەیارمەتییە.. ئیتر ئەگەر لەناو کارەسات و شەڕی مان و نەماندا براکانی، بەگەورە و بچوکەوە، فریای نەکەون. ئیتر هاوخەبات و برایەتی بۆ کەی هەڵدەگرن! ئەوەی لەجەنگی تەعریب و تەبعیسدا، لەجەنگی دژ بەدڕندەترین دوژمنی مرۆڤدا، لەم شەڕە رەوایەدا، کورد بەتەنها بەجێ بهێڵێ ..یان راستتر بیەوێ هەروا بەتەنها لەمەیدانی خەباتدا لەو ململانێیە سەختەدا بمێنێتەوە،وا بەزارو دەست و کارو کردەوە، دەوری شۆرشگێرانی ناو بەریەرەکانی چەکدارانە کەم دەکاتەوە، بەرەی گەل لاواز دەکات و راستەوخۆ خزمەتی رژێمی بەعس دەکات و دەیەوێ نەخشەی بەعەرەبکردنەکە سەرکەوێ و گەلی کورد لەناو ببرێ...

وێرای ئەوانە هەموو، مل دانەواندن بۆ هەریەکێ لەو ڕێبازانە و ئەو سەرەنجامەی دوچاری گەلی کورد دەبێ، هەرچۆن لەدژی بەرژەوەندیی نەتەوەی کوردە، هەر بەو جۆرەش لەدژی بەرژەوەندیی گەلانی ئازادیخوازو بەرەی دژ بەکۆنەپەرستیو ئیمپریالیزمە ..بەتایبەتی هەروەك لە ڕێڕەوێ باسەکەدا دەرکەوت. سەرچاوەی ئەم بەعێراقیکردنە ئیمپریالیزمی بەریتانیا بووەو لەم سەرچاوەیەوە ڕێبازەکانی تر هەڵقولاون و گەشەیان پێ کراوە. بەدرێژایی مێژوی ئەم دەوڵەتەو ململانێ دووروودرێژەکە، ئەو نەخشەیە هەر لەخزمەت بۆرژوای عەرەب و چینەکۆنەپەرستەکەیو لە خزمەت بۆرژواو کۆمپرادۆری عێراقی وابەستە بە ئیمپریالیزمەوە بووە...ڕاستەوخۆ لەدژی نەتەوەی کورد..لەدژی چینەچەوساوەکانی ..لەدژی جولانەوەی مێژوو بووە.

کورت و پوخت، ئەم دەوڵەتی عێراقە ئینگلیز کردە..چۆن ناتاسایيو ناسروشتیو بەناڕەسەنی دروست کرا..هەر بەو جۆرەش مایەوەو دەمێنێتەوە...چۆن بە پێچەوانەی ئارەزوو خواست و ویستی گەلی کوردەوە دامەزرێنراو بەزۆر پێوەی بەستراوە..هەر بەو جۆرەش ماوەو گۆڕانێك نەهێنراوەتە ئاراوە..چۆن بەزەبری هێزو ـــی ئاگر و چەك و تفاقی ئیمپریالیزم ژیاوە و ماوەو نەخشەی بەردەوامیی بۆ دانراوە ..دیسان لەهەمان بارودۆخ و پرۆسەدا دەژی...چۆن لەسەر حسابی کورد کارەکە ئەنجام دراو لەناو چەوساندنەوەو داگیرکردنی کوردو نەهامەتی جەماوەر و کاولکردنی کوردستان، ئەو قەوارەیە دروست کراو پارێزرا، دیسان دوای ئەوەو ئێستاکەش توندو تیژو دڕندانەتر لەجاران لەناو مەینەتی وکارەساتی خوێناوی ڕۆژانەدا و بەنوێترین و کوشندەترین چەکی زلهێزەکان پایەگاکانی ڕاوەستێنراوە...کەوابوو هەڵوەشان و ئاسایی کردنەوەی ناوچەکە بەگێڕانەوەی حەق بۆ خاوەنەکانی، ئەرزی نیشتمانی بۆ ڕۆڵەکانی، ئەوە نەك هەر حاڵەتی سەیرو ناسروشتی نییە، بەڵکو هەر لەگەڵ خواستی گەلانی ناوچەکەو بەرژەوەندیی ئاشتیو ئارامیدا دەگونجێ. بە تایبەتی ئەگەر گەلێکی زیاتر پێنج ملیۆنی نەتوانێ وەکو مرۆڤ بەدڵنیایی لەناو نیشتمانی خۆیدا بژی، ئەو قەوارەیەش، ڕژێمی پارێزەری ئەو قەوارەیە پاسەوانی ئەو دەوڵەتە بوبێ، بوبێ بەگەورەترین مەترسیو هەڕەشە..وا بۆ کورد ڕەواو بەجێیە کە پێی خۆش بێ ئەو قەوارەیەو پاسەوانەکەی لەناو بچێ، تا سەرفرازو ڕزگاربێو لەمەترسی لەناوچون قوتاری بێ..ئەگەر ژیانی ئاساییو هاوڵاتی وەك ئەوانی ترو هاونیشتمانی وەکو هەموو هاونیشتمانییەکی تری پێ ڕەوا نەبینرێ..وا زۆر لەبارو لەجێگەی خۆشیدایە کە پارچەکردنی وڵاتی ئەو ڕژێمەو ..ئەو دەوڵەتەی پێ باش بێ ..ئیترکێ چالاك و بەزەبرو بەدەستە، باخۆی بسەپێنێ و خۆی ڕزگار بکات ..هەروەك چۆن لەسەرەتادا بۆ ڕوخاندن چاك بووە، هەروەك چۆن پێش دروستکردنی پاشایەتییەکەو هاتنی فەیسەڵ، حەقی ژیانی نەبووەو دروستکردنی لەبەرژەوەندیی ئیمپریالیزم بووە، هەر بەو جۆرە قەوارەیەکی ئیمپریالیزم کردە..هەر بۆنەمان و ڕوخاندن چاکە چونکە ئەوساو ئێستاکەش هەر لەبەرژەوەندیی ئیمپریالیزمە..دوێنێ لەدژی بەرژەوەندیی جەماوەری گەل بووە، ئەمڕۆ ئاشکراو ڕوون و دڕندانە کۆمەڵکوژی دەکات.. دوێنێ تاقمێکی نۆکەری ئینگلیز بێ شاردنەوەو بێ پەردە، بەو

روخسارەیانەوە حوکمیان دەکرد..ئەمڕۆ تاقمێکی فاشیستی ئەوتۆ حوکم دەکات کە مێژوو هاوێنەی فەرز نەکردووە..

گەلی کورد تینوی ژیانی ئازادییە..نەك ویرانیو خوێن ڕشتن و جەنگ..شەیدای خۆش گوزەرانی ناو مەڵبەندەکەی خۆیەتی بەلام بەرزگاریو سەربەخۆیی..هەرچەندە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەست بەرداری ئەو ژیانە ئازادەو ئەو سەربەخۆییەو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتی خۆی نەبوەو نابێت، ئەبەزانە خەباتی بۆ کردوەو دەکات و سەرسەختانە لەم مەیدانەدا دەوەستێو ئەبەزانەدەجەنگێ ..بەلام دیسان ئەگەر ئەو ژیانەی خۆی گەرەکێتی ..ئەو سەربەستییەی خەباتی لەپێناودا دەکات، بەدەست بهێنێو ژیانی دیموکراتی وبەختیاری بۆ مسۆگەر بکرێ ..هەڕەشەی لەسەر نەمێنێو کەرامەتی نەتەوایەتی پارێزراو بێو کرداری داگیرکردن و کارەساتەکانی ئەمڕۆی لەسەر شان لابرێ، وا لەهەمو گەلێ زیاتر شەیدای رەخساندنی ئەو هەلومەرجانەو ئەو ژیانەیە.

ئەرکی سەرشانی هەموو دڵسۆزو شۆڕشگێرو پێشکەوتنخوازێکیش یارمەتیدانی تێکۆشەرانی کوردە تا خۆی لەکارەساتەکانی جەنگ و نەهامەتییەکانی دەستی ڕژێمە خوێن ڕێژەکە رزگار بکات،تا لەناو توانای خۆیدا کاری نیشتمانیو شۆڕشگێرانەو بەهێزکردنی بەرەی چەکدارانەی کورد ئەنجام بدات، خەباتە رەواو پیرۆزەکەی رووەو سەرکەوتن و سەرفرازی درێژە پێ بدات..تا بگاتە حاڵەتی تێکوپێکشکاندنی نەخشەی بەعەرەب و بەبەعسی کردن...

لەبەردەم ئەو دوریانەو لەناو کارەسات و ئەو وەرچەرخانە ترسناکەشیدا ..دادگای گەل ومێژوو، لە کەم تەرخەم و هەست بەئەرکی سەرشان نەکردن نەك هەر خۆش نابێ بەلکو سزای رەوای خۆی بەسەریاندا دەدات..

## تێبینییەکان

١- تأريخ العراق السياسي الحديث، ص٧٦ .

٢- العراق الجمهوري، ص٢٣٤و٢٣٥ .

٣- تأريخ العراق السيسي الحديث، ص٩و١١ .

٤- بۆ سەرنجدان لەو دیاردانە، سەیری (الطبقة العاملة العراقية) بکە.

٥- القضية الكردية في العراق، ص٧٢و٧٣ .

٦- هەیە دەڵێ (١٠٠) فڕۆکەی جۆراوجۆر بوە.

٧- بۆ زیاتر شارەزایی لە مێژوی ئەو سەردەمەو رووداوەکانی، سەیری (الطبقة العاملة العراقية) بکە.

٨- العراق الجمهوري، ص٢٣٤و٢٣٥ .

• ئەم بەشی یەکەمە لە ساڵی ١٩٨٧دا لە سوید بڵاوکرایەوە، بێ ئەوەی بگاتە کوردستان، چاپکردنەکە بەهەڵەی زۆرو تایپێکی ناشرین بو.

ئەمە پاکژکراوی ئەو دەقەیە بە کەمێ دەستکارییەوە.

# بەشی دووەم

# کورد و ململانێ

# و

# ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە

# پێشباس ...

وەکو یەکێك لەئەنجامەکانی یەکەم جەنگی جیهان ردابەشکردنی کۆلۆنیو زەویو موڵکی دەوڵەتە ژێرکەوتووەکان ـــ بەدەوڵەتی عوسمانیشەوە ـــ وە بۆ جێگیرکردنی دەسەلاتی ئیمپریالیزمی بەریتانیا لە رۆژهەلاتی نزیکدا، بەداگیرکردن و بەستنەوەی کوردستانی باشور بە میسۆپۆتامیاوە، دەوڵەتی عێراق دامەزرێنرا، وە بۆ زیاتر دڵنیایی‌و پاراستنی دەستکەوتی ئینگلیزەکان و سەپاندنی چینی داتاشراوو فەرمانڕەواو نۆکەریان لەم وڵاتە تازە دروست کراوەو لە ناوچەکەدا، هەوڵی شێواندنی مەسەلەی کوردو ئامانجەکانی کەوتەکار،تەقەلای بەعێراقیکردن دەستی پێکرد....وە وەکو لە"رەگ و ریشەی مێژووی تەقەلای بە عێراقیکردنی کوردو مەسەلەی کوردستان"دا رونکرایەوە، هەموو رێبازە جۆراوجۆرەکانی ئەو بەعێراقیکردنەی کورد نەیانتوانی کورد لەناو چوارچێوەی ئەم دەوڵەتەو نەتەوەیەکی عێراقیدا بتوێننەوە و دەوڵەتێکی یەکگرتووی سەقامگیر بەدی بهێنن،نەیانتوانی ژیانی ئاسایی و هاوولاتی‌و خاوەن مافی وەك یەك بۆ گەل و کەمینەکانی سنوری جوگرافیای دەوڵەتەکە مسۆگەر بکەن، هیچ رێبازێکیان نەیتوانی ئەوەی گەرەکێتی بەدەستی بهێنێ.. ئەوە نەبێ کە بەهەمووان کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کوردیان شێواو و ئالۆزتر کرد تا لەسەرەنجامدا رێگە بۆ نەتەوە پەرستە لاتنگیرەکانی عەرەب وا خۆشکرا کە بەناوی نەخشەو " ستراتیجی ئەمنی قەومی عەرەب" بێتە پێشەوەو بکەوێتە ئەنجامدانی نەخشە داگیرکەرانەکەی‌و هەنگاوی ترسناکتریش لەو مەیدانەدا هەڵبنێ...

بەرامبەر بەو مەترسییە نوێیە ، گەلی کورد بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکداریی وەلامی ئەو داگیرکەرەی دایەوە، تا لەناو جەنگێکی نابەرابەرو سەختدا لەدژی نەخشەی تواندنەوە بووەستێ‌و درێژە بەململانێ‌و جەنگی بەرگریکردن لەخۆ بدات. وە سەبارەت بەوە کە زۆرانبازییەکەی ئەمڕۆ بۆتە هەڕەشەیەکی راستەوخۆ بۆ سەر گەلی کوردو سەدان هەزار کەمینەی نەتەوایەتی تورکمان و ئاسووری‌و ئەرمەن.بە تایبەتی بەشێکی زۆر لە نەخشەی بەعەرەبکردنی کوردستان و تەهجیرو تەبعیس ئەنجام دراوە یا لەگەڵ ئەنجام دانی خەریکە، ئەگەر تا دوێنێ بە نوێترین چەکی لەناوبردن و وێرانکردن، بەفرۆکەو تانك و ناپالم، بەسڕینەوەی شوێنەواری هەزاران دێ‌و چەندین شار نەگەیشتبێتە مەبەست، وا لە نیسانی ساڵی ١٩٨٧ەوەبەچەکی کیمیاوی‌و ژەهری هەمە چەشنەی کۆمەڵکوژ بەربۆتە گیانی ئەم گەلە بێ پشت و پەناو نەبەزە...بۆیە ئەم نەتەوەیە پێویستی بەخەبات و نەخشەیەکی گونجاوو رەسیوی پاراستنی قەوارەی نەتەوایەتی خۆی‌و ئارامییە لەکوردستاندا، تا لەسەر رێبازی کۆکردنەوەو سازدان و ئاراستەکردنی جەماوەری بەرینی کوردستان، نەخشەی دوژمن تیکوپێك بشکێنرێ‌و گەلی کورد ئازاد بکرێ.. لەناو ئەم کورتە باسەدا هەوڵ ئەدەین چەند تیشکێ ئاراستەی ئەو ستراتیجەو لایەن و بایەخ و رۆڵی بکەین.*

ئەم لێکۆڵینەوەیە پاکژو پوختکراوی ئەو دەقەیە کە لە ساڵی ١٩٨٨دا لەژێر هەمان سەرباسدا بە نامیلکەیەك بڵاوکرایەوە، کە گەلێ هەڵەو تێکەڵیی تێکەوتبو، لەم چاپەدا پاکژو کەمێ دەستکاریش کراوەو چەند ئامارێ‌ی تریشی خراوەتە سەر.

## - ١ -

# ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە
# ماناو مەبەست ..
# زەمینەو بنەما...

هەر لەسەرەتای ژیانی کۆمەڵایەتیو شارستانێتی کۆمەڵگەو گەلانی سەر ئەم ئەستێرەیە، خۆرێکخستن و هێزسازو خورت و ئامادەکردن بەمەبەستی پاراستنی خۆو دەوڵەت ، یان بۆ هێرش و پەلامار بۆ سەر سەرچاوەی هەرەشە یان خۆلادان و خۆدزینەوە لەبەرەنگاربون و پێکادان لەگەڵ لای بەهێز، یان بۆ داگیرکردن و سنور فراوانکردن مەسەلەی مان و ژیان و بەردەوامیی دەسەلات و مانەوەی کۆمەڵ بووە، هێز سەرچاوەی خۆسەپاندن و نیاز و مەبەست بەدەست هێنان بووە، ئینجا لەناو مسۆگەرکردنی ئاسایش و ئارامی و قەوارەی دەوڵەتدا، یاساو سیستیمی ژیان رێکخستن و شێوازی پەیوەندی نێوان خەڵك و جۆری سەقامگیرکردنی دەسەلاتی کاربەدەست و بەڕێوەبردنی ناوچەی قەڵەمڕەو دانراوە. بەڕادەی گەشەکردن و گۆڕانەکانی ناو رەوتی بەرەو پێش چوونی ژیان و پەرەسەندنی لایەنیئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسی و فیکری و ئاستی خەملیوتر بونی پەیوەندیی نێوان گەلان و دەوڵەتەکانیان، دیپلۆماسیەت و مامەڵەی سیاسی گەشەیکردووە و رۆڵی خۆی لەپاراستنی دۆخی سیاسیو ئارام و ئاسایشی دەوڵەتدا بینیوە.

لەم سەردەمانەی دواییشدا، پێبەپێی گۆڕان و گەشەکردنە مەزن و پێشکەوتنە ئابوریو کۆمەلایەتیو سیاسییەکانی گەلان ، لەبەردەم باری سیاسی نێودەوڵەتان و زۆرانبازی لەسەر بەرژەوەند و سنوری دەسەلات و داگیرکردن، ئینجا دابەشبونی جیهان بۆ دوو بەرەو دوو بلۆکی سەرەکی ، بالاکردنی خەباتی ئازادیخوازانە لەدژی بن دەستیو چەوساندنەوە، پرگریو گۆلی مامەڵەی سیاسیو رەفتاری پڕ لە پێچ و پەنای دیپلۆماسی، هەولی پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت و ئارامی نەتەوە کەوتنە ناو دەق و فۆرمەلەی جۆربەجۆرو تێگەیشتەی جیا جیاوە، لە دواییشدا زۆر مەسەلە دەقی یاسایی نێو دەوڵەتانی بۆ دارێژرا ، بۆ زۆر لایەن سنوری دیارو ئاشکرا، بۆ هەندێکی تر ئالۆز یا بێ باس کردن و خۆلەقەرەدان هێلرانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا شان بەشانی ئالۆزییەکان و قولّ بونی ناکۆکیو ململانێ، سیمای ژیانی ئەم سەردەمەی رەنگ کردووەتا ئەو ئاستە کە هەر دەولەت و کۆمەڵە دەوڵەتە کەوتونەتە مشوری پاراستنی خۆیان و دانانی ستراتیجی ئاسایش و بەردەوامیی ژیان، بەناوی جۆربەجۆری وەك: ئاسایشی نیشتمان، نەتەوە، دەوڵەت، ناوچە، هەرێم، ئاسایشی بەکۆمەڵ وە ئاسایشی ئەم بلۆك وئەو بلۆك و هی جیهان.

ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە، بەواتا گشتیو فۆرمەلە ئاشکراکەی، مانای پارێزگاریکردنی قەوارەی نەتەوایەتیو دەوڵەتەکەیەتی، دلنیاییە لەسەر ژیانی کۆمەڵو بەردەوامیی ئارام و ئاسایش و پێکهاتەی دانیشتوان و بەرژەوەندییەکانی، وەستانە بەرامبەر هەڕەشەی دەورووبەرو هێرشی داگیرکەران و چاوتێبڕینی تەماحکاران و کۆبەنگ و ئاژاوەی ناوخۆ، بۆ بەدیهێنانی حاڵەتی سەقامگیری ژیانی سەربەخۆو خۆپاراستن لە هەڕەشەکانی بەردەم ، بۆ رەواندنەوەی باری کرژی نائاسایی سنورو کۆسپی گەشەکردن و گوزەرانی ئاسایی خەڵك.

گرنگ لە دانانی ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە هەر ئەوە نییە ئەندازیارو دارێژەرانی نەخشەکە بەقوڵی و بەوردی ولێکۆڵراوەیی، گشت لایەن و ڕەگەزو لق و پۆپ و هەلومەرج و پەیوەندییەکان پێکەوەو بەجیاجیا والاو یەکالا بکەنەوە، دیدو تێگەیشتەی ڕون و بێ پێچ و پەنا بخەنە سەر کاغەز، وەك نەخشەی تیۆرییەکی کامڵ بخرێتە بەردەم جێبەجێکەرو هەڵسوڕێنەرانی، بەڵکو گرنگ و هەستیارتر لەوانە، تێگەیشتنی ناوەڕۆك و مەبەست و جۆری پیادەکردنی ئەڵقەو بەشەکانی نەخشەی واقیعی پراکتیك و هۆی ڕوداوەکانە، تێگەیشتنیان و سازاندنیانە لەگەڵ باری سیاسی و جیۆستراتیجی و ئەڵقەی پەیوەندییەکانی دەوڵەت وە مەزەنەی دیاردەی چاوەڕوان کراوو ڕادەی کارتێکردنی لەسەر ڕەوتی بەرەو پێش چوون و پەیوەندییە هەرێمیو جیهانییەکانە، بە جۆرێ کەبەشەکانی ستراتیجەکەو هەنگاوە چاوەڕوان کراوەکان بخرێنە شوێن و خانەی خۆیانەوە لەوێنەگیریی تابلۆی سەرجەمیی و نەخشەی هەرێمەکەو جیهاندا، سەر حیسابی گێژاوو مامەڵەی نهێنیو ئاشکراکان بکرێن و لەگەڵ ڕێبازی جولانەوەی کۆمەڵ و توانستی بزوتنەوەی نیشتمانیو بەرژەوەندو دەستکەوتی جەماوەرو بەرەو پێشەوەچوون بگونجێنرێن و بسازێنرێن، بزانرێ تا چ ئاستێ لەگەڵ توانای ڕووەو ئامانج بەدەست هاوردن کار لەیەك دەکەن و لەتەك مسۆگەرکردنی نەخشەی ئاسایشی نەتەوەو پاراستنی قەوارەو ڕوخساری تایبەتێتیو کەسایەتی نەتەوە خۆی، کاریان لەسەر دەکرێ. گەیشتنە ئەو ئاستی مەبەستەش مانای دەست پێکردنی هەنگاوەکانی سەرەتای ڕێگەی بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیجییەکەی نەتەوەیە، مانای گەیشتنە مەڵبەندی ئازادە لەبڕیاردانی سەربەستانە بۆ چارەنوسی خۆیو پاشەڕۆژی ژیان و سیستمی کۆمەلایەتی.. بێ ئەوەی بەزۆری هێزو بەناوی بەرژەوەندیی بێ بناغەو دروشمی هەڵخەڵەتێنەر، خواستی دژ بە ئارەزووەکانی گەل بسەپێنرێو کاری ناڕەوا بکرێ.

ئەم زانستە وەك تیۆریو زانستی پابەند بە ئەزمون و موختەبەر نییە کە بەپراکتیك چاوێنی بکرێو بیروبۆچون لە ژێر ڕکێفی تاقیکردنەوەو سەلماندنی کۆنکرێتیدا بێ.. لەسەر بنکەی ئاشکراو مەودای سنوردارو تێگەیشتەی تەرازوکراوا نییە تا ڕاستیو ناڕاستی سەرەنجام دەربخرێ، ئیتر بەیەکێ لەهەستەکانی لەش دەرکی پێبکرێ، بەڵکو بەستراوەو هاوپەیوەندو هاوکارە لەگەڵ کۆمەڵێ زانستیتر. قووڵ تێگەیشتن و زانین و دەرك کردن بە پەیوەندی دیالیکتیکیانەی هەریەکەیان بەگشتی و لەگەڵ یەکتریو ئینجا لەگەڵ بارو ئاستی پەرەسەندنی کۆمەلایەتیو ئایدیۆلۆجیو ڕۆشنبیریو سیاسی و ئابوری..دەبنە دەستەبەری پیادەکردنی پراکتیکانەی نەخشەی ستراتیجەکە، بەپێی بارودۆخ و زەمین و زەمانی دیارو بێ سنور، بەرەچاوکردنی باری جیۆپۆلیتیکی وڵات، پیلان و نەخشەو ستراتیجی دوژمن و خاڵی بەهێزو لاوازی، مەزەنەی ڕوداوە پێشبین کراوەکان و جۆری هاوسەنگ و لاسەنگی ئەرازووی هێزو مەودای جولەو کاری دیپلۆماسیانەو ڕادەی گونجاوییان لەگەڵ بارو پەیوەندی نێودەوڵەتاندا،بەبەرچاوگرتنی ناکۆکیو ململانێی دەوڵەت و هێزەکانی ناوچەکەو بە تێگەیشتنی سایکۆلۆجی کۆمەڵو ڕادەی کەڵك وەرگرتن لە بۆشاییەکانی بەرامبەرو هی ناوچەکان و جیهان.

مامەڵەکردن لەگەڵ بەش و ئەڵقە یەکگرتووەکانی زنجیرەی نەخشەی ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە، لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر، لە نەتەوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر، دەگۆڕدری، هەر لایەو هەر جێگەیە بارودۆخی خۆیی‌و بابەتی و هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیە کە بەگشتی ڕێنمایی ڕێبازی تایبەتی‌و گونجاو لەگەلی کەرەکتارە تایبەتیەکاندا دەکات..زۆر جار ئەوەی بۆ گەل یا وڵاتێ شیاوو گونجاوە.. ئەوەی بۆ دەوڵەتێ لەبارو کۆکە، بۆ یەکێکی تر نەشیاوو نالەبارە، بگرە جاری وا هەیە هەر تەواو پێچەوانەیەتی‌و ئەگەر بەهەمان جۆر مامەڵە بکرێ، وا زیانی زۆر گەورەی لێ دەوەشێتەوە و گرێو گوڵیتر دەخاتەوە، یا هەر دەبێتە هۆی تێکشکان.

یەکالاکردنەوەی لاو بەش و ئەڵقەکانی نەخشەی ستراتیجی ئەو ئاسایشە بەو جۆرە، مانای ئەوە نییە کە "جامی جەم نما" ئاسایی، هەموو ڕوداوو مەزەنەی پێشبینییەکان ، بەنەشاراوەو نهێنییەکانیەوە، لەسەر یەك تابلۆی ڕەنگاورەنگ نەخش بکرێن ، ئیتر هاوپەیوەند، بە ئارەزوی خۆی ببێتە تاکە سواری مەیدانەکەو ڕمبازێنی تێدا بکات، یا هەروەك شەترەنجی میقات کراو بە کۆمپیوتەر ، یاری دەست پێ بکات و کۆتایی بێت. نەخێر ئەوانە هەمووی ڕاو دیدو بۆچون و پێشبینی‌و شیکردنەوەن، ڕێنمان بۆ سەرنج دان و بۆ دەست پێکردنی کارەکە، ئاسۆی بیری چوونە ناو ڕوداوەکانە لێکدانەوە فراوان و ڕۆشن دەکات.

پرنسیپەکانی نەخشەی ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەو دەوڵەتەکەی‌و پیادەکردنی، لەسەر پایەو بنەمای بیری سەربازیی، خورتی هێزو پێویستیی داپۆشینی لایەنی ئابوری‌و بژێو، کەرەسەی ژیان،پیشەسازی، بیرو بۆچونی سیاسی‌و دیپلۆماسیەتی ژیرانە، بەلەخۆو لەدەوروپشت و ڕوداوەکان گەیشتن، دادەمەزرێ. خۆبەستنەوەش بەو پرنسیپانەوە مانای لاخستنی دەستپێشخەری‌و کاری جەربەزانەی ناو هەلی هەلکەوتوو لەبارودۆخی گونجاو و ڕوداوی کت و پڕ خولقاودا نییە،خۆبەستنەوە نییە بەدەقی داڕێژراوو ئامادەکراوەوە کە کاری خولقێنەرو وزەی داهێنەرو بەهرەو سەلیقەی ڕەسیو بمرێنێ‌و لەناو هەلی لەبارو هەلکەوتودا دەستەوسان سەیری گوزەر کردنی ڕوداوەکان بکرێ،وە لەناو دەقی ئامادەکراودا چاوەڕوانی سیحرو ئەفسانە بێ تا ئەوەی خەیاڵی لێ دەکرێتەوەو بەباش دەزانرێ بە سازاوی‌و ئامادەکراوی بێنە بەردەست..

یەکێك لە ئەرکە گرنگ و هەستیارەکانی ناو بارودۆخی خۆیی‌و بابەتیی سەر ڕێبازی پیادەکردنی بەشەکانی نەخشەی ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە، هەڵهێنجان و دۆزینەوەی خاڵی لاوازی بازنەکانی ناکۆکی‌و ململانێی لایەنە هاوپەیوەندەکانە بە ناوچەی پێکدادان و ڕوداو وگۆڕانە کارتێکەرو ڕۆڵبینەرەکان، ڕۆڵ‌و کارو ڕادەی جوڵان و کارتێکردنی هێزەکانی ناوچەکەو زلهێزەکانە، جۆری پەیوەندی‌و ڕادەی نزیکییان و سەنگ و هۆو مەوداو ماوەی لاسەنگ کردن و توانستی دروستکردن و جوڵاندنی ناکۆکی‌و زۆرانبازی و بەرچاوخستنی کەلێن و بۆشاییە لە هەرێم و

ناوچەکەدا .. دەست نیشان و پۆلێن کردنی هێزی دژو ناحەزو بێلایەنە، ئاماژەکردنە بۆ: کامیان زیاتر زیانی لێدەوەشێتەوەو دەبێتە هەڕەشە و ناکۆکی سەرەکیو دوژمنی راستەوخۆ..چۆن و کەی و بۆچی خۆلەلایەك یان چەند لایەك لابداو بەگژ ئەوی تردا بچێ، ئەوە لەبەر چاو بێت کە رێگەی پاشەکشەو خۆلادان یان داشکان و سازش و سازشکاریی رەواو ، مامەڵەو گفتوگۆ.. لەخزمەت بەرەو پێش چوون یا هەڵخستنی کەشی پێشکەوتندا بێ، بۆ خۆ لەشکستی لادان و هەڵسانەوەو دەست پێشکەرێو بەردەوامیی خەبات بێت، بۆ هەل لەکیس نەدان و هەڵبژاردنی کات و ساتی لەبارو بۆ خزمەتی نەخشەو ستراتیجەکە بێ.

ئاسایشی نەتەوە لە دارشتەو مانا نوێ و سەردەمەکەیدا مانای ئاسایشی دەوڵەتی نەتەوەی حوکمڕانە، بێگومانیشە کە پاراستنی سنوورو قەوارەی دەوڵەت، ئاسایشی نەتەوەکەش مسۆگەر دەکات و دڵنیایی و ئارامی ژیانی ئاسایی لێ بەئەنجام دێت، لەرێڕەوی پەرەسەندنی ماناو مەبەستی ئاسایشی نەتەوە، بەپێی دروست و رەوایی پرنسیپەکانی ئەو نەخشەیە و لەبەر تیشکی بونی هەڕەشەو چاوتێبڕین و تێندینسی کۆلۆنی کردن و داگیرکردنی وڵات و گەلانی تر ، دوومەبەست و دوو رێبازو دوو دیدو بۆچونی تەواو لەیەك جیا لەناو تێگەیشتەی ئاسایشی نەتەوەدا دەرکەوتن، کە دەتوانین، بەرەواو ناڕەوا، دروست و نادروست ناویان بەرین، بەو پێیەش، مەبەست لە سنوورو مەوداو ماناو ئامانجی ئەو ستراتیجە لەدوو لایەنەکەیدا جیاوازە،لایەکیان: ستراتیجی پاراستنی دەستکەوت و درێژەدان بە داگیرکردن و نەخشەی دەست درێژیو بن دەست کردنی گەلانی ترە بۆ چەوساندنەوەو مژینی خوێن و سامانیان، ئەقەلای خاوەن هێزە بۆ دەست درێژیو زۆرداریی، بۆ توانەوەو هەڵوشینی نەتەوەو کەمایەتییە بێ پشت و پەناکان. لای دووەم: هەوڵوکۆششە بۆ ژیان و خۆپاراستن و سەربەخۆیی، لەدژی داگیرکردن و چەوساندنەوەیە، بۆ ئاسایشی راستەقینەی نەتەوەو پاراستنی قەوارەکەیەتی، کە لەو بەربەرەکانێو ململانێی دژ بە داگیرکەرە زۆردارەدا، لای خاوەن ماف دەتوانێ بە ستراتیجیکی لەو بابەتانە خۆی بپارێزێو نەخشەی دوژمن پوچەڵ بکات.لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا لای سێیەم و رێبازێکی تر لە ئارادایە کە خۆی بەبێ لایەن دادەنێو کەم و زۆر خۆ ناگلێنێتە روداوە هەرێمیو جیهانیەکانەوە ئەگەر بونی ناکۆکیو ململانێیان لێوە بێت، لە راستیدا ئەمیش، لەسەرئەنجامدا بەهۆی باری کرژی جیهان و تەنگ پێ هەڵچنین و هەڕەشەوە خۆی دەخات بەلایەکدا.

لەم سەردەمەدا نەتەوەی خاوەن دەوڵەت لەناو ئامرازو هەلومەرجەکانی دارشتن و بەکارخستن و پیادەکردنی بەشەکانی نەخشەی ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە کە راستەوخۆ و بەتوندی بە ژیان و ئاسایش و ئارامی دەوڵەتەوە بەستراوەتەوە، لەچەند رێگەیەکی سەرەکییەوە سود لە خسڵەت و کەرەکتارو پێرسونالی قەوارەکەی وەردەگرێو دەیانکاتە بنەمای بەهێز بۆ رەخساندنی ئەم زەمینە پتەوو رەسیوەی کە سەربەستیی جوڵەو مامەڵەو شێوەی رەفتار لەگەڵ ئەڵقەکانی نەخشەکەو جۆری بەکارخستنیان دەرەخسێنێ، یا ئاسان و ، بەرواڵەت، رەوای

دەکات..لەوانە: قەوارەی دەوڵەتەکەیە کە هێزێکی سەربازیو ئابوری ،وە پێرسونالیەکی سیاسیو یاساییە، ئەوەش رونە کە هەر لەسەردەمی پەیدابونی ململانیٚ و شەرو پێکدادانەوە تا ئێستا، لەبەر ئەوەی هیٚز رۆڵی یەکەم و سەرەکی وازی کردووە، هەردەم خاوەن هیٚز بەحەق و ناحەق، لەسەرەوە بووەو خواست و مەرجەکانی خۆی سەپاندووە ، بە پێچەوانەشەوە بیٚهێزو لاواز هەمیشە بەش خوراو و ماف زەوت کراو بووە، چونکە هیٚزی سەربازیی رێکخراوو پرچەك و یەکگرتوی دەوڵەت هەمیشە ڕۆلی کاریگەرتری وازی کردووە، قالبی یاساییو نێودەوڵەتیی دەستەبەری خولقێنەری هەلومەرجی دروست و هاوپەیمانی ناوچەییو هەرێمییە بۆی، جێگەی متمانەو باوەڕی مامەڵەی دیپلۆماسیو بازرگانی و پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکانە.. سنوری سیاسی - جوگرافی هەر دەوڵەتە کەسایەتی یاساییدانپیانراوە، یارمەتیو دڵنیایی ئاسایشی بۆ هەڵدەخات و بە ئاسانی پەلامارو هێرش و داگیرکردنی بەسەردا ناسەپێنریٚ، کەم و زۆر دەنگی رێکخراوە جیهانیو دەوڵەتیو هەرێمییەکان بە فریای دەکەون، بە گشتی سنوری سەربەخۆیی رێزیان لیٚ دەگیریٚو بەرژەوەندییەکانی پارێزراون، هەرچەندە زلهێزەکان ڕۆلی یەکجار گەورەو وەرچەرخێنەر دەبینن، زۆر روداوو دیاردەی چاوێنی و شارراوە ئاراستە دەکەن، زۆر مەسەلەو کێشەی ناوچەو هەرێم و گرفت و کێشەی زۆر گەل و نەتەوەیان ئەوقی "ستراتیجی ئەمنی قەومی" و ئەو ئاشتییەی خۆیان مەبەستیانە کردووە، زۆر ناکۆکی و زۆرانبازیو جەنگی ناوچەییان کردووە بە بەشێك لە ستراتیجەکەیان .. لەگەڵ ئەوانەشدا دەوڵەتی نەتەوایەتی، بایەخ و سەنگی تایبەتی خۆی پاراستووەو لەهەموو باروٚدۆخێکدا پارێزەری قەوارەی نەتەوەی جڵەوی سیاسی بەدەستەو لغاوی مامەڵەی سیاسیو دیپلۆماسی لەدەستدایەو تا رادەیەکی زۆر دەتوانیٚ مناوەرەو یاری بکات..

بەلام نەتەوەی بیٚ دەوڵەت، لەو فاکتەرو یارمەتیدەرانە بیٚ بەشە، زیاتریش لەوە، زۆر جار بە پێچەوانەشەوە دەبنە هۆی گوشار بۆ سەر نەتەوەو گەلانی بن دەست و یارمەتیدەر بۆ دەوڵەتیدەست درێژیکەر. وێرای ئەوانە، دیاردەی تری خراپ قوت دەکاتەوە لەوانە گیرۆدەکردنی مەسەلەو مافی نەتەوایەتیو نیشتمانیی لەناو سنوری سیاسی دەوڵەتەکەدا، ئەوەش هەلومەرجی لەبار بۆ چەوساندنەوەو دەنگ کپکردن دەهێنێتە ئاراوە. زیاتر لەوەش بیٚدەنگی رای گشتی جیهان و رێکخراوەکان ئەو نارەواییانە دەخەنە قالبی ردواو یاساییەوە، رەفتاری دەوڵەت لە زۆرداریو ماف زەوت کردن دەکرێتە یاسایی، داواو خەباتی نەتەوەو گەلی ژێر دەستەش بە نایاساییو یاخیبون . .تۆ ئەگەر نەتەوەکە پارچە پارچەو دابەشکراو بیٚ وا کارەکە هێندەی تر ئالۆز دەکریٚ... بۆیە کێشەی نەتەوەو گەلی لەوابەتانە ، زیاتر دوچاری مەینەتیوکارەسات دەکرێن و باشتر دەخرێنە لاوە ، ئەگەر زلهێزیٚ گەرەکی بیٚ کە لەم کاتەشدا رەواو یاسایی دەکرێنە نارەواو نایاسایی، پێچەوانەکەشی هەر بەو جۆرە هەڵدەگێڕنەوە هەزارو یەك بەلگەو بیانوو یاساو هۆی "بەجیٚو لەبار" دروست دەکەن....ئەوە گەورەترین رێکخراوی جیهانی (کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان) ئەم رێکخراوە هەر بەناو هی نەتەوەو گەلانی سەر ئەم ئەستێرەیەیە، چونکە لە

راستیدا ڕێکخراوی دەوڵەتانە، هی چینی کاربەدەستی دەوڵەتانی ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە.. لە ناویشیدا ئامرازی دەستی زلهێزەکانەو تەنها پێنج دەوڵەتە زلەکە لە"ئەنجومەنی ئاسایش" خاوەنی مافی "ڤیتۆن"، بێ قایل بون و ڕەزامەندی گشتیان، هیچ بڕیارێ لەو ئەنجومەنەدا سەرناگرێ. بەڵام گەل و نەتەوەی بێ دەوڵەت، دەنگیشیان ناگاتە کۆڕو کۆبونەوەکان، مەگەر دەوڵەتێ، لایە، زلهێزێ گەرەکی بێ، بۆیە ئەو جۆرە بزووتنەوانەی لەنەخشەی ستراتیجی زلهێزەکان بەدەرن، یان دەبنە هەڕەشەو مەترسیی لەسەر دەستکەوتی لایەك، دەخرێنە لاوە، ئەگەر لە ململانێکەشیاندا، لەهی لایەکیاندا ڕۆڵێ ببینێ وا پێشوازی لێ دەکرێو دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکرێ، دەنا چاو لەکارەسات و جەنگی ڕەواو شۆڕشی نیشتمانیو ئازادیخوازانەی گەلان دەپۆشرێ، گوشاری بۆ دەبرێ، بە دیپلۆماسیەتی شاراوەو پشت پەردەی شۆڕشی ئەم گەل و ڕاپەڕینی ئەو گەل خەفە دەکرێ، بەبێ ئەوەی یاساو ماف و مرۆڤ بێستان جووڵە بکەنو بەو بیانووەیکە کێشەو جەنگەکە ناوخۆییەو نابێ دەست بکێشرێتە ناو کاروباری دەوڵەتانی ترەوە. حاڵەتی لەسەرهەڵدان و بەسەرکردنەوە، بەدەوڵەت و قەوارەی سیاسی دان پێدانراوەوە دەبەستنەوە ئەم:

"تیۆرییە تەقلیدییە بۆ تێگەیشتەی جەنگ و پاراستنی مرۆڤایەتی، بوو بەکۆسپی یاساییکردنی پەرەسەندنە نوییەکانیناو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەرپابونی جەنگی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی، بێئەوەی ئەو گۆڕانە دەستوورییانەی بەهۆی مافی گەلان و دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان و مافی سەڵتایەتی لە پاراستنی سەربەستییە بنچینەییەکان لەبەرچاو بگیرێن. وە لە پێناسکردنیدا بۆ جەوهەری جەنگی یاسایی و جیاکردنەوەی لەهەموو جۆرە پێکدادانێکی جەنگی نایاساییو چەکدارانەی تر. دەبێتە ڕێگر لە بەدیهێنانی پاراستنی مرۆڤایەتی لە جەنگەکانی تردا لەو ڕوبەڕو بونانەی کە لەوانەیە لەنێوان تاقمە شۆڕشگێڕەکان و سوپای دەوڵەتدا ڕوو بدەن و لای ڕەوای ململانێ دوچاری ئاخوڕان و بخۆڕان بکەن (وەك جەنگی ڤێتنام و کۆنگۆو نەیجیریاو سەرووی عێراق).دیسان ئەوە دەبێتە کۆسپی ڕێگەی ڕەوا بونی هێزی چەکدار ئەگەر لە ڕێگەی جەنگی نێودەوڵەتانەوە نەبێ، بۆ ئەوەی گەلان و دەوڵەتە بچوکەکان بەرگری لە خۆیان بکەن"..*

لەو بارودۆخانەدا ئەم جۆرە نەتەوەو دەوڵەتۆکانە لەئاستی ئەو هێزخورتییەدا نابن و ئەو هەل ومەرجانەیان بۆ ناهێنرێتە ئاراوە کە بتوانن دەستەبەری سەربەخۆیی خۆیان بن، بۆیە دەکەونە بەردەم هەڕەشەو تەماحی داگیرکەرو چاوچنۆکان.. لەبەر ئەوە ئەمان زیاتر لەوان و پێویستتر لە دەوڵەتە زل و خاوەن هێزەکان ،پێویستیان بە خولقاندنی شوورەو ئامرازو ڕێگەو شوێنی خۆپاراستنە.. زیاتر پێویستییان بە ئارامیو دڵنیایی هەیە، باشتر ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەو خۆپاراستنیان گەرەکە بۆ ئاسایش و ئاشتی ڕاستەقینەو بەدی هێنانی ژیانی بێکەدەر

* الجمعیه المصریه للقانون الدولی ،المجلد الاول، ١٩٦٩، دراسات فی القانون الدولی ص ٤٠٢

لەناو سنورو سەرزەمینی وڵاتەکەیاندا بەپێچەوانەی ئەوانەی تر کە بۆ زەوت کردن و دەست درێژییە. سەبارەت بەوانە تێگەیشتەی ئاسایشی نەتەوە، هەر لە سنوری دەوڵەت و سستێمی سیاسیو بەرژەوەندی گەل و نەتەوە زاڵەکان.. چین و بەشی دەسەلاتداری گەل و نەتەوە دەسەلاتدارەکان قەتیس ناکرێ، وەك هەندێ لە سیاسی و زانایان قاڵبی تیۆریو چوارچێوەی نایاسایی "بەناو یاسایی" بۆ دادەتاشن و گەل و نەتەوەی بێ دەوڵەتی لێ بەدەر دەکەن، یان راستتر ، بن دەستیو داگیرکردن و چەوساندنەوە دەخەنە قاڵبی تیۆریو یاساییەوە، لەکاتێکدا کە ئەو ماف و بایەخ پێدانە دەبێ و پێویستیشە بۆ چەوساوەو زۆرلێکراوان بێ.

رژێمی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لەعێراق،نمونەو وێنەیەکی زەق و ئاشکرای چەوسێنەرە لەژێر پەردەو ناوی "ئەمنی قەومی عەرەبدا". گەلی کوریش نمونەی جۆری چەوساوەو هەڕەشە لەسەرە، ئەم دیاردەیەشە کەبۆتە خولقێنەری ناکۆکی سەرەکیو چەقی ململانێ خوێناویە چارەنوس سازەکە.

لەناو روداوو ململانێو هێرش و پەلامارو جەنگ و شۆڕشی دەیان ساڵدا، گەلی کورد نەیتوانیوە ئامانجە سەرەکیو ستراتیجییەکەی خۆی بەدی بهێنێو دەوڵەتی یەکگرتووی خۆی دابمەزرێنێ ، وە سەبارەت بە سروشتی نامرۆڤانەی داگیرکەرو لاتنگیریی بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەلانی سەردەست، هیچ جۆرە مافێکی نیشتمانی و مرۆڤانەی بەدەست نەهێناوەو هەمیشە تەنگی پێهەڵچنراوەو ئارام و ئاسایشی لێ زەوت کراوە، باری ژیانیزیاتر ئاڵۆزو دۆخی سیاسی گرێ کوێراوی تر بووە، ئیتر لەبەردەم گوشارو فشاری هەمەچەشنەدا تەقەلای تواندنەوەو لەناوبردنی دراوە..لەگەڵ ئەوانەشدا توانیوێتی خۆی بپارێزێو لەناو ئەو کوێرەوەریەشدا کەلتورو ئەدەب و زمان و باری کۆمەلایەتی گەشە پێبکات، لەناو شانازی بەخۆو بە نیشتمانەکەیەوە، بەسەربڵندی نیشتمانەکەی پاراستووە... یەکێ لە نهێنییە بنچینەییەکانی ئەو دیاردەیە، هەستی نەتەوایەتی وخۆشەویستی نیشتمان و خۆبەستنەوەبووە بەدێهات و ناوچەی تیا پەروەردە بوو کە بونەتە مەڵبەندی ژیان و بیرەوەرییەکانی. ئەو هەست و بیرە، زۆر لە روداوەکان دەیسەلمێنن کە لای کورد لە زۆر کۆنەوە چەکەرەی کردوەو رەگەکانی داکوتاوەو بۆتە پارێزەری خەلکەکە لە توانەوەو تێکدانی خسڵەتە تایبەتیەکانی ژیان، بەردەوامیی ململانێو خەباتی نەپساوی ئەم نەتەوەیە بەدرێژایی سەدان و هەزاران ساڵ رەنگدانەوەی ئەو دیاردەیەن. زیاتر لەوانە، کەرەکتارە جوگرافی و ئابوورییەکان و سەختی ناوچەکەو دروستکردنی قوللەوقەلا* و پرش و بلاوی دێهاتەکان و دەوڵەمەندییان لەرووی کەرەسەی ژیان و زۆریی رووبارو سەرچاوەکانی بیرو گونجی ئاو، ئاوو هەوای جۆراوجۆر دابڕاوی ناوچەکەو کەمیی رێگاوبان و ..تاد.رۆڵیان لەو پرۆسەیەدا وازی کردووە.

---

* هەرچەندە زوریەی ئەو قووللەو قەلایانە نەماون جگە لە تاکە تاکەیەکی ئەم ناوچەو ئەو ناوچە نەبێ..بەلام زۆر لە گەریدە ئەوروپاییەکان باسی زۆر لەو قوللەو قەلایانەیان کردووە. بۆ زیاتر زانیاری سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە:میریلا گەلین، کوردو کوردستان لەنووسراوەکانی ئیتالیدا، وەرگێڕانی بۆ کوردی جاسم توفیق، ستۆکهۆلم، ١٩٨٧.

لەم سەردەمانەی دوایی‌و رۆژگاری ئەمڕۆشدا بارودۆخەکان بە شێوەیەکی نامۆو چاوەڕوان نەکراو گۆڕیران .. ناکۆکی‌و سروشتی ململانێ‌و شێوەی رەفتارو مامەڵەو ئامرازی بەدەست هێنانی ئامانج و مەبەست و نەخشەو پیلانی جۆربەجۆری دوژمنی داگیرکەر، تەواو ترسناك و پڕمەترسی بون، زۆرانبازییەکە، هێندە سەخت و خوێناوی بووە کە راستەوخۆ هەڕەشە لە کوردو کوردستان دەکات. لەلایەکی تریشەوە، حاڵەتی شەڕی بەردەوام و سەپاندنی ململانێ‌و جەنگی لاسەنگ و نا بەرابەر، نەرەخسیویی هۆو فاکتەرە خۆییەکان بەخەملێوی، باری جیۆپۆلیتیکی کوردستان و فرە داگیرکەر، سیاسەتی دوژمنانە یا نالەباری زلهێزەکان و هتد..ئەوانە جوڵانەوەی نیشتمانیی کوردو خەباتی دژ بە داگیرکەریان ترنجاندۆتە جێگەیەکەوە کە هیچ سەربەستی و خواستێکی خۆی لە هەڵبژاردنی شێوەو رێگەی خەبات و زەمین و زەمان دیاریکردندا نەبێ، تەنها یەك رێگەو یەك شێوە نەبێ کە ئەوەش شۆڕش و خەباتی چەکدارییە. دیارە ئەو بارودۆخەی بزوتنەوەی کورد، نەگەیشتنە ئەو ئاست خورتی‌و بەهێزییەی کە بتوانێ ئامانجە ناوچەییەکانی ناو سنوری سیاسی و جوگرافی سەردەم بەدی بێنێ، لاوازی‌و کەم تەرخەمی‌و لاتنگیری‌و تێنەگەیشتنی هێزەکانی ئەو وڵاتانەش لەمەسەلەی کورد یا تەماح و زاڵیی تێندینسی بۆرجواو داگیرکەرانە بەرامبەر بەکورد .. ئەوانەش کێشەکانیان زیاتر ئاڵۆز کردووەو بونەتە هۆی‌زیاتر گوشار لەسەر بزوتنەوەکە. لەناو ئەم بارودۆخەی ئێستاو لاسەنگییەکەو هاریی دوژمندا، ئەگەر ئەو حاڵەتی بێدەنگییەی بەشەکانی تری کوردستان بەو جۆرە بمێنێتەوە. وا گومانێ لەئارادا نامێنێ کە ئەوانیش دوچاری بەلاو کارەسات دەبن..

ئەگەر چی یەکەیەکەی دوژمنانی کورد زیانی زۆر گەورەیان لەکورد داوە، هەریەکە لەسەردەمێکی دیاردا، لەوانی تر زیاتر بەزیان و زەرەر بووە، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ چاوێنی‌و شیاوی بەراورد کردنە، شەڕی لەناوبردنی گەلی کوردە کە رژێمی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی عێراق لەناو نەخشەی "ستراتیجی ئەمنی قەومی عەرەبیدا" جێبەجێی ئەکات.

کۆنەپەرستانی فارس، بەو ناوەوە کە کورد بەشێکە لەنەتەوەی فارس و لەژێر پەردەی پان ئێرانیزم و ئاریزمدا دژایەتی کوردیان کردووەو دەیکەن. بەڵگەی مێژوویی ناو رووداوەکانی دەیان سەدە ئەوە دەسەلمێنن.. بۆ نمونە سەفەوییەکان لە سالانی سەدەی ١٦و١٧دا زۆر عەشایەری کوردیان بۆ"قوچان"و"دەرگەزە"و"خوراسانی سەروو" راگواست و سنوری وڵاتەکەیان پێ دەپاراستن* وە لەسەر قسەی "روضة الصفا" لە سالی ١٢١٠ی کۆچیدا پەنجا هەزار خێزانی کورد لە خوراسان بووە.. ** ئاوارە بونی زۆر خێزانی تر بۆ ئەفغانستان و پاکستان ، لەیەك نەچوونی رەگەزی دانیشتوانی ئەکباتانی پایتەختی میدیاو هەمەدانی ئەمڕۆ دیاردەی ئەو گۆڕانانەن. بە کورتی‌و هەر بۆ نمونە لەسەردەمی هەریەکێك لە: شا ئیسماعیلی سەفەوی، شا

---

* ن.أ.خەلفین، خەبات لەرێی کوردستاندا، وەرگێڕی لە رووسییەوە جەلال تەقێ، سلێمانی، ١٩٧١ ،ل١٦.

** علاءالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغداد، ١٩٥٢، ل٧.

تەهماسب، شا عەبباسی یەکـەم، شا سەفی، نادرشا، ئاغا محەممەد خان، دەیان هەزار کورد کوژران یا راگوێزران. لەمڕۆشدا ئاوڕ نەدانەوە لە مافە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکانی کورد، بێبەشکردن لە مـافی خوێندن بە کوردیو بەڕێوەبردنی ناوچە کوردنشینەکان دیمەنێکی زەقی بەردەوامیی چەوساندنەوەکەیە..

تورکە عوسمانلییەکانی دوێنێو تۆرانییەکانی ئەمڕۆ ڕەگەزپەرستانەتر لـەدژی کـورد رەفتاریان کردووە. روداوو زۆرانبـازیی سـەدان سالی تەمەنی میرنشینەکانی کوردو شۆڕشەکان، هەزاران بەلگەیان تۆمار کردووە . لەسەردەمی ئەتاتورکیشدا ئەوەی ئەوانە بەکوردیان کرد تا ئەو کاتـە هیچ دوژمنێ نـەی کردبوو. قـەتل و عامی سالەکانی بیستی ئـەم سـەدەیە هـەرگیز لـەبیر ناچنەوە. ئەتاتورکیش لەگەل سەرکەوتنیدا کەوتە جێبەجێکردنی نەخشەی بـەتورک کردنی کورد. لە سالی ١٩٢٤دا لەخالی (٨٩) ی "یاسای پاراستنی یەکێتی نیشتمانی"دا زمانی کوردیو ناوبردنی ناوی کوردی قەدەغە کردو ناویشی نان تورکی شاخاوی *. "مەحمود أسعد بـەگ" وەزیری عـەدلی کۆماری تورکیا، سالانی دواتر وتبـووی: "بیرو راو دیدی مـن ئەمەیـە وبـا دۆست و دوژمـن و بنـار چیاکـانیش بزانـن کـە سـەرداری ئـەم ولاتـە تورکـە، وە ئـەوەی لـەخوێنی پـاکی تـورک نـەبێ وا لـە نیشتمانی تورکدا تەنها یەك مافی هەیە ئەوەش بەخزمەتکارو بە کۆیلە بونە،ئێمـە لـەولاتێکدایـن کـە سەربەستی لە هەموو ولاتێکی تری ئەم جیهانە زیاترە، ئا ئەوەیـە تورکیـا".. ** لـەنێوان سـالەکانی ١٩٢٥ ـــ ١٩٢٧ نزیکـەی هـەزار گوند وێران کـران ، سـەدان لـە سـێدارە دران، دەیـان هـەزار لـە پرۆسەکانی جەنگدا لەناو بران، سەدان هەزاری تر ئاوارەو دەربەدەر کران و بەرەو ناوچەکانی تورك راگوێزران و زیاتر لەسەد رۆشنبیریش خرانە گۆمی وانەوە.. ***

سیاسـەتی ئـەمڕۆی تۆرانییـەکان رەنگدانەوەیـەکی بێگـەردی رەگەزپەرسـتی و بـیری تۆرانیزمەو ئەسلەن دان بەبونی کوردیشدا نانێن ، چەندیشـیان بۆ بلوێ لەسـەر سیاسـەتی کـورد تواندنەوەو بە تورك کردن دەڕۆن و چیان لەدەسـت بێـت لـەدژی دەیکـەن. پـەرەوازەو ئـاوارەبونی سەدان هەزار کورد بۆ شارەکانی سوریاو بۆ لوبنان و ئەردەن ئەنجامێکی ئەو سیاسەتەیە..

ئەم شەڕەی ئەمڕۆ بۆ خەفەکردنی دەنگـی نزیکـەی ١٥ ملیـۆن کـوردە، هـەزار دێ تـەخت کران زیاتر لە دوو ملیۆن کورد لەناوچەی خۆیان راگوێزران، تا ئێستاش تورکیا ئامادە نییە دان بە بونی کورددا بنێ..

لە سوریاش بـەناوی پشـتێنەی سـەوز، وە ئـەمنی قەومییـەوە زۆر ناوچـەی سـەر سنورو دێهاتی کورد عەرەبێنران، یان پێیان چۆل کرا، لەسالەکانی نیوەی دووەمی شەستەکان هێرشێکی

* سەیری پێشەکی جیرار شالیان ، چاپخانەی شەهید جەعفەر، ١٩٨٥بکە.

** د. بلەج شێرکۆ ،القضیة الکردیة،بیروت ١٩٨٦ کە لە جریدەی (ملیت)١٩٣٠/٩/١٩ دوە وەری گرتووە..

*** بۆ زانیاری زیاتر سەیری هەمان سەرچاوە بکە.

بەربلاو بۆ ئەو مەبەستە کراو زۆر لە نەخشەکە ئەنجام درا، بە تایبەتی ئەو بەشەی کوردستان قولاییەکی جوگرافی ئەوتۆی نییە کە جولانەوەو خەباتی چەکدارانەی دژ بەو تیندینسەی تیا ئەنجام بدرێو ئەو کارەی زەحمەت بکردایە. بۆیە ئاسان و بێ بەربەرەکانی جێبەجێکرا. دوای ئەوەش هەرچەندە ئەو هێرشە وەستێنرا، لەگەڵ ئەوەشدا وەك داگیرکەرانی تر ئەو چەوساندنەوە توندو تیژەو هێرشی لەناوبردن و کوشتن و برینە دژ بە کورد ناکرێ..بەلام لە مافە نەتەوایەتیو نیشتمانییەکان تەواو بێ بەشەو رێگەی نادرێ بە زمانی خۆشی بخوێنێ.

لەیەکێتی سۆڤیەتی روخاویشدا کە دەگوترا هەموو نەتەوەو گەل و کەمینەیەکی نەتەوایەتی خاوەن مافی خۆیان بون. کورد نەك هەر کۆمارو ئۆتۆنۆمی و مافی رۆشنبیریی کامڵ و رەسیوی نەبووەو بەس، بەڵکو دەگوترێ کە تادەمات ژمارەی کورد لە جێگەکانی خۆیاندا کەم دەبونەوەو بلاوەیان پێدەکرا، کورد لەدەری ولاتەکەیلە لوبنان و ئەردەن و ئەفغانستان بە نامۆو نەبونی مافی هاولاتی مامەڵە دەکرێن..

-٢-

# کورد لەناو ململانێو هەڕەشەی لە ناوبردندا

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کە دێینە سەر باس و قسە لەسەر ڕژێمی بەعسی عێراقی و سروشتیو هەڵوێستی بەرامبەر بە کورد، وا جیاوازییەکی زۆر گەورە بەدی دەکرێ .. کە سەرنجێ لە کارو کردەوەو ڕەفتارو زیانەکانی بیست ساڵی حوکمەکەی دەدرێو لەگەڵ ڕژێمەکانی تردا بەراورد دەکرێن. بەڕەچاوکردنی زەمین و زەمانیشەوە ، وا بێ چەندو چوون وەك ناکۆکیو دوژمنی سەرەکیو گەورەترین مەترسی، زۆر بەزەقی خۆی دەنوێنێ، کوردی ناچار کردووەکە لە جەنگێکی خوێناوی سەختدا بەرامبەری بووەستێو بەرگری لەخۆیو نیشتمانەکەی بکات. لەناو ململانێو تەقەلای بەعێراقیکردنی گەلی کورددا ، باڵی کۆنەپەرستی بزوتنەوەی نەتەوایەتی عەرەبی عێراق، بەبیری ڕەگەزپەرستانەی خۆ بەتاکە ئەڵتەرنەتیڤی دەسەڵاتی سیاسی گرتنەدەست زانەوە کەوتە سەر کوێرەڕێی زەوت کردنی مافی کوردو بانگەشەی بەعەرەب و بەبەعسی کردن ... ئەو تەیارە لەسەردەمی سەرەتادا هێندە بە تواناو بەقودرەت نەبوو، بۆیە لەژێر پاڵەپەستۆی حیزبی شیوعی عێراقیو بزوتنەوەی نیشتمانی کوردو تا ڕادەیەکیش حیزبە بۆرژواکانی تری عێراق، بێ ئەنجام و مەبەست بەدەست هێنان، بە شکاوی لەمەیدان کرایە دەرێ. بەڵام سەبارەت بە زۆر هۆ، ئەو حاڵەتە زۆری نەخایاندو سەرلەنوێ سەری هەڵدایەوە. یەکێك لە هۆو فاکتەرە هەرە گرنگەکانی ئەو دیاردەیە، هێزە سیاسی و نیشتمانییەکانی عێراق بوو. بۆیە یەکێك لە زیانە گەورەکانی ئاست نزمیی هوشیاریی ئەو هێزانە، نەتوانینی تێگەیشتنی یاساکانی جوڵانەوەو تایبەتییەکانی بزوتنەوەی نەتەوەی کوردو گەشەکردنی ئابوری و کۆمەڵایەتیی ئەو قۆناغەی جوڵانەوەی نیشتمانی عێراق بو، دەرك نەکردن بو بە پێداویستییەکانی خەباتی ئەو سەردەمە و هەڵی مێژوویی لەکیسدان ، نەشونما کردنی ئەو تەیارە ڕەگەزپەرستانەیەی ناو بزوتنەوەی نەتەوایەتی عەرەب بوو، کە جەزرەبەی کەمەر شکێنی ئاراستەی ئەو هێزانە کردو لەماوەی نزیکەی پێنج ساڵدا دوو جار دەسەڵاتی سیاسی جەریەزانەی گرتە دەست (١٩٦٣ ) و (١٩٦٨ - ؟) و هەموو هێزە عێراقییەکانی بە لاوازیو ڕووخاوی بەرکەنار کرد. ئیتر ڕەشەبای گۆبەنگی بەعەرەب و بەبەعسیکردنی کوردو عەرەباندنی کوردستان هەڵیکرد، ململانێیەکە تەواو گۆڕراو بە بارێکی نامۆو ڕێبازێکی تەواو جیاوازدا وەرچەرخێنرا. هەرچەندە تەقەلای بەعێراقیکردن و دژە کردارو ململانێی ناو ئەو کێشەیە لەناو ململانێ نوێیەکەدا هەر بەردەوام بوو ، بەڵام لە ژێر گوشارو کێشمانکێشی ئەودا بە جۆرێ لاواز بووبوو کە تەنانەت بەرگری لەخۆشی پێنەدەکرا. ئەو لاوازی و ڕاونانە ڕێگەی بۆ حیزبی بەعس وا چۆڵ کرد کە ئیتر خۆی بۆ دژایەتی کورد تەرخان بکات. لەناو چەندین پیلان و مامەڵەی جۆربەجۆردا وە لەدواییشدا لەناو داشکان و سازشی جەزایردا ٦ – ئازاری ١٩٧٥شۆڕشی ئەیلول وەك هۆیەکی ڕاستەوخۆ هەرەس بێنێو گەورەترین کارەساتی نەتەوایەتی،تا ئەو کاتە، دوچاری نەتەوەی کورد ببێ. لەبەردەم ئەو"سەرکەوتنە"ی بەعسدا ئەم حیزبە وای دەزانی کە ئیتر وە هەتا هەتایە شۆڕشی کورد زیندەبەچاڵ کراو مەحاڵە جارێکی تر سەر هەڵبداتەوە، بۆیە لەناو نەخشەی

"ستراتیجی ئەمنی قەومی عەرەبدا"کەوتە تەهجیرو تەبعیس و تەعریب بۆ تواندنەوەی کورد.
روخاندنی شۆڕشی ئەیلول هەلێکی لەباری تریشی بۆ رژێم رەخساند، ئەویش روبەڕووبونی حیزبی شیوعی عێراق بوو. بە تایبەتی لەسەردەمی دوا هەرەس، قسە لەوە دەکرا کە گوایە یەکێك لەمەرجەکانی شای ئێران لە رێککەوتنەکەی جەزایردا لێدانی ئەم حیزبە بوو. بەلام گوێ بەوەش نەدەدرا . تا لەناو لاوازییەکی چاوێنیو لە ژێر پالەپەستۆی بەعس خۆیدا ناچار بوو رێگەی بەربەرەکانی چەکدارانە بگرێتە بەر.

بێگومان ئەگەر شۆڕشی کوردستان نەبایە، وا زیانێکی زۆر گەورەتری لێ دەکەوت و بەو جۆرەش سەرفراز نەدەبوو.

لەرەوتی رۆژگاری زۆر ناسك و لەناو ئەنجامە باوەڕو بڕوا رووخێنەرەکانی هەرەسی شۆڕشدا، کورد وەك گەلێکی شکاوو بێ دالدەو بێ پشت و پەناو بێهێزی چەکدار کەوتبووە ناو داوی بەعسەوە،ئەیانویست پۆستالی داگیرکردن بەدرووشمی نەزۆکی "وەحدە و حریە و ئیشتراکیە"وە بگەیەننە دوورترین دێی سەر سنور وبەرزترین لووتکەی چیا ، تا بەمەزنەی خۆیان روخاندنەکە بکەنە هەمیشەیی و بەپەلە نەخشەی تواندنەوەو بەعەرەبکردنی کوردستان ئەنجام بدەن (پێش ئەوەی کورد لەخەوو مەستی سەرخۆشی هەرەس وشیاری ببێتەوە)* تا لە شوێنەواری گەلی کورد جاهیلیەتی سەرەتابەرگێکی ترەوە بروێنن و گەشەی پێ بکەن.

لەرێڕەوی جەنگی رەگەز پەرستانەی دژ بەنەتەوەی کورد، بە تایبەتی لەم دوو سێ ساڵەی دواییدا، هەڕەشەو مەترسی حیزبی بەعسی عێراق لەسەر کورد بۆتە یەك ململانێی خوێناوی ئەوتۆ کە نەك هەر چارەنوسی کوردستانی باشور و زیاتر لە پێنج ملیۆن کوردو چەند سەد هەزاری لە کەمینەی نەتەوایەتی ئەم هەرێمەی پێوە ببەسترێ و بەس، بەلکو بەبێ هیچ گومان و دوودڵییەك دەتوانین بڵێین ـ لەمەودای دوورتردا ـ پاشەڕۆژی هەموو نەتەوەکەی پێوە گرێ دراوە ، چونکە ئەم پەتایە دەشێ شەپۆلێکی تری کۆچڕەوی بێ بۆ داگیرکردن ، ئەگەر جاران هەر بەناوی ئیسلامەتیو ئایینەوە بووە، وا ئەم جارەیان بێ پەردەو بە ئاشکرا هەر بەناوی عەرەبەوەیە، ئەگەر جاران بە شمشێرو شیرو رم و تیروکەوان بووە، وا ئێستاکە بەنوێترین چەکی زلهێزەکان و بەیارمەتی و پاڵپشتی ئەوان دەکرێ . هەرچەندە مەترسییەکەش ئەمڕۆ رووبەڕوی کورد بۆتەوە بەلام جەنگی عێراق و ئێران سەلماندوویەتی کە ئەم رژێمە هەڕەشەیەکی گەورەشە بۆ سەر گەل و نەتەوەو میرنشین و دەوڵەتەکانی ناوچەکە بە گشتی.*

---

* هەروەك هەندێ لە لێپرسراوانی حیزبی بەعس، دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، ئەو قسەیەیان لەهەندێ بۆنەدا دووبارە دەکردەوە.

* دوای دوو ساڵ لەو بۆچوونانە لە ١ -٨ -١٩٩٠ رژێم کوێتی داگیرکرد.

لە پیادەکردن ویەکارخستنی ئەڵقەکانی "ستراتیجی ئەمنی قەومی عەرەب" رەگەزپەرستانی ناو بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەلانی عەرەب کە حیزبی بەعسی عێراق نوێنەرایەتیو رابەرییان دەکات، بۆ گەیشتنە مەبەست،هەرچی رێگەو شوێن و ئامرازی دژ بە مرۆڤ و ویژدان و رەوشتە گرتوویانەتە بەرو پەنا بۆ شەیتانیش دەبەن و دەستی یارمەتی لێ پان دەکەنەوە، وە ئەوەی ناوی برایەتیو دۆستایەتیو خۆشەویستی مرۆڤە لایان پەشمە، سیاسەت و مامەڵەی دیپلۆماسی هەلبازانەی رژێمی عێراق دەیان نمونەی سەلمێنەری ئەو راستییە دەخاتە بەرچاو. هەر لە کودەتای ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ەوە ، کە بەدەست و یارمەتیو نەخشەی تاقمەکەی "عبدالرزاق النایف" ئەنجام درا، ئەوەبوو هەر لەدوای کەمتر لە دوو هەفتەش، بەتاوانی کۆنەپەرستیو گومان لێکردنەوە دەرپەڕێنرا ئەو رۆژەشیان -٣٠ی تەمموزی ١٩٦٨ - کردە تەواوکەری شۆڕشەکەیان لەو ساتەوە تا رێکەوتنەکەی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ لەگەڵ شای ئێراندا ئینجا جەنگی عێراق و ئێران هەلگیرسان و چوونە ناو نەخشە ستراتیجییەکانی ئەمریکاوە، توندو تۆڵ کردنی پەیوەندی بازرگانیو وەرگرتنی چەك و کەرەسەی جەنگ لە بەریتانیاو فەرەنساو هەموو ولاتانی تری خۆرئاوا، سەرەڕای پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، لەگەڵ ئەوانەشدا ئەمڕۆ رژێمی عێراق و سەرجەم رژێمە کۆنەپەرستەکانی عەرەب لەیەك بەرەدان. لەگەڵ تورکیای داگیرکەری ئەسکەندەرۆنەو مرخ خۆشکەر لە"ویلایەتی موسڵ" و ئەندامی پەیمانی "ناتۆ"، پەیمانە کۆنەکانی سەردەمی "پەیمانی بەغدا" یان زیندوو کردۆتەوە بۆ قەلاچۆکردنی جولانەوەی کورد، لەیەك بەرەی بەرکەمالدا کار دەکەن و دەرگایان بۆ یەکتری خستۆتە سەرپشت. کۆمەڵێ پەیمانی سەربازیو ئابوریو بازرگانیو هاریکارییان مۆر کردووە.ئەوانە تا سەردەمێ دەوامی کرد، ئیتر دەبو ئەم رژێمە ئەوقی داوی هەردوو جەنگی خلیج بکەن.

لەبەر ئەوانە دۆستەکانی رژێم لەرەفتاری خوێن رێژیو داگیرکەرانەی بەعس چاو دەپۆشن، بەلکو بەرگریشی لێ دەکەن، هەرچەندە لەناو خۆیانداو لەهەڵسەنگاندندا نایشارنەوە. لیژنەی تایبەتی سەر بەدەزگای کاروباری دەرەوە لە کۆنگریسی ئەمریکادا دوای سەردانی لەناوچەکە، لە راپۆرتە گرنگەکەیدا بە شێك لەکردەوەی داگیرکەرانەی سوپای عێراق و رەفتاری بەرامبەر بە کورد دەردەخات. لە بەشێ لە راپۆرتەکەدا لە ژێر ناوی: باشور: جەنگ و یاخیبونی چەکدارانە، لیژنەکە دەڵێ: "حکومەت دەستی کردووە بەدەرکردنی کوردەکان لە دێهاتەکانی ناوچە شاخاوییەکان،وە ناودۆڵ و دەشتەکاندا نیشتەجێی کردوون و ئەو شوێنانە ناوی وەك - مدینە النصر - ی لێناوە. بەپێی یەکێك لەئەفسەرەکانی سوپای عێراق، ئەو جێگە نوێیانە بە جۆرێك دروست کراون کە باشترین چاودێری "بابە علی" مسۆگەر بکرێ، ئەو ناوەش عەرەبە عێراقییەکان بۆ وەسفی کوردو گاڵتە پێکردنیان بەکاری دەهێنن... وە بۆ زیاتر دڵنیایی بۆ نیشتەجێبونی کوردەکان لەو شوێنانەدا، هەموو شوێنەوارێکی دێهاتەکانیان سڕیوەتەوە ، لەماوەی

چەند مانگی رابردودا هەمووی تەقینرانەوەو سەدان دێـی کوردیـان وێـران کـرد، ناوچەکـە بـووە بـە جۆرێك لەزەوی چۆلکراو، ئەوەی ناوی شوێنەواری لەمەوبەرە لە ئارادا نەماوە جگە لەداری میـوەی وشك بوو، شوێنەواری خەلك ناشتن و گۆرستـان نـەبێ، سـوپای عێراق وەك سـوپایەکی داگیرکـەرو غەریب لە کوردستاندا رەفتار دەکات.. لـە نوقتـەکانی تەفتیشدا سـەربازە عێراقییـەکان گالتـە بـە کورد دەکەن و و بە سوکایەتییەوە داوای هەویەو شوناسنامەیان لێ دەکـەن ..دیاردەی داگیرکردن زیاتر لەناو ئەو بەرنامانەدا ئاشکرا دەبـن کـە بـۆ نیشتـەجێ کردن و کاروبـاری ئـەمنی سـەربازی، نائاسایی پیادەدەکرێن ..هتد*.

لە نەخشـەی "ستراتیجی ئـەمنی قـەومی عـەرەب" و ئـەمنی ستراتیجی عـێراقیدا رژێمـی عێراق زۆر کۆسپ و تەگەرە، ناحـەزو دوژمنـی نـاوخۆو دەرەوەی دەسـت نیشـان کـردووە، کـە بـۆ عێراق، لەم قۆناغەدا کورد لەناوەوەو کۆمـاری ئیسـلامی ئـێران لـەدەرەوە، بەگـەورەترین دوژمـن و مەترسی داناون.

بەو پێیەش دەبنـە دوژمنـی سـەرەکی نەتـەوەی عـەرەب و ئەمنەستراتیجییەکەی. زیاتر لەوانە، بۆ ناوخۆ: کەمینەی نەتەوایـەتی تورکمـان و پـەیوەندی بـە تورکیـاوەو کێشـەی "ویلایـەتی موسڵ"، کەمینەی فارس و شیعەی عـێراق و پـەیوەندییان بـە ئێرانـەوە، فـەیلی وەك کـوردو وەك شیعەو تاوانبارکردنیشیان بە ئەسـڵ ئـێرانی، کەمینـەی ئاسـووریو ئەرمـەنی، چەرکەسـیو کلـدان، رێکخراوە ئیسلامییەکان، حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی بەعسی هاوکار لەگەڵ سـوریەو هەرەشـەی ئایدیۆلۆجی و کودەتا، پاشماوەی سستێمی عەشایەریو دەرەبەگایەتی لـەناو کۆمەلگـەی عـێراق و لە رژێم و حیزبەکەدا، بەرزبونەوەی کەمایەتییەکی یەك هۆزی بچوك و سەپاندنی دیکتاتۆریـەتی بـێ رەزا. بۆ دەرەوەش: جولانەوەی نیشتمانیی کوردسـتان و پـەیوەندیی بـە کوردسـتانی باشـورەوە. کۆماری ئیسلامی ئێران و پـەیوەندیی بـە مـەزارە پیرۆزەکـان و بەفارسـەکانی کەربـەلاو نەجـەف و شارەکانی تر، شیعەی عێراق و یارمەتیدانی جولانـەوەی کوردسـتانی عـێراق، تورکیـاو تـەماعی لـە ویلایـەتی موسڵ و نـەوت، وە پـەیوەندی بـە تورکمانـەوە، داگیرکردنی ئەسـکەندەرۆنە، سـوریاو ململانیی ئایدیۆلۆجی و پەیوەندی بە حیزبی بە عسی "چەپەوە"، رژێمە کۆن پارێزو ئایینییـەکانی عەرەب: کوێت و عەرەبیسعودیو شێخنشینەکانی خلیج و ئەردەن و خواستیان لە یەکالاکردنەوەی کێشەکانی سنورو ململانێی ئایدیۆلۆجی و دامەزراندنی رژێمێکی هـاو وێنـەیان لـە عـێراقدا، یـەکێتی سـۆڤیەت و پـەیوەندیی بـە حـیزبی شـیوعی عێراقـەوە و ترسـی رژێـم لـە دیاردەیـەکی وەك ئەفغانستان،* هەرچەندە ئێستاکە ئەو ترسە زۆر کەم بۆتەوە، ئیسرائیل و زاڵـی هـێزی سـەربازیو

---

* ئەرکی نوێ، ژمارە ٢ ـ ئازار ١٩٨٨، بلاوکراوەی ی.ن.ك لەدەرەوەی ولات.

* دیارە قسەو بۆچونەکان هی سەردەمی پێش هەلوەشانی یەکێتی سۆڤیەت و پێش روخاندنی دەسەلاتی شیوعییەکانە لە ئەفغانستان.

تەکنیکی جەنگ و مەترسی چەکی ئەتۆم.. ئەمەریکاو وڵاتانی تری خۆرئاواو ترسی کودەتاو یارمەتی دانی دوژمنەکانی رژێم، هەرچەندە ئێستا ئەو مەترسیو هەڕەشەیە لە ئارادا نەماوەو بەڵکو پێچەوانەش بۆتەوە. (دیارە دوای جەنگی رزگارکردنی کوێت، هەڵوێست و موعادەلەکان بارودۆخێکی تریان وەرگرتووە – سەیری بەشی چوارەکە..)

بۆ تێندینسی رەگەزپەرستانەی دژ بەنەتەوەو کەمینەکان، لە سنور بەدەر لاتنگیرو دوژمنانەیە.. ئەوەتا لەسەر رێگەی ستراتیجی ئەمنە قەومیەکەی"گەلی زنج لە جنوبی سودان" و "ئەمازیغ"** لە سەرووی ئەفەریقا)و (ئەریتریەکان" و "خۆزستانی ئێران"و دەیان گەل و نەتەوەی تر، وڵاتانی وەك "صومال"و "جیبۆتی"و "جزر القمر".. تا بەشێکی گرنگ لە کوردستانیباکورو رۆژهەلات و رۆژئاوا لەگەڵ کوردستانی باشوردا بەبەشێ لە نیشتمانی عەرەب دادەنێن و لە دژیان نەخشەی تواندنەوە یا تەفرو توناکردنیان، لەناو بردن یان عەرەباندن، بەرکارخراوەو لەسەری دەڕۆن و چییان پێبکرێ بۆ گەیشتنە ئەو مەبەستە دەیکەن.تەقەللای تواندنەوەی کوردو بەعەرەبکردنی وڵاتەکەی، دیاردەیەکی کۆنەو رەگ و ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە جۆربەجۆرەکانی سەدەکانی ناونجی. لەسەردەمی دەوڵەتی ئەمەوییو عەبباسیدا بە ئاشکرا خواستی زاڵکردنی رەگەزی عەرەب و بە سووك سەیرکردنی عەجەم "غەیری عەرەب" و چەوساندنەوەی"مەوالی") و "أهل الذمة" رێبازی دەوڵەت بووە. وەك کاردانەوەیەکی رەوا، ئەو گەلانەش بە فارس و کوردو تورك و ئەفغان و هتد..کەوتنە چالاکیو دەرخستنی کەسایەتیی نەتەوەو تایبەتێتی رەگەزو شارستانێتی خۆیان، ئەم جموجۆڵو چالاکییە کە ناوی"الشعوبیە"ی لێنرا، بە توندی بەربەرەکانی کرا، لێپرسراوانی دەوڵەتی عەرەبە موسوڵمانەکان بە کاری دژ بە ئیسلامەتیو عەرەب لەقەڵەمیان دا. دەربارەی ئەم جولانەوەیە "صلاح الدین المنجد" ئەڵێ:

بنجی بیری"شعوبییەت" لەسەر بیری ئیسلامەتی رەسەن کە یەکسانییە بیناکراوە، یەکسانی لە نێوان ئەو رەگەزە جۆربەجۆرانەی کە بونەتە موسڵمان و تەعریب بون.... عەرەبەکان لە بیابانەوە دەرچوون، گەڕانەوە سەر رەوشتی جاهیلییەت، وە لایەنگیری تیرەگەری لەدەرونیاندا و رژاوە، ئەو لایەنگیریو شانازیکردنە بە رابردووەوە، بوە هۆی نەهامەتییەکەی زۆر لە مێژوی دوورو درێژماندا ... دوای ئەوەش لایەنگیریی لەدژینەوانەش کە بونەتە موسڵمان هاتە ئاراوە، ئیتر عەرەب بە چاوێکی سووك و خۆبە بەرز زان سەیری مەوالیو فارسەکانی دەکرد. کە سەردەمی حوکمی عەبباسیش دەستی پێکرد، عەرەب دەسەڵاتی سیاسیو سەربازی لەدەست دا.ئەوەش کارەساتە زۆر گەورەکە بوو.*

** کە عەرەبەکان بۆ سوککردنیان بە ( بەربەر) ناویان دەبەن.

---

* الدکتور صلاح الدین المنجد ـ الحرکات التقدمیه فی العراق حتی غزو التتار،بیروت، ١٩٦٢،ص٢٢،٢٣.

** بۆ تەقەللای بەعەرەبکردنی سەرەتا، سەیری بەشی یەکەم بکە.

دوای روخاندنی دەوڵەتی عەبباسی و گرتنی بەغدا لەلایەن هۆلاکۆوە (١٢٥٨) ناوچەکانی کوردستان وەك هەموو وڵاتانی تری رۆژهەلات، کەوتنە ژێر دەستی گەل و نەتەوەو تیرەو هۆزی جۆربەجۆرەوە .. گەلی کورد لەهەر ناوچەیەك بۆی بلوایە دەوڵەت و وقەوارەی سیاسی دادەمەزراند. ئیتر مێژوویەکی دوورو درێژی ململانێی خوێناوییو ئاژاوە لەناوچەکەدا دەستی پێکرد، بە تایبەتی دوای دامەزراندنی هەردوو دەوڵەتی عوسمانلیو سەفەوی.لەو سەردەمانەداو دوای سەرهەڵدانی ململانێ،ئیتر دیاردەی بەعەرەبکردن لەئارادا نەما، جگە لەوە عەرەب خۆشی کەوتە بەردەم شاڵاوی تواندنەوەوە. تا یەکەم جەنگی جیهان و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بە لکاندنی کوردستانی باشور بە میسۆپۆتامیاوە.

ئیتر دوای تێکشکانی دیاردەی بە عێراقیکردن، تێندینسی بە عەرەب کردن دەرکەوت و گەشەی پێکرا.** بەرامبەریشی جەماوەری خەڵکی بەهەموو توانایەکییەوە داکۆکی لەگەل و لە نیشتمانەکەی کردووە و بەردەوام لە خەباتێکی خوێناویی بێ وێنەدا بووە.

ئەگەر چاوێ بە جوگرافیای کوردستان و مێژووی پێکهاتەکەی دانیشتوانی دا بگێڕین، وا زۆر گۆڕان و شێواندن بەدی دەکرێ، نەخشەی کوردستانی باشورو باری دیموگرافیو لایەنی ئابوریو کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵو مەڕو ماڵات و باڵندەو باخ و بێستان و سەرچاوەی ئاوو بیرو کانیو ناوچە دێهاتییەکان..هتد هیچی لە جێگەی خۆی نەماوە ، ئومێدی ئەوەش نییە، ئەگەر رووداوەکان بەو جۆرە ترسناکە گوزەر بکەن، بەو شێوەیەی ئێستاش بمێنێتەوە .. بۆ سەلماندنی راستییەکان با زمانی ژمارەو ئامار باسی بارودۆخی کوردستان و رەفتاری بەعس و هەنگاوەکانی بکات.*

ئەو ناوچانە کە ناوی "ناوچەی حوکمی زاتی" لێنراوە،بە جۆری سنوردار کراوە کە هەرچی ناوچەی کێڵگەکانی نەوت و شوێنی گرنگ و ستراتیجییە، لێی دابڕێ و نەخشەی بەڕێوەبردن بشێوێنرێ و بە ئارەزوی خۆیان ئەو ناوچانە بەو پارێزگایانەوە ببەستنەوە کە گوایا گومانی لە بەعەرەب بون یا بە کورد نەبونی لێ ناکرێ . بۆیە "ناوچەی حوکمی زاتی" بە حیساب و بریاری رژێمی بەعس لە تەکتیکی ئەمڕۆیدا هەر ئەو شوێن و ناوچانەیە کە بەپێی یاسای رژێم خۆی، بەم شێوانەی خوارەوە دابەش کراوەو نەخشەی بەڕێوەبردنیشی بۆ دارێژراوە:

- پارێزگای دهۆك: ـ لە قەزاکانی ، دهۆك، ئامێدی، زاخۆ وە سمێڵ پێك هێنراوە ... پانتاییەکەی ٦،١٢٠ هەزار کیلۆمەتر دووجایە.
- پارێزگای هەولێر: ـ لە قەزاکانی: هەولێر ، مەخمور، کۆیە، رەواندوز، شەقڵاوە، چۆمان وە زێبار پێك هێنراوە، پانتاییەکەی (١٤٤٧١) کیلۆمەتر دووجایە.

---

* دیارە زوریەی ئەم ژمارەو ئامارو بەراوردانە، دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی نوسینی لێکۆلینەوەکە (١٩٨٨) کە دوای راپەڕین کارەساتە گەورەکان خرانەروو( سەیری بەشی سێیەم بکە).

• پارێزگای سلێمانی: ـ لەقەزاکانی: سلێمانی ، هەڵەبجە ، شارباژێر، پشدەر، رانیە، دوکان، دەربەندیخان، چەمچەماڵ وە کەلار پێکهێنراوە، پانتاییەکەی (١٥,٧٥٦) هەزار کیلۆمەتر دووجایە.

واتە کۆی پانتایی ئەو سێ پارێزگایەی"ناوچەی حوکمی زاتی" لێپێکهێنراوە (٣٦,٣٤٧) هەزار کیلۆمەتر دووجایە.

لەبەراورد کردنی ناوچەی حوکمی زاتی لەگەڵ زەوی و نەخشەی تەواوی کوردستانی عێراقدا، ئەم جیاوازیانە دەکەونە بەرچاو، یان رونتر ئەم ناوچەو شارانەی کوردستان لەلەشی کوردستان کراونەتەوەو خراونەتە سەر پارێزگای تر بەمەبەستی ئاسان کردنی پرۆسەی تەعریب و بەرگی یاسایی کردنە بەر ئەو گۆڕانە نایاساییو زۆرە ملێیانە ، بەو خەیاڵە ، کە چەند ساڵێکەو ئیتر هەم خەڵکی کورد، لە بیریان دەچێتەوەو هەم دەشبێتە " ئەمری واقیع" و ئیتر لە ژێر زەبری داگیرکردن و بەکارهێنانی ئاگرو ئاسندا ناتوانرێ هیچ بکرێ، جگە لەوەی کە ئەمەش دەبێتە زەمینەی تەواوکردنی نەخشە سەرجەمییەکە.

• پارێزگای کەرکوك:

مەرکەزی قەزای کەرکوك ـ ٥٤٢٩ هەزار کیلۆمەتر دووجایە

قەزای حەویجە ـ ٢٢٧٣ هەزار کیلۆمەتر دووجایە

قەزای دووبز ـ ١٦٨٩ هەزار کیلۆمەتر دووجایە

کۆی هەمووی ١٠,٣٩١ هەزار کیلۆمەتر دووجایە.

هەر هەموو پارێزگاکە دوای شێواندنیش، لە نەخشەی کوردستان و سنوری ئۆتۆنۆمییەکە دەرهێنراوە.

• ئەو شارو ناوچانەی لە کوردستان پچڕێنراون و خراونەتە سەر پارێزگای نەینەوا "موسڵ":

• قەزای حەمدانییە ـ ١,١٨٨ هەزار کیلۆمەتر دووجایە

• قەزای تلکێف ـ ١,٢٧٥ هەزار کیلۆمەتر دووجایە

• قەزای شنگار ـ ٣,١٩٠ هەزار کیلۆمەتر دووجایە

• قەزای تەلەعفەر ـ ٤,٣٠٧ هەزار کیلۆمەتر دووجایە

• قەزای شێخان ـ ١,٢٥٩ هەزار کیلۆمەتر دووجایە

• قەزای ئاکرێ ـ ٢٨٤٧ هەزار کیلۆمەتر دووجایە

• قەزای باشیکە ـ ٥٢٦ کیلۆمەتر دووجایە

• کۆی هەمووی ١٤٥٩٢ هەزار کیلۆمەتر دووجایە.

• ئەو شارو ناوچانەی خراونەتە سەر پارێزگای صلاح الدین:

قەزای دوبز ـ٤,١٠٩ هەزار کیلۆمەتر دووجایە.

که ناوەندی قەزاکەو ئامرلی، سلێمان بەگ ، ئەوجول وە قادر کەرەم دەگرێتەوە.

- ئەو شارو ناوچانە خراونەتە سەر پارێزگای دیالە:

قەزای خانەقین ( کە لەمەرکەزی قەزا، مەیدان ، قۆرەتو ، جەلەولا ،(قەرەخان) وە سعدیە (قزلرەباط) پێك هاتووە وە هەمووی ٣٩١٥ هەزار کیلۆمەتر دووجایە.

- قەزای مەندەلی: (ناوەندی قەزا، قازانیە، بەلەدروز) دەگرێتەوە.

وە هەمووی ٦,٥٨٦ هەزار کیلۆمەتر دووجایە.

- شارەبان: ٥٤٢ کیلۆمەتر دووجایە.

قەزای کفری: (ناوەندی قەزا، جەبارە ،سەرقەلا، کۆکز ، کۆك ، قەرەتەپە هەمووی:٨٨٤١ هەزار کیلۆمەتر دووجایە.

کۆی گشت ناوچەکە(١٣,٨٨٤) هەزار کیلۆمەتر دووجایە.

- ئەو شارو ناوچانەی خراونەتە سەر پارێزگای واسط "کوت":

بەدرە ، زرباطية ، وە چەصان کە کۆی پانتایی هەمووی (٣,٧٤٠) هەزار کیلۆمەتر دووجایە.

- ئەو شارو ناوچانەی خراونەتە سەر پارێزگای " عەمارە" کۆی پانتایی هەمووی (٢,٢٢٤) هەزار کیلۆمەتر دووجایە..*

کەوابوو کۆی پانتایی هەموو ئەو شارو شارۆچکەو دێهات و ناوچانەی لەلەش و نەخشەی کوردستان کراونەتەوە، بەمەبەستی ئاسایی‌و یاسایی کردنی تەعریب و کوێرکردنەوەی هەمو شوێنەوارێکی کۆن کە پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت (٤٩٤٥٠) هەزار کیلۆمەتر دووجایە.

کۆی پانتایی کوردستانی باشور پتر لە(٨٥,٧٩٧) هەزار کیلۆمەتر دووجایە.. مانای زیاتر لەنیوەی زەوی کورد لە رووی ئیدارییەوە بە یاساو فرمانی دەولەت، لەو ماوە کورتەی تەمەنی حوکمەکەیان، لە کوردستان پچڕێنراوەو خراوەتە ناو سنوری ئیداریی ئەو پارێزگایانەی کە گوایا بە کوردستان دانانرێن. واتە ٥٨٪ی پانتایی کوردستانی عێراق لەناوچەی حوکمی زاتی کراوەتەوە.

وە ئەگەر سەرنج بدرێ لە رێژەی ئەو زەوییانەی خراونەتە سەر ناوچەو پارێزگاکانی دەری ناوچەی حوکمی زاتی و لەگەڵ کۆی پانتایی هەریەکەیان بەراورد بکرێ وا بەم جۆرەی خوارەوە دەکەونە بەرچاو:**

---

* سەیری الجهاز المرکزی للاحصاء(الاحصائیه السنویه) بغداد ١٩٨٤وە

** چیا، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێ کوچکەی بەعسیان تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان١٩٨٧بکە.

| پانتایی زەوی کورد بە کم$^2$ لە پارێزگای | کۆی پانتایی هەموو پارێزگاکە | ڕێژەی زەوی کورد بەگوێرەی پانتایی پارێزگاکە | ڕێژەی بە گوێرەی پانتایی کوردستانی باشور |
|---|---|---|---|
| کەرکوک:١٠٣٩١ | ١٠٣٩١ | ١٠٠٪ | ١٢,٨٪ |
| نەینەوا:١٥١٩٢ | ٣٧٦٩٨ | ٤٠٪ | ١٧,٦٧٪ |
| صلاح الدین:٤٠١٩ | ٢٩٠٠٤ | ١٣,٨٦٪ | ٤,٦٧٪ |
| دیالە:١٣٨٨٤ | ١٩٢٩٢ | ٧١,٩٧٪ | ١٦,١٤٪ |
| واسط: ٣٧٤٠ | ١٧٣٠٨ | ٢١,٦١٪ | ٤,٣٥٪ |
| میسان: ٢٢٢٤٠ | ١٤١٠٣ | ١٥,٢٧٪ | ٢,٥٩٪ |

بۆ زیاتر چوونە ناو قوڵایی نەخشەی ڕژێمی بەعس لەو ئاڵوگۆڕو شێواندنە جوگرافیانەو تێکدانی پێکهاتەی دانیشتوانی پارێزگاو قەزاکان، سەیری باری بەڕێوەبردنی ناوچەی جوگرافی و پانتایی هەر پارێزگایەك لەدوو سەردەمی جیاوازدا بکەو بڕوانە جیاوازی نێوانیان لە چ ئاستێکدایە..

| پانتایی بەپێی ئاماری المجموعه الاحصائیه السنویه ـ ١٩٨٤ بە کم$^2$ | پانتایی بەپێی ئاماری مدیریه المساحه العامەی عێراق پێش تەموزی ١٩٥٨ بە کم$^2$ | پانتایی بەپێی ئاماری سیر ئانست دارستی ئینگلیز پێش تەموزی ١٩٥٨ بە کم ٢ |
|---|---|---|
| کەرکوك:١٠٣٩١ | ٢٠٨٠٠ | ١٩٨٩٠ |
| نەینەوا:٢٧٦٩٨ | ٤٥٨٠٠ | ٥٠٤٧٨ |
| هەولێر:١٤٤٧١ | ١٦٤٨٤ | ١٦٦٠٠ |
| سلێمانی :١٥٧٥٦ | ٩٣٧٣ | ٩٥٠٠ |
| دهۆك:٦١٢٠ | لەسەر موسڵ بووە | لەسەر موسڵ بووە |
| دیالە:١٩٢٩٢ | ١٥٩٣٨ | ١٦٢٠٠ |

قەزاکانی هەر پارێزگا ـ لیوا ـ یەك لەو دوو سەردەمەدا:

| پێش چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ | | لەساڵی ١٩٨٤ |
|---|---|---|
| نەینەوا ـ موسڵ | قەزای موسڵ | قەزای نەینەوا |
| | قەزای شێخان | قەزای شرقاط |
| | قەزای دهۆك | قەزای حەمدانییە |
| | قەزای عەمادییە | قەزای تلکێف |
| | قەزای زاخۆ | قەزای سنجار |
| | قەزای تەلەعفەر | قەزای تەلەعفەر |
| | قەزای سنجار | قەزای شێخان |
| | قەزای عەقرە | قەزای حضر |
| | | قەزای بعاج |
| | | قەزای عەقرە |
| | نەبووە | قەزای تکریت |
| | | قەزای سامەرا |
| | | قەزای ئەلبەلەد |
| | | قەزای بێجی |
| | | قەزای الدور |
| کەرکوك ـ تەئمیم | قەزای کەرکوك | قەزای کەرکوك |
| | قەزای کفری | قەزای حەویجە |
| | قەزای طاووق | قەزای دبس |
| | قەزای چەمچەماڵ | |
| دهۆك | نەبووە | قەزای دهۆك |
| | | قەزای عەممادیە |
| | | قەزای زاخۆ |
| | | قەزای سمیل |
| هەولێر | مەرکەزی هەولێر | قەزای هەولێر |
| | قەزای مەخمور | قەزای مەخمور |
| | قەزای کۆیسنجق | قەزای کۆیسنجق |

| | | |
|---|---|---|
| | قەزای رەواندز | قەزای الصدیق |
| | قەزای رانیە | قەزای زێبار |
| | قەزای زێبار | قەزای شەقڵاوە |
| | | قەزای چۆمان |
| سلێمانی | قەزای سلێمانی | قەزای سلێمانی |
| | قەزای هەڵەبجە | قەزای هەڵەبجە |
| | قەزای شارباژێر | قەزای پێنجوین |
| | قەزای پشدەر | قەزای شارباژێر |
| | | قەزای پشدەر |
| | | قەزای رانیە |
| | | قەزای دوکان |
| | | قەزای دەربەندیخان |
| | | قەزای چەمچەماڵ |
| | | قەزای کەلار |
| دیالە | مەرکەزی بەعقوبە | قەزای بەعقوبە |
| | قەزای مەندەلی | قەزای میقدادیە |
| | قەزای خانەقین | قەزای خالص |
| | قەزای خالص | قەزای خانەقین |
| | | قەزای مەندەلی |
| | | قەزای کفری* |

* بۆ زانیاری زیاتر:

– بۆ دەرخستنی گۆڕانەکانی دیموگرافی کە بەهۆی شۆڕشی کوردستان و جەنگی عێراق ـ ئێران کراوە، سەیری نەخشەکانی پاشکۆی دووەم بکە.

– بۆ بەراوردکردنێکی خێرای ئەو ئامارو ژمارانەش، سەیری ژمارەی دانیشتوانی کورد لەهەر پارچەیەکی کوردستان و کۆی هەمرو ژمارەکە بکە لەلاپەڕەکانی ئاییندەو لە پاشکۆی ژمارە (٢)دا.

– زیاتر لەو گۆڕان و شێواندنانەش وە لەسەر رێبازی تواندنەوە و لەناوبردن، جیزبی بەعسی عێراق، ئێزدییەکان، هەمرو مەسیحییەکانی کوردستان جگە لە ئەرمەن، کاکەییەکانی ناوچەی کەرکوك، عەشیرەتەکانی : کیکان،

لەگەڵ ئەو گۆڕانانەشدا لەسەر زەوی، گۆڕینی توخم و رەگەزەکان و کردنیان بەعەرەب بەردەوام بووە.

یەکەم ناوچەی کوردستان کە بەر هێرشی گۆڕینی باری دیموگرافی هەوت، بەمەبەستی بەعەرەبکردن، پارێزگای کەرکوك بوو.

بۆ بەرچاوخستنی ئەنجامی ئەم سیاسەتە لەیەکەم دە ساڵی حوکمی رژێمی بەعسدا، سەیری ئەم پۆلێن و دابەشبونەی دانیشتوانی شارو لیوا(پارێزگا) کە بکە.*

خشتەی دابەشبونی دانیشتوان بەپێی زمان – لە لیوای کەرکوکدا بەپێی ئاماری رەسمی ساڵی ١٩٥٧

| زمان | شاری کەرکوك | لیوای کەرکوك | کۆی هەموو لیوای کەرکوك |
|---|---|---|---|
| عەرەب | ٢٧١٢٧ | ٨٢٤٩٣ | ١٠٩٦٢٠ |
| کورد | ٤٠٠٤٧ | ١٤٧٥٤٦ | ١٨٧٥٩٣ |
| تورکمان | ٤٥٣٠٦ | ٣٨٠٦٥ | ٨٣٣٧١ |
| کلدان و سریانی | ١٥٠٩ | ٩٦ | ١٦٠٥ |

گەرگەری، شەبەك، کیژ، پالانی،ساڵەیی، شێخ بزەینی وە هەموو شێخ و سەیدەکانی کوردستانی لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧دا بەعەرەب، نوسیوە.

بۆ بەراورد کردنی ئاماری ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لەگەڵ عەرەبی سوننەو شیعەی عێراقدا، ئینجا مەزەنەکردنی تاقمی حوکمدار کە عەرەبی سوننە مەزەبن، پێویستە ئەوە بزانرێ کە دانیشتوانی عێراق بەم جۆرە دابەش بون:

لە ٪٥١ شیعە بەعەرەب و کوردەوە.

٪٢٥ کورد

٪٢٠ عەرەبی سوننە

٪٤ کەمینە نەتەوایەتییەکان.

– بەپێی دوا سەرژمێر (١٩٧٧) لە عێراقدا دانیشتوانی نزیکەی (١٦) ملیۆن کەسە.

بۆ زانیاریی زیاتر سەیری:

– دائره المعارف الاسلامیه.

– المجموعه الاحصائیه السنویه.

– چیا، سەرچاوەی ناوبراو کە گەڵ زانیاریی لە فواد حمه خورشید، ترجمه "العشائر الکردیه"، مطبعة الحوادث ،بغداد، ١٩٧٩ ـەوە وەرگرتووە...بکە.

* بروانە :الدکتور نوری الطالبانی، منطقة کرکوك و محاولات تغیر واقعها القومی، لندن ١٩٩٥، ص ٢٠و٢١

بەپێی ئاماری ئەو ساڵەو ساڵی ١٩٧٧ رادەی گۆڕانەکانی پارێزگای کەرکوک بەم جۆرەیە

| زمان | ئاماری ساڵی ١٩٥٧ | ئاماری ساڵی ١٩٧٧ |
|---|---|---|
| کورد | ٤٨,٣٪ | ٣٧,٥٣٪ |
| عەرەب | ٣٨,٢٪ | ٤٤,٤١٪ |
| تورکمان | ٣١,٤٪ | ١٦,٣١٪ |

وە بۆ ئەوەی مەزەنەیەکی گشتیی لەسەر رێژەی ژمارەی دانیشتوان و ئاستیی گۆڕانکارییەکان لەبەر چاو بێت با سەرنجێکی ئەم خشتەیەی خوارەوە بدەین کە تەنها لەسەر ویلایەتی موسڵە:*

ولاية الموصل

| | التقويم الرسمي لولاية الموصل | أحصاء النفوس التركية الذي قدم في لوزان | تقدير الضباط البريطانيين لسنة (١٩١٩) | تقدير الضباط البريطانيين لسنة(١٩٢١) | أحصاء النفوس العراقية الأخير لسنة (١٩٢٢-١٩٢٤) |
|---|---|---|---|---|---|
| الأكراد | —— | ٢٦٣,٨٣٠ | | ٤٢٤,٧٢٠ | ٤٩٤,٠٠٧ |
| العرب | —— | ٤٢,٢١٠ | بني هذا التقدير على أساس الدين وليس على أساس القومية | ١٨٥,٧٦٣ | ١٦٦,٩٤١ |
| الأتراك | —— | ١٤٦,٩٦٠ | | ٦٥,٨٩٥ | ٣٨,٦٥٢ |
| المسيحيون | —— | ٣١,٠٠٠ | | ٦٢,٢٢٥ | ٦١,٣٣٦ |
| اليهود | —— | | | ١٦,٨٦٥ | ١١,٨٩٧ |
| اليزيديون | —— | ١٨,٠٠٠ | | ٣٠,٠٠٠ | ٣٦,٢٥٧ |
| السكان المستقرون | —— | ٥٠٢,٠٠٠ | | —— | —— |
| الرحل | —— | ١٧٠,٠٠٠ | | —— | —— |
| المجموع | ٨٢٨,٠٠٠ | ٦٧٢,٠٠٠ | ٧٠٣,٢٧٨ | ٧٨٥,٤٩٨ | ٧٩٩,٩٩٠ |

* الدكتور فاضل حسين، مشكلة الموصل، طبعة بغداد ١٩٥٥، ص ٨٢

## لواء الموصل*

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| الأكراد | —— | ١٠٤,٠٠٠ | | ١٤٩,٨٢٠ | ٨٧,٩٠٠ |
| العرب | —— | ٢٨,٠٠٠ | بني هذا التقدير | ١٧٠,٦٦٢ | ١١٩,٥٣٧ |
| الأتراك | —— | ٣٥,٠٠٠ | على أساس الدين | ١٤,٨٩٥ | ٩,٧٥٧ |
| المسيحيون | —— | ٣١,٠٠٠ | وليس على اساس القومية | ٥٧,٤٢٥ | ٥٤,٩٣٤ |
| اليهود | —— | | | ٩,٦٦٥ | ٣,٥٧٩ |
| اليزيديون | —— | ١٨,٠٠٠ | | ٣٠,٠٠٠ | ٢٠,٢٥٧ |
| السكان المستقرون | —— | ٢١٦,٠٠٠ | | —— | —— |
| الرحل | —— | ؟ | | —— | —— |
| المجموع | —— | ؟ | ٣٥٠,٣٧٨ | ٤٣٢,٤٦٨ | ٢٩٥,٩٦٤ |

زیاتر لەوانە، وە بۆ تەواوكردنی نەخشەی عەرەباندنی كوردستان و توانەوە و تەفروتوناكردنی كوردو كەمینە نەتەوایەتییەكانی كوردستان، وە لەناو جەنگی لەناوبردندا درندانەترین هێرش و پەلامارو رەفتاری رەگەزپەرستانە لە دژی خەڵكی كورد دەكرێ، دێهات خاپورو شارو شارۆچكە تەخت كردن، بە كۆمەڵ خەڵك كوشتن بە گازی كیمیاوی، گوللەباران و لەسێدارەدان، زیندانی و ئاوارەو پەرەوازەو راگوێزانیسەدان هەزار كەس، گوشار خستنە سەر خەڵك بۆ گواستنەوەی خۆیان و جێگەی نیشتەجێیان، بۆ گۆرینی رەگەزیان، ناونوس نەكردنی پێشمەرگەو دانیشتوانی ناوچە رزگاركراوەكان و پەناهەندەو خەڵكی دەربەدەر، گۆرینی ناوی ناوچەو شارو شارۆچكەو دێهاتی ناوچە گرنگ و ستراتیجیو دەوڵەمەندەكان بە نەوت ، زمانی عەرەبی سەپاندن، كورد وەرنەگرتن لە زانستگاو دامەزراوەكان ئەگەر نەبن بەبەعسی. .هتد

لەناو ئەو نەخشەیەی بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی دانراوەو بەرێوەبەرایەتی پارێزگاكانی تیا دەرخراوە، ئەگەر سەرحسابی دانیشتوان بكرێ وا بەپێی سەرژمێرە رەسمییەكان، ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە دوو ملیۆن تێپەر ناكات، كە بەوەش بەعس دەیەوێ بیسەلمێنی كە كورد لە دوو ملیۆن كەمترە.. ئەمەش لەگەڵ تەسك كردنەوەی سنوری كوردستان، دوو مەبەستی گەورەی

* أحصاء نفوس الوية أربيل و كركوك و السليمانية ناقص لأن التقسيمات الأدارية في العهد التركي لا تنطبق مع التقسيمات الأدارية للحكومة العراقية.

ئەو حیزبەیە لە دامەزراندنی "حوکمی زاتی"و دەزگاکانی، بەو پێیەی کە ئەوە هەنگاوێکی گەورەیە لەسەر ڕێبازی جێبەجێکردنی نەخشەی تەعریب. بەڵام ئەگەر هەر بەپێی سەرژمێرە رەسمییەکان بکەوینە سەر حسابی ژمارەی کورد لە کوردستاندا وا لە چوار ملیۆن کەس تێپەڕ دەکات، ئەگەر کوردی بەغداو ناوچەکانی تری عێراقیشی لەگەڵ ژمێرە بکەین وا ژمارەکە زۆر لەوە زیاتر دەبێ.*

لەگەڵ ئەوەشدا ڕژێمی حیزبی بەعس، بۆ جێبەجێکردنی نەخشە ستراتیجییەکەی و بۆ چاوبەستنی خەڵکی ناهوشیارو رای گشتی ناوچەکەو جیهان، بۆ بەرین کردنی بەرەی خۆفرۆشان و هاندان بۆ بە بەعسی کردن لەرێگەی کارو فرمان و کورسی بەخشینەوە. بۆ ئەوانە ئەو "حوکمە زاتیە"ی بە کورد خەڵات کردووە، دەنا نەك هەر ناوەڕۆك پووچ و ساختەیە، بەڵکو شێوەی دارشتنی دام و دەزگاکانی لە ئیشی رۆژانەشدا بۆتە کۆسپی رێگەی کارو فەرمان و داوا راپەڕاندن ، سەرەڕای ئەوە کە لە خزمەتی نەخشەکەشیدایە. بە تایبەتی ناوەڕۆکردنی شەڕی کورد – رژێم بە شەڕی کورد – کورد.

مەترسی و هەڕەشەی ڕژێمی بەعسی عێراق تەنها لەسەر کوردستانی باشور نییە بەڵکو کوردستانی رۆژهەلات و باکوریشی گرتۆتەوە. برگەی حەوت لەبەرنامەی ئەو حیزبە کە لە کۆنگرەی دامەزراندنیدا پەسەند کرا بەم جۆرە سنوری نیشتمانی عەرەبی دەست نیشان کردووە:

"نیشتمانی عەرەب .. لە نێوان چیاکانی تۆرۆس و چیاکانی پشتکۆ و کەنداوی عەرەب و چیاکانی حەبەشەو بیابانی گەورەو ئۆقیانوسی ئەتلەنتیك و دەریای سپی ناوەڕاست درێژ دەبێتەوە".**

زۆر ناوچەو شارو شارۆچکەی ئەو دوو بەشەی کوردستان بەمولکی عەرەب و بەبەشێك لە نیشتمانەکەی دادەنێ. لەکتێبی "الصراع العراقی الفارسی" –١٩٨٣– دا بەپێی تیۆری کۆنەپەرستانەو باو نەماوی "زەمینە ی مێژوویی" ئەم شارو ناوچانەی کوردستانی خۆرهەلات بە مولکی عێراق ـ واتە بە مولکی نەتەوەی عەرەب دانراوە:

شنۆ ، لاهیجان ،بانە، مەریوان، هەورامان، نەوسود، پاوە، ناوچەی دەرەتەنگ، ناوچەی درنە، گیلان، کرند، سەرپیلی زەهاو، قەسری شیرین، سومار، مهران، طیب..*** لە کوردستانی باکووردا دیاریەکری پایتەختی ئەو بەشەی کوردستان و دەیان شارو شارۆچکەو ناوچەی درێژبووەوە تا

---

* بۆ زیاتر وردبونەوە لە ژمارەی دانیشتوان و بەراوردی پانتایی سەیری: المجموعه الاحصائیه السنویه، وە ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێ کوچکەی بە عسیان تەرحیل ، تەعریب ، تەبعیس، بکە.

** عبدالرزاق الحسنی، تاریخ الاحزاب السیاسیه العراقیه، بیروت، ١٩٨٣، ص٢٠٥.

*** الشراره ، العدد٢،السنه١٢ـ ١٩٨٨ الجریده المرکزیه للاتحاد الوطنی الکردستانی.

سنوری سوریاو ئینجا هەموو ناوچەکانی ئەو بەشەی کوردستان لە سوریادا، دەبەستنەوە ناوچەی خوارووی تورکیا تا ئەسکەندەرونە، وەسەرجەم ئەوانە بە درێژیووەوەی سروشتی و جوگرافیی نیشتمانی عەرەب دادەنێن.

پێش ئەوەی رژێمی بەعس دەست بکاتە جێبەجێکردنی نەخشەی ستراتیجی ئەمنی قەومی و دژایەتی کردنی نەتەوەی کورد. لەناو دانانی نەخشەو لەگەڵ جێبەجێکردنیدا، کۆنەپەرستانی ناو تەییاری نەتەوەپەرستانی عەرەب، تیۆری هەمەچیزەیان لەمەڕ ئەو تیندینسە داناوەو تەقەللای جۆریەجۆریان داوە تا لەرووی یاسایی و مێژوویی و جوگرافی و مرۆڤییەوە بیسەلمێنن کە بۆ عەرەب هەیەو مافێکی رەوای خۆشێتی کە گەل ونەتەوەی تر بتوێنێتەوە، پەرەوازەیان بکات و لەناویان بەرێ... بۆ ئەم دیدو بۆچونەش بەڵگەو بیانوو بێش و نالۆجیکی دەهێننەوە، بە تایبەتی لەم سەردەمەدا فەیلەسوفی ساختەبازو شابەری وا پەیا بووە، کە زانست و راستییە مێژوویییەکان لنگەو قوچ دەکەن و دنیا بەئاوەژوویی پیشانی خەڵك دەدەن.

سەرنج بدەن ئیدیۆلۆگ و فەیلەسوفەکانی "معهد الدراسات القوميه والاشتراكيه"چی جۆرە زەمرێك هەڵدەهێننەوەو چی دەڵێن: " عەرەب ئەو کەسەیە کە عەرەبی زمان بێو لەسەر ئەرزی عەرەب ژیابێو یا بیەوێ لەسەری بژی... ئەمەش رێگە بەرین دەکات بۆ قبووڵ تێکەڵکردنی کەمینە نەتەوە گچکەکان لەناو نەتەوەی عەرەبدا ،بەڵام ئەو نەتەوانەی کە قورسایی و سەنگی دانیشتوانیان هەیە وەك نەتەوەی کورد.. دەبێ تایبەتیيە نەتەوایەتییە ناوچەییەکانی قبووڵ بکرێ ..لەهەمان کاتدا ئەوەش هەڵەیە کە بەنەتەوەی جیاواز لەنەتەوەی عەرەب دابنرێ، بەهەمان جیاوازیی وەك نەتەوەی فارس یان هیندی...چونکە ئەو نەتەوانە، وەك نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو پەیوەندییەکانی بەنەتەوەی عەرەبەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو هەر لەپەیدابوونییەوە لەسەر نیشتمانی عەرەب دەژی " وەئەو زەوییەی ئەو نەتەوانە لەسەری دەژین بە درێژایی هەزاران ساڵ بەشێك بون لەدەوڵەتی عەرەب." ئینجا لە دواییشدا دەڵێ: " هەریەی ئەو زەوییانەی ئەو کەمینانە لەسەری دەژین لەسەر بنچینەی زەوت کردن و داپلۆسین و ئیستعمار نەبووە، چونکە هەر لەمێژەوە ئەوانە بەشێکی زیندووی نەتەوەی عەرەب بون... وەهەر تیندینسێکی جیاخوازیی، ئیتر شێوەو ناوەرۆك و پلەو ئامادجی هەر شتێ بێ، لادانەو پێچەوانەی واقیع و مێژووەو زیانە بۆ نەتەوەی عەرەب و بۆ ئەو کەمینانەش"* بڕوانن ، ناوبراو لە ناو قسەی نالۆجیك ودژ بە زانستی

---

* الدكتور هادى محمد خلف - افاق عربيه - العدد - ٣ - ايلول ١٩٨٥ ص١١١ ناو براو ئەو دیدو بۆچونانەی لە بڕیارەکانی شانزەهەمین کۆنگرەی حیزبی بەعس لە عێراقدا وەرگرتووە.

کۆمەڵایەتیو سیاسیو مێژوویی، دژ بە واقیعی پێکهاتەی نەتەوایەتیو هەل و مەرج و بنەماکانی ، چۆن وێڵی دیدی رەگەز پەرستیدەبخاتە هەڵەی یەك لەدوای یەکەوە ..وێڕای ئەوەی ئەگەر ئەمڕۆ نەتەوەیەك کە ئەوانە بەبەشێکی زیندووی نەتەوەی عەرەبی دادەنێن، لە ماف و ئەرك و لەبەردەم یاسادا وەك عەرەب سەیر نەکرێ، کە داوای مافی خۆشی بکات بە ئاگرو ئاسن وەڵام بدرێتەوە، هەوڵی لەناوبردنی بدەن، ئیتر تێمان ناگەیەنن مرۆڤ پەروەریو راستی و برایەتی و رەوایی قسەو بۆچون و هەڵوێستی راستی ئەوانە لە چیدایە. تەنانەت لە بەعەرەب دانانیشدا مافی ژیانی ئاسایی پێ رەوا نابینن. رەگەز پەرستانی ناو جوڵانەوەی نەتەوایەتی عەرەب (١٢) ملیۆن کیلۆمەتر دووجای زەوی نیشتمانە گەورەکەیان بەکەم دەزانن و پێی رازی نابن .."پانتایی نیشتمانی گەورەی عەرەب تا ئێستا کەمترە لەوەی کە پێویستە ببێ.."* بۆیە تەنانەت رەخنەو گلەیی ناراستەی سەرکردەکانی سیازدە ـ چواردە سەدە لەمەویەریش دەکەن، سەبارەت بەوەی کە نەیانتوانیوە هەموو وڵاتانی داگیرکراو بعەرەبێنن و هەموو گەل و نەتەوەکان بتوێننەوەو شوێنەواریان نەهێڵن و بەو دەردەیان بەرن کە ئەوانە دەیانەوێو بەو شێوەو رێبازەی گەرەکیانە.
"تەعریب بەدیدێ ئێمە مانایخوێنی عەرەب جمانە بۆ خەڵکی تر تا پێکهاتەی پەیوەندی خوێن دروست ببێ،مانای بڵاوکردنەوەی زمان و بنەمای کەلتورو کەلەپوری هاویەشە. دروستکردنی سۆزی بەرامبەر یەکی ناو خەڵکە.. هەست کردنە بەپەیوەندیی بەهێز ئەمەش بەرەوقەوارەی نەتەوایەتی کامڵ و تێکسمراو رایان دەکێشێ.. دیسان تەعریب مانای بڵاوکردنەوەی گەورەترین بڕی هاورەگەزییە لەنێوان ئەوانەی لەناو بینای مرۆڤیی نەتەوەی عەرەبدان وەك ئەنجامێکی راستەوخۆو حەتمی بەردەوامیی کۆچڕەوی هۆزەکانی عەرەب .دەتوانرێ بگوترێ کە نەبونی سیاسەتێکی نەخشەکێشراوی جیدی بۆ تواندنەوە ، بە جۆری کە شوێنەواری هەموو دیمەنێکی ناعەرەبی بسڕێتەوە و نەیهێڵێ ، بووە هۆی مانەوەی ئەو زەوییانە بە نیشتمانی کەمینەیەکی نەتەوایەتی گەورە کە رووخساری کولتورو زمانی تایبەتی بەریەری خۆی بپارێزێ .. وە ئەو ناوچەو هەرێمانە کە رۆڵی ترسناکیشیان لە ژیانی سیاسیدا بینیوە ،وەکو وڵاتی فارس کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر نفوزو دەسەڵاتی دەوڵەتی مەزنی عەرەبی ئیسلامیدا بووە بەڵام هیچ کەرەکتارێکی عەرەبی تیا جێگیر نەبو، کاتێکیش لەلەشی دەوڵەتەکە جیاکرایەوە هیچ دیمەن و دیاردەیەکی نەتەوایەتی خۆی لەدەست نەدابوو .."** بۆ جێگیرکردنی ئەو بۆچونە چەوت و نالۆجیکانە، ناوبراو هەندێ راستیشی خستۆتە پێش چاو بێ ئەوەی خۆشی هەست بکات ئەو راستییانە سەرجەم دیدو بۆچونەکانی خۆی بەدرۆ دەخەنەوە.. ناوبراو دەڵێ: ئاشکرایە کە وڵاتی کورد بەبڕیاری کۆمەڵی گەلان لە ساڵی

---

* د. صلاح الدين الشامی .دراسات في الجغرافيه السياسيه، القاهره،١٩٨٢،ص٣٢٩ .

** صلاح الدين الشامي. هەمان سەرچاوە، ل٣٣١ـ٣٢٩.

١٩٢٥ دا بەعێراقەوە بەسترایەوە وە بەریتانیای خاوەن ماندات بەرپرسیاری ئەو بڕیارە بوو. تورکیاش ئەو بڕیارەی لە ساڵی ١٩٢٦دا مۆرکرد، وەکوردەکان بەو بڕیارە ناڕازی بون، بۆیە شۆڕش لەدوای شۆڕش بەرپا کرا بۆ دەربڕینی نا ڕەزاییو مل کەچ نەکردن، ئیتر ئاگردانی سووربونی کورد لەمەودای میوای پاراستنی قەوارەی نەتەوایەتی سەربەخۆ هەرگیز نەکوژاوەتەوە ...دیاردەیەکی ئاساییشە کە کێشەی کورد لەناو ئەو سنورە سیاسییەدا هەر کاتەنەکاتێ ئاڵۆز ببێ، چونکە ئەو سنورە سیاسییە رەسم کراوە کوردی لە یەکێتی و لە مافی خۆپارێزگار کردن بێ بەش کردووە، بەجۆرێ کە هەمیشە هەست دەکەن کە نەتەوەکەیان ماف و بەش خوراوەو وڵاتەکەیان پارچەپارچەکراوەو مافی سەروەریی نەتەوایەتییان بەسەر نیشتمانی خۆیاندا نەماوە.. ئینجا نووسەر دێتەوە سەر قسەی نابەجێی ئەوتۆ کە تەواو پێچەوانەی ئەوانە بن ...تا دەگاتە هەڵهێنجانی سەرەنجامی مەبەست لێیان و دەڵێ: لەدیدی بابەتییەوە دروستکردنی دەوڵەتێکی کورد کە هەموو نیشتمانی کورد بگرێتەوە و هەموو بەشەکانی کورد پێکەوە گرێ بداتەوە ،وە ئەگەر گریمان توانای هەبونی ئەو دەوڵەتە لەئارادا بێ..وا ئەو کاتە ساوایەکی چواردەور بەهەرەشە گیراو دەبێو جوڵەی ئاسان نابێ، سەبارەت بەوە کە دەوڵەتێکی کیشوەری داخراو دەبێ و ناتوانێ بگاتە سەر دەریاو هاوبەشیی بازرگانی جیهان بکات، وێڕای ئەوەی ئەو کێشانەی کورد لەو کاتەدا دەیانخاتە روو ، بەشێوەیەکی تر دەبن ..ئەمەش ئەو باوەڕە دەهێنێتەوە گۆڕێ کە دەبێ کورد لەناو سنوری ئەو سەردەمەی ئەو دەوڵەتانەی کە یەکێتی نەتەوایەتی کورد لەناویاندا پرش و بڵاوکراوەو لەهەریەکەیان دا لە بارێکی وا دابێ کە گەورەترین بڕی سازدان لەگەڵ هاوبەرژەوەندو چارەنوسدا بخولقێنرێ، چونکە هەر چارەسەرێك بۆ ئەو کێشەیە، دەبێ رەزامەندیی ئەو سێ نەتەوەیەی لەگەڵیاندا دەژی لەسەر بێ .* لەوە دەچێ ناوبراو لە جوگرافیای وڵات و دەوڵەتانی جیهان بێئاگابێ کە چەندین دەوڵەتی سەربەخۆ، کیشوەریو بێ دەربازگەی دەریایە: وەك ئەفغانستان، نیپال، تشاد، نیجر، مالی، پارەگوای، بۆلیڤیا..و گەلێکی تر بە تایبەتی دوای روخانی یەکێتی سۆڤیەت و پارچەپارچەبونی یۆگۆسلاڤیاو چیکۆسلۆڤاکیا.

وەنەبێ نەخشەی رەگەزپەرستانی عەرەب لەئەنجامی شۆڕش و راپەڕینی ئەم سەردەمەی نەتەوەی کورددا هێنرابێتە ئاراوە .. بەڵکو لەبەرنامەو پرۆگرام و نەخشەو بیریاندایە، لەسەر ئەو نیشتمانەی خۆیان کە سنوری خەیاڵییان بۆ داناوە، لەرەگەزی عەرەب بەولاوە هیچ نەتەوەو گەل و کەمینەیەکی نەتەوایەتی تیا نەمێنێ .."هەرچی جۆنێك بێ کەمینەی نەتەوایەتی، چوارچێوەی نەتەوە دەیگرێتەوە، بەلام هیچ هەستێکی ئینتیمای بۆ ئەو نییە ، بەڵکە بەهەموو ویژدان و

* هەمان سەرچاوە.ل ٢٧١-٢٧٤

هەستییەوە لەگەڵ قەوارەی نەتەوایەتی خۆیدایەو بەسۆزەوە لەگەڵیدایەو ئینتیمای تەواوی بۆی هەیە..بۆ نمونە کوردی عێراق کە بێ گومان بەشێکن لەقەوارەی مرۆڤی ئەو یەکە سیاسییە، بەڵام لەناو ئەو هەست و نەستە بەردەوامەدا دەژین کە ئینتیمای بۆ نەتەوەی عەرەب نییە،بەڵکو ئەوانەلایان وایە راستیی ئەو ناکۆکییە توندو تیژەی نێوان ئەو نەتەوەیەو نەتەوەی کوردی هاوئینتیماو شانازیکەر دووبارە دەکەنەوە.."

نوسەر لەسەرەنجامی پوختەی بیروبۆچونیدا دەڵێ: ئەم کەمینەیە خەتەرترین جۆری کەمینەکانە ، چونکە رەگەز خەتەری بەردەوامە لەسەر ناوەرۆکی پەیوەندیی بەشەکانی قەوارەی مرۆڤی یەکگرتوو لە یەکێتییەکی سیاسیدا، وە ئەم جۆرە کەمینە رەسیوانەی ناو چوارچێوەی نەتەوە ، بە خۆدابڕین لە بینا مرۆڤییەکەی بە جیابونەوە لەدەوڵەت کەمتر رازی نابن*

بۆیە ئەوانە کورد دەکەن بە کەمینەی نەتەوایەتی، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە نیشتمانی خۆی نییە یا لەدەستی داوەو ناتوانێ یەکی بخاتەوە، بەشێك نییە لەنەتەوەیەکی گەورەتر، دوای ئەوە بەخەتەرو پڕ مەترسی دادەنێن تا داوای تواندنەوەی بکەن. ئەوانە دیدی کۆنەپەرستانی عەرەبە بەرامبەر هەموو ئەو نەتەوانەی بەپیلان و نەخشەی ئیمپریالیزم خراونەتە سەر ئەم وڵات و ئەو وڵاتی عەرەب . سەیرتریش لەوەدایە ئەوەش ناو دەنێن "قەومییەی ئینسانی بەخشندەو دۆست،و دژ بە داگیرکردن و رەگەزپەرستی" کە لەراستیدا لە هەموویدا پێچەوانەن و هەر فریان بەسەر ئەو وەسفانەوە نییەو بگرە ئەم رەگەزپەرستانە "نازیزمێکی "نوێ و بێوێنەو رەگەزپەرستانەتریان هێناوەتە ئاراوە.

ئا بەو جۆرە جەوهەرو ناوەرۆکی برایەتی و مرۆڤ پەروەری و ماف پێدان و باری سەرنجی زانستییانەی چینە کۆنەپەرستەکانی عەرەب بەرامبەر بە کوردو هەموو ئەو نەتەوەو کەمینانەی کە رۆژگار ئەوقی ئەوانەی کردوون ، دەردەکەوێ.
الدکتور صباح محمود دەڵێ:
"ئەدەبیاتی ئەمنی قەومیو جوغرافیای سیاسی دیارد بۆ ئەوە دەکەن کە تیکسمراویی نەتەوایەتی دانیشتوانی دەوڵەت ، لەرەگەزە بنچینییەکانی بەهێزییەتی، نیشتمانی عەرەبیش کەمینەی نەتەوایەتی تێدایە، بە شێوەیەکی سەرەکیش کەمینەی کوردو کەمینەی زنج. لەو وڵاتانەی ئەو کەمینە نەتەوایەتیانەیان تێدایە ، ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و شعوبییەکان هەوڵیان داوە

---

* هەمان سەرچاوە ل١٠٨٩.

کە زەوی لە نیشتمانی عەرەب جیا بکەنەوە ، تا وەك کارتی گوشار لە دژی حکومەتە نیشتمانییەکان بەکاریان بهێنن...کەمینەی کورد لەعێراقدا لە سەرەتای چلەکانەوە بەکارهێنراوە ، بەرژەوەندی و دیدە هەمەچەشنەکان لەماوە سیاسییە جۆریەجۆرەکاندا بۆ شەق و پەق کردنی یەکێتی ئەرزی عێراق و لێدانی باڵی رۆژهەلاتی نیشتمانی نەتەوەی عەرەب، بۆ نزیك بونەوە لە خلیجی عەرەب، لەلای سەرەوەپەرەیان پێداوە ...سەرکردایەتیە راستڕەوە کۆنەپەرستەکەی ، لەنێوان یەکێتی سۆڤیەت وچیکۆسلۆفاکیاو ئەڵەمانیای رۆژئاوا و ئەمریکادا بەپێی پەیوەندیی رژێمەکە بەو دەوڵەتانەوە، لە جموجۆڵدا بووە، کاتێ تاقمە دژە کۆنەپەرستەکان دەستیان بەسەر حوکمدا بگرتایە وا رێبازی جیاخوازی لەجولانەوەی کورددا بەهێز دەکرا..*

هەرچەندە بۆ گەلی بێ پشت و پەنای کورد ، کە نەرۆژهەلات و نە رۆژئاوا ئاوڕی لێ ناداتەوە، ئەو مامەڵەیە رەوایەو باری جیۆپۆلیتیکی کوردستانیش سەپاندوێتی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قسە ریزکراوانە هیچ بناغەیەکی زانستیو نزیك لە واقیعیان نییە. ئەوانە زانیارییە سەرەتاییە مێژووییەکانیش دەشێوێنن، روداوە گرنگەکانی مێژوو دەخەنە لاوەو وا دەزانن بە درێژایی مێژووهەر خۆیان حوکمیان کردووە، ئەوانە ئەو راستییە دەکەن بەژێر لێوەوە کە هەر هەموو نەتەوەی عەرەبی خۆرهەلات، تا کۆتایی یەکەم جەنگی جیهان، یەك دەولەت چییە نەیان بووە، لەکاتێکدا کورد چەندین میرنشینی وەك بابان و بۆتان و ئەردەلان و سۆرانی هەبووە. ئەگەر داگیرکردنیش تاپۆی یاسایی بخولقێنێ وەك ئەوانە بەگوێرەی ئەو موڵکایەتییە، خۆیان بەسەر کوردستاندا دەسەپێنن..ئەگەر بڕوبیانوی‌ژیانی ناو دەوڵەت، بنچینەی یاسایی و لۆجیکی موڵکایەتیو مافی ئەو بەعەرەبکردنە دروست بکات..وا تورکەکان کەنزیکەی چوار سەدە حوکمی نیشتمانی عەرەبیان کردووە . بۆیان هەیە ئەو تاپۆیەیان بهێننە دەرەوە .. دیسان ئینگلیزو فەرەنساو ئیتاڵییەکان بۆیان هەیە ئەو جۆرە داخوازیو دەعوایانە ببوژێننەوە ..دیارە جولەکەش چی "بەدەعوای" کۆنی چەندین هەزار ساڵ لەمەوبەرو چی بە تاپۆی نوێکراوەی تەمەن نیو سەدە و واقیعی ئێستاو ئەو سەردەمەی فەلەستین، نەك هەر بۆیان هەیە داوای ئەو زەوییەی ئیسرائیلی لەسەر دامەزراوە، بەزەوییە تازە داگیرکراوەکانیشەوە، بکەن، بەلکو بە زەوی رەوای خۆیان و باوباپیریان دابنێن، وەدەبێ لێشیان نەگیرێ کە داوای لە نیلەوە تا فورات بکەن،چونکە ئەمان مافێکی مێژووییشیان لەزەوییەکەدا هەیە .. بەلام هیچ نەتەوەو گەلێ هیچ مافێکی مێژوویی لە کوردستاندا نەبووەو نییە.بە درێژایی نزیکەی چوارهەزار ساڵ.. لەسەردەمی کۆچڕەوی خێڵە هیندییە ئەوروپاییەکانەوەو هاتنی خێڵە کۆچڕەوەکان بۆ کوردستان ..زەوی و ولاتی خۆی بووە، ئەگەر چی زۆر داگیرکەر بن

---

* الدكتور صباح محمود، الامن القومي العربي، بغداد،١٩٨١،ص ٧٠،٧١.

دەستی کردووە، بەڵام کەسیان نەیانتوانیوە دیمەن و روخسارو هەویەی گەلی کوردی لەسەر بسڕنەوەو بیکەن بە موڵکی خۆیان، بەڵکو بەدرێژایی ئەو سەردەمانە و لەناو جەنگ و هێرش و پەلاماری شاڵاوی هەموو ئەو ماوانەدا، موڵکی کورد بووەوهەر واش ماوەتەوە. بەرامبەر بەوانەو سەرەڕای ئەو هەموو دوژمنایەتیو رەفتارە رەگەزپەرستانانە..بەرامبەر بەو بیرە رەگەزپەرست و دوژمنانەیە، هیچ کاتێ نەتەوەی کورد هەڕەشە نەبووە بۆ سەر عەرەب ، دوژمنایەتی نەکردووەو نەبۆتە کۆسپی ڕێگای یەکێتیو ئازادیو گەشەکردنی گەلانی عەرەب،بۆیە دەبوو هێزە سیاسییەکانی عەرەب بەپێچەوانەی ئەو تیندینسە لاتنگیرانەیەوە، لەوە بگەیشتنایە کە دەبێ ستراتیجی ئەمنی قەومییان لەسەر بنچینەی دداننان بە مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوەی کورد دابڕێژن ، چونکە بە ئازادیو سەربەخۆیی کوردو نیشتمانەکەی، سنوری ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەکەیان هێمن و ئارام و دڵنیا دەکەن. هاوکارو هاوپەیمانێکی مێژوویی‌و دۆست و بەوەفا مسۆگەر دەکەن، دەبێ لەوە بگەن کە تا ئەو ستراتیجەیان لەسەر تێکدانی ئاسایشی ئێتنۆگرافیو دیموگرافی و ئایدیۆلۆجیی کوردو گەل و نەتەوەی تر بێ، وا بەدەستی خۆیان هەڕەشە لەسەر خۆیان و دوژمن بۆ خۆیان دروست دەکەن. هەرچەندە بە درێژایی تەمەنی ئەم دەوڵەتەی عێراق و لەماوەی نزیکەی ئەو حەفتا ساڵەدا، کورد دوچاری چەوساندنەوەی هەمەچەشنە کراوەو هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی لەناوبردندا پەلاماردراوو ماف زەوت کراو بووە، بەڵام کورد وەکو سروشتی خۆی هەر بەوەفا بووەو چاوەڕوانی ڕۆژی هوشیاربونەوەو کەوتنە سەر ڕێبازی ڕاست و دروست بووە، زۆر جار هەڵی لایەنگیریو یارمەتیدانی دوژمن و ناحەزانی نەتەوەی عەرەبی بۆ هەڵکەوتووە، بەڵام گوێی نەداوەتێ یا گوشارو هەڕەشەی ڕووبەڕوبونی کۆنەپەرستانی ناو تەیاری نەتەوە پەرستەکانی عەرەب ناچاری کردووە تەنها بۆ خۆپاراستن، جۆرە مامەڵەیەك لەگەڵ ئەو دیاردەو هەلانەدا بکات.

ئیسرائیل لەناو ستراتیجی پلەیی سەردەمەکەیدا، پێویستی بە دۆست و پاڵپشتە. دەخوازێ سوود لە جوڵانەوەو ڕوداوەکانی ناوچەکەو جیهان وەربگرێ و بەهۆیانەوە مەڵبەندی خۆی خورت وبەهێزتر بکات، هی بەرامبەرەکەشی لە ڕژێمەکانی گەلانی عەرەب لاوازو کەم قودرەت بکات. شەمعون پیریز لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا لەسەر ئیسرائیل و سیاسەتەکەی دەڵێ:"دەبێ ئیسرائیل بنچینەی سیاسەتی خۆی لەناوچەکەدا لەسەر پرنسیپی پشتگیریکردنی ئامانجی کەمینە نەتەوایەتییەکان دابنێ، چونکە بەوە ڕێگە خۆش دەکات کە ببێتە هێزێکی گەورە لەناو ئەو قەوارە بچووکانەی ناوچەکەدا.."*

* د.حامد ربیع، مشاكل الوطن العربی فی السیاسة الدولیة، بیروت،١٩٨٠، ص٤٢.

لەگەڵ ئەوەشدا، جووڵانەوەی کورد وەك بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتیی رزگاریخواز تا ئێستا هەوڵی نەداوەو نەیویستووە ستراتیجی جووڵانەوەکەی و ئامانجە نزیك و دورەکەی بەوەوە بەستێتەوە کە ببێتە هاوکاری ئەو دەستەدرێژکراوانە، هەرچەندە ئەوە مافێکی رەواو بەجێی خۆیەتی. دونیای لاتەریکیش دەزانێ کە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان یارمەتی رژێمی بەعس دەدەن و کەرەسەی ژیان و جەنگ و خۆگرتنی بۆ مسۆگەر دەکەن ، هەر ئەو دەوڵەتە ئیمپریالیستانەیە کوردستانیان دابەش کردو بونەتە کۆسپی رێگای رزگاری و یەکێتی نەتەوایەتی، تەنانەت مافە سادەکانیشی پێ رەوا نابینن .. لاپەڕەکانی مێـژووی دورو درێـژی ململانێ لەناوچەی خۆرهەلاتی نزیکدا سەدان بەلگەی زیندوومان نیشان دەدەن.ئەگەر سەرنجێکیش لە مێژووی پەنجا ساڵی رابردو بدەین، وا دەیان نمونەو بەلگەی تر دەکەونە بەرچاو* .

واقیعی روداوو دیاردەکانی ئەمڕۆش خۆیان بەلگەو و شاهیدن.ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە لەیەك بەرەدا لە دژی جولانەوەی نیشتمانی کورد وەستاون و گەمارۆی راپەڕین و شۆڕشەکانیان داوە ، هەر لەدوای داگیرکردنی کوردستانی باشورو بەستنەوەی بە میسۆپۆتامیاوەو دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، چیان لەدەست هاتبێ دژی گەلی کورد کردوویانەو بۆ ئەو مەبەستەش ، بۆ بەهێزکردنی بەرەی دژ بە راپەڕینەکانی کورد، دەیان پەیمانی سەربازیو هاوکارییان مۆرکردووە بۆ نمونە:

- پەیمانی نێوان بەریتانیا-عێراق - تورکیا، ١٩٢٦/٥/١١ کە بەپێی بەندەکانی هەندێ ئالوگۆڕ لە خاڵەکانی هاوپەیوەند بە سنورەوە کراو بەرامبەر بەوەش دەوڵەتەکەی عێراق قایل بوو بەوە کە بۆ ماوەی (٢٥)ساڵ لە ١٠٪ی فروختنی نەوت بدا بە تورکیا.
- پەیمانی خۆش دراوسێتی لە نێوان تورکیاوعێراقدا ١٩٢٦/٦/٧.
- پەیمانی گۆڕینەوەی "تاوانکار" لە نێوان تورکیاو عێراقدا ١٩٣٢/١/٩.
- پەیمانی رەنگ رشتنی سنور لە نێوان عێراق و ئێراندا ١٩٣٧/٧/٤.
- پەیمانی سەعد ئاباد لە نێوان تورکیا-عێراق-ئێران وە ئەفغانستان لە تەممزی ١٩٣٧دا.
- پەیمانی خۆش دراوسێتی، تورکیا-عێراق، لەگەڵ گەلێ پرۆتۆکۆلدا ١٩٤٦.
- رێککەوتنی تورکیاو عێراق بۆ جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی پەیمانی ١٩٤٦.
- پەیمانی بەغدا -١٩٥٥-لە نێوان عێراق - تورکیا - ئێران -پاکستان وە بەریتانیادا.

---

* دیارە ئەو راو بۆچونە دروستانە دەرهاوردەی هەلومەرجەکانی سەردەمی ١٠ ساڵ لەمەوپێش بووە، کە ئێستاکە دوای هەردوو جەنگی خلیج و گۆڕانە گەورەکان،دەرکەوت کە عێراق بۆتە چی دەوڵەتێکی خاوەن تەکنیکی نوێ چەکی ستراتیجیی کۆکوژو ترسناك.

– پەیمانی سەنتۆ – ١٩٥٩ –دوای کشانەوەی عێراق بەهۆی شۆڕشی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ەوە، لە پەیمانی بەغداوە ناوی پەیمانەکە کرا بە سەنتۆ. لەدوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران–١٩٧٩– ئێرانیش خۆی کێشایەوەو ئیتر پەیمانەکە دەوری نەما.

–ڕێککەوتنی جەزائیر–ئازاری ١٩٧٥–، لەنێوان عێراق و ئێراندا.

–ڕێککەوتنی نێوان تورکیا–عێراق، ١٩٧٦بۆ ڕاگواستنی دانیشتوانی دێهاتەکانی سەر سنور.

–ڕێککەوتنی نێوان تورکیا–عێراق،١٩٨٤، کە بەپێی بەندەکانی، پەیمانە کۆنەکانی نێوانیان بوژاندەوە، کە هەمووی لەدژی گەلی کوردن.*

–بەندی شەشەمی پەیمانی "خۆش دراوسێتی" نێوان تورکیا–عێراق حوزەیرانی ١٩٢٦ دەڵێ: " هاوپەیمانە خاوەن شکۆکان بە دوو قوڵی بەڵێن دەدەن کە بەهەموو توانستە دەستینەکانیان ڕێگە لە خۆسازدانی کەس یا کەسانی چەکدار بگرن کە دەیانەوێ چەتەگەریو سەرەڕۆیی لەناوچەکانی سەر سنوردا بکەن، وە بەڵێن دەدەن کە ڕێگەش لە ئامشۆی ئەمدیو و ئەودیو کردن بگرن.."

– بەندی حەوتەم لە پەیمانی سەعد ئاباد بەم جۆرەیە:

"خاوەن شکۆو هاوپەیمانەکان بەڵێن دەدەن کە هەریەکە لەسەر سنوری خۆی ڕێگە لە دروست بونی تاقمی چەکدار یا کوڕ ڕێکخستن بگرێ کەبەمەبەستی هەڵگێڕانەوەیدام و دەزگاکان دروست دەکرێن و ئاژاوە دەخەنەوەو ئاسایشی گشتی دەشڵەقێنن و ڕژێمی حوکم دەشێوێنن، ئیتر لەهەر بەشێك بێ لەوڵاتانی هاوپەیماندا چی لەسەر سنور یا لەهەر ناوچەیەکی تردا بێ."

یەکێك لە پرنسیپەکانی پەیمانی سەنتۆ ئەو دوژمنایەتییەی بەم جۆرە داڕشتووە : دەبێ هەموو لایەنەکانی پەیمانی سەنتۆ لەدژی هەموو جۆرە بیرێکی سەلماندنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بن لەهەموو دەوڵەتانی ئەندام لەو پەیمانەدا..**

بەرامبەر بەو لاسەنگی هێزو پەیمان و توانایانە، نەتەوەی کورد بەتەنهاوە بە پشت بەستن بەخۆ، بەرامبەر بەو دوژمنانە وەستاوەو درێژەی بەخەباتی داوە..جا ئەگەر نەیتوانیبێ ئامانجەکانی بەدەست بهێنێ وا ئەو دیاردەو هەڵوێستانەی داگیرکەران یەکێك لە هۆسەرەکیو بنچینەییەکان بووە.

---

* نمونەی زەق و ئاشکرای هاوکاری و هاوپەیمانیی داگیرکەران، لەدوای ڕاپەڕینەکەی ئازاری ١٩٩١ و خولقاندنی کوردستانی فیدراڵ، دەکەونە پێش چاو..بە تایبەتیی لەشکرکێشی ڕژێمی تورکیاو داگیرکردنی بەشێك لە باشوری کوردستان، ئاژاوەنانەوەو خۆشکردنی شەڕی ناوخۆ، سودوەرگرتن لە نەقڵی خێڵەکی کورد.تا ئەو ئاستەی کە گەورەترین زیان لە مەزنترین هەل مێژویی ئەم سەدەیە بدەن.

** الدكتور سمير خيري،نظرية الأمن القومي العربي بغداد ١٩٨٣،ص١٠٠.

ئەرك و لێپرسراوێتی مەزن و مێژوویی جولانەوەی نیشتمانی کورد بە، بەهەموو رێبازو جۆگە ئایدۆلۆجییەکانەوە، وەستانە بەرامبەر ئەو مەترسییە..بەپێرەوەچونی شۆڕشی کوردستانی عێراق و رەخساندنی هەل و مەرجی فراوان و بەهێزکردنی بەرەی دژ بەو دوژمنە سەرەکییە راستەوخۆو رویەڕوو بووەیە دانانی نەخشەی پاراستنی گەلی کوردو ستراتیجی ئاسایشی نیشتمانەکەیەتی ..رەخساندنی پێداویستییەکانی‌ئەو خەباتەو رەسیوکردنی زەمینەی ئەو نەخشەو ستراتیجەیە، هەڵخستنی مەرج و کەژی لەباری کارکردن و یەکخستنی هێزو رێکخراوە سیاسییەکانە، دروستکردنی ئەو بەرە کوردستانیەیە کە شایانی جڵەوی کارگرتنە دەست بێ.. دیارە ئەم کارە هێندە ئاسان وخۆش هاتە دەست نییە، باری جیۆپۆلیتیکی کوردستان و فرە دوژمن و ناحەزی سیاسەتی دەوڵەتان ، بێ دۆستی ستراتیجی، کەم و کورتی بۆشاییە خۆیەکانیش،هەمووی کۆسپی نالەبارو سەختی رێگەکەن. بەلام ئەو کۆسپە سەخت.و تەگەرەو قورتانە چەندە گەورەو گران بن، دیسانەوە لە ئاستی بەرژەوەندی نەتەوەی کوردو خواستی ژیان و پاراستنی نیشتمان و جەنگی رەواو پیرۆزی دژ بەو دوژمنە سەرەکییە نابنە کۆسپی لەجوڵە خستن، نەبونەتە ئەو دیوارەی کە کورد لەبەردەمیا بووەستێو لەبەر دەستی دوژمندا دەستەوسان بێ، چونکە نەجولان و نەجەنگین مانای لەناوچوون و تەفروتوونا بونە..جگە لەوەش بەرامبەر بەم دیاردە نێگەتیف و خراپ و نالەبارانە ، گەلێدیاردەی تری پۆزەتیف و باش و لەبار لەئارادان کە جوولانەوەی کورد سوودیان لێ وەردەگرێ، وەك لەجێگای خۆیدا روناکییان دەخەینە سەر، سەرەرای ئەوانە هەموو هەڵبژاردنی زەمین و زەمانی جەنگ لەدەست کورد خۆیدا نەبووە و نییە کە دەبێ لەهەموو کاتێکدا لێکدانەوەیەکی وردیان بۆ بکرێ.

ئەو بارودۆخ وەهەڕەشەیەی بەرەنگاری بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد بون، وا پێویست دەکەن کە بەئەقڵێکی کراوەو سەردەم و نوێوە، بە تێڕوانینێکی سەرجەمیو ئاسۆیەکی فراوان و روناکەوە سەیری رووداوەکانی ناوچەکەو جیهان بکرێ، بەقووڵی مامەڵەی سیاسەت و دیپلۆماسیەتی هێزە ناوچەییو جیهانییەکان سەرنج لێ بدرێن و یەکەیەکە دیاردە گچکەو وردو گەورەو زەقەکان والا بکرێن و هوشیارانە هەنگاو بنرێ .. سیاسەت و جیهانی ئەم سەردەمە زۆر گۆڕاوە، زۆر ئاڵۆزو پڕ لە داوو تەڵەیە، گەورەو بچووك، لەرۆژهەلات و رۆژئاوادا لەناو مامەڵەی دەوڵەتیو سیاسەتی رۆژانەو نەخشەی پەیوەندییە جیهانییەکان بۆ بەدەست هێنانی مەبەست و دەستکەوتەکانیان، گوێ نادەنەهیچ شتێ، رووداوەکانی کوردستان و ئەو هەمووکارەساتانەی وا بەبێ دەنگیو بێ باج و بێ کاردانەوەی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت تێپەڕ دەبن، دەیسەلمێنن کە ئەوەی ناوی مرۆڤ پەرەوەریو بەتەنگەوە هاتنی مرۆڤایەتیو دۆستایەتیو هاوکارییە، ئەوەی ناوی یاساو رێزلێگرتنە ، بەتوندی بەدەستکەوت و بە ئاسایشی سنورو بە خواستی هەریەکەیانەوە بەستراوەتەوە، هەرچی

پێوانەیەك هەیە، داڕشتەی جۆربەجۆری هاوجوتی لەگەڵ ئەو لایەنە بۆ کراوە. سیاسەت لە سنوری زانست و هونەری پیادەکردنی رەوشتیو یاسایی و دڵسۆزیدا نەماوەو پێچەوانەش کراون.. ئەوەتا (هینری کیسنجر) لە دوو رستەدا ناوەڕۆکی هەزار لۆغانەی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا پێناسە دەکات و دەڵێ: ئەگەر ویستت بەرەو خۆرئاوا بڕۆیت وا بەرەو خۆرهەلات بجولێ..وەئەگەر ویستت لە سیاسەتێکی راستڕەوانەدا سەرکەوتوویی وا بەهۆی چەپەکانەوە جێ بەجێی بکە..

پرنسیپەکانی مامەڵەی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و جیهانی ئەو سەردەمە بەو جۆرو شێوانە دیاردەی کاتییو مۆلەقە و ناسەقامگیری پەیوەندی و موعادەلە سیاسییەکانیان خولقاندووە، هەردەم مسۆگەر کردنی دەستکەوت و گونجاندن لەگەڵ دیدو بۆچون و باری سەرنج بۆ پاشەڕۆژ، مەرج و بنەمای مامەڵەیان بوون..بۆ ئەوانە پێوانە بون بۆ بازرگانیی چەك فرۆشتن و ئەو شتانەی کە رۆڵ لە وەرچەرخانی مەسەلەو کارو رووداوەکاندا دەبینن، بۆ نمونە لە ٢٥-مایسی ١٩٥٠دا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئینگلیستان و فەرەنسا ، رێککەوتنامەیەکیان مۆرکرد لەناوبڕیارەکانیدا:

- هەرسێ دەوڵەت دڵنیاییان لەو دەوڵەتانەی سوود لەچەك کرین دەبینن وەرگرتووە، کە دەبێ هیچ دەوڵەتێ دوژمنایەتی بەرامبەر دەوڵەتێکی تر نەکات، هەمان دڵنیایی لەهەر دەوڵەتێکی تر کە چەکی پێ بفرۆشێ، دەبێ وەربگیرێ*..

سەبارەت بەوە کەنەتەوەی کورد دۆستی ستراتیجی نییە، بۆیە مەسەلەکەی خراوەتە لاوە، چونکە زلهێزو دەوڵەتانی تر بەرژەوەندییەکی وایان بە کوردستان و بەو گەلەوە نەبەستراوەتەوە، بزوتنەوەکەی ئەمیش نەبۆتە هەڕەشە بۆ سەر دەستکەوتەکانیان، چی لەناوچەکەو چی لەدەرەوەیدا، سامانی کوردستان نەك هەر لەدەست خۆیدا نییەو ناتوانێ رەوتی مامەڵە بەرابەرەکانی پێبگۆڕێ، بەڵکو دەست بەسەرا گرتنی نەتەوەی زاڵ بەسەر ئەو سامانانەو بەسەر بایەخی ستراتیجی کوردستاندا بۆتە دیاردەیەکی یەکجار خراپ لە دروستکردنی هەڕەشەو دیدو بۆچونێکی هاوبەشی کە راستەوخۆ دژ بە جولانەوەی کوردو ئامانجەکانی بێ.. بۆیە دەبێ ئەم جولانەوەیە زیاتر بە هوشیارییەوە، زیاتر بە دووربینی و بە ئازادیو بە کراوەییەوە بجولێ. بەو سیاسەتە تەواو خۆی بەبەرژەوەندی و بەدەستکەوتی بەرزی نەتەوەی کوردو ئامانجەکانییەوە ببەستێتەوە.سەربەست و دەست بەڕەلاو ئازاد بێ لەمامەڵەدا، شەپۆلی مژدەی باوو قسەوقسەلۆکی بێجێ لابدات و خۆی بە ئومێدی بەرواڵەت و بەڵێنی رووت و بێ کردارو کاتیی نەبەستێتەوە، ستراتیجی خۆی نەبەستێتەوە بە هیوای قسەی کاتییو کەم دەوام و دۆستی ناو مانۆڕو

---

* اندرو كارفلي، العلاقات العربية الأمريكية والضغط الصهيوني، ترجمة:أسعد حليم، ١٩٧٠، ص٧٨.

بەرژەوەندییە دژەکان. لیبیا تاکە دەوڵەتی دۆستی کوردە کە سەرۆکەکەی ئازادانە لایەنگیریی مافی رەوای کوردی سەلماندووە کە مافی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتی یەکگرتووە، لەگەڵ ئەو هەڵویستە جوامێرانەشیدا، ئەگەر لەسەر حسابی یارمەتیو جۆری پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکانی شۆڕشی کورداو ئاست و رادەو مەودای بەردەوامیی یارمەتیو ئەو لایەنگیریکردنە ئاشکرایە..پرسیاری بکرێو بوترێ ئەی کە ئەوە دیدو بۆچون و هەڵویستی ئەو سەرکردەیە بێ ، ئەی بۆچی (جەماهیری لیبیا) کێشەی کورد ناخاتە سەرشانۆی سیاسی جیهان و لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا باسی ناکات، یان کار بۆ دروستکردنی حکومەتێکی کورد ناکات نەك لە ئاوارگەدا ، بەڵکو لەسەر زەوی کوردستان و لەناو گورەپانی خەباتدا .. یا بۆچی هەڵویستی خۆی لەدژی کارەساتەکانی کۆمەڵکوژیی چەکی کیمیاوی و ئەنفال وەرنەگرت.. وا وەڵامەکەی هەڵویستەیەکمان پێ دروست دەکات .. کۆماری سوریاش کۆنترو جاری وابووە لەرووی پەوەندییەکانی لەگەڵ لایەنەکانی جولانەوەی کوردستان نزیك تر بووە.. بەڵام لەناو ستراتیجی ئەم وڵاتەدا، هەموو یارمەتی و پەیوەندییەکانیتەنها تەکتیك بون ، دەنا یارمەتیو پاڵپشتیکردنی شۆڕشێکی وا لە باردوخێکی وەك کوردستاندا، دەزانرێ دەبێ چۆن بێو دۆستایەتی ستراتیجی و بنەماکانی چی دەبێ چی لێ بەئەنجام دێت. لەمیشدا ئامانجی ستراتیجیو مەبەستە تەکتیکیەکان زۆر شاراوە نین.

پەیوەندیی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ لایەنەکانی شۆڕشی کوردا، هەرچەندە نوێو بەستراوەی دۆخێکی یەکجار ئاڵۆزو رووداوی بەتەوژم و پڕ لە کارەساتە،هەرچەندە شێوەی یارمەتی راستەوخۆو نیمچە رەسمیو رێککەوتنی تۆمارکراوە، کە لە هاوکاریو سازاندنی پرۆسەی یەکگرتوو یارمەتی بەرامبەریدا رەنگ دەداتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بونی یەك دوژمنی هاوبەش کە زل هێزەکان هەموو یارمەتییەکی پێویستی دەدەن و پشتگیریی ئەو دوژمنە، هۆی سەرەکی ئەو رێککەوتن و هاوکارییەیە، شێوازی لە رووی ، بۆ دەستکەوتی دوولایەنیو روخاندنی ئەو دوژمنەیە..لەگەڵ ئەوانەشدا جیاوازیی ئایدیۆلۆجیو ئامانج و مەبەستی ستراتیجیو پلەیی هەردوولا ، شێوەی مامەڵەو دیپلۆماسیەتی ئاشکرا لەگەڵ رووداوو لایەنە هاوپەیوەندەکان بە کێشەکانی ناوچەکەوە.. هتد هەرچەندە ناتەباو ناسازو ناکۆك و دوجەمسەری موعادەلەی دژەکانن لەگەڵ ئەوانەشدا زۆر دیاردەی چاوەڕوان نەکراوی ناو مامەڵەی جۆربەجۆریان لێ پێشبینی دەکرێن. جا ئەگەر جووڵانەوەی نیشتمانی کورد وەك دیاردەی خولقاوی ناو داگیرکردن و چەوساندنەوەو ماف زەوت کردن سەیر بکرێ و ئامانجە رەواکانی بسەلمێنرێ وا لایەنی پۆزەتیف، خاڵە لاوازو نیگەتیفەکان دەخاتە لاوەو هاوکاری ستراتیجی جێگەی دروستی خۆی دەگرێ. گومان لەوەشدا نییە کە هەموو کارو هەنگاوو هەڵویستی لایەنی پۆزەتیف و نێگەتیفی خۆی هەیە. جگە لەوەش رێگەو دەرگاو دەربازگاو سنوری ئەو جۆرە مامەڵانە بۆ کورد تەسك و بەسنورن و تا ئێستا بۆ بەرامبەرەکان و ئامانجەکانیان لە سنوری تەکتیکدا ماونەتەوە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی هەندێ بەرژەوەندیی،یا لابەلاکردنی مەترسییەکی راستەوخۆ یان چاوەڕوانکراو، بەرەچاوکردنی ماڵیکردنی ئەم هێزو ئەو هێز، رێگەنەدان بەحاڵەتی خۆگرتن و بەهێزبوونێکی وا کە لە ئایندەدا ببێتە هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییەکانیان.

-٣-

# ستراتيجى ئاسايشى نەتەوەى كورد
# بنەماو ناوەڕۆك و مەبەست

خەبات لە پێناوی پاراستنی قەوارەی نەتەوایەتی کوردو ئاسایشی کوردستان و جێگیرکردنی ئارام و دڵنیایی.. لەسەر پرنسیپ و بنەماو زەمینەو دیدی ئاشکراو هەڵوێستی چاولێنەپۆشراوو دوور لە واڵاکردنی جۆریەجۆری ناڵۆجیکی، نەخشە دەکێشرێ، دەبێ بۆ ئامانجە ستراتیجی‌و لە پێناوی ئامانجە پلەییەکاندا لە تەکتیك و پیادەکردنی نەخشەو مامەڵەی دیپلۆماسیدا، مەزەنەو پێشبینی‌و خەملاندنی دیاردەو سەرەنجام و هەڵوێستەکان بکرێ‌و هەموو پابەندو بەستراوەی دەستکەوتی بزوتنەوەی نەتەوایەتی‌و بەرەو پێش چوون بن. دەبێ ئەو راستییە تاقیکراوە سەلمێنراوە لەبەر چاو بێ کە نەخشەی پاراستنی نەتەوەی کوردو مافی بڕیاردانی چارەی خۆنوسین پێکەوە گرێ دراون و هەریەکە ئەوی تر تەواو دەکات، لەناو ململانییەکی سەختی چارەنوس بڕینەرەوە و سەرنووشت سازی وەك زۆرانبازییەکەی ئەمڕۆی کورد– رژێمی بەعسی عێراق ، بێ یەکەم دووەم نایەتە دی‌و بێ دووەم یەکەم زۆر زەحمەت و پڕ ئەرك و قوربانی دەبێ..سەرەتاش دەبێ بکرێتە درووشم و ئامانجی جوڵانەوەی نیشتمانی کوردستان و هەموو هێزە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و نیشتمانییەکانی کوردستانی گەورە، وە بە ئاشکراو بێ پێچ و پەنا مافی ئەم نەتەوە بیست ملیۆنییە* بەرەچاوکردنی جیۆپۆلیتیکی کوردستان و بارودۆخەکان دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەست و ئازادو یەکگرتووی خۆی بەرز بکاتەوەو بسەلمێنرێ‌و نەوەکانی نەتەوەی کوردی پێ گوش و پەروەردەو هوشیار بکرێتەوە. ئیتر بروبیانوی بێ سەرو پێ‌و باو نەماو فرێ بدرێ، دەبێ بۆ بەدەست هێنانی ئامانجە مەزنەکەو لەناو ئەو دیدو بۆچون و نەخشەیەوە هیچ پێکداداان و جووت بونێ، یەکێتی و ململانێی دژو نەیارەکانی دەری بازنەکە‌و بێچەوانەی لەگەڵ رێبازەکەیداو هی ناو بازنەی جوڵانەوەی ناوچەکە، هیچ روداوێ، گۆڕانێ، کارلێك و ناکۆکییەك ..هتد نەکرێتە کۆسپی بەردەم و تەگەری پێشکەوتن و دەستکەوتە پلەییەکان ..هەموو دیاردەو روداوو گۆڕانێ، لەویاری سەرنج و دەستکەوتەوە سەرنج لێ بدرێ‌و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، چونکە بنەچەی ئەو راو بۆچون و تێگەیشتنانە، دەروازەی شارەزابون لە جوڵانەوەی نیشتمانی کوردستان و تایبەتێتی و خسڵەتەکانێتی، کە جوڵانەوەی نەتەوەیەکی چەوساوەی دابەشکراوە، بزوتنەوەیەکی دیموکراسی‌و ئازادیخوازە، بەشێکی گرنگ و زیندووە لەجووڵانەوەی دژ بە داگیرکردن و چەوسانەوەو کۆنەپەرستی‌و ئیمپریالیزمە .. بۆیە هەموو پێشکەوتن و سەرکەوتن و ماف بەدەست هێنانێ، جووت و سازوو تەبا دەبێ لەگەڵ جووڵانەوەی ئازادیخوازی گەلان و بزوتنەوەی مێژو، جووت دەبێ لەگەڵ دەستکەوتی گەلانی ناوچەکەو جیهاندا

---

* زۆر نوسەر لە باسی ژمارەی کورد، ئاماری جیاجیا دەنوسن، بۆ ئەم سەردەمە کە دە ساڵ بەسەر ئەو بۆچونەدا تێپەڕیوە، دەتوانرێ بگوترێ کە ئەو ژمارەیە نزیك بە ٢٥-٣٠ملیۆنە.

دژ بەبەرژەوەندیی داگیرکەران و کۆنەپەرستیی دەبێو پێچەوانەکەشی سەرەنجامی جوتبوی دژەکەی دەخاتە بەردەم.

ناوەڕۆکی بیری ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کوردو پاراستنی قەوارەی نەتەوایەتیو ژیانی ئاسایی ناو نیشتمانەکەی، وەك هەر پێویستییەکی تری ژیان و هەلومەرجی گەشەکردن.، دیاردەو روداوەکانی کوردستان و چواردەوری، تێندینسی دەستگرتن بە ژیانی ئازادیو خۆبەدەستەوە نەدان و مل کەچ نەکردن، خولقاندوویانەو کردوویانەتە رەنگدانەوەی ریالیستانەی ژیانی خەباتی ئەم سەردەمەو کاری بەرپەرچ دانەوەی نەخشەی دوژمنی داگیرکەر، کە خۆی لە جوولانەوەی چەکداریو راپەرین و شۆڕشدا دەنوێنێ تا ببێتە ئەڵتەرنەتیڤێکی لەبار بۆ دەوڵەت و قەوارەی سیاسیو پەیوەندی نێو دەوڵەتان و یاسای ناو کۆیی کۆمەڵە دانپیانراوەکانی جیهان. چونکە کە ئەو ستراتیجە لەناو شۆڕش و هێزی چەکدارو جەنگی نیشتمانیدا دەهێنرێتە ئاراوە، ئەو کاتە ژیان وەبەر نەخشەکەیدا دەکرێ و کاری جێگیرو بەکار سەرەنجام دێنێ .. بە تایبەتی دوژمن هەمیشە پەنا دەباتە بەر هێزی چەکدارو بەکارهێنانی چەك لەدژی گەلی کورد، بۆ ئەنجامدانی نەخشە دوژمنانەکەی، زیاتر لەوەش دەبێ هەردەم کاری جەریەزانەو دەست پێشخەری و هەنگاوی داهێنەرانە بۆ کەڵك وەرگرتن لەهەلە هەڵکەوتووەکان، گۆڕانە لەپڕەکان، لەبەر چاو بن و پەنایان بۆ ببرێ، دەبێ لەوەدا تەنها بەرژەوەندیی نەخشەکەو دەستکەوتی گەلی کورد پێوانەو سەرمەشقی ئەو سوود وەرگرتنە بن، پێویستە کارەسات و نەهامەتییەکانی ئەم سەردەمە پەند بن بۆ شکاندنی تەوقی ترس و شەرمی دەرونی و لێکدانەوەی پڕ لەبەد گومانیو رارایی و ئاڵۆزی باری سایکۆلۆجیو هەڵسڵەمینەوەی نابەجێ بۆ توڕدانی قسەی بێفەڕی پەناو پەسیری بێ بەرپرسیاری و دوور لە کۆڕی خەبات ومەینەتییەکانی شۆڕش.

لە کاتێکدا بنەماو توخمە پێکهێنەرو هەلومەرجەکانی ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی خاوەن دەوڵەت لە: سوپاو هێزی چەکدار، باری دیموگرافیو رادەی یەکێتی رەگەزی فرەنەتەوەو کەمینەی نەتەوایەتیو ئایین و مەزەب ، ئاستی ناکۆکیو ململانێی چینایەتی ناو کۆمەڵگە، ئابوری وڵات و رادەی پێشکەوتنی پیشەسازیو کشتوکاڵ، بونی کان و کانزاو سەرچاوەی ئاو، لایەنی سیاسیو ئایدیۆلۆجی، جیۆپۆلیتیکی وڵات و باری جیوستراتیجی تاد ..پێك دێن. دەبینین ئەو بنەماو توخم و هەلومەرجانەی کە ئاسایشی نەتەوەی بێ دەوڵەت و ستراتیجەکەی دەرەخسێنن، لە پێداویست و رەخساندنی هۆو فاکتەرە خۆییو بابەتییەکانی شۆڕش و خەباتی چەکدارانەی درێژخایەن و دارشتنی شێوازی ئەو خەباتەدایە، لە سەقامگیرو خورت کردنی هێزی پێشمەرگەو بنەمای ئایدیۆلۆجیو تیۆری جولانەوەو یەکخستنی هێزو ریزەکانی گەلدایە. کاری گرنگ لەدەستپێکردن و یەکەم هەنگاوی سەرەتای سەر زەمینەیەکی لەبار، لەخۆو لەهێزو تواناو ناکۆکیو بۆشاییەکانی گەل و لەهێزو تواناو سەنگی جولانەوەی نیشتمانی و لەدوژمن گەیشتنە، لەدەرککردنە بەهەلومەرجە کاملو نارەسیوەکانی خەبات و پارسەنگی هێزەکان،تێگەیشتنی لاسەنگیو لاوازیی هەر لایەك و گرێو گوڵی رێگەی خەبات و کۆسپەکانی چواردەوری ستراتیجەکەیە ..بۆ ئەوانەش دەبێ و پێویستە لەهەموو هۆو فاکتەرەکانی لاوازیی جولانەوەی کوردو باری نابەرابەری و نا ئاسایی ئەم سەردەمە بگەین و قوولْ شۆڕببینەوە بۆ ناو رەگ و ریشەیان تا بتوانرێ رێگەی لابەلاکردن و چارەسەری هەریەکەیان دابنرێ، کەڵك لە ئەزمون و تاقیکردنەوەکان وەربگیرێ، هۆی گلان و نوشوستی و سەرنەکەوتنەکان یەکالاو شیکار بکرێنەوە. تا رەگەزو بنەماکانی نەخشەی ستراتیجەکە لە ئاستێکی رەزمەندا بە پێی بارودۆخی شۆڕش و تواناکانی بەردەست، دابرێژرێن.

- **خاڵە لاوازەکان:**

لەبەراوردکردنی هەلومەرجە لەبارو هەڵخراوورەسیوەکانی خەباتی جوولانەوەی نیشتمانی کورد بۆ پاراستنی قەوارەی نەتەوایەتی و بۆ دانانی ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەو بۆ بەدەست هێنانی ئامانجە مێژووییەکە، لەگەڵ کۆسپ و تەگەرەو کەلەبەرو بۆشاییەکان و ناکاملیی هەندێ هۆی خۆییو دژواریی باری جیۆپۆلیتیك و دۆخی سیاسی ناوچەکە، توندوتیژیی ململانێو دیپلۆماسیەتی زل هێزەکان و هەڵوێستیان بەرامبەر کوردو کێشە نەتەوایەتییەکەی ...ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لەهەردوو لادا خاڵی پۆسەتیف و نێگەتیف، یارمەتیدەرو کۆسپ، باشەو خراپە زۆرە..

دابەشکردنی کوردستان و پەرش وبلاوی هێزو توانای نەتەوە، زیاد لە پێویست پێکهێنانی رێکخراوو کۆڕو کۆمەڵ وپارتی ، نەبونی دەوڵەت و قەوارەی سیاسی ، بێ دۆستی ستراتیجی ، فرە دوژمن و سیاسەتی نالەباری زلهێزەکان ، رەگەز پەرستیی داگیرکەرانی کوردستان و سووربونیان لەسەر چەوساندنەوەو زوڵم و زۆرداری، بەستنی رێگەی دیموکراسیو بەئاشتی چارەسەرنەکردنی

کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد، ناکۆکیو بۆ شاییەکانی ناو ریزەکانی گەل و دروست نەبونی بەرەیەکی پتەوو لێهاتووی کوردستانی ، شەڕو ئاژاوەی ناوخۆ، بەردەوام بونی گیانیخێڵەکیو مانەوەی شوێنەواری تیرەگەریو بالادەستی ئەقڵی عەشایەریی، بێ تفاقی جەنگ و کەرەسەی ژیانی ئاسایی، سەختی باری ژیان، کەمی خزمەت گوزاریو خەستەخانەو دەرمان و ئامۆژگاری کۆمەڵایەتیو تەندروستی ..نەبونی ستراتیجێکی ئاشکرای سیاسیو سەربازی بۆ سەرتاسەری کوردستان، قەتیس کردنی مەسەلەی کورد لەناو سنوری سیاسیو جوگرافی دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا، دەستنیشان نەکردنی ئەڵقەی لاوازی ناو ململانێکان ، نەخولقاندنی هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندیی زلهێزەکانی هاوپەیوەند بەناوچەکەو روداوەکانی، چی لەناوچەکەو چی لەدەرەوەی ، بێ دەنگیو نەجولانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و قەتیس کردنی شۆڕش هەر لەکوردستاندا، یارمەتیدانی رژێم لەهەردوو بلۆکەکەوە و لەلایەن کۆنەپەرستانی عەرەب و ناوچەکەوە. نەوت و دەوڵەمەندیی کوردستان..ئەوانە بەگشتی کۆسپەکانی ناوخۆو دەرەکی بەردەم ستراتیجی پاراستنی نەتەوەی کوردو ئاسایشی کوردستانە .. ئەو هۆو فاکتەرانە سەرجەم رۆڵی خراپ و هەندێکیشی زۆر ترسناك لەرەوتی پیادەکردنی پرۆسەی گۆڕان و روداوەکان وازی دەکەن ..هۆی دەرەکی وایان تێدایە وەك خۆییەکان ، یا کاریگەرتریش، رۆڵی نێگەتیڤ دەبینن.

بنەماو هەلومەرجە یارمەتیدەرەکان:

لەبەرامبەر ئەوانە ، ئەگەر تیشك بخەینە سەر رەگەزو بنەماو فاکتەرە یارمەتیدەرەکانی ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کوردو پاراستنی کوردستان ورۆڵی پۆزەتیڤی هەریەکەیان، وا بەم جۆرە دەکەونە پێش چاو:

– نەخشەی داگیرکەرانەو رەفتاری رەگەزپەرست و کارو کردەوەی کۆنەپەرستانەی تاقمە کاربەدەستە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەگشتی و رژێمی حیزبی بەعسی عێراق بەتایبەتی، لەدژی نەتەوەی کورد.. ئەم هۆیە بابەتییە بۆتە هەڕەشەیەکی راستەوخۆی ئەوتۆ کە جەماوەری کورد زۆر بەتوندی بهەژێنیو بیخاتە بەردەم دووڕیانی چارەنوسسازەوە ..بیخاتە بەردەم دووڕیانی مان و نەمان، سەرکەوتن و تێکشکانەوە، دیارە مان ونەفەوتان بۆ ئەم قۆناغە بۆتە ئامانجە گەورەکەو مانای تێکشکانی نەخشەی تواندنەوەو لەناوبردنە، کەئەمەش توند بە مافی چارەنوس وئازادی گەلەوە بەسراوەتەوە و هیچ یەکێکیان بێ ئەوی تر تا سەر نامێنێ یا نایەتە دی..ئەم هۆیە بابەتییە بۆتە رەخسێنەری هەلومەرجی باش ، هەرچەندە تەواو کامڵ رەسیو نییە بۆ خەباتی چەکدارانەو شۆڕش ، گەلی کوردی خستۆتە بەردەم وەرچەرخانێکی مێژوویی، ناچاری کردووە کە لەناو جەنگی پێشمەرگانەو بەرگری لەخۆکردندا بژی و ژیانی ئازادانەی خۆی لەوەدا ببینێ . ئەم

فاکتەرە ئەگەر بەتواناو هێزی هەموو ڕێکخراوە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانی گەورە موتوریە بکرێو وزەی زیاتر لەو شانزە ملیۆن کوردەی پارچەکانی تری کوردستان* بخرێتە گەڕو لەیەك بەرەی کوردستانی ڕەسیودا نەخشەکە دابنرێ، تێندینسی ناوچەگەرێو حاڵەتی خۆپەرستی بخرێتە لاوە ، وانەك هەر ئەو هەڕەشەیەی دوژمن وەك ئێستا نامێنێ، بەڵکو دەستەبەری لەناوبردن و تەفروتوناکردنیشێتی. ئەم بەپیرەوە چوون و یەکخستنی هێزو شکاندنی دوژمنە سەرەکییە رووبەرووبوەی ئەمڕۆ، یەکەم هەنگاوی گرنگ و زەمینە خۆشکەری بەدیهێنانی ئامانجە مێژووییەکەی نەتەوەی کوردە ..هەرچەندە هێزەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان گرفت و چەڵەمەی دژواری خۆی هەیە ، ناکۆکی جۆربەجۆری ناوخۆو دەورووپشتی ڕوبەڕوبوە کێشەی یەکخستنی خەباتی دژ بەرژێمیداگیرکەر و جۆری گونجاندنی لەگەڵ ڕێبازی کوردستانیو کێشەی نەتەوایەتیو جیاوازییەکانی نێوان نەتەوەو گەلە هاوسنورەکان روبەڕوی دەبن، گەلێ ناکۆکی تریش دێنە ئاراوە، لەگەڵ ئەوانەشدا دەبێ لە ئاسۆیەکی فراوان و دووربینەوە سەرنج لە ڕوداوەکان بدرێ و بگەنە ئەو ئاستەیکە ناکۆکی سەرەکی و ململانێی توندوتیژو رووبەڕو، دەست نیشان بکەن. ئەو دوژمنە سەرەکییەی بۆتە گەورەترین هەڕەشەو ناتوانرێ زۆرانبازییەکە لەگەڵیدا دوابخرێ یاخۆی لێ لابدرێ .. ئەو دوژمنە کە بێ پێچ و پەناو زۆر بە ئاشکرا داگیرکەری کوردستانی کردۆتە دوژمنی سەرەکی، دوژمنی سەرەکی گەلانی کردۆتە دوژمنی لاوەکیو ناسەرەکی. جولانەوەی نیشتمانی کورد لە کوردستانی باشورداو موعادەلە سیاسییەکانی تێکداوە، ئامارەی بۆ بکرێو ئینجا لە ستراتیجێکی گونجاودا هێزەکانی نەتەوەی کورد یەك بخرێو بەرەنگاری ئەو دوژمنە ببێ. بە تایبەتی وا رژێم کەوتۆتە بەکارهێنانی چەکی بەکۆمەڵ کوژی کیمیاویو غازی ژەهراوی.

– ئەم هۆ بابەتییە زیان بەخشە، جەنگێکی نابەرابەری هەڵگیرساندووە ، لەلایەکی ترەوە، هۆو حاڵەتی بەردەوامیی شۆڕشی خولقاندووە، زەمینەی خەباتی چەکدارانەی درێژخایەنی هێناوەتە کایەوەو سەپاندویەتی، بۆ کوردی سەلماندووە کە بێ شۆڕش و خەباتی پێشمەرگانە نە ئاسوودە دەبێ و نە ژیانیشی بۆ مسۆگەر دەکرێ. بۆیە نەتەوەی کورد لەناو زنجیرەیەکی دوورو درێژ لە جولانەوەی چەکدارو ڕاپەڕیندا ژیاوەو هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە کە دەست بەرداری بێ. نوێترین بەڵگە ئەوەبوو کە تەنها ساڵێك و دوو مانگ و دو هەفتە بەسەر هەرەس و کارەساتە نیشتمانییەکەی شۆڕشی ئەیلولدا تێپەڕ نەبوو کە ڕاپەڕینی چەکدارانەو شۆڕشی نوێ دەستی پێ کردەوە. نەدۆست و نەدوژمن و نەبەهیواترین کەس لەو بڕوایەدا نەبون کە بەو زووییە کورد لەو گلانە ئەژنۆ شکێنە بەرز دەبێتەوە، بێ گوێدانە ئەو هەموو شرێنەوارە خراپ و کۆسپانەی دوا هەرەس

* دیارە بۆ ئەم سەردەمە، دەبێ بگوترێ زیاتر لەو ٢٠–٢٥ ملیۆن کوردەی پارچەکانی تری کوردستان.

قوت کرانەوە، بەرەنگاری دوژمن دەبێتەوە . کەرەکتارو سروشتی فاشستانەی رژێم ، خەبات و جەنگی پێشمەرگانەی کرد بە گیانگەو مەڵبەندی ژیان و ئازادی ، کە ئەمەش یەکەم فاکتەرو هەلومەرجی دانانی ستراتیجێکی گونجاوە بۆ پاراستنی نەتەوەی کوردو نیشتمانەکەی. بەتایبەتی دوای ئەوەی رژێمی بەعس کەوتە بەکارهێنانی چەکی بەکۆمەڵ کوژی کیمیاویو غازی ژەهراوی جۆربەجۆر، کە تائێستا لەو ماوە کورتەدا دەیان هەزار منداڵ و ئافرەت و پیرو لاوو پێشمەرگەی لە دۆڵی جافەتی و بالیسان و هەڵەبجەو عەنەب و قەرەداغ و سێوسێنان و چەمی رێزان و تەقتەق شەهیدو بریندار کردووە، وە دەیان هەزار خەلکی تر ئاوارەو سەرگەردان کران. ئەم شێوە نوییە لەجەنگی قەلاچۆکردن، بۆ پەلەکردنە لەئەنجام دانی نەخشەی بەعس بۆ خاپوورکردنی هەموو ناوچە دێهاتییەکانی کوردستان لەو مێژووەی دیارییان کردووە واتە ساڵی(١٩٩٠) وەکو باس کراوە، تا شەڕی جینۆساید بەئەنجام بگەیەنن و کوردستان بعەرەبێنن.

## - بنەماکانی ستراتیجی چارەنوسساز:

بون و گەشەکردنی گەلی کورد وەك نەتەوەیەکی مێژووکردی زیندووی هەزاران ساڵەو خاوەن نیشتمانی یەکگرتووی خۆیی، تا رادەیەك کامڵ بونی هەلومەرجەکانی نەتەوە، پارێزگاری کردنی زمان و کلتورو نەریت و خووڕەوشت و فۆلکلۆرو دابی کۆمەلایەتیومێژوو ئەدەبی تایبەتیی خۆی، ئینجا دەست گرتن بە ژیانی سەرزەمینی نیشتمانی خۆیو خەبات و فیداکاری لە پێناویدا، رەسیوبونی هەست ونەستی نەتەوایەتی گەشەکردوو گیانی نیشتمان پەروەری خەملیو بەبەراورد لەگەڵ سەردەمەکانی پێشتر، دەنا تا ئێستا لە ئاستی پێویست و رەزمەندا نین، ئەمانە هەمووی یەك هێزی ماددیو مەعنەوی ئەوتۆیان لەناو ئەم گەلە کۆن و زیندووەدا دروست کردووە کە بتوانێ لەناو گێژاوی داگیرکردن و ململانێی دژ بەتواندنەوە، لەدژی داگیرکەران بەرامبەر هەموو ئامرازەکانیان بوەستێ ، ئەم یەك هەست و نەستییە، چارەنوسی هەموو نەتەوەی کوردی وا پێکەوە گرێداوە کە لەناو جەنگی مان و نەماندا ئەو خۆگرییو تەوژمی خەبات و هێزو وزە لەبن نەهاتووە دروست بکات کە ببێتە سەرچاوەی شۆرش و راپەرینی چەکدارانە، ببێتە ئامرازی مانەوە و پاراستنی قەوارەی نەتەوایەتیو پێکهاتەی دانیشتوانی نیشتمانەکەی.. ئەم فاکتەرە بۆتە بەردی بناغەی خەبات و بەردەوامی شۆرش، بۆتە ئەو هۆو ئامرازو هێزەی کە دەستەبەربێ بۆ ئەو ستراتیجەو بۆ پیادەکردنی ئەلقەکانی...تا لەو کاروانەدا، ئەوانە بگەیەنرێنە ئەم مەڵبەندە کە ببنە ئەو هێزە بەتوانایە کە ئامانجە مێژووییەکەی نەتەوە بەدەست بهێنرێ..

## -باری دیموگرافی کوردستان و رۆڵی لەناو نەخشە ستراتیجییەکەدا:

ئەمڕۆ، کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت و بێ مافی نەتەوایەتیو هاووڵاتییەکە بەژێر دەستی ماوەتەوە . بەمەزەنەی زۆر لە ڕۆژهەڵات ناس و شارەزایانی کورد لە بیست و پێنج ملیۆن کەمتر نابێ ..بایەخی ئەم ژمارە زۆرییە هەر لەوەدا نییە کە بۆتە یەک فاکتەری زۆر گرنگی بەردەم ڕەگەزپەرستان و نەخشەی تواندنەوە، بەڵکو لەیەککرتووییو هاورەگەزیو هاوئامانجیشدایە کە ئەمەشیان بۆتە پاڵ پێوەنەرێکی زۆر گرنگ بۆ خەبات و بۆ سووربون لەسەر بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیجییەکە .. ئەم دوو فاکتەرە بۆتە دوو بنەمای پتەوو سەقامگیری نەخشەی پاراستنی نەتەوەی کورد، هەرچەندە کەمینەی نەتەوایەتی تورکمان و ئاسووری و ئەرمەن و کلدان لە کوردستاندا لەگەڵ کورددا دەژین و زۆر لە داگیرکەران تۆوی دووبەرەکییان لەنێواندا چاندوەو ڕوداوی ناخۆشیان دروست کرد... بەڵام ئەمڕۆ بارودۆخەکە زۆر گۆڕاوەو ئەوانیش باش دەرک بەمەترسی تواندنەوە دەکەن . چەوساندنەوەو زوڵم و زۆری ڕژێم هوشیاری کردوونەتەوە ، هەرچەندە نەبۆتە هێزێکی ماددی بۆ بەریەرەکانیو ئامانج بەدیهێنان.. بەڵام ئێستاکە ترسێک لەو کەمە نەتەوایەتییانە بۆ دژایەتی کورد لەئارادا نەماوە یا زۆر کەم بۆتەوە.* زۆریی ژمارەی کورد ژمارەی دانیشتوانی کوردستان و هەڵسەنگاندنی لەگەڵ دانیشتوانی هەریەکە لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە لەم خشتانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

پێوانەی کوردستان بە کیلۆمەتر دووجا

| وڵات | پێوانە | کوردستان | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| تورکیا | ٧٨٠,٠٠٠ | ٢٢٠,٠٠٠ | ٣٠٪ |
| ئێران | ١٦٤٨,٠٠٠ | ١٧٠,٠٠٠ | ١٠٪ |
| عێراق | ٤٤٤,٠٠٠ | ٧٠,٠٠٠ | ١٧٪ |
| سوریا | ١٨٥,٠٠٠ | ١٥,٠٠٠ | ٨٪ |
| | کۆی پانتایی کوردستان: | ٤٩٠,٠٠٠ | |

## سەرژمێری دانیشتوانی کوردستان تا ساڵی ١٩٨٣

* ئەو دیاردەیەی ئەمڕۆ لە هەولێردا دەبینرێ، لە قوتکردنەوەی تورکمان و سەپاندنیان، بەهۆی، ئاڵۆزیی ناوچەکەو سنوریەزاندنی جەندرمەی تورک و پێشێل کردنی سنوری نیشتمانیو یاساییو پیرۆزیی کوردستان، کاتییەو بەنەمانی حاڵەتی ئاڵۆزییەکە ئاسایی دەبێتەوە.

| ولات | دانیشتوانی گشتی | کوردستان | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| تورکیا | ٤٧,٢٠٠,٠٠٠ | ١٢,٤٠٠,٠٠٠ | ٢٤٪ |
| ئێران | ٤١,٠٠٠,٠٠٠ | ٦,٦٠٠,٠٠٠ | ١٦٪ |
| عێراق | ١٤,٥٠٠,٠٠٠ | ٣,٩٠٠,٠٠٠ | ٢٧٪ |
| سوریا | ١٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٩٠٠,٠٠٠ | ٩٪ |
| یەکێتی سۆڤیەت | ٢٨٦,٥٠٠,٨٧٠ | ٣٥٠,٠٠٠ | ١,٣٪ |
| | | ٢٤,١٥٠,٠٠٠ | |

## ژمارەی کوردو کەمەنەتەوایەتییەکانی کوردستان

| کوردستان | دانیشتوانی کوردستان | ژمارەی کورد لە کوردستاندا | ژمارەی کەمینەی نەتەوایەتی | کورد لەدەرەوە |
|---|---|---|---|---|
| باکور | ٩,٧٠٠,٠٠٠ | ٨,٢٠٠,٠٠٠ | ١,٥٠٠,٠٠٠ | ٣,٢٠٠,٠٠٠ |
| ڕۆژهەلات | ٦,٤٠٠,٠٠٠ | ٥,٧٠٠,٠٠٠ | ٧٠٠,٠٠٠ | ٩٠٠,٠٠٠ |
| باشور | ٣,٧٠٠,٠٠٠ | ٣,٠٠٠,٠٠٠ | ٧٠٠,٠٠٠ | ٩٠٠,٠٠٠ |
| ڕۆژئاوا | ٨٠٠,٠٠٠ | ٧٠٠,٠٠٠ | ١٠٠,٠٠٠ | ٢٠٠,٠٠٠ |
| | ٢٠,٦٠٠,٠٠٠ | ١٧,٦٠٠,٠٠٠ | ٣,٠٠٠,٠٠٠ | ٥,٢٠٠,٠٠٠ |

ئەو ژمارانە زیاتر بەمەزەنەو بەراورد دەرهێنرراون*
ئەگینا ئامارو سەرژمێرو پێوانەیەکی ڕاست و سەرچاوەیەکی تەواو باوەڕپێکراو لەئارادا نییە.

خاڵی زۆر گرنگ لەو زۆری ژمارەیەشدا یەکێتی بنەچەو ڕەگەزو هاودیدو ئامانجە، کە لەناو باری پارچە پارچەیی‌و گوزەرانی زوڵم و زۆری ژێردەستی، ئەو دیاردانە بۆ ڕزگاریی، ڕۆڵی زۆر

---

* وەلام ، دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی ولات ژمارە(١) ١٩٨٨

ئەمیش لە : kurdistan and die kurden

Band 2 seit-44
Ismet cherif vanly

وەری گرتووە

مەزنیان وازی کردووە و دەیکەن، جگە لەوەش ئەو زۆریو یەکبونە بونەتە فاکتەرێکی بەکاری پاراستنی خوو درێژخایەنیی خەبات و وەستان بەرامبەر داگیرکەرو نەخشەی تواندنەوە ، جا ئەگەر نەتەوەی کورد بەو قورسایی و سەنگی ژمارەو هێزەو بەتوانای یەکگرتویی خۆی بەرەنگاری دوژمنە سەرەکیو لاوەکییەکانی ببێو بکەوێتە سەر رێبازی بەکارخستنی نەخشەی ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە، وا هیچ گومانێك لە ئارادا نامێنێ کە دەتوانێ لەمەترسی ئەمڕۆ خۆی رزگار بکات و ئینجا بکەوێتە سەر رێگەی خەباتی بەدیهێنانی ئامانجە مەزن و مێژووییەکەی.

## - جێگەی جوگرافی کوردستان و بایەخی :

بەمەزەنەی زۆر لەزانایان و شارەزایان و بە بەراوردو لێکدانەوەی ژمارەی دانیشتوان و سەرنجدانی نەخشەی مێژوویی ، پانتایی کوردستان ٤٠٠-٥٠٠ هەزار کیلۆمەتر دووجایە، ئەم زەمینە بەرین و بەرێلاوە، هەرچەندە ناوچەیەکی کیشوەریو بێ دەریازگەو دەریاو ئاوی نێودەوڵەتییە، لەگەڵ ئەوەشدا جێگەی ستراتیجیو قوڵایی درێژبونەوەیی و نزیك بونەوەی لە خلیجی فارس و دەریای سپی ناوەراست، نزیك هاوسنوری لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت،* شوێنی هەستیاری لەنێوان سێ نەتەوەی گەورەو ناکۆك بە یەك و خاوەن کۆمەڵێ خسڵەت و رەگەزی دژو بونی ناکۆکی جۆربەجۆرو ململانێی مێژوویی لەچارەسەر نەهاتوو .. ئەوانە بایەخێکی تایبەتیو زۆر گرنگیان بۆ کوردستان خولقاندووە لە حساباتی رۆڵی بەرامبەر بە یەکێتی سۆڤیەت و هەرەشەیکۆمۆنیزم و ئینجا نزیك لەسەرچاوەکانی نەوت . سەرەرای ئەوە، دەوڵەمەندیی ئەم وڵاتە بەپێی مەزەنەی کلاسیکیی لەسەرچاوە گرنگەکانی پەترۆل، لەگەڵ ئەو هەموو کێڵگەو بیرانەی لەم دواییەدا دۆزراونەتەوە** جێگەی تایبەتی خۆی گرتووەو بۆتە راکێشەری سەرنجی دانەرانی ستراتیج لەهەردوو بلۆکەکەدا، بێگومانیشە کە ئەگەر رارایيو ترسنۆکی بەرەی رۆژهەڵات و یەکێتی سۆڤیەت نەبوایە، وا ئەو جێگەو بایەخە گەلێ مەزنتر دەبوو بۆیو بۆ نەخشە ستراتیجییەکەی.

## - داهات و بژێو:

---

* بۆ سەردەمی رابوردوو، وە نزیك بە کۆمارەکانی ئاسیای ناوەراست کە مەڵبەندێکی گرنگی نەوت و گازو بازاڕ، جێگەی هەستیاری جوگرافین، بۆ ئەم سەردەمەی دوای روخانی سۆڤیەت.

** سەیری پاشکۆی ژمارە (٢) بکە .. کێڵگە نوێ دۆزراوەکان دیاری کراون.

ئەگەر قوڵتر بچینە ناو هەلومەرجەکانی رەخساندنی ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەو بنەماکانی ، وا خسڵەتە جۆربەجۆرە جوغرافییەکانی زەوی کوردستان لە: بونی ناوچەی جۆراوجۆر، عاسیو سەختیی زۆر چیای لە شوێنەکانی، زۆری دێهات و بڵاوییان، بەپیت و بەرەکەتی زەویو زار، بونی دارستان و جەنگەڵو باخ و بێستان و میوەجات و دەغڵ و دانی زۆرو هەمەجۆر سەوزە، سامانی مەڕومالات و رەشەولاخ و ئاژەڵ و لەوەڕگای زۆر، باڵندە و زیندەوەری کێویو زۆربونی سامانی ماسیی، زۆری رووبارو جۆگەو سەرچاوەو کانیاو و گۆم و بیرو باران، سەختیی زستان و دابڕانی زۆر ناوچەو زەحمەتی هاتوچۆو کەمی رێگاوبان..هتد ئەوانە هەموو هەرلە کۆنیشەوە، هۆو سەرچاوەی ژیان و جێگیربونی مرۆڤ و بەرگریکردن لەخۆو لەمەڵبەندی ژیان بون، ئەگەر سەر حیسابی داهاتی جوتیارێکی کورد بکرێ بەپێی سەرمایەو کەرەسەی بەرهەمهێنانی جۆربەجۆرو کەلوپەلی خۆی. هەرچەندە بە شێوەیەکی رێکوپێك لە خزمەت بەرهەمدا نییەو بەپێی نەخشەی لێکۆڵراوە، سوود لە شێوەو جۆری بەرکارخستنی وەرناگیرێ. دیسان جوتیاری کورد هەر بەدەوڵەمەند دادەنرێ، بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا.*

– بەرینیی زەوی کوردستان و درێژبونەوەی ، رووبەرو ئاووهەواوکەشی هەمە چەشنە، بونەتە هۆی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی جۆراوجۆرو سامانی دەغڵ و دان، دارستان و میوەو لەوەڕگا، کانزای هەمەجۆر، بونی نەوت ، زەمینەی ئابوورییەکی باش،ئەوانە هەمو ئاوەدانی رەسیوی بژێوییان خولقاندوە. هەرچەندە بەرەچاوکردنی بن دەستی و پارچە پارچەیش، بەشێوەیەکی گونجاو باش سودیان لێ وەرنەگیراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەرچاوانەی بژێوو ژیان بونەتە هۆی خۆ بەستنەوە بە مەڵبەندەکانی ئەو نیشتمانەوە، ئەوەش فاکتەرێکی گرنگە بۆ یەکێتی و دامەزراوی وپاراستنی دانیشتوانی ناوچەی نیشتەجێ وە بۆ بەرامبەر هێرش بەران وەستان.

– لەڕوی بازرگانیو هاتوچۆو گوزەر کردن بەرێگاوبانی کوردستاندا، لەڕوی ترانزێت و بایەخی بەیەك بەستنی زۆر لەوڵاتانی خاوەن جێگەو رۆڵی هەستیار لە هەرێمەکەدا، جێگەیەکی ستراتیجی بەنرخی هەیە..لەجەنگی عێراق – ئێراندا ئەو بایەخە زۆر ئاشکرا بووە چ لەڕووی تێپەڕکردنی نەوت بۆ سەر دەریای سپی ناوەڕاست کە ئەوەکەی عێراق بە کوردستاندا تێپەڕدەبێ ..چ جای ئەوەی کە نەوتەکەش هی کورد خۆیەتی، ئەگەر ئێرانیش لە رێکەوتنەکانی نەوت و گازدا بگاتە ئەنجام، وا

* هەرچەندە بە چەکی کیمیاویو لەئەنفالەکاندا زوربەی هەرەزۆری دێهات وێرانکران و ناوچە دێهاتییەکان کرانە زۆنی قەدەغەکراو بۆ ژیان، بەڵام دوای راپەڕین و دامەزراندنی حوکمی فیدراڵ سەرلەنوێ، ئەو ناوچەو دێهاتانە بوژاونەتەوە، وەك دەگوترێ زۆربەیان لە جاران باشترو ژیانی ئابوریی گەشاوەترە..

دیسان هەر بەکوردستاندا رادەکێشرێ. واتە کوردستان دەتوانێ ببێتە مەڵبەندی کۆبونەوەی نەوتی سەرچاوە گرنگەکانی ناوچەکە بەهۆی ئەو جۆرە پرۆژانەوە ..دیسان لەرێگەویان و گواستنەوەی زەمینیدا هەمان رۆڵ دەبینێ، بەتایبەتی دوای ئەنجامدانی ئەو پرۆژانەی نەوت و غازی کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست و گەیاندنیان بۆ سەر دەریاو نزیك بەبازاڕەکانی جیهان..

- بیچمی زەوی کوردستان لە ناڕێك و پێکی و سەختیدا، بەدرێژبونەوەی، لەگەڵ ئەو بایەخانەی لەسەرەوە باسکران تا رادەیەك، ئەو نالەبارییەی جیۆپۆلیتیکەکەی کەم زیان دەکات یا هەندێ بۆشایی پڕ دەکاتەوە.

- باری جیۆپۆلیتیك و توخمە جۆربەجۆرەکانی، زەوی وڵات و رووبەری هەمەچەشنە، جێگەی جوگرافیو بیچمی زەویو سنورو ستراتیجیو دیدی زلهێزەکان بۆی، دوورو نزیکی زلهێزەکان و جێگەی لەناو پەیمانە سەربازیو بازرگانییەکاندا، رۆخی سەر دەریاو کەم و زۆری یا کورت و درێژی سنوری سەر ئاوو لایەنی کیشوەری زەوییەکە، ئاووهەواو کەش و ساردو سەرماو ..هتد ئەمانە بۆ دەوڵەت رۆڵی مەزن دەبینن.
لەرەنگ رشتنی سیاسەتدا لەنەخشەی مامەڵەی ناوچەییو هەرێمیو جیهانیدا بەپێی زۆری لایەنی باشەو کەمی خراپەی،یا بەپێچەوانەوە. بنەماو پایەگاکانی دیپلۆماسییەتی دەوڵەت، نەخشەی ستراتیجی ئاساییشی نەتەوە دادەڕێژرێت.

لەم بارودۆخە سیاسییەی ئەم سەردەمەدا، زۆر لەوانە خاڵی لاوازن بۆ ستراتیجی پاراستنی قەوارەی نەتەوایەتی، بە پێچەوانەشەوە بونەتە خاڵی هێز بۆ دوژمنەکەی. لەگەڵ ئەوەشا هەندێ لایەن، خاڵی هێزە بۆ جەنگی بەربەرەکانی و شەڕی پارتیزانی، بەتایبەتی ئەگەر کوردستان وەك یەك یەکەی زەمینەو مرۆڤ وەربگیرێ.

- یەکێك لەخاڵە گرنگەکانی بەردەوامیی خەبات و بون بە جێگەی سەرنج لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتان، لایەنی یاسایی و دان پیانانە رەسمییەکەی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردە لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە .. جوڵانەوەی نیشتمانی کورد، سەبارەت بە خەباتی دوورو درێژو زنجیرەی شۆڕشی بەردەوام. بەدرێژایی نزیکەی حەفتا ساڵ، هەر لەدوای یەکەم جەنگی جیهانەوە تا ئێستا توانیویتی ویستی خۆی، تا رادەیەك ،بەسەر حوکمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقدا بسەپێنێو ئەوانیش ناچار بین هەندێ لەو مافانە بسەلمێنن..بەبەکوردی خوێندن لە قوتابخانەکاندا، بە چاپ و چاپەمەنیو رۆژنامەو رۆژنامەگەری، دامەزراندنی رێکخراوو کۆڕو یەکێتی پیشەیی بێ یان بەدانانی

یاسای ئۆتۆنۆمی‌و دیاریکردنی سنوری بەڕێوەبردن..هەرچەندە ناتەواوو پڕیش بێ لەهەڵەو کەم و کورتی .. ئەمانە بۆ سەر ئاستی جیهان و سیاسەتی نێودەوڵەتان و مەسەلەی یاسایی‌و دانان بە مافە نەتەوەییەکاندا، بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە، جەماوەری کورد خۆشی بۆتە هاندەرێکی بەردەوامی‌خەبات بۆ فراوانکردنی ئەو مافانەو گەشەپێکردنیان.

- ناکۆکی‌و ململانێی نێوان داگیرکەران:

لەناو هۆو فاکتەرە بابەتییە یارمەتیدەرەکانی ستراتیجی‌پاراستنی قەوارەی نەتەوایەتی کورد، ناکۆکی هەمەجۆرو ململانێی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکەیە، بە ئاشکراو ماتدراوو کۆن و نوێیەکانەوە..بۆ پێکهێنانی تێڕوانینێکی سەرجەمی ئەو لایەنە. لێرەدا ئاماژە بۆ خاڵی یەکانگیرو ئینجا پێکادان، بۆ کێشەو چەڵەمە مێژوویی و سیاسی، مەزهەبی‌و نەتەوایەتی، ئابوری، ستراتیجی، سنورو ئایدیۆلۆجی‌و ئەمنی قەومی‌و نیشتمانیی هەریەکە لەگەڵ ئەوەی تردا دەکەین و بەچڕی‌و کورتی تیشکیان دەخەینە سەر.. تا تابلۆی سیاسی‌و جوگرافی‌و سەربازی‌و ئایدیۆلۆجی کوردو هی سەرجەم ناوچەکە لە پێش چاو بن:

★ تورکیا - عێراق:

- وەك دوو دەوڵەتی ناسیۆنالیستی خاوەن سەردەمێکی درەوشاوە لە مێژوودا،ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی و ئیمپراتۆریەتی عەرەبە موسڵمانەکان، گەلێ کێشەی کۆن و گرفتی سەردەم و دوا یەکەم جەنگی جیهان و ئەو سەردەمانەیان لەبەردەمدایە..سەرەڕای گەلێ خاڵی یەکانگیرو لەیەك نزیك کردنەوەی نێوانیان..

خاڵی یەکانگیر بۆ هەردوولا:

– مەسەلەی کوردو داگیرکردنی بەشێکی کوردستان لەلایەن هەریەکەیانەوە، نەخشەو تێدینسی هەردوولایان بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کوردو لەناوبردنی کێشەکەی و ترسی تەشەنەکردنی شۆڕشی کورد. دوای جەنگی کوێت –یش بەردەوامیی کوردستانی فیدراڵ و خواستی هەردولا بۆ روخاندنی.
– هەڵوێستی ئایدیۆلۆجی و لاتنگیری نەتەوایەتی‌و عیلمانییەتی دەوڵەتەکەیان و ترسیان لە کۆماری ئیسلامی ئێران و لە شەپۆلی مەزهەبیی بڕاوەی شیعە بەهۆی ئەم کۆمارەوەو ترسی تەشەنەکردنی شۆڕشەکەیان،بونەتە خاڵی یەکانگیر بۆیان.

– بەپێی ئایدیۆلۆجیی ناسیۆنالیستانەیان، ترسیان لە یەکێتی سۆڤیەت و لە جوولانەوەی کۆمۆنیزم و بایەخدان بەم مەسەلەیە لەناو نەخشەی ستراتیجی ئەمنی قەومیاندا، بۆشاییەکی گەورەی لەنەخشەکەیاندا گرتووە*.

– سەبارەت بەجەنگی عێراق و ئێران، رەخساندنی هەلومەرجی لەبار بۆ بازرگانیو بۆری نەوت راکێشان، بۆ کێش کردنی چەك و تفاقی جەنگ لە تورکیاوە، ئەمڕۆ کێش کردنی نەوت بەرەو دەریای سپی ناوەڕاست بەهۆی رەتکردنی بۆری بەناو ئەرزی تورکیادا، بۆتە خاڵی یەکانگیر لە پەیوەندییەکانی هەر سێ دەوڵەتەکەدا، ئەمڕۆ تورکیا قازانجێکی زۆر دەکات لەناردنی نەوتی عێراق و لەوەرگرتنی برێکی زۆر بەنرخێکی هەرزان و برێکی تر بۆ پاڵاوتگەکانی، سەرەڕای باجی نەوت گەیاندنە سەر دەریا.

– پرۆژەی بۆریی ئاوی شیرین بۆ وڵاتانی سەر خلیج کە دەبێ بە عێراق و سوریەدا تێپەڕ بکرێ ..بەتایبەتی لە وڵاتانی سەر خلیج رۆژ لەدوای رۆژ سەرچاوەی ئاوی بن زەوی وشك دەکات و تا ئێستا سەدان بیر وشکی کردووەو ئەوانەشی ماون بەرەو وشك کردن دەچن.

– لەهەموی گرنگتر ئەمڕۆ ئەڵقەکانی ستراتیجی ئەمریکا لە ناوچەکەدا پێکیانەوە دەبەستێ.

## خاڵی پێکادان

– دوژمنایەتی تەقلیدیو هەرەشەی لاتنگیریی نەتەوایەتی هەریەکە یان لەسەر ئەوی ترو شانازی کردن بە مێژو رابوردویان و بەرۆژانی ئیمپراتۆریەتەکەیانەوەو خەوی بوژانەوەی.

– داگیرکردنی ئەسکەندەرۆنەو نەخشەی ناسیۆنالیستەکانی عەرەب بۆ رزگارکردنیو هەڵوێستی تورکیا لەو بۆچون و دیدەو لە پاشەرۆژی کێشەکە.

– ویلایەتی موسڵ و نەوتی کەرکوك و کێشەی بەناناسایی چارەسەرکراوی ئەو ویلایەتەو خەونی کۆنی تورکیا بۆ داگیرکردنەوەی .

– ئاوی هەردوو روباری دیجلەو فورات و نەخشەی تورکیا بۆ گەلێ پرۆژەی ئاو، وەك (سەدی ئەتاتورك) و پرۆژەکانی سەر دیجلەو هەڕەشە لەسەر میسۆپۆتامیا کە بیکاتە بەشێك لە بیابانی

---

* لام وایە بۆ سەردەمی دوا روخاندنی سۆڤیەت، مەترسیی لەیەکێتیی روسیای فیدراڵ، بەتایبەتی لە ناسیۆنالیستەکان و کۆمۆنیستەکان کە هەریەکە چواریەکی دەنگی دانیشتوانیان وەرگرتوە، لەو مەترسییە کۆنە کەمتر نییە چونکە سیاسەتی حیزبی شیوعی سۆڤیەت بۆ دنیای خۆرئاوا ئەو ئاڵۆزییەی تیا نەبوو کە نەزانرێ کێشە جیهانییە عاسییەکان چۆن لابەلا دەکرێن، بە پێچەوانەی ئەم دوو رێکخراوەی ئێستا کە ئەگەر هەر لایەکیان جڵەوی دەسەلاتی سیاسیی بگرێتە دەست، وا جیهانێکی پڕ لە ململانێی دژوارتر لە جەنگی سارد دەخولقێ.

ڕۆژئاوا.. دیارە کێشەی نێوان سوریاو عێراقمان لە بیرە کە چۆن ئاوی فورات و وشـك کردنـی بـووە هەڕەشە لەسەر ناوچەی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات و لەناوبردنی مەرجی سەرەکی ژیان.

– ئەندامەتی تورکیا لە ناتۆداو دۆستایەتی عێراق – یەکێتی سۆڤیەت.*

– ترسی تورکیا لەیەکخستنی وڵاتانی عەرەب و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوایەتی یەکگرتوو.

زیاتر لەوانە، وە بۆ ئەم سەردەمەی کورد کە شۆڕشی ڕزگاریخوازی دژ بە تورکیـا گەشـەی کـردوە، گەلێ خاڵی لاوازی تر هەیە کە بۆ مەسەلەی کورد سودیان لێ وەردەگیرێ لەوانە:

- ناکۆکییـەکانی تورکیـا لەگـەڵ: ڕوسـیا، یۆنـان، قوبـرس، بولگارسـتان، کۆمـاری ئەرمەنسـتان، تەماعەکانی لە کۆمارە تورکیزمانەکانی ئاسیای ناوەڕاست، بۆ عێراق –یش دوای جەنگی کوێت و خولقاندنی ناوچەی ئارام و کوردستانی فیـدراڵ، لاوازبونـی ڕژێم و ڕیسـوابونی لەبـەردەم ڕای گشتیی جیهـاندا، ئابڵوقـەی هەمەلایەنـە، بڕیـاری کۆمەڵگـەی شارسـتانی کـە مامەڵـەی ڕژێمـی سەددام نەکەن..تاد

★ تورکیا - سوریا

خاڵی یەکانگیر:

– پـرۆژەی (هێڵـی ئاشـتی) بـۆ ڕاکێشـانی بـۆری ئـاوی شـیرین بـۆ مەدینــەی منــەوەرە و مەککـە لەعەرەبی سعودی کە بەحەلەب و حومس و حەماو دیمەشقدا تێپەڕ دەکرێ..

– پرۆژەیەکی تری ئاو ڕاکێشان بۆ شێخ نشینەکانی عەرەب لەسـەر خلیـج کـە بـەعێراق و عـەرەبی سعودیدا تێپەڕ دەکرێ.

– بونـی نەتـەوەی کـوردو بەشێکی کوردسـتان لەهەریەکـەیاندا، هەرچـەندە جوڵانـەوەی کـورد لـە سـوریادا بەگشتی هاوکـاری دەوڵەتەکـەی حـیزبی بەعسـی عــەرەبی ئیشـتراکی دەکـات یـا ئـەو ڕێکخراوانەی ئەمڕۆ لە مەیدانی کاری سیاسیدان– یـا زوریـەیان– کەلەسـەر شانۆی سیاسـین، ئـەو ڕێبازەیان گرتووە..یان هەڵوێستی بەرپەرەکانی توندوتیژ یان نەگرتۆتە بەر.

خاڵی پێکادان:

– دوژمنایەتی تەقلیدیو تێندینسی ناسیۆنالیستانەی هەردوو ڕژێم.

---

* ئەمڕۆ دۆستایەتییەکە دوو لایەنییە:

– لایەکیان لەگەڵ دەوڵەتی ڕوسیا کە لایەنگری هێنانەوەی عێراقە بۆ ناو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی. بە هۆی قەرزاریی عێراقەوەو هیوای بەردەوامیی پەیوەندیە بازرگانییەکانی لە ئایندەدا.

– لاکەی تر لەگەڵ ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان و حیزبی کۆمۆنیستدایە.

- توركیاو داگیرکردنی ئەسکەندەرۆنەو خواستی نەتەوەی عەرەب بۆ رزگارکردنی.
- پرۆژەکانی ئاو لەسەر رووباری فورات و هەڕەشەی گەورە لەسەر سوریاو وشك کردنی ئەو روبارە لەگەیشتنیدا بۆ سوریا، دیارە هەمان هەڕەشە عێراقیش دەگرێتەوە بەهۆی سەدی ئەتاتورك و پرۆژەکانی ترەوە..
- توركیاویارمەتیدانی ئیخوان ئەلموسلمین و ناکۆکی مەزهەبی.
- سوریاو یارمەتیدانی هەندێ رێکخراوی ئەرمەن و کورد، بەتایبەتی پ.ك.ك.
- گرێ و گۆڵ و نائارامیی سنوری درێـژی(٩٠٠) کیلۆمەتری نێوان هەردوو دەوڵەت .. بەتایبەتی کوردستانی هەردوو دیوی سنوری هەردوولایان بۆتە ناوچەیەکی ئامێزن بۆیان کە لەگەڵ ئەم کەرەکتەرانەشدا زیاتر کێشەی بۆ تورکیا دروست کردووە، کاتێك کە مەسەلەکە پەیوەندی بە جولانەوەی چەکدارانەی دژ بە تورکیاوە هەبێت..
- کێشەی ئەو کوردانەی لەسەردەمەکانی دوای یەکەم جەنگی جیهان و راپەرینەکانی کورد لە دژی ئەتاتورك. ئاوارەی سوریا کران.
- پەیمانی ناتۆو ئەندامەتی تورکیاو گوشاری لەسەر سوریا، لە بەرامبەریدا دۆستایەتی سوریا- یەکێتی سۆڤیەت.
- کێشەی فەلەستین و پەیوەندی دۆستانەی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل.
- پەیوەندی دۆستانەی تورکیا لەگەڵ رژێمە کۆنەپەرستەکانی عەرەب و هاوکارییان لەگەڵ رژێمی عێراقدا ..
- لەسەر سنوری نائاسایی نێوان تورکیا - عێراق و سوریا لەمەڵبەندی دیدو بۆچونی ناسیۆنالیستی عەرەبەوە " د.صلاح الدین الشام" دەڵێ:
" هەرچی چۆنێك بێ درێژبونەوەی ئەو لایە سیاسییەی نیشتمانی عەرەب، کێشەیەکی راستەقینەو مانتداری و بەردەوامی لەخۆیدا هەڵگرتووە، چونکە عەرەب بێبەش دەکات لەمێلی ئاسن کە بۆ هەرێمی حەلەب و جزیرە مەسەلەیەکی ژیانە، ئەمەش مانای بونیکێشەیەکی گەورەیە لە تەرازوی ستراتیجدا کە بووە هۆی داگیرکردنی ئەسکەندەرونەو شریتی زەوی خوارو کە لەگەڵ دامێنی خوارووی زنجیرەی چیای تۆرۆس درێژ دەبێتەوە."ئەمەش کرژیونێکی ئاشکرایە لەمەودای زیندووی حەلەب و هەڕەشە لەسەر دەورییەری، وەك شارێکی بازرگانی، بەلکو هەردەیخاتە بەردەم هەڕەشەیەکی بەردەوام لەلایەن تورکیاوە...*

* د. صلاح الدین الشامی، سەرچاوەی ناوبراو ل[٦١]

★ تورکیا - ئێران

## خاڵی یەکانگیر

- ئاگاداری و ترس لەهەڕەشەی یەکێتی سۆڤێتی دراوسێیان لەبڵاوبونەوەی کۆمۆنیزم
- دژایەتی کردنی هەموو تیندینسێکی کورد بۆ رزگاریو دامەزراندنی دەوڵەت و دەستکەوتنی مافە نەتەوایەتییەکان لە دوو دیدو بۆچون و سوچی تەواو جیاوازو دژ بەیەك.
- راکێشانی بۆری نەوتی ئێران بۆ سەر دەریای ناوەڕاست، گەرمیی بازرگانی و بونی تورکیا بەدەرگایەك بۆ هاوردنی چەك و تفاق و تەقەمەنیو کەل وپەل.. جەنگی عێراق و ئێران، خولقێنەری هەلومەرجێکی لەبارە بۆ تورکیا کە زیاتر سود لە ئێران و عێراق و ئەو بارودۆخە وەربگرێ،وە گەلێ لایەنیشی بە زیانی هەردوولای جەنگەکە بگەڕێتەوە ..
- بونی نەتەوەی کورد و پارچەیەکی کوردستان لە سنوری هەریەکەیاندا. هەرچەندە لەم سەردەمەدا کۆماری ئیسلامی ئێران سودی لە حاڵەتی بونی کورد لە تورکیاو دژایەتی کورد بۆ تورکیا وەرگرتووە، وەك هۆیەکی گوشار بۆ نزیك بونەوە لێیو بۆ دوورکەوتنەوە لە رژێمی عێراق. زیاتر لەوە هاوکاری نێوان کۆماری ئیسلامیو هێزەکانی کوردستانی عێراق لەم سەردەمەدا، رۆڵی ئەم خاڵەی پێچەوانە کردووە، یا زۆر جار پێچەوانەی دەکات . زیاتر لەوە تورك بەردەوام نکوڵی لە بونی کوردو کوردستان دەکات . بەلام کۆماری ئیسلامی تا رادەیەك بەشێ لەوانە دەسەلمێنێ، لەروانگەی ئیسلامەوە سەیری گەلان و مەسەلەکانیان دەکات، بۆیە ئامادە نییە مافە نەتەوەییەکان بسەلمێنێ.

## خاڵی پێکادان:

- دوژمنایەتی تەقلیدیو ململانێی سەدان ساڵ.
- کۆماری ئیسلامی ئێران و یارمەتیدانی کوردو هاوکاری لەگەڵ شۆڕشی کوردستان عێراق و هەڵدان لەدژی هێرشی سەربازیی تورکیا بۆ سەر کوردستانی عێراق، هاوکاریو یارمەتیدانی پ.ك.ك لە زۆر رووەوە.
- بونی کەمینەی تورکمان .. چاوبڕینە گەلی ئازەر بۆ سود وەرگرتن لە ناکۆکییەکان لە پاشەڕۆژدا..ئەرمەن و جولانەوەی نەتەوایەتیو هیوای دوارۆژیان.کۆمارەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان و ململانێی نێوانیان، هەوڵی هەریەکەیان بۆ سود وەرگرتن لە ناکۆکییەکان.
- بونی دەیان هەزار پەنامەندە و راکردووی ئێرانی لە تورکیا و ماوەدان پێیان ، کە بەو جۆرە تورکیا بکەنە جۆرە پردێك بۆ پەڕینەوەی ناحەزو دوژمنەکانی رژێم لە ئۆپۆزسیۆنی ئێران.

- لاتنگیریی نەتەوەپەرستەکانی تورك و سوننە مەزەب لەناو عیلمانییەتی دەوڵەتەکەدا .. بەرامبەر بەمەترسیو هەڕەشەی دەوڵەتی شیعەو تەشەنەکردنی شۆڕشەکەیان و مەترسی لە یارمەتیدانی ئوسولییەکانی تورك.

- ئەندامەتی تورکیا لە ناتۆداو هەڵوێستی توندو تیژی ئێران لە دژیئەمریکا.

★ ئێران - عێراق

لەگەڕان بەدوای خاڵی یەکانگیردا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە زوربەیان بونەتە خاڵی پێکادان، ئەمڕۆ هەموو ئەو خاڵانەی تر دەرفەتی ئەوەیان نییە کە رۆڵی یەکانگیرو لێك نزیکبونەوە ببینین.*

بەلام بۆ خاڵی پێکادان، جەنگی نزیکەی هەشت ساڵەی نێوانیان هەمووی ئاشکرا کردووەو بەم جۆرە دەکەونە بەرچاو:

- دوژمنایەتی تەقلیدیو ململانێ لەسەر سنورو شەتولعەرەب تەنانەت لەو کاتانەشدا کە هەردوو لایان ئەندامی پەیمانی بەغدا بون.

- ناسیونالیستیی سیستێمی عێراق و دەسەلاتی سوننە مەزەبەکان لەحیزب و دەوڵەتدا ..عیلمانییەتی دەوڵەتەکە لە بەرامبەر شیعە مەزەبی کۆماری ئیسلامی ئێران و ترس لەتەشەنەکردنی شۆڕشەکەیو رمانی رژێمەکانی عەرەبی دراوسێی ئێران.

- خوزستان - عەرەبستان - وتەماعی ناسیونالیستەکانی عەرەب بۆ بەستنەوەی بە نیشتمانەکەیانەوە.

- کۆماری ئیسلامی ئێران و مەزارگە پیرۆزەکان و ترسی عێراق لە پەیوەندیی گیانیی شیعەکان بەو مەزارگە مێژوویی و گرنگانەوە.

- لەدێر زەمانەوە بونی ژمارەیەکی زۆر لە فارسەکان لە کەربەلاو نەجەف و کوفەو کازمیە..بەهۆی پیرۆزیی مەزارگەکانەوە.

- ترس لە فەیلییەکان..کە حیزبی بەعس تەنها بە چاوی ئێرانی سەیریان دەکات نەك وەك کورد، هەرچەندە ئەگەر بەم چاوەشیان سەیری بەشێکیان بکات، دیسان رژێم هەر بەهەڕەشەیان دادەنێ، بەتایبەتی زۆربەیان لەناوجەرگەی بازاڕی بەغدادا کار دەکەن.

- یارمەتیدان و سوود وەرگرتنی هەردولا لە جولانەوەی کورد، هەریەکە لەبەشەکەیئەودیوی سنورو هەردولا لە پ.ك.ك وەك فاکتەریگوشار بۆسەر یەکتری.

---

* تەنانەت دوای وەستاندنی جەنگەکەو بونی دوژمنێکی هاوبەش بۆ هەردولا کە ئەمەریکایە، دیسان ئەو حاڵەتە گۆڕانی بەسەردا نەهاتوە، ناکۆکییە سەرەکییەکان هەر ماون.

– هەڵگیرساندنی جەنگی عێراق – ئێران، دوژمنایەتییەکەی بە جۆرێ قووڵ کردووە، کە ئەگەر هەلومەرجی شەڕ وەستان و نزیك بونەوەش لەیەك بهێنرێتە ئاراوە، وا کار لەو دیاردەیە ناکات و سەردەمی تەقینەوەی ململانێیەکە هەر لەبەرچاو دەبێ‌و بە ئاسانی برینەکانی وێرانکردنی هەردوو وڵات و کوشتنی سەدان هەزار لەهەر لایەك سارێژ ناکرێن.

★ عێراق - سوریا

گەلێ خاڵی یەکانگیر لە ئارادایە کە لەم رۆژگارەدا هیچ رۆڵی لەیەك نزیك کردنەوەیان نابینین.. لەوانە: مەترسی تورکیاو داگیرکردنی ئەسکەندەرونەو تەماع لەویلایەتی موسڵ، ئاوی فورات کە رۆڵی هەڕەشە بۆ سەر هەردوولا دەبینێ لەلایەن تورکەکانەوە. بۆری نەوت کە لەم رۆژگارەدا بۆتەخاڵی هەڕەشەو گوشار، سەبارەت بەبەستنی بۆرییەکان و رێگەنەدان بەڕەتبونی نەوت بۆ سەر دەریای سپی ناوەڕاست .. مەترسی رژێمە کۆنپارێزەکان لەسەر رژێمی حیزبی هەریەکەیان، مەسەلەی کورد، هەرچەندە بۆ سوریا لەم رۆژگارەدا نەبۆتە هۆی نزیك بونەوە، بەڵام ئەزمونی ساڵی ١٩٦٣و هاوبەشی کردنی سوپای سوریا لە جەنگی رژێمی حیزبی بەعس بەرامبەر بە کورد لەبەرچاوە .. ترسی عێراق لە کۆماری ئیسلامی ئێران و سوربونی لەسەر روخاندنی. هەڵوێستی سوریا بەرامبەر هەر داگیرکردنێ یا دامەزراندنی رژێمێکی سەر بە ئێران لە عێراقدلو دروستبونی هەڕەشەی لەسەر سوریا. دۆستایەتی یەکێتی سۆڤیەت، هەڕەشەی ئیسرائیل، هەرچەندە ئەمڕۆ هەڕەشەکە هەر لەسەر سوریایەو عێراق لە ململانێیەکەدا کەوتۆتە دەری بازنەکە.

– نەخشەی ستراتیجی ئەمنی قەومی و دیدیان بۆ سنوری نیشتمانی عەرەب و هەڕەشەی نەتەوەی کورد وەك خاوەنی ئەو زەوییانەی کوردستان کە ئەوان بەهی خۆیانیان دەزانن. هەڕەشەی ئێران و تورکیا.

خاڵی پێکادان

– کەمینەی سوننەی دەسەڵات بەدەست لەعێراقدا، وەکەمینەی عەلەوی حوکم بەدەست لە سوریادا.

– ناکۆکی ئایدیۆلۆجی‌و دوژمنایەتییەکی قووڵ لە نێوان هەردووباڵی حیزبی بەعسدا .. باڵی چەپ و باڵی راست، هەڕەشەو ترسی هەریەکە لە کودەتای ئەوی تر.

– هاوکاریی عێراق لەگەڵ تورکیاو رژێمە کۆنەپەرستەکانی عەرەب، لەگەڵ ئەمریکاو دەوڵەتە سەرمایەدارەکان..

– نزيك بونەوەی عێراق لە ئەردەن و میسرو تێندینسی چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستین لە روانگەو دیدی میسرو ئەردەنەوە..

– نزیکی سوریا لە ئێران و توندوتۆڵی هاوکاریی سیاسی، هاوڕاو دیدو بۆچونەکانی هەردوولایان بەرامبەر گەلێ کێشە.

– ئاوی فورات و هەڕەشەی پرۆژەکانی لەسەر سوریا بۆ وشك کردنی ئەو رووبارە لەگەیشتنیدا بۆ عێراق.

– تێکەڵ بونی عێراق لەگەڵ نەخشەکانی ئەمریکاو ترسی سوریا لە نزیك بونەوەی عێراق و ئەردەن و عەرەبی سعودی و ئینجا لەمەسەلەی وتووێژی نێوان هەندێ رژێمی عەرەب و ئیسرائیل.

ئەگەر سەیرێکی نەخشەی پەیوەندی رژێمی عێراق و رژێمە کۆنەپەرستەکانی تریعەرەب بکرێ، وا هەرچەندە گەلێ خاڵی یەکانگیر کۆیان دەکاتەوە، هەرە گرنگەکەیان مەترسی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، ئەوانە بونەتە خاڵی یەکانگیر بۆ پاڵپشت و یارمەتیدانی بەعس .. لەگەڵ ئەوەشدا چەندین خاڵی پێکادان و ناکۆك فاکتەری ململانێو دژایەتی دروست دەکەن، پەیوەندی رژێمەکەی حیزبی بەعس لەگەڵ ئەردەن و کوێت و ئەمارات و بەحرەین و عومان و عەرەبی سعودیو میسرو مەغریب .. لەپێش جەنگی عێراق – ئێراندا سروشتەکانی ئەو پەیوەندییە دیاری دەکەن..نەك هەر لەرووی سیستمی حیزبایەتیو حوکم و ناکۆکی ئایدیۆلۆجی ، عیلمانیەت و ئایینی رژێم، تێندینسی یەکێتی عەرەب و هەرێمچێتی، دۆستایەتیو نزیکیی لەم بلۆك و ئەوبلۆك ، بگرە تەماع لەزەوی یەکتریو ناکۆکییەکانی لەمەڕ سنور، ململانێیەکی ئاشکرایان دروست کردووەوزۆر جار بونەتە هۆی تێکچوون..بۆ نمونە تا ئێستا سنوری عێراق – کوێت رەنگ نەرێژراوەو لەیەکەم و دووەم ساڵیجەنگدا کوێت دەستی کردە پێ داگرتن بۆ لابەلا کردنی کێشەکەو سنور رەنگ رشتن..سەرەڕای ئەوەی چەند جاری دەیان ملیۆن دۆلاری داوەتە عێراق بۆ دەست بەرداربون لەداواکان.

بۆ باشتر نەخشاندنی تابلۆی ناکۆکی و ململانێو خاڵی لاوازو بۆشاییەکانی رژێمی عێراق و سەنگی پەیوەندی و سەقامگیریی یاشلوقی دەوڵەتەکەیو رادەی توانیستی بەردەوامیی بەریەرەکانی، باش وایە پەنجە بخەینە سەر خاڵی خورتی و هێز و ئینجا گرفت و خاڵی لاوازو کێشەکانی ناوخۆ..

رژێمی بەعسی عێراق دوای بیست ساڵ لەدەسەڵاتی سیاسی و ئەزمونی ساڵی ١٩٦٣ وەکو حیزبێکی سیاسی خاوەن ئاتیکردنەوەی زیاتر لە چل ساڵ .. توانیویتی دەوڵەتەکەی لە عێراقدا رابگرێو تا ئێستا لەکەوتن رزگاری بکات و بە دیپلۆماسیەتێکی عەنتیکەو لە ناو ململانێی هەردوو زلهێزو بلۆکەکەیاندا یارمەتی لە هەردوولا وەربگرێ . ببنە مایەی پاراستن وراگرتنی.. دیارە زۆر

هۆو یارمەتیدەری تر ئەم دیاردەیەیان خولقاندووەو بونەتە شورە بۆ رژێم و حیزبەکە.. سیاسەتی ناقۆلای زلهێزەکان و سامانی نەوت و جەنگی عێراق ئێران و تێکەڵبونی رژێم بەنەخشە ستراتیجییەکانی زلهێزەکان، لاوازی هێزی بەربەرەکانی لە ناوەراست و خواروی عێراق، درندەیی دەزگاکانی داپڵۆسین و سەپاندنی دکتاتۆریەتی رەشی بەعسی بە زۆری ئاگرو ئاسن، کوشتن وبرین و وێرانکردن، باری سیاسی ناوچەکەو ناکۆکیو ململانێ .. سوود وەرگرتن لەچەك و ئابوریو پیشەسازیو تەکنیك و پسپۆری گشت زلهێزەکان و گەلێ هۆی تر ئەو دیاردەیەیان لێ بەئەنجام هاتووە.*

بەلام کە دێینە سەر خاڵی لاواز لەو رژێمەدا وا گرنگەکانیان بەم جۆرە دەکەونە پێش چاو:

– دەوڵەتێکی فرەنەتەوەو چینایەتییە کەلەسەر زۆرداریو ماف زەوت کردن و داپڵۆسین دامەزراوە، کەمینەیەکی مەزەبی نەتەوەی زاڵ، سوننە و عەرەب ، مافی نەتەوەی کوردو کەمینە نەتەوایەتییەکان و هی شیعەو ئایینەکانی تری زەوت کردووە.

– بونی کێشەی نەتەوایەتی کورد بە چارەسەرنەکراوی و تەقەلای تواندنەوەی کوردو بەعەرەبکردنی کوردستان کە بەرامبەر بەوە کورد بە خەباتی چەکدارانە وەلامی داوەتەوەو بۆتە گەورەترین مەترسی ناوخۆ لەسەر رژێم.

– بونی کەمینەی نەتەوایەتی تورکمان، ئاسوری، ئەرمەن، چەرکەس وە کلدانی، هەڵلوشینی مافەکانیان و هەوڵی تواندنەوەو قوت دانیان.

---

* ئەو دیاردەو مامەڵەو سیاسەتانە دوای دووەم جەنگی خلیج زۆر نامۆو سەمەرەتر بون، لەکاتێکدا ئەمەریکا رژێمی زەلیل و ریسوا کردوە، بەردەوام لە جەنگێکی سایکۆلۆجی، ئابوری، وە سەربازیدایە، ئابلۆقەی هەمەلایەنە بە سەپێنراوی هێڵراوەتەوە، عێراق بۆتە دوو بەشەوە، کوردستان بە کردار سەرداریی خۆی هەیە، کەچی لەسەر لانەبردن و پارێزگاریکردنی سەدام حسەین کە سەری هەموو بەلاو شەڕو کارەساتەکانە، سورە، چونکە راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، بەشێکی گرنگ لە سیاسەتەکانی ئەمەریکا جێبەجێ دەکات، لەلایەك، وەهۆی سەرەکی پاراستنی ئەو عێراقەیە لەبەردەم گێژەلوکەی پارچەپارچەبون، کە لە حساباتی ئەمەریکادا لەحاڵەتێکی وادا، وە بەهۆی بونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر کێڵگەکانی نەوتی خلیج و رژێمە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکا دەخولقێ بۆیە "مانەوەی هەڕەشەی سەدام باشترە لەهەڕەشەیەکی گەورەتر کە بەدەستی خۆمان دروستی بکەین" وەك سەرەك کۆماری ئەمەریکا جۆرج بۆش،راستەوخۆ دوای وەستانی جەنگی کوێت بڵاوی کردەوە، لە کاتێکدا هەمو جیهان چاوەڕوانی کەوتنی رژێمی بەعس بون لەبەردەم گەردەلولی بیاباندا و وایان دەزانی کە هێندە نابات هێزەکانی ئەمەریکا دەگەنە بەغدا..تا ئێستاش هەمان نەخشەو پیادەکردنیهەمان سیاسەت بەردەوامە.. سەرەنجامی جەنگی کوێت-یش دەریخست کەچۆن یارمەتییەکانی زلهێزەکان بۆ عێراق، لە شەڕی یەکەمی خلیجدا، رژێمیان کرد بە خاوەن قودرەتێکی چەکی وێرانکەرو کۆمەلکوژ کە هەڕەشە لەناوچەکە بکات.

– بونی شیعە کە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی عێراقن و لەگەڵ کەمینەی فارس و بونی حیزبە ئیسلامییەکان مەترسییەکی گەورە لەسەر رژێم دروست دەکەن، هەرچەندە بەریەرەکانیان نەخراوەتە سەر رێبازی خەباتی چەکدارانەو راپەرینی شۆرشگێرانە.

– ناسیونالیستی لاتنگیرو رەگەزپەرستی حیزبی حوکمڕان و تێندینسی فاشیانەی بەرامبەر گەلی کوردو کەمە نەتەوایەتییەکان..

– بونی کەمینەی ئایینی مەسیحی بە هەموو جۆرەکانییەوە، یەزیدی وەك کوردو وەك کەمینەیەکی ئایینی.

– هەلپەرستی رژێم لە نێوان زلهێزەکان و دەوڵەتانی ناوچەکەو جیهان کە هەرچەندە لە مەودای کورتیدا سوودی لێ وەرگرتووە بەڵام بۆ مەودای دوور بۆتە سەرەتای فاکتەری نێگەتیڤ بۆی، بەپێی ئەو ناکۆکیو ململانێیانەی کە خۆی دەیانخولقێنێ یان بۆی دەخولقێنرێ.

– هەڵتەکاندنی ئابوری کشتوکاڵو مەڕوماڵات و ئاژەڵو دارستان و باخ و بێستان لە کوردستاندا بە جۆرێك وە لەناوەڕاست و خوارووی عێراقیشدا بە جۆرێکی تر. ئەمەش ناچاری کردووە کە پێویستییەکانی ژیان لەدەرەوە هاوردە بکات.

– هەڵتەکاندنی پیشەسازی وڵات بەهۆی جەنگی عێراق و ئێرانەوە سەبارەت بە سیاسەتی گەوجانەی رژێم و بڵاوبونەوەی بەرتیل ودزیو راووڕووت.

– بەفیڕۆدانی داهاتی نەوت و سەرجەم داهاتەکانی ترو بەستنەوەی بە خواستی رژێم و تاقمی حوکمڕانەوە.

– قوڵیی ناکۆکی نێوان رژێم و جەماوەری پێشکەوتنخوازی عەرەب،هەرچەندە ئێستاکە رۆڵێکی وا نابینێ کە ببێتە فاکتەری گوشار.

–زۆری قەرزو قولەو کەڵەکەبونی سوودی قەرزەکان.

– خۆساغ کردنەوەی لەناو پرۆژە ستراتیجییەکانی زلهێزەکاندا، بە راستەوخۆو ناراستەوخۆ.

– بێ کاری و گرانی و کەمی کەلوپەلی پێویست.

– بونی حیزبی شیوعی عێراق.

– ترسی سەرانی رژێم لەبەرزبونەوەی ئەم لێپرسراوو ئەو لێپرسراو، لەم ئەفسەرو ئەو لێپرسراوی حیزب بە شێوەیەك کە هەر دەمە نادەمێ تاقمێ دەکەونە بەر سزاو لە سێدارەدان و گوللە باران.

– بێ نرخی پارەی دەوڵەت و نەمانی پشتگەی دینار.

– بونی باڵی حیزبی بەعس و ترس لە کودەتا بە یارمەتی سوریا.

– جەنگی عێراق و ئێران و ئینجا ئەنجامەکانی جەنگی کوێت، کە ئەمڕۆ بۆتە گەورەترین مەترسی لەسەر ڕژێم و وا چاوەڕوان دەکرێ کە پاشەڕۆژی ڕژێم، بۆ مەودای دوری ئەم پلەیە،بەم جەنگەوە بەسترابێتەوە.*

یەکێك لە کۆسپە هەرە عاسییەکانی بەردەم جولانەوەی نیشتمانی کوردو ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە، هەلوێست و سیاسەتی زلهێزەکانە بە دۆستایەتیو پارمەتیدان و پاراستنی ڕژێمی عێراق، دژایەتی کردن و لاخستن و گوێنەدان بەنەتەوەی کوردو مەینەتییەکانی، هەرچەندە ناکۆکیو خالی پێکدادانی نێوان هەردوو زلهێزەکە لە ناوچەکەدا زۆرو فرە چەشنە، کەچی لە بەرامبەری مەسەلەی کوردو سەرجەم ئەو دیاردانەی لە دژی جولانەوە ڕزگاریخوازانەکەیەتی، دیدو بۆچوون و هەلوێستەکانیان یەك دەگرنەوە یان زۆر لەیەك نزیك بون .

ئەگەر بەچڕی روناکی بخەینە سەر هێلە سەرەکییەکانی بنەمای نەخشەی سیاسیو مامەلەی دیپلۆماسی ناو ستراتیجی هەر لایەکیان وا بەم جۆرە دەکەونە پێش چاو:

## بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

– دەست بەسەراگرتن و پاراستنی سەرچاوەی نەوت لە خلیج و ناوچەکەدا بە پاراستنی ئارام و ئاسایشیناوچەکە بەپێی خواستی خۆی .. دلنیایی لەسەر ڕێگەوبانی گواستنەوەی نەوت وڕێگەی ستراتیجی خلیج کە لەحیساباتی " ئەمنی قەومی ئەمریکادا" بە هەستیارترین ناوچە دەژمێردرێ لەدەری سنوری ولاتەکەی خۆی، لە پاراستنی ئاسایشی ڕژێمە کۆنپارێزو هاوپەیمانانی، پاراستنی سنوری سیاسی و جوگرافی دەولەتانی ناوچەکەو بەربەرەکانی کردنی هەموو جۆرە بیرێ کە مەبەستی تێکدانی ئەو سنورانە بێ ئەگەر لەخزمەتی تەواوی ستراتیجی خۆیدا نەبێ.

– وەستان بەرامبەر بەریلاوی نفوزی یەکێتی سۆڤیەت و تەشەنەو مەترسی کۆمۆنیزم و بەبەستنەوەی ڕژێمەکانی ناوچەکە بە ستراتیجی سەربازی خۆیەوە.

– لێدانی جولانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی تێکۆشەرو هەر بزوتنەوەیەك کە هەڕەشە لەسەر ڕژێمی نۆکەر دروست بکات.

– روخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران یا گەیاندنی بەو ئاستەی کەوەك هەڕەشەو مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆیو ڕژێمە کۆنەپەرستەکان نەمێنێو بەجۆرێ لاوازی بکات کە بەناچاری بکەوێتە مامەلەو سازش و داشکان بۆی .

---

* جگە لە سەرەنجامە خەتەرناکەکانی جەنگی کوێت کەهەموو لایەنێکی ژیانی میللەتی گرتۆتەوەو لە خراپترین حالەتی ریسواییدا خۆی دەبینێتەوە .. بەهۆی وێرانکردنی زۆر کارگەو کارخانەو پردو ڕێگەوبان،پرۆژەی ئاوو کارەباو ناوەندی پالاوتنی نەوت و پەترۆل، ناوەندی تەلەفون و مەلبەندە خزمەتگوزارییەکان، کەسەرەنجامی داگیرکردنی کوێت و جەنگی ڕزگارکردنی بون.

– لابەلاكردنی كێشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەسەر ئەو بنچینانەی ئیسرائیل گەرەكێتیوبەو پێیەش كێشەی فەلەستین لابەلا بكات و شۆڕشەكەی نەهێڵێ ...

– زیاتر گوشار خستنە سەر سوریا بۆ تێهەلكێشكردنی لەو سازشەی كە وردە وردە ئەلقەكانی دەردەخەن .

– بەربەرەكانی جولانەوەی نیشتمانیو نەتەوایەتی گەلی كورد ، چاوپۆشین لەو مەینەتیو كارەساتانەی دوچاری زیاتر لە (٥ ) ملیۆن مرۆڤ دەكرێت لە كوردستاندا .. وا پێ دەچێ كە خۆراوا تا رادەیەك لە هوشیاربونەوەی دواڕۆژی نەتەوەی كوردو راپەرینی دەسلەمێتەوە ،وەك دەوترێ : " دەولەتانی خۆراوا لەوە دەترسن كە یەكێتی سۆڤیەت كۆماری كوردستانی سۆڤیەت دابمەزرێنێت بە جیاكردنەوەی زەوی كورد لەو دەولەتانەی تیایاندا دەژین"، " توركیاو ئێران وعێراق و سوریا" ببنە ناوچەیەكی ئاگراوی لەسەر سنوری ئەو دەولەتانە، لەگەل ئەوەشدا ئەم دەو[illegible] ناگاتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست ، هەرچەندە راستەوخۆ هەڕەشە لە پترۆلی عێراق دەكات ، چونكە دەكەوێتە ( كەركوك)ەوە كە ئەوەش ئەرزی كوردە)*

سەبارەت بەوانەو گەلێ هۆی تر، هەلوێستی ئیمپریالیزمی ئەمریكا لەدژی كوردە، لە دژی كۆماریئیسلامی ئێرانە ، لەگەل رژێمە تۆكەرەكانەو رژێمی عێراقی كردوتە بەشێك لە ستراتیجەكەی لەناوچەكەدا . بە تایبەتی دارێژەرانی سیاسەتی ئەمریكا دەلێن: " ئەگەر ئێران سەركەوتنی ئاشكرا بەسەر عێراقدا بەدەست بێنێ وا حەماسەتی لاتنگیریی شۆڕشی ئێران وا نوێ دەبێتەوە كە حكومەتە موعتەدیلەكانی ناوچەكەو دەولەتە بچوكەكانی سەر خلیج بكەونە بەردەم هەڕەشەو مەترسی گۆڕینیان بە رژێمی ئیسلامی، یان لایەنگیریان بۆی، تا بكەونە حالەتێكەوە كە ناچار بن لارەملی داخوازییەكانی ئێران بن، بەوەش زیانێكی وا لە رۆژاوا دەكەوێ كە مەزەنە ناكرێ"**

★ یەكێتی سۆڤیەت:

– جێگیركردنی پەیوەندی و فراوانكردنی نفوزو دەسەلاتی لەو ولات و ناوچانەی دەستی بیان گاتێ .

– فراوانكردنی مامەلەی سیاسی پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەل دەولەتانی ناوچەكەدا ، بە نۆكەرو كۆنەپەرستەكانیشەوە ، بەجۆرێك كە لە ناوە گەرمەكاندا جێگەی پێی خۆی بكاتەوە و بازاڕی نوێ بدۆزێتەوەو مامەلەی بازرگانی بەرین بكات.

---

* الدكتوره دولت احمد صادق، الدكتور محمد السيد مغلوب، الدكتور جمال الدين الدناصوري، الجغرافيه السياسيه ، ١٩٧٥ بكه.

** ئەركی نوێ ی ژمارە ٣، ١٩٨٨ راپۆرتی ناوبراو.

- یارمەتیدانی ئەو بزوتنەوە نیشتمانی و کۆمەڵایەتیو ڕێکخراوانەی کە لەگەڵ سیاسەتی گشتیو ستراتیجییەکەیدا دەگونجێن وە کە هیچ جۆرە بەرەنگاریو سەریەشەیەکی بۆ دروست نەکەن.
- هاودید لەگەڵ خۆراوادا ، ئەگەر گۆڕانی بەو جۆرو شێوەیەی خۆی گەرەکێتی نەکرێ ، وا لەبەر پاراستنی بارودۆخی ناوچەکە ، گوێ نادەنە ڕاپەڕین و جولانەوەی ئەو گەلانەی کەم و زۆر لە خزمەتی ستراتیجەکەیدا نەبێ ، چاوپۆشین لەچەوساندنەوەو تەقەلای تواندنەوەی گەل و نەتەوەکانی ناوسنوری سیاسی و جوگرافی ئەم دەوڵەتە و ئەو دەوڵەت، یارمەتیدانی ئەو جولانەوانەی لە حساباتی تەکتیك و ستراتیجیدا یارمەتیدەری ئەڵقەیە یا زیاتری ستراتیجی یەکێتی سۆڤیەت دەبێو چاوەڕوانی ڕۆڵ بینین و گەشەکردنی لێدەکرێ ئەوانە بەشێکی دیپلۆماسیەتەکەیەتی بەرامبەر گەلانی ناوچەکە.
- هاودیدو بەرژەوەندیی دەوڵەتی لەگەڵ خۆراوادا ، بەریەرەکانی کردنی هەموو هەوڵ و جولانەوەیە بەنیازی تێکدانی سنوری سیاسیو جوگرافی دەوڵەتانی ناوچەکە.
- سەبارەت بە زاڵ کردنی بەرژەوەندی ئابوری و مامەڵەی بازرگانی بەسەر لایەنی ئایدیۆلۆجیدا، لایەنی بیروباوەڕو ئەرکی نێو نەتەوەیی لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتی و دیپلۆماسیەتی هەزار لوغانە تێکەڵ کراوە ، ئەمیان بەسەر ئەویاندا زاڵ کراوەو ئەویان لەخزمەتی ئەمیاندایە ، بۆیە دەبینین بەپێ ئەو سیاسەتە یارمەتی ڕژێمی عێراق ئەدات ، هەموو جۆرە چەکێکی نوێ و ئەزمونی خستۆتە بەردەست ، دەیان پسپۆڕی لەکارگەکانی دروستکردنی چەکی کیمیاویدا کار دەکەن.* بەو چەکەش ڕژێمی بەعس دەیان هەزار منداڵ و پیرو ئافرەت و لاوی شەهیدو بریندار کردووە.

جگە لەعێراق مامەڵەی بازرگانی و هاوکاریو پەیوەندی دیپلۆماسی ئەم زلهێزە لەگەڵ دەوڵەتە تۆکەرەکانی ناوچەکە ، لەگەڵ میسرو ئەردەن و کوێت و تورکیادا کە سەرجەم هەموویان دوژمنی خوێن خۆری کۆمۆنیزم و تێندینسی پێشکەوتن و گۆڕانە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکانن لەبرەودایە.
- یەکێتی سۆڤیەت سیاسەت و کاروبارو بارودۆخی ناوخۆی، سیاسەتی نێودەوڵەتیو دەری سنورەکانی جیا دەکاتەوەو هەندێ جار تێگەیشتەی "ئەمنی نەتەوایەتیو دەوڵەتی " شورەوی کار دەکەنە سەر سیاسەتی دەرەوەی، سازش و سازشکاریو داشکان بە جۆرێکە کەجاری وا هەیە تەنانەت بۆ خزمەتی ستراتیجەکەی خۆشی، سوود لەهەلومەرجە ڕەخسیوەکان وەرناگرێ،

---

* ڕێبازی نوێ، ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.ژمارە ٣ و ٤ ئازار و نیسان ١٩٨٨. لەو ژمارەیەدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناوی (٣٠)پسپۆڕی سۆڤیەتی بڵاوکردەوە کە لەکارگەکانی دروستکردنیچەکی کیمیاوی لە(قائم ، عکاشات ، سامەڕا)دا کار دەکەن .

روداوەکانی نزیك سنورەکانی چاو لیٚ دەپۆشیٚ ، زۆر شتی گرنگ دەخاتە لاوەو ئەرکی ئایدیۆلۆجیو نێونەتەوەیی دیاریکراوی خۆی ون دەکات، پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتە کۆنەپەرست و تۆکەرەکاندا بەسەر ئەو لایەنانەدا زاڵ دەکات کە سەرەنجام سیاسەت و دیپلۆماسیەتەکەی خۆپەرست و هەلپەرستانەو لە دژی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی ئازادیخواز دەبیٚ.
- لەمەڕ جەنگی عێراق – ئێران سیاسەت و هەڵوێستی مۆلەقەو بیٚ بناغەی گرتۆتەبەر، کە زیاتر خزمەتی ستراتیجی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکات و بگرە برەو بە تەکتیکەکانیشی دەدات، بیٚ ئەوەی دەرکی پیٚ بکات . پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ رژێمی عێراق و بونی بەیەکەم سەرچاوەی چەکی نویٚ بۆی، تێکەڵاوی هەمان رژێم لەگەڵ ئەمەریکادا بە جۆرێك کە لەناو سۆڤیەت خۆیدا باسی دەکرێت کە رژێمی عێرا ق تێکەڵی نەخشە ستراتیجییەکانی ئەمەریکا بووە، ترسی لە کۆماری ئیسلامی ئێران و سیاسەتی ئەم بەرامبەر ئەفغانستان و روداوەکانی دژ بە حیزبی توودە ، روبەڕووبونی ئێران و ئەمەریکا لە خلیج دا وە گەمارۆدانی لەلایەن خۆرئاواوە ، بونی نزیکەی دوو ملیۆن ئەفغانی لە ئێراندا ئەوانە لاسەنگییەکی گەورەیان لە سیاسەتی هەردولا رەخساندوە، پێشبینی لە رەوتی جولانەوەکان، بەتایبەتی دوای جەنگی عێراق – ئێران ، ئەگەر بەو دیدو خواستەی خۆرئاوا گەرەکیانە سازشێك رێك بخریٚ و رژێمی حیزبی بەعسی تیا رزگار بکریٚ ، بیٚ ئەوەی شورەوی کارێکی وای کردبیٚ کە بۆ پارسەنگ راگرتنیش بیٚ، بە ورووژاوی ئێرانی ناچارنەکردبیٚ لەناو ئەو جۆرە چارەسەرەدا خۆی بخواتەوەو موعادەلەی ململانییە کە وەرچەرخێنریٚ بەرەو موسڵمانەکانی ئەفغانستان و ناو سنوری شورەوی، لەو حاڵەتەشدا دیارە ئەمەریکا باشتر هەل لەو تێکدانی موعادەلەیە وەردەگریٚ، وەك لەوەی ئەمڕۆی سۆڤیەت دەیەویٚ لە مامەڵەی روداوەکانی ئەمڕۆی دا دەستی بکەویٚ, بۆیە لەسەر حیسابی سەرەنجامی جەنگدا شورەوی سەرسوڕماو مامەڵە دەکات و لێکی دەداتەوە کە: برانەوەی جەنگ بەسەرکەوتنی ئێران ، بەمانەوەی رژێمی صدام ، بە گۆڕانێکی ناو عێراق کە ئەمڕۆ خۆراوا شتێکی پیٚ دەکریٚ ، بە روخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران کە لەم بارەشدا هەر خۆراوا دەگەڕێتەوە ئێران .. هیچیان لەبەرژەوەندی ئەو نییە .. بۆیە تێندینسی بیٚ بەرنامەو شلەژان لە سیاسەتەکەیدا زاڵ بووە، هەر سەبارەت بەوانەشە کە خۆرهەلات و خۆراوا دیدو بۆچونەکانیان سازو تێکەڵ بووە ، بەلاّم هەریەکەیان بۆ سەرەنجامێکی تایبەتی خواستراو . بۆ ئەوحاڵەتەی کە ئێران بگەیەننە ئەو مەڵبەندەی کە لە پەل و پۆ کەوتبیٚ و توانا و وزەی جەنگی تیا چۆڕ بڕ کرابیٚ ، ئەوسا سازشیجەنگ برانەوە بهێننە سەر مێز .. گومانیش لەوەدا نییە کە ئەم چارەسەرەش راستەوخۆ لە خزمەت بەرەی خۆراوا بە گشتی وە ئەمەریکادا بە بەتایبەتی ، چونکە دیسان گەیشتنە ئەو حاڵەت و ناستە، مانای دەست کردنە بە ئالوگۆڕ لە لایەنەکانی موعادەلەکان و لەدەرکەوتنی ململانێی نویٚو ناکۆکی نویٚ و بەریەرەکانی نویٚ، بە جۆرێکیوا کە رووی رێبازەکە لای چاودێرانی

سیاسی شارراوە نییە.دیارە هەڵوێستی چەوت و چەوێڵی یەکێتی سۆڤیەت لە کێشەی نەتەوایەتیکورد ، لە یارمەتیدانی دوژمنەکەی ، لە خۆکەرو کوێرکردن لە کارەساتەکانی کوردستان ، بەشێکی هەمان سیاسەتی نەزۆك ومامەڵەی بێ ئیدراکانەی ناو ستراتیجەکەی ئەو دەوڵەتەیە ، رووداوەکانی ئەم دواییەی ئەرمەنستان و ئازربایجانی سۆڤیەتی ، چەوتی ئەو سیاسەتەو هەڵەی گەورەی ئەو مامەڵەیەیان باش دەردەخست.

ئەگەر چی ئەمڕۆ نەتەوەی کورد دەستی بەسەر سامانی خۆیدا ناڕوات و مامەڵەی بازرگانی لەدژی خواست و بەرژەوەندییەکانی دەکرێ، جولانەوە رزگاریخوازانەکەشی نەبۆتە هەڕەشە لەسەر دەستکەوتی هیچ لایەك، بەڵام لە پێشبینیی پاشەڕۆژدا و لە چاوەڕوانیی گەشانەوەی ئەو ئاگردانەی کە رۆژهەلات بلەرزێنیو ئەو دەوڵەتە یەککگرتووەی کورد دابمەزرێ، رۆڵی ئەم وڵاتە ئاشکرا دەبێ ..جا ئەگەر دەوڵەتێکی وەك شورەوی بیر لەو دۆستەی ئایندەی بکاتەوە ، وا دەزانرێ رووی ململانێیەکان چۆن وەردەچەرخێنرێ، و بۆ بەرەی خۆرئاواش هەمان دیاردەو ئامانج بۆ ستراتیجەکەی پێچەوانەی ئەوەی لێئەنجام دێ. بەتایبەتی سروشتی مامەڵە لەگەڵ کورددا زۆر جیاوازە .. سەرەنجام پێچەوانەی مامەڵەیە لەگەڵ دەوڵەتەکانی ناوچەکەدا، لەرووی دڵسۆزی و وەفا بۆ ئەو لایەنەی لە مەینەتیدا فریای دەکەوێ ، چونکە ئەگەر لەو رووەوە سەرنجی سەرجەم مامەڵەی ئەم رۆژهەڵاتە بدەین، وادەردەکەوێ کە لەناو چی دیپلۆماسیەتێکی ساختە بازو هەل پەرستانەو بێ وەفاییدا دەژین، دەردەکەوێ کە چەند جار ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتی عەرەب لەسۆڤیەت هەڵگەڕانەوە و دیشەکەمیان لە قەرزوقۆڵەکانی دەکراو چەکە نوییەکان دەخرانە مەزاد خانەوە..

لەبەراوردو والاکردنی دەستکەوت و بۆ پێشەوەچوونی هەریەك لە دوو زلهێزەکە لە ناوچەکەدا لە ئەنجامی لەبارییو سازاوییو گونجاوی ستراتیجەکە بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا ، والاسەنگی ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا بە ئاشکرا خۆی دەردەخات...چونکە لە ناوچەکەدا چەندین رژێمی هاوپەیمانی ستراتیجیو دەیان نوقتەی سەربازی گرنگ و گەورەی هەیە ، سەرچاوەکانی نەوتی خلیج و ناوچەکەی بە سیاسەتی بازاڕی خۆیەوە بەستووە، دەستی گرتووە بەسەر رێگەوبانی ئابوری و دەریاییو ئۆقیانووسەکاندا، بەگشتی ناوچەکە بازاڕێکی فراوانی کەلوپەلی پیشەسازییو چەك و جبەخانەی کارگەکانێتی، سەرچاوەی دروستکردنی ئالۆزی کێشەو سەریەشەیەو هەرکاتێکیش بیەوێ کپ و بێ دەنگیان دەکا. بونی دەستی باڵا لە تەقەلا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە، بەجەنگ و چەڵەمەی ئابوری و بە کودەتای سەربازییو پەیمان و دۆستایەتیو یارمەتیدان.

لەبەرامبەر ئەوانەدا لە هیچ روویەکیانەوە یەکێتی سۆڤیەت نەیتوانیوە دەستکەوتی سەقامگیر بەدەست بێنێ، ئەوەش کە بۆی رەخسابو، بۆ نمونە : میسری سەردەمی جەمال عبدالناصر و عێراقیعبدالکریم قاسم، لەدەست چوو ..زیاتریش لەوانە یەکێك لە فاکتەرە گرنگەکانی لاواز بونی حیزبە شیوعییەکانی وڵاتانی ناوچەکە ئەو سیاسەتە پڕ لە هەڵەو دیپلۆماسییەتە چەوتە بوە.

یەکێك لە دیاردە سەیرو نائاساییەکانی ململانێی سەربازیو مامەڵەی سیاسی و دیپلۆماسیەتی هەردوو لا لەناوچەکەدا، هەڵوێستی وەك یەکیانە بەرامبەر مەسەلەی کورد، لەگەڵ هەندە جیاوازییەکی ناگرنگ و لابەلاو تەکتیکی، بەپێچەوانەی کێشەی هەرێمەکانی جیهان کە هەریەکەیان لایەکیان گرتووە، یا دەوڵەت یا بەرەی ئۆپۆزسیۆن، وەك لە نیکاراگوا، ئەلسلڤادۆر، ئەفغانستان ،فەلەستین، ئەنگۆلا، مۆزەنبیق ...هتد دا دەردەکەوێ..

لەدەستکەوتە مەزنەکانی ئابوری ئەمەریکا لە ناوچەکەدا کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی پەترۆڵە، ئەو سەرچاوانەی کەلە " سەدا حەفتای ئیحتیاتی نەوتی جیهانی تێدایەو تێچووی دەرهێنانیشی تەنها ٠,٢٠ دۆلار بەرمیلە، لە کاتێکدا نەوتی دەریای شمال ٢–٧ دۆلارو هی ئەلاسکا ٤–٦ دۆلاری تێ دەچێ "*

---

* – سەیری ی.م برایمۆف، تشریح الصراع فی الشرق الاوسط، بیروت ،١٩٨١،بکە.

– دروستیی زۆر لەو بۆچون و لێکدانەوانەی دە ساڵ لەمەوبەر بە ئاژاوەی ناو سۆڤیەت و بە روخانی ئەو دەوڵەتە مەزنە، لە شەڕی رزگارکردنی کوێت و ئەو ئاژاوە ئابوریو سیاسییانەی ناو روسیاو بە روخانی رژێمەکانی ئەوروپای رۆژهەلات، وە بەو رۆڵەی ئێستای ئەمەریکا لەناوچەکەدا.. دەردەکەوێ..

# پوختەی سەرئەنجام و هەڵویست

لەبەر رۆشنایی ئەو دیدوبۆچون و لێکدانـەوەو شیکردنەوانەی لەمەویـەر، دەتوانـین چەند راستییەك هەڵبهێنجێنین..دەتوانـین کۆسـپ و تەگـەرە عاسییەکانی بـەردەم ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەو خەباتی جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردو بەدەستهێنانی مافی بڕیاردانی چارەی خۆ نوسین لە سێ کۆسپی بنچینـەیی‌دا کۆبکەینـەوە..لـە خۆیـی‌و بابەتییـەکاندا دەست نیشـانی ئـەم سیانەیان بکەین:

– بۆشایی‌و لاوازییەکانی ناو جوڵانەوەی نیشتمانیی کورد .

– رەگەزپەرستی داگیرکەران و دژایەتی کردنی کوردو هەوڵی توانەوەو لەناوبردنی.

– سیاسەتی زلهێزەکان کە دەیانەوێ بارودۆخ و سنوری سیاسی‌و جوگرافـی ناوچەکـە وەك خۆیـان بمێننـەوە گـوێ نەدەنـە مەسـەلەی کـورد، چـاو لـە چەوسـاندنەوەی، لەتەقـەلای لـەناوبردنی بپۆشن..وەك بەشێ لە سیاسەت و رێگەی پاراستنی دەستکەوت و نەخشەی ستراتیجی هەرلایەك.

ئـەمڕۆ سیاسـەتی رۆژئـاواو رۆژهـەلات، سووربونیانە لەسـەر هێشـتنەوەی کوردسـتان بـە دابەشکراوی‌و بەلاخستنی مەسەلەی کوردو خۆ گێل کردن لە کوشتنی بە کۆمەڵ بەچەکی کیمیاوی‌و وێرانکردنی دێهات و شارەکانی کوردستان.

ئـەزمون و تاقیکردنـەوەکانی دەیـان سـاڵی خـەبات، دەریـان خسـتووە کـە تـاکورد، تـا جوڵانـەوەی نیشـتمانی کـورد خـورت و بـەهێز نـەبێ، بـەو جـۆرەی کـە ببێتـە هەڕەشـە لەسـەر دەستکەوت و بونی ئابوری ئەم دەوڵەت یا ئەو دەوڵەت، تانەبێتە هەڕەشە لەسەر مامەڵـەو چالاکی بازرگانی..دەستی هەڕەشە، لێرەو لـەوێ، بـۆ بەرژەوەندییـەکانیان درێـژ نـەکات ، کـە ئەمـەش لـە رەزمەندترین شێوەدا هەربە یەکێتی هێزەتێکۆشـەرەکانی کوردستانی گـەورە ئـەنجام ئـەدرێ، تـا ئـەوە نـەکرێ، چاوەڕوانیی لە گۆڕانـی سیاسـەتی زلهێزەکـان ناکرێ، ئـاڵوگۆڕێکی بنچینـەیی لـە هەڵوێستیان بەرامبەر مەسەلەی کورد روو نادات و ئەم حاڵەتەش بـەردەوام دەبێ، ئـەوەش مانـای بەردەوامیی ململانێ سەختەکەیە، بەردەوامیی ئەوەش، کاتێ مەسەلەکە پەیوەندی بە کوردسـتانی باشورەوە هەبێت، بـۆ ئـەم قۆناغـە، وا هـەر لـە بـەرژەوەندی دوژمـن دەبێ ، زۆر بـە ئاشکراو بـە خێرایی‌و لـە ئاسـتێکی زۆر ترسـناك دا لـە دژی بـەرژەوەندی جوڵانـەوەی کـورد دەبـێ، نـەك هـەر سەبارەت بەو هۆو فاکتەرانەی لە رێڕەوی باسەکەدا دەرخران، بەڵکو لەبەر ئـەوەش کە زەمینـەی خەباتی پارتیزانی تابێ تەسك و دژوار و سەخت تر دەبێ.

لەگەڵ ئەوەشدا..گەلیّ هۆ و فاکتەری یارمەتیدەرو گرنگ لە ئارادان کە لەخزمەتی نەخشەی ستراتیجی پاراستنی نەتەوەی کورددان. جا بەکەڵك وەرگرتن لەوانە هەمووی، وە هاوزەمان و زەمین بەوە، هەوڵ دان بۆ هێنانە کایەی حاڵەتی دروستبونی هەرەشە لەسەر بەرژەوەندی دەوڵەتان .. چالاکی و راگەیاندن پەیوەندیو جموجۆڵ، دەبیّ بخرێنە ئاستی ئەو خواستەو ئینجا بە ئەقڵێکی نوێو دیدێکی فراوان و دیپلۆماسیەتێکی واقیعبینانەو دەست ئازادو چوارچێوە بەریلاو، مامەڵەی روداوەکان بکریّ، تەنها بەرژەوەندیو دەستکەوتی جولانەوەی کوردو کاروانی بەرەو ئامانج ، پێوانەو مەرجی سەرەکیو بنچینەیی بیّو بەو پێیانە مامەڵەی روداوی دەورووبەر بکریّ.

کورد گەلێکی بیّ دۆستی ستراتیجیو بیّ یارمەتییە ، دابەشکراوەو چەوساوەیە، هەرەشەی لەناوبردنی لەسەرەو لە ناوەوەیدا دەژی، کەس گویّ لە بانگەوازی مرۆڤانەی ناگریّ ..لە دژی خواستەکانیی کار دەکەن.. یارمەتی دوژمنەکەی دەدەن و کەرەسەی ژیان و بەهێزیی بۆ مسۆگەر دەکەن ..بۆیە دەبیّ جولانەوەی کورد، خۆی ئەوقیئەم و ئەو نەکات، ئەوقی یەك لایەنی و بیّ وەلامی بەرامبەر، کارێکی بیّ ئیدراکانەو لەدژی بەرژەوەندی نەتەوەی کوردە، چونکە کورد واتەنی: چەپڵە بەدەستیّ لیّ نادریّ، ئیتر کە حاڵەکە بەو جۆرە بیّ، دەشیّو رەواشە کە هەر جۆرە هەلێك بێتە ئاراوە، بسازێنریّ، بیّچەندوچوون، سوودی لیّ وەربگیریّ، ئەگەر وانەکات مانای وایە دەبیّ مل بۆ دوژمن دابنەوێنیّو چاوەڕوانی لەناوچونیش بکات.
دیپلۆماسیەتی ئەم سەردەمە زۆر روداوی چاوەڕوان نەکراو لغاو دەکات، زۆر لغاو کراویش بە جۆرێکی تر لیّ دەکات ..رێگەی مامەڵەی جۆربەجۆرو سەیرو سەمەرەی داوەو دەدات..ئەوە هەر دوو زلهێزەکە و سەرانیان، هەندیّ جار موو بەبەینیاندا ناچیّو هەزارو یەك نهێنی ترسناکیش لە دوو توێی قسە باشەکانیاندا مەلاس دراوە..مامەڵەو رێکەوتن و سازش و سازش کاریو داشکان لەناو ستراتیجی هەوڵیّ روخاندن و نەمانی یەکتریدا، رووی دیپلۆماسیەتی ئەم سەردەمانەیە..ئەوە چین و ئەمەریکا، چین و سۆڤیەت، ئەوە مامەڵەی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت، هی ئەم گەلی تێکۆشەرو ئەو گەلی ئازادیخواز..ئەوە ئیسرائیل و رژێمەکانی عەرەب لە دوێنیّو ئەمڕۆیاندا.. ئەوە مامەڵەی هەمەجۆری ئەم رژێم و ئەو رژێمی عەرەب، پەیوەندیو دانیشتنی ئاشکراو نهێنی. ئەوە هەڵوێستی رێکخراوە فەلەستینییەکان لە ئیسرائیل ولە رژێمە کۆنەپەرستەکان.

بۆیە دەبیّ جولانەوەی کورد سوود لە هەموو هەولیّ، یارمەتییەك وەربگریّ کە خزمەتی ستراتیجەکەی بکات..چونکە جەنگەکەی ئەمڕۆ جەنگی مان یان نەمانە، چونکە رژێمی بەعس بووە

بەدوژمنی سەرەکی نەك هەر لەکوردستانیباشوردا بەڵکو بەرامبەر بە هەموو نەتەوەی کوردو هـەمو کەمینەی نەتەوایەتی لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا ..

نەتـەوەی کـورد لـەو بەشـەی کوردسـتاندا لـە ژێـر گوشـاری بـە عـێراقیکردن و تەقـەلای سڕینەوەی سیمای نەتەوایەتی بۆ یەك نەتـەوەی عێراقی ڕزگـاری نـەبو کـە دوچـاری پـەتای بەعەرەبکردن بوو.

ڕژێمی بەعس لەماوەی بیست ساڵی رابردودا* زۆر نەخشەی دژ بە نەتـەوەی کـوردو بـۆ تواندنـەوەو تێکدانی باری دیموگرافی کوردستانی جێ بەجێ کردووە..بەبێ هیچ دوودڵیو گومانێك ئەگەر لەسەر ئەو نەخشەیەی بەردەوام بێ، ئەو هەلومەرجانەی بۆی رەخساوە تێك نەدرێ، وا زۆر زیانی گەورەی تر دەگەیەنێت، ئەوەتا گەوتۆتە بەکارهێنانی کوشندەترین چەکی دەستی کـە چـەکی کیمیاییـە، وا بەکارهێنانی ئەو چەکە بەرامبەر بە پێشمەرگەو لە سنوری دێهاتەکاندا نەوەسـتاوە. کارەسـاتەکەی هەڵەبجە لە ئازاری ١٩٨٨ داو کوشتن و بریندارکردنی زیاتر لە (١٥) هەزار مرۆڤی کـورد لـە منـداڵو ئافرەت و پیرو لاو، کارەساتەکانی چـەکی کیمیـاوی لـە قـەرەداغ و دۆڵـی جافـەتیو بالیسـان،و لـە بادینان لەدوای یەکەم و دووەم جەنگی جیهان، بێ وێنەن.

کە وابوو تاکـە چـارەو تاکـە رێگـە، فراوانکردنـی خـەباتی دژ بـەو ڕژێمەیـە، بـەرین و خورتکردنـی جوڵانەوەی کوردو سەقامگیرکردنی بنەماکانی شۆڕشە. ئەگەر لەگەڵ ئەو هەموو هەلومەرجە لـەبارو رەسیوانەدا، جوڵانەوەی نیشتمانی کورد بۆشاییو کەلێنـەکانی نـاوخۆی لابـەلاو چارەسـەر بکـات ، نەخشەی خەباتی یەکگرتووە ستراتیجی پاراستنی نەتەوەی کـورد دابنرێ، هـەوڵی رەسیوەکردنی هەلومەرجە خۆییەکان بدرێو ئینجا سـتراتیجی شۆڕشـی کـورد لـەو قاوغـە تەسـك و ناوچەگەرییـە دەربهێنرێ و مـافی بڕیـاردانی چارەی خۆنوسـین و دامـەزراندنی دەوڵـەتێکی یـەکگرتوو بکرێتـە ئامـانجی سـەرەکی.. بەرەچاوکردنیبارودۆخـە تایبـەتییو خسـڵەتەکانی خـەباتی پلـەیی هـەر پارچەیەکی کوردستان وایەکەم شەقاو لەسـەر رێبـازی ئـەو سـتراتیجەو نەخشـەی پاراسـتنی کـورد دەنرێ..

بـەوەش یەکـەم هـەنگاوی رەخسـاندنی هـۆو یارمـەتیدەرەکانی بـەردەوامیی خـەبات و شکاندنی تەوقی دابڕان و ئابڵوقەدانی مەسەلەی کورد دەنرێ... زەمینـەی تێکشـکاندنی نەخشـەی دوژمن خۆش دەکرێو ئازادیو سەرفرازی گەل وەدەست دەهێنرێ.کەوابوو بۆ تـەخت کردنـی ئـەو سێ کۆسپە زۆر عاسییەی بەردەمی جوڵانەوەی نیشتمانیو ئازادیخوازانەی کورد:

– لە بۆشاییو کەموکورتییەکانی ناوخۆ بکۆڵرێتەوەو بەرنامەی لابەلاکردنیان دادەنرێ.

---

* بە گوێرەی ساڵ و سەردەمی چاپکردنی ئەم بەرهەمە.

- ڕەگەز پەرستیی داگیرکەران و لاوازیی جولانەوەی نیشتمانی ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە. وەك کۆسپێکی گەورە سەیر بکرێو هەوڵی تەخت کردن و ڕێگەی خەبات خۆشکردن بەردەوام بێ، مامەڵە دیپلۆماسیو واقیعبینانە پیادەبکرێ.
- تێگەیشتن لە و ناڵەباریی سیاسەتی زلهێزەکان هەوڵی تێگەیشتن لەدنیای دەرەوە، دۆست پەیداکردن، کارکردن بۆ خستنە سەر شانۆی کێشەکەو سۆزی رای گشتیی میللەتان رابکێشرێ، تێکەڵ بەمیدیای جیهان ببین کە رۆڵی زۆر مەزن دەبینن..دەبێ بێ پشوودان درێژە بە تێکۆشان بدرێو پێویستە خەباتی نەپسانەوە بۆ رەخساندنی هەلومەرجی ئەنجام دانی ئەرکە مێژووییەکان درێژە پێ بدرێت کە هەرە گرنگ و خۆییەکانی بریتین لە :
١- یەکخستنی ریزو هێزەکانی کوردستانی باشورو پێکهێنانی یەك بەرەی پتەوو فراوانی شۆڕشگێڕ..
٢- یەکخستنی هێزو رێکخراوە پارتییەکانی کوردستانی گەورەو دروستکردنی یەك بەرەی رزگاریخوازی رسیوو بەتوانا و خاوەن یەك ستراتیجی رون و گونجاو بۆ خەبات و ئامانجە مێژووییەکەی نەتەوەی کورددا ..
٣- هاوکاریو تەبایی لەگەڵ هێزو رێکخراوەکانی هێنانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیر کردووە، بە جۆرێك کە بێ پێچ و پەنا مافی بریاردانی چارەی خۆنوسین بۆ کورد بسەلمێنن و خەباتیشی بۆ بکەن و سوود لە هەموو هێزو تواناکان وەربگیرێت بۆ لەناوبردنی مەترسی لەسەر کورد.

یەکێك لە خاڵ و دیارەو لایەنە هەرە گرنگەکانی ناو سەرەنجامەکانی شۆڕشی چەکداریی، ئەو ستراتیجە سەربازییەیە کە تائێستا لە باشوری کوردستاندا پیادەکراوە، وەك هەموو لایەك دەزانێ بەگەورەترین کارەسات و شەڕی جینۆسایدی کورد نیمچەکۆتایی هات، لە باکورو رۆژهەڵاتیشدا، بێ دەرس و پەندوەرگرتن لە باشور، لەسەر هەمان رێبازی سەربازیی، زیانی گەورە لە جەستەی کوردو جولانەوە چەکدارییەکەی کەوتووە.. کورت و پوخت، چەندە دوژمن، کورد ناچار دەکات کە تەنها رێگەی چەکداریی لەبەردەم دا کراوەبکات، وەچەندە کورد پێویستی بەشەڕی چەکدارانە هەیە.. لەوانەش زیاترو گرنگتر، پێویستیی بە شێوەی نوێی شەڕی چەکدارو ستراتیجێك هەیە کە کورد لەو نەهامەتییو کارەساتانە دور بخاتەوە، تا وشیارانەتر لەسەر رێبازی رووەو سەرکەوتن کاروان ئاراستە بکرێ. زیاتر لەو دیدو بۆچون و لێکدانەوانەی دە ساڵ لەمەوبەر، ئەمڕۆ دوای سەرەنجامەکانی دووەم شەڕی خلیج گۆڕانی گەورە گەورە لەناوچەکەدا رویان داوە.. کە هەرە گرنگەکانیان خوڵقانی کوردستانی فیدراڵ، پەیوەندییە هەرێمییەکان، پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکان، گەورەبونی کێشەی سیاسی کورد لەسەرشانۆی سیاسیی نێودەوڵەتان.. تاد

ئەمانە پێویستییان بە نەخشەیەکی گونجاو لەگەڵ ئەو دەستکەوتە مەزنانە هەیە.. کە لەدوابەشدا روناکییان دەخەینە سەر.

ئەمڕۆ لە هەموو کاتێ زیاتر و بەپەلە تر پێویستمان بەخۆسازدانی یەکگرتن و رەخساندنی ئەو هەلومەرجانەیە. ئەگەر مێژو رێکخراوو پارتییەکانی کوردستان لە ئاستی بەرز پرسیاریەو ئەرکی مێژوویی ئەم قۆناغەی خەبات و مەترسییە گەورەکەیدا بن. وا ئەتوانین بڵێین چەند زیانمان لێ بکەوێ و باجی خەبات چەند قورس بێ، وانەتەوەی کورد لەو مەینەتییەی ئەمڕۆ، سەربەرزانە رزگاری دەبێو بە ئامانجە مێژووییەکانی دەگا.گومانیشی تێدا نییە کە دەبێ بگەنە ئەو ئاستە ..

# پاشکۆی یەکەم

- بێگومان دیاریکردنی ناوچە راگوێزراوە جۆربەجۆرەکان، لەبەر تیشکی زانیارییەکانی سەردەمی پێش چاپی ئەم کتێبەن ، دوای ئەوە ناوچەی ترو سەدان دێهات بەر هێرشی تەعجیرو تەرحیل کەوتوون بە تایبەتی لەناوچەکانی شارباژێرو بالیسان و قەرەداغ و چەمچەماڵ و کۆیەو لە پارێزگەکانی کەرکوک و هەولێرو دهۆك، زیاتر لەوانەش دوای بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی شەهیدو بریندارکردنی دەیان هەزار کەس، دانیشتوانیزۆر لەناوچەکان بە تایبەتی هەڵەبجەو قەرەداغ و شارباژێرو چەمچەماڵ و گەرمیان و کۆیە..بە ناچاری ناوچەو دێهاتەکانیان بە جێ دەهێڵن و رووەو چیاو ناوچە رزگارکراوەکان یان بەرەو ئێران، یاخود رووەو شارە گەورەکانی کوردستانی عێراق و خوارووی عێراق کۆچ دەکەن.

- گەورەیی کارەساتەکان و نەخشەی جینۆسایدی کورد، لە دوای راپەڕین و دەست بەسەراگرتنی ١٨,٥ تەن لە دۆکۆمێنت و بەڵگەنامەکانی رژێم، دەرکەوت..

- ئەم چوار نەخشەیەی ئەم پاشکۆیە لە " ئەمنی ستراتیجی عێراق سێ کوچکەی بەعسیان ، تەرحیل ، تەعریب، تەبعیس)- نوسینی:چیا- لە بڵاوکراوەکانی (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان ساڵی ١٩٨٦"ەوە وەرگیراوە.

(١)





**عێراق و کوردستانی باشور**





**ناوچە نەوتاوییەکانی کوردستانی عێراق**

(٢)




**ناوچەی ئۆتۆنۆمیداری کوردستانی عێراق**




ناوچە ڕاگوێزراوە جۆراو جۆرەکانی کوردستانی عێراق


# پاشکۆی دووەم

- لەگەڵ بەراورد کردنی رادەی ئەنجام دانی تەعریب و تەبعیس و تەهجیر، دەتوانریٚ لەم چەند نەخشەیەدا بەراوردی پانتایی کوردستانی باشور لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان و ئینجا لەگەڵ کوردستانی گەورەدا بکریٚ.

- نەخشەی ژمارە(٢) لەساڵی ١٩٤٦دا کراوە وە لەساڵی ١٩٤٨ لەگەڵ یاداشتیٚ دەربارەی مەسەلەی کوردو داخوازییەکانی،دراوە بەنەتەوە یەکگرتووەکان لە پاریس.


- لەو نەخشانەدا کە کوردستان گەیەنراوەتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست و خلیج، بەلای منەوە ئەم زیادرەوییە لەلایەن داڕێژەرانی ئەو نەخشانەوە لە دژە کردارو کاردانەوەی رەگەزپەرستانی داگیرکەرانی کوردستانەوەیە.. کە یا دان بەنەتەوەی کوردو نیشتمانەکەیدا نانێن، یا سنورو پانتایی کوردستان و ژمارەی کورد زۆر کەم دەکەنەوەو هەر بە ئارەزوی خۆیان دیاریان دەکەن، ئینجا نەخشەی تواندنەوەی کوردو گۆرینی پێکهاتەی دانیشتوانی کوردستان دادەنێن و بە زۆری ئاگرو ئاسن جیٚبەجیٚی دەکەن.دەنا لیکۆڵینەوەو پشکنینی وردو زانستییانە، سنوری راستەقینەی کوردستان ساغ دەکاتەوە کە تا ئێستاکە نەتوانراوە ئەوە بکریٚ، داگیرکەرانیش ئەو مەوداو دەرفەتە نادەن کە کارێکی لەو بابەتە لەرێگە ئاساییەکەوە ئەنجام بدریٚ.

(١)




کوردستانی عێراق

( ٢ )



(٢)


Kurdistan
Svarta havet
U S S R
ARMENIEN
TURKIET
Kaspiska havet
Vansjön
Van
Siirt
Mardin
Urfa
Adana
Aleppo
SYRIEN
Mosul
Erbil
Sardesht
Teheran
Kermanshah
Bagdad
Tigris
IRAK
Eufrat
Damaskus
Amman
SAUDI-ARABIEN
Basra
Abadan
KUWAIT
Persiska viken
I R A N
100 200 300 400 500
km

# بەشی سێیەم

# تاوانی عێراق
# لە
# کامپەینی ئەنفال
# و
# جینۆساید لەدژی کورد

## ئەم بەشی سێههەمە :

پوختەیەکی ئامادەکراوە لە چیرۆکی روداوە پرر لە تراجیدییەکانی هێرشی چەکی کیمیاوی‌و ئەنفال کە رژێمی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی عێراق لەدژی دانیشتوانی کوردستانی عێراق ئەنجامی دان، وەرێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە کتێبێکی ٤٠٠ لاپەڕەییدا بە زمانی ئینگلیزی تۆماری کردوون و لە ساڵی ١٩٩٣دا بڵاوکرایەوە.. ساڵی پاریش برای دڵسۆزم جەمالی میرزا عەزیز، ئاگاداری کردم کە ئەگەر بەڵێنی پێداچونەوەی دەقە کوردییەکەی بدەمێ، وا بەوەرگێڕانی هەڵدەستێ.. منیش ئەو بەڵێنەم پێدا.. ئیتر لەناو ئەو سەرقاڵییەمدا، بێ ئەوەی بزانم کە بەرهەمەکە بەو جۆرە قەبەیە، کارەکەم دەست پێکرد، لەگەڵ سەیرکردنی هەر بەشێکیدا، زیاتر بایەخی زۆری ئەو بەرهەمەم بۆ دەردەکەوت. ئیتر بەپێی ئاستی وەرگێڕانەکە بەڵێنەکەم بردەسەر.. لە تەواوبونیدا، لەو کاتانەدا کە بیری لە چاپدانەوەی هەردوو بەشی یەکەم و دووەمم لا گەڵاڵە بوو، بیری ئەم ئامادەکردن و پوختەیەم، بەم جۆرەی دەبینرێ، لا پەیدا بو، وەرگێڕیش زۆری لا پەسەند بو.. ئاواتەخوازم هیچ خوێنەرێك لە خوێندنەوەی ئەو کتێبە خۆی بێبەش نەکات..

سەرەتا بۆ چونە ناو باسەکانی ر.چ.م.م – بە شی خۆرهەلاتی ناوەڕاست..

تاوانەکانی بەعس لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ئەنفال و جینۆسایدی کوردا ، تاوانەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەسەلمێنن لە خراپترین و ئاشکراترین شێوەیدا ....بە تایبەتی لەم کاروتاوان و کردەوانەی خوارەوەدا :

–گوللەبارانکردنی خەلکی کورد وکۆمەلکوژییان بێ جیاوازیکردن لە نێوان چەکدارو وسڤیل ، لاوو پیرو ژن و مندال و ساوای شیرە خۆرە .. بەهۆی تیمی تایبەتیی ئیعدام و تیرۆرکردنەوە . بەتایبەتی لە بیابانەکانی خواروو رۆژئاوای عیراقدا ، نمونەی ئەوە لە: • (حەزەر) کە شەست میل لە باشوری موسلەوەیە، • نزیك چیای حەمرین لە باشوری توزخورماتوا (کە لەیەك حالەتیدا رزگار بوویەك باسی (٤٠) پاسی پر دەکات کە کۆمەلکوژو لە قەبری بەکۆمەلیان ناون )، • کەناری فورات لە نزیك رومادی • نزیك فەللوجە. • نزیك تکریت کە لەیەك حالەتیدا و لەیەك وەجبەیدا (٢٠٠٠) هەزار ژن و مندال بووە. • ناوچە بیابانەکانی دەوری شاری سەماوە (کە تەنها لەحالەتێکیدا رزگار بویەك باسی ٣٠ پاس دەکات کە بەیەك وەجبەبراون و لەوێ کۆمەل کوژ کراون و لەقەبری بەکۆمەل نراون .) تاد... لەو شوێنانە گروپە زۆرەکانیان تیا کۆمەل کوژ کردوەو لە گۆڕی بەکۆمەل نران .. لەدەیان جێگای تر لە کوردستان گروپی بچوك بچوکی چەند کەسی یان دەیان کەسیی وەك : (کورەمی) ٢٦ لاوو پیاو لەیەك گۆڕی بە کۆمەلدا دۆزرانەوە ، لە(بیرجینی) قوربانییەکانی چەکی کیمیاوی لە گۆڕی بەکۆمەلدا نێژران، لەگەل ئەو شوێنانەی تر کە لەباسەکاندا ناو دەبرێن .

–ونکردن و سرینەوەی شوێنەواری ژیانی دەیان هەزار خەلکی شەرنەکەر بە ژن و مندالیشەوە .

–بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و غازی موستار ،گ.ب. سارین ، سیانید ، خەردەل ... لە دژی دێ و شارو ناوچە جۆربەجۆرەکان و کوشتنی هەزاران ژن ومندال و پیرو لاوی شەرنەکەر .

–وێرانکردنی هەزاران گوندو شارۆچکەو شار کەبەپێی ئامار لە چوار هەزار تێدەپەرێت ... کە هەموی مەلبەندی ژیانی سڤیل و زوربەیان دوربون لە ناوچەی شەرەوە .

–بەتالان بردنی مولك و مال و مالاتی خەلکی سڤیل بە شێوەیەکی فراوان لەلایەن سوپاو میلیشای جاشەوە ، بەجۆرێك کە هەموو شتێك بە مولکی ئەوان دانراوەو تالانکردن بۆیان حەلال کراوە، بە زەوتکردنی ژنیشەوە ، تەواو وەك سەردەمی دەولەتی عەرەبی ئیسلامی..

–فراندنی بریندارانی چەکی کیمیاوی لەناو جێگا لەخەستەخانەکاندا و ونکردنیان ، واتە ئیعدامکردنیان ، هەروەك لەگەل بریندارەکانی شێخ وەسسان وبالیسان کرا، کە گەیەنرابونە هەولێر بۆ چارەسەرکردنی برینەکانی چەکی کیمیاوی کە (حسن ندوری) ئەنجامی دابو وەلە سێ شاحینەدا گوێزرانەوەو جارێکی تر نەبینرانەوە .

–گرتنی هەرەمەکی وبە گۆترەی دەیان هەزار لە گوندنشینەکان و دەربەدەرکردنیان بۆ رۆژئاواو خوارووی عیراق .

-گرتن و حیجزکردنی ژن و منداڵ و پیر .. لێدان و ئەشکەنجەو وسوکایەتی پێکردن، تینوو برسیکردنیان لەناوەندەکانی کۆکردنەوە ، بەتایبەتی لە نوگرە سەلمان ، سەلامیە ، تۆپزاوا ، قەڵاگەورەکەی دهۆك ، دوبز ، قادرکەرەم ، قۆرەتو ، لەیلان وەدەیان شوێنی تر لەبیابانەکان و لە کوردستاندا کە لەناو باسەکاندا ناویان باس دەکرێت .

-هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابوریی کوردستان ،بێکارکردنی سەدان هەزار خەڵك ، قەدەغەکردنی ژیان لە پانتاییەکی زۆری کوردستاندا چی لە ناوچە سنورییەکان وەچی لە ناوچە هەستیارەکان کە بەسەدان بیری نەوتیان تێدایە ..

-نیشتەجێکردنی عەرەب لەناوچە ڕاگوێزراوە هەستیارەکاندا ..

-دەرکردنی یاسای لێخۆشبونی ساختە و ئیعدامکردنی ئەوانەی بڕوایان بە یاساکە کردو خۆیان تەسلیم هێزەکانی ڕژێم کرد ..

ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ – بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر نمونەو بەڵگەو ڕوداوو شایەتیی لەسەر ئەوانە لەو کتێبەدا خستۆتە بەرچاو . زیاتر لەوانە :

-ژێرپێخستنی هەموو یاساو ڕەوشت ویژدانێك لەمامەڵەکردن و جۆری جێبەجێکردنی کاری بە کۆمەڵگرتن و کۆمەڵکوژی ولە چاڵنانی بە کۆمەڵدا ...

-نیشتەجێکردنی خەڵك لە ئۆردوگای زۆرەملێدا ...

-فڕاندن و ونکردن و تیرۆرکردنی خەڵکی شارەکان . بۆ نمونە. بەردەستکەوتنی بەڵگەنامەی وەفاتی ٣٠٠ کورد کە بەدەستی ئەمنی هەولێر تیرۆرکراون و دراون بە مەیتخانەی نەخۆشخانەی هەولێر..

-برسی وتینوو هیلاککردنی گیراوەکان ... هەڵکەندنی چاڵی گەورەو درێژ و وەستاندنی بەندەکان لەسەر لێوارو ڕوبەڕوی ئەو چاڵانە ، تا لەکاتی گوللە بارانکردنیان لە پشتەوە ، یەکسەر بکەونە ناویانەوە .. بەستنەوەی دوو دووی بەندەکان بەیەکەوەو پاڵخستنیان لەناو ئیعدامکراوەکاندا و ئینجا دەستڕێژلێکردنیان .. لە دواییدا بە بلدۆزەر داپۆشینیان .. بەجێهێشتنی تەرمی تیرۆر کراوەکان بۆ چەند ڕۆژێك تا بەو جۆرە خەڵك زیاتر بتۆقێنن .. ڕێگەنەدان بە ناشتنی قوربانییەکان بە ڕێوڕەسمی ئاسایی و پەیڕەوکراو ..

-پێش کیمیاوی بارانکردنی هەڵەبجە بە ١١ مانگ دەستکراوە بە بەکارهێنانی .. بۆ نمونە : لە نێوان ئەپریلی ١٩٨٧دا –ئۆگۆستی ١٩٨٨دا ٤٠ هێرشی جیا جیا بەچەکی کیمیاوی کراوەتە سەر مەڵبەندی ژیان لە دێهاتەکاندا ..

بەمەزەنەی ئەو ڕێکخراوە لە نێوان ٥٠ تا١٠٠هەزار کەس لە نێوان مانگی فیبریوەری و سێپتێمبەری ١٩٨٨دا کوژراوە ..
-٥ و١٦-٤-١٩٨٧لە دۆڵی جافایەتی لەسەرگەڵو و بەرگەڵو ، شێخ وەسسان ، بالیسان وەزیوەشکان .. بەکارهێنراوە ..
-هەر لەو ساڵەدا (١٩٨٧)٧٠٣ دێ وێران و تەختکران ١٢٢دێ لە هەولێر ، ٣٢٠ دێ لە سلێمانی ..
هەر لەو ساڵەدا گەلێ ناوەندی ناحیە لەگەڵ زەویدا تەختکران و دانیشتوانیان ڕاگوێزران . بۆ نمونە : قەرەداغ، قەرەهەنجیر ،ئەوجول ، کوکس ، شوان ، سەنگاو ، کانی ماسی لەدهۆك ، شارەکانیش : هەڵبجە ، پێنجوێن ، چوارتا ، قەڵادزێ و چەندین شارۆچکەی بچوکتر .
-ئەنفال کە هەشت هێرشی جیا جیا بۆ سەر شەش ناوچەی جوگرافی لە ٢٣-٢-١٩٨٨ وە دەستی پێکردوە تا ٦-٩-١٩٨٨ی خایاندووە ..ر.چ.م.م بەم جۆرە چیرۆك و باسی ئەنفالەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە...

ئەنفالەکان:

-ئەنفالی یەکەم : هێرشەکان بۆ سەرگەڵو وبەرگەڵو لە سێ لاوە دەستی پێکرد و سێ هەفتەی خایاند لە ٢٣-٢-١٩٨٨دەستی پێکرد مەزەنەی کوژراو ( بەلایەنی زۆرەوە ٨٢٥٠کەس بوە کە زۆریان پێشمەرگەبون. لەم هێرشانەی ئەنفالی یەکەمدا ٢٧ فیرقە جگە لە جاشەکان بەکارهێنران دیارە بە هەموو جۆرە چەکەکانیانەوە بە کیمیاوی و غازی جۆراو جۆریشەوە ) .
-ئەنفالی دووەم: هێرش بۆ سەر ناوچەکانی قەرەداغ لە (٢٢-٣ تا١-٤-١٩٨٨) .پێشەکی بە هێرش بە چەکی کیمیاوی لە چەند شوێنێك و ئینجا لە چوارلاوە هێرشەکە دەستی پێکرد ، نەخشە هەرپێشمەرگە نەبوە، بەڵکو هەروەك ڕاوکەر گوندنشینەکانیان لە ماڵ و دێهاتەکاندا دەردەپەڕاندو و ڕاویان دەکردن ، ئەوەش ڕەوێکی بەکۆمەڵی خولقاند .. بەو هیوایەی خۆیان بگەیەننە شوێنێکی ئەمین ..
-ئەنفالی سێیەم : هێرش بۆ سەر ناوچەکانی گەرمیان (٧-٤ تا ٢٠-٤-١٩٨٨) خوێناویترین هێرش و گرتن و ئیعدامکردن و لە چاڵنان بو بەگروپی زۆر گەورە ..
-ئەنفالی چوارەم : هێرش بۆ سەر دۆڵی ڕوباری زێی بچوك لە (٣ تا ٨-٥-١٩٨٨)
-ئەنفالی پێنجەم : هێرش بۆ سەر ناوچەشاخاوییەکانی هەولێر لە ١٥-٥دا دەستی پێکرد بە هۆی بەرەنگاریی توندەوە ناچار بوون کە هێرشەکە ڕابگرن لە دواییدا..
-بەئەنفالی شەشەم وحەوتەم لە جولای و ئوگوستیدا دەستی پێکردەوە ، لە ٢٦-٨دا ڕژێم بڵاوی کردەوە کە ناوچەکانی ی.ن.ك لە تێکدەران پاککرایەوە ..

-هەشتەم ئەنفال کە دوا هێرشەکانە لە ٢٥-٨دا دەستی پێکرد ، لە ٦-٩-١٩٨٨دا ڕژێم بەیانی سەرکەوتن و لێبوردنی بڵاوکردەوە ..
هەڵەبجە بەشێك نەبو لە ئەنفال لە ١٥و١٦-٣-١٩٨٨دا هێرشی کیمیا بارانی کرایە سەر بەمەزەنەی ئەم ڕێکخراوە : ٣٢٠٠-٥٠٠٠ کەس کوژراوە .

## تاوانەکانی ڕژێمی بەعسی عیراق لە زمان خۆیان و لە نامەڕەسمییەکانیان و لە قسەکانیاندا :

-لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا سێ حاڵەتی ئیعدامی تەسلیم بوەکان دۆکۆمێنت کران، کە لە ڕاپەڕیندا دەستیان بەسەردا گیرا ، لەیەکێکیاندا (١٨٠) کەس ئیعدام کراون .
-لەئەمنی سلێمانی لە ماوەی هەشت مانگی ساڵی ١٩٨٩دا ٨٧ کەس لیست کراون کە ئیعدام کراون .
-ڕۆژنامەی الثورة‌ی حیزبی بەعس دانی بەوەدا نابو کە تەنها لە دوو مانگی هاوینی ١٩٨٧دا (٢٨٠٠هەزار خێزان کە کۆی هەموویان ٢٠٠,٠٠٠هەزار کەس) بوە لە زۆنەکانی سنور دورخراونەتەوە، واتە ڕاگوێزران .
-تاریق عەزیز لە گفتوگۆکەی ساڵی ١٩٨٣-١٩٨٤دا بە نوێنەرانی (ی.ن.ك)ی گوتبو ئەگەر ئێوە یارمەتیمان بدەن وا هەرگیز لە بیرمان ناچێتەوە ، خۆ ئەگەر بەرهەڵستیمان بکەن وا هەرگیز ئەوەشمان لەبیر ناچێتەوە، پاش کۆتایی جەنگ لەگەڵ ئێراندا خۆتان و هەموو گوندەکانتان لەناو دەبەین ..
- لە کۆبونەوەیەکی پارێزگارانی کەرکوك و دهۆك و هەولێرو سلێمانی و فەرماندەی فەیلەق و فیرقەکانی جەیش لە کوردستاندا علی حسن المجید لەسەر ناوچەی دەشتی هەولێر بە توڕەییەوە وتبوی کە نەدەبو هیچ خانویەکی دەشتی هەولێر بە پێوە بمایە جگە لە هی عەرەب ..
- لە کۆبونەوەیەکی دواتردا بە هەڕەشەوە ئەوەی دوبارەکردبۆوەو وتبوی خۆم سەرپەرشتی دەکەم هەر خانوییەك بەساغی ببینم وا فەرماندەی ئەویەشە بەرپرسیار دەکەم .
- کە هێزەکان دەچونە ناوچە دێهاتییەکانەوە ، پێشەکی دێهاتەکانیان دەسوتاند و بەبلدۆزەرتەختیان دەکرد یان دەیانتەقاندنەوە ، ئینجا گوندە وێرانکراوەکان بە کۆپتەر دەپشکێنران بۆ کوشتنی هەرکەس و ئاژەڵێك کە تیایاندا ببینرێت .. هێزی پیادەش لەگەڵ وێرانکردنەکاندا ، بیرو سەرچاوەکانیان کۆنکرێتڕێژدەکرد ، تەلی کارەبایان دەکردەوە ، ئینجا ئیستیخبارات بە کۆپتەر شوێنەواری وێرانکردنەکانیان دەپشکنی ئەگەر هەرپینایەکیان ببینیایە وا فەرمان دەکرا بەو بەشە عەسکەرییە بۆ تەواو کردنی کارەکەی ئەگینا بەر موحاسەبەو سزا دەکەوت

-جەعفەر مستەفا هێزێکی جاشی پێکهێنابو لە دژی شۆڕش بەو مەرجەی لە دێهات و ناوچەکەی خۆیدا بمێنێتەوە .. کە فەرمانی ڕاگواستنی دێیەکەی دەرچوبو ، ئەم ڕازی نەبوبو ، پاش یەک هەفتە لە بەغدا ئیعدام کراو لاشەکەیان بردەوە بۆ شارۆچکەی مانگیش ، لە وێش جارێکی تر هەڵواسرابوەوە . دوای ئەوە هەردو گوندەکەی (بێ سفکی و دورگی جێك) سوتێنران و تەختکران .

-١٥-٤-١٩٨٧ لە دۆڵی جافایەتی چەکی کیمیاوی بەکارهێنرا . ڕۆژی دوایی لە شێخ وەسسان و بالیسان ئەوەی بالیسان جاشێك بە ڤیدیۆ فیلمی کارەساتەکەی گرتبو . لە بالیسان ٢٤ کوژراوی چەکی کیمیاوی لەیەك گۆڕی بەکۆمەڵدا دۆزرانەوە.

لە شێخ وەسسان ١٠٣ کەس کوژراو ، ٣٢ کەسیان منداڵی ژێر ٤ ساڵ ، ٢٨ کەسی تر لە ٥-١٤ساڵ و ٩ی تر لە ٦٠تا٨٠ ساڵ بوو .

-٨یا ٩ مردوش لە نەخۆشخانەی ڕانییە بوون .

لەپاش نیوەڕۆی ٨-٦-١٩٨٧ دا بۆ ماوەی یەك سەعات گوللە تۆپی کیمیاوی لە هاوێژەر (قازیفە) و ڕەکێتیی بارکراو لەسەر لۆری یان ڕاجیمە بەسەر بەرگەڵو و هەڵەدن و سێکانیاندا بارێنرا.

لە ڕۆژێکی مانگی ٢-١٩٨٨ دا هەشت فڕۆکەی جەنگی هەردو دێی (تەکیەو بەلەگجار) ی قەرەداخیان کیمیا باران کرد ، لەبەر ئەوەی خەڵکەکە لەترسانا چۆڵیان دەکرد ، زوربە لە سفیلەکان بەرنەکەوتن ، بەڵام پێشمەرگەو پاسداران و خەڵکی تر کە لەوێ بوبون بریندار بون و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ چاویان لە دەست دابو .

-بەڵام کە ئەنفالی دووەم لەناوچەی قەرەداخدا دەست پێکرا .. لەکاتی نانخواردنی نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٢-٣دا لەگەڵ تۆپبارانەدا هێرشی کیمیاوی بە فڕۆکە بۆ سەر سیوسێنان دەستی پێکرد ، مەزەنەی قوربانییەکانی ئەو دێیە بە ٧٨ یا ٨٧ کەس دادەنرێن لەناویاندا ، تۆپێك دەکەوێتە ماڵی مهدی حاجی زۆراب ناوەوە ، لە چواردە کەسی خێزانەکە ١٣ کەسیان یەکسەر دەکوژرێن ، ڕزگار بوەکە کوڕێکی ناوبراوبو کە پێشمەرگە بو وە بۆ چیاکان هەڵهاتبو.*

-ڕۆژی دوایتر بە ڕاجیمە دێی دوکان بەر غازی کیمیاوی درا ، ڕۆژی دوایتر جافەران .

-لە گوندی کورەمی لە بادینان ٢٦ لاوو پیاو لە ئۆگوستی ١٩٨٨ دا ئیعدام کرابون (ئەو ڕێکخراوە جیهانییانەی دوای ڕاپەڕین هاتبونە کوردستان لە گۆڕی بە کۆمەڵدا دۆزیبویانەوە).

---

* خۆم کاك عوبەید مەحمود- م لە سلێمانی بینی، خۆی خەڵکی ئەو دێیەیە. ئەمیش تەنها خۆی بەبرینداریی سەرفراز بو بو، ئیتر خێزانەکەیو سێ کوڕو سێ کچی لەو هێرشە کیمیاوییەدا شەهیدکران.. ئەم لیستەی شەهیدانی ئەو هێرشەی سێوسێنانی بۆ هێنام کە (١٠٩) کەسە، ژمارەیەکیان لە ڕوداوی تردا شەهید کراون.

-لەگەڵ حاڵەتدا تەنها دوڕێگەیان لەبەردەم گوندنشینەکاندا دانابو ، دەرگای بێلایەنییان قەپاتکردبوو ، ئەوەش : بڕۆن بۆ لای تێکدەران یان بۆلای حکومەت، هەروەك بە عەشیرەتی جەبارییان وتبو .

-بۆ کەمایەتییە نەتەوایەتی و ئاینییەکانیش هەردو ئەلتەرنەتیڤیان خرابوە بەردەم : یان خۆیان بە عەرەب بنوسن وەیاخود بەکورد .. ئەم حاڵەتی بەکورد نوسینەش هەر بۆ ئەوەبو کە بکەونە ناو بازنەی ڕاگواستن و دێهات وێرانکردن و گرتنەوەی هەموو بڕیارو یاساکانی تر کە لەدژی تێکدەران ، واتە کورد دراون ..

-فەرمانی دەرکرد، ئەوەی لە سەر ژمێری ١٧-١٠-١٩٨٧ دا ناونوس نەکرێت بێ بیانوییەکی بەجێ وا هاووڵاتی عیراق لەدەست دەدات ..

-علی حسن المجید لە بۆنەیەکدا لەسەر وێرانکردنی کوردستان وتبوی : بە موستەشارەکانم گوتوە کە من ناتوانم گوندەکانتان بهێڵمەوە ، چونکە من بە چەکی کیمیاوی پەلاماریان دەدەم، ئەوسا ئێوەو خێزانەکانیشتان دەمرن .

-دیسان المجید بڕیار دەردەکات : بە پێی ئەو دەسەڵاتەی بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ئازاری ١٩٨٧ دا پێمان دراوە، بڕیارمان دا کەدەسەڵات بدەین بە لیژنە ئەمنییەکان لە پارێزگاکانی باکوردا بۆ دەست بەسەراگرتنی پارەو موڵك و ماڵی تێکدەران بەمەرجێك لە ماوەی یەك مانگدا جێبەجێ کرابێت ..

-لە ١-مایسدا بڕیاری دەرکرد بۆ ئیعدام کردنی کەس وکاری پلەیەکی تێکدەران ..

-تەقەکردن بۆ کوشتنی هەرکەسێ یا ئاژەڵێ کە لە ناوچە قەدەغە کراوەکاندا دەبینرێت ، لە کاتی گرتنی هەرکەسێکیشدا دوای وەرگرتنی زانیاری لێی، ئیعدام دەکرێت .

لەوەدا چەند دۆکومێنتێك لە درەنگـانێکی ١٩٨٧ دا لە ئەرشیفەکانی دەوڵەتدا کەوتونەتە بەردەست، بەدەنگێکی ئاشکراو ورووژاوییەوە جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە ئەوەی : لە پەرەگرافی (٥)دا هاتوە ( فەرماندان بۆ گوللە بارانکردنی بەپەلەی گیراوەکان ، دوای لێکۆڵینەوەی حاڵەت بە حاڵەت، بەبێ گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی سەروتر وەکە پێویستە چیتر بیرۆی باکور بەو جۆرە داوایانە ئیزعاج نەکەن ، چونکە ئەوە فەرمانی نەگۆڕ و ئاشکرایە .

-لەگەڵ ئەوانەدا فەرمانی پاوان و کۆنترۆلکردنی خواردەمەنی ، قەدەغەکردنی کڕین و فرۆشتن ، ئابلوقەی ئابوری زۆر ئاشکراو توند و تیژ پەیڕەو کراوە ..

-نامەیەکی ئەمنی سلێمانی ئاماژە بۆ ئامۆژگارییەك دەکات کە کردوییەتی بە بناغە بۆ ئیعدام کردنی ١٩ (متهم) کە ئەنجامیان داوە لە بەرئەوەی لەناوچەی قەدەغەکراودا دەستگیرکراون .

-نامەیەکی تری ئەمنی سلێمانی ژمارە س.ت : ٢١٣٠٨ لە ١٦-٩-١٩٨٧ دا باسی بە نهێنی ئیعدامکردنی ٥ تاوانبار دەکات بەهۆی پەیوەندییان بەڕێکخراوە بەکرێگیراوەکانی ئێران کە تیمی ئیعدام کردن لە ٢٤-١٠-١٩٨٧ دا بە ئامادەبوونی لێپرسراوانی ئیستیخبارات و حیزبی بەعس جێبەجێی کردوە .

پاش ماوەیەکی تر بڕیار درا کە ٣ خێزانی تاوانباران بە شێوەی نهێنی ئیعدام بکرێن ، دەسەڵاتی ئیعدام کردنەکەش لە فەرماندەی بیرۆی باکورەوە بە نامەی ژمارە ٦٨٠٦لە ١٢-١٢-١٩٨٧ پێیان درابو .

-نامەیەکی ئەمنی هەڵەبجە ژمارە ٣٣٢٤ لە ١٤-دا بۆ ئەمنی سلێمانی بە درێژی باسی ئۆپەراسیۆنی تەختکردنی گەڕەکی کانی ئاشقان لە ناو هەڵەبجەدا دەکات .. کە چۆن بە بلدۆزەرو جەرافە وێرانیان کردوە ..

-بروسکەی ژمارە ٩٤٥ -ی فەیلەقی ٥ کە ئاماژە بۆ ئامۆژگاریی هەڤاڵ علی حسن المجید دەکات بۆ ئیعدام کردنی سڤیلە بریندارەکان ..

-فەرمانی کوشتنی کوێرانە : (تەقە بکەن بۆ ئەوەی بکوژیت).

-فەرمانی تۆپباران و بۆمباران بە تۆپ و فڕۆکە بە شەو و ڕۆژ و بەگوترە کە هەموو شوێنێکیش بگرێتەوە ..

-وێرانکردنی قوتابخانە ، مزگەوت ، خەستەخانە ، کڵێسە .. کڵێسەی وا هەبوو کە هەزار ساڵ کۆن بوە. بەپێی یەکێ لە ئامارەکان کە تاساڵی ١٩٨٩ کۆی دێهاتە وێرانکراوەکان (٣٨٣٩) دێ بوە، بە وێرانکردنی (١٧٥٧) قوتابخانە، (٢٤٥٧) مزگەوت، (٢٧١) مستەوصەفەوە.

-بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ ناونانی ئەو کەسانەی کە لە شەڕی داهاتوی دژ بە تێکدەران و هێرشی گوند پاککردنەوە دەکوژرێن بە( شەهیدی جەنگی قادسییەی سەددامی مەجید ) .

-بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بە هۆی تۆپ،راجیمە ، کۆپتەر ، یان فڕۆکەی (پیلاتۆس)ی سویسری ، سۆخۆی سۆپەر سونیک-ی سۆڤییەتی .

## دیاردەکانی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی :

هەناسە توند بون و بەزەحمەت هەناسەدان، فرمێسک ڕشتن و چاو کەوتنە ئازار هەروەك دەرزیژن بکرێن ، گوێ ئاوسان و تێکەڵ بونی میزو خوێن ، سوتانی پێست و بڵق کردن ، دەم وچاو

ڕەش بون ، ئازاری زۆر ، زمان تەتەڵەکردن و بە هیستریاوەپێکەنین ، لەرزین، کوێربون بەکاتی یان بەهەمیشەیی ، مردن لەپاش ماوەیەکی زۆر کەم ، یان سەعاتێك .. یا دوای چەند ڕۆژێ یا زیاتر .
هەندێ دیمەنی ئەنفالی یەکەم ..
حاڵەتی تراجیدیای ئەو ناوچەیە پیاوێك و ژنێك بەم جۆرەی باس دەکەن :—

هەموو ئەو کەلوپەلانەمان بەجێ هێشت .. خەڵکەکە وەکو مێگەلێکی تۆقاو بەناو چیاکاندا ڕوەو ئێران ڕێیان دەکرد ، باران دەباری فرۆکەی جەنگیش بەسەرسەرمانەوە بو ..شەش کەس لە خەڵکی سەرگەڵو ڕەق بونەوە ، هەروەها ٣٠ کەسی تر لە خەڵکی گوندەکانی هەمان دۆڵ . خەڵکەکە ڕایان دەکردو پێڵاوەکانیان لێ بەجێ دەما ، ئێمە لەسەرمادا هەڵدەلەرزین ، لەگەڵ منداڵاندا زۆر ناڕەحەت بووین بە تایبەتی بەهۆی سەرماوە ، چونکە نەیان دەتوانی ڕێ بکەن .
کۆمەڵێکی گەورە لە گوندنشینە هەڵاتوەکان هەوڵیاندابو کە لوتکە بەرزە پڕ بەفرەکان ببڕن و بچنە ناو ئێرانەوە، ئەو ڕۆژە درەنگ بەڕێکەوتن، شەویان بەسەردا هات، بەلایەنی کەمەوە ٨٠ کەسیان بە هۆی کیمیاوی و سەرماوە مردن، لەوانەشە ژمارەکە زیاتر بێت وبگاتە ١٦٠ ..

پیاوێکی گەنج ٩ کەسی لە دەستدابو لەوانە : دایکی ، سێ خوشکی کە دوانیان سکیان پڕ بو ، وەسێ خوشکەزای لە ژێر تەمەنی شەش ساڵەوە ..

دیمەنێکی تر لەتراجیدیاکە ، هەندێ کەس خۆیان گەیاندبووە ناو ئێرانەوە ، بەڵام بەهۆی لێبوردنی ڕژێمەوە گەڕابونەوە ، لەوانە سێ برا کە خەڵکی سەرگەڵو دەبن ، پاش دوهەفتە دەگەڕێنەوەو خۆیان دەدەن بە دەست موستەشارێکەوە ، ئەمیش بەڵێنی شەرەفی بە یەکێك لە خێزانەکە دابو کە هیچ کەسێکیان ئازارنەدرێت ، دەیانداتە دەست حکومەت ئیتر جارێکی تر نەبینرانەوە .. هەروەها لە ئەمن و حەپسخانەی سلێمانی ئەم حاڵەتە ڕوویدابو .. لێبوردنی ساختەو بەڵێنی درۆ چەندین جار لە قۆناغەکانی کامپاینییەکانی ئەنفال و دواتریشدا چەند بارە بونەوە ...

ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ ڕاستەوخۆ باسی تەعەدداکردنە سەر ناموسی ژنەکان ناکات ، چونکە وەك دەڵێت : کوردەکان نایانەوێت لەسەرخراپەکاری سێکسو ئەو جۆرە ڕوداوانە قسە بۆ بێگانە بکەن ، بۆیە نەتوانرا قسە لەگەڵ هیچ یەکێك لەو شایەتانە ، یان قسە لەگەڵ ئەو قوربانییانە کەلە نوگرەسەلمان تەعەددای ناموسیان لێکرابوو بکات ، لە هەندێ شوێندا باسی جیاکردنەوەی ژنان دەکات . لە پەراوێزیشدا ئاماژە بۆ ڕاپۆرتێکی هەست هەژێنەر دەکات کە : گرۆپێکی گەورەی ئافرەتان کە لەدیلەکانی تر جیاکرابونەوە ، بەکرێگیراوەکانی ئەمن تەعەددای

ناموسیان لێدەکردن ، دەنگ هەیە کە یەکێك لەم ژنانە لە ئاکامی ئەوەدا خۆی کوشتبێت . تەعەدداکردن لە ناموسی مێینەکان لە عێراقدا لە شوێنی تریش دا بە تەواوی سەلمێنراوە ، وەئەوەی ئاشکراشە لەسەر شریتی ڤیدیۆ تۆمار کراوە ..

## هەڵەبجە

هەندێ دیمەنی ڕوداوەکە وەك ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لەو کتێبەیدا تۆماری کردوون :

—پلانی هەڵەبجە بۆ ی.ن.ك بۆ کەمکردنەوەی هێرش وگوشاری هێرشە سەخت و پرۆکێنەرەکانی ڕژێم بو ..

—بۆ ئێران : کردنەوەی بەرەیەکی جەنگ و سەرکەوتنێك بو لە جەنگەکەی دژ بە عێراقدا ..

—بۆ هاوپەیمانی هەردولا بەرپرسیارییەکی ئیفلیجی لێدەرچوو ..

—بۆ عێراقیش دولایەنە قازانج بو .یەکەم :ئەو بۆچونەی ڕژێمی چەسپاند کە جەنگەکەی لە دژی ئێران و جەنگەکەی لە دژی کورد یەك شت و هەمان شت بو .

دوەم : لێپرسراوێکی شوێن باوەڕو پایە بەرز لای (پاتریك تیلەر) ی ڕۆژنامەنوسی (واشنتۆن پۆست) درکاندبوی کە عێراق هەوڵی ئەوە ئەدات کە دوژمنەکەی بخاتە ناوداوەوە ، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هێزەکانی بە ژمارەیەکی زۆر ، لێپرسراوەکە وتبوی : بۆ یەکەم جارە لە مێژوومانداکە دەمانەوێت ئێرانییەکان هێرش بکەن ...

ئێرانییەکان لە هەڵەبجەدا ناچار کران کە هێرش بکەن ..

ڕزگار کردنەکەی هەڵەبجە لە ١٣–ئازارەوە دەستی پێکرد، بە تۆپبارانی سەربازگەکانی ڕژێم و گرتنی ڕەبییەکان بە ڕاکردنی عەسکەر بۆ ناوشار ، جل فڕێدان و خۆشاردنەوە لە مزگەوتەکاندا .. هاتنە ناوەوەی هەندێ لە هێزەکان بە نهێنی بۆ ناو هەڵەبجە تا لە شەوی ١٤ لەسەر ١٥ دا پاسداران و پێشمەرگە بە ئاشکرا بەسەر شەقامەکاندا دەسوڕانەوە لە ١٥–٣دا ئاگاداری لێپرسراوو فەرمانبەری حکومەت کرا کە پۆست و شوێنەکانیان بەجێبهێڵن ...

هێرشی عێراق لە چێشتەنگاوی ڕۆژی ١٦–٣دا بو .. یەکەم شەپۆل هێرشی ئاسمانی ناپاڵم و فسفۆری تیا بەکارهێنرا ، ئینجا بەچەکی کیمیاوی ..

شەش شەش فڕۆکە دەهاتن و دەڕۆیشتن .. کاتێ حاڵەتەکان و شوێنەواری غاز کاری خۆیان کرد، ئیتر ئەوەی لەناو شوێنی خۆشاردنەوەکاندا مابوون ناچار دەرپەڕینە دەرێ .. خەریك بو دنیا تاریك دەبو ، ڕۆژێ پێشتریش کارەباکە بە تۆپ لێدرابو ، خەڵکەکە لەناو تۆقاوی و ئازاردا دیمەنی سامناکیان دەکەوتە بەرچاو .. لاشەی مرۆڤ لە شەقامەکاندا و هی ئاژەڵ لە کوچەو قەراغ

شاردا ئەو ناوەیان پڕ کردبو . ئەوانەی مابون هەریەکە بە جۆرە ئازارێکەوە دەتلانەوەو دەکەوتن و هەڵدەسانەوە ... تەرمی ژن ومنداڵو لاوو پیر جادەو کۆڵان و بەرماڵەکانی پڕ کردبو .. ئەوانەی هێزیان تیا مابو لەناو هەڕەشەی مینی ژێر زەمیندا بەرەو سنوری ئێران تەکانیان دەدا .

هەر لەو کاتانەدا فڕۆکەکان بەسەر ئەو ڕێگایانەدا دەفڕین و بە دوای ڕزگار بوەکاندا دەگەڕان ، خەڵکەکەش لە جادە سەرەکییەکان دور کەوتبونەوە ..

ئێرانییەکان بە دوکتۆر و کۆپتەرەوە گەیشتنە ئەو دێهاتانەی ڕاکردوو بریندارەکانی تیا کۆبونەوە .. پێش ئەوەی بۆ ئەو دیو سنور بگوێزرێنەوە دەرزی (ئەتروپینیان)لێدان . دەستیان کرد بە بریندار گوێزانەوەو گەیاندنیان بۆ خەستەخانەکان لە پاوەو کرماشان و تاران .. سەرەڕای ئەوەی کە بە ڤیدیۆ فلیمی کارەساتەکەیان تۆمار کرد ، چەندین ڕۆژنامەنوسیشیان لە تارانەوە گواستەوە بۆ هەڵەبجە .. وێنەی ئاشکرای کوردی سڤیل کە قوربانیی ئەو کارەساتەبون زۆر بە فراوانی بڵاوبونەوە .. لەسەر ژمارەی قوربانی وبریندارەکان تا ئێستا ئامارێکی تەواو نییە بە پێی ئەم ڕێکخراوە (٣٢٠٠) ناو لە کوژراوەکان تۆمارکراوە .. بۆ بریندار بە دەهەزار مەزەنەدەکرێت ..

خەڵکە ساغەکانیش بران بۆ دوکامپی گەورە .. تا چوار مانگیش دوای کارەساتەکە زۆر لاشە لەگەڵ شوێن مابونەوە ..

دوای ئەوەی هێزەکانی عیراق هەڵەبجەیان داگیر کردەوە بیناکانی شارەکەیان بە دینامیت و بلدۆزەر تەخت و وێرانکرد ، هەر بەو جۆرەش زەمەقی و عەنەب - یان وێران کرد کە دو ئۆردوگای زۆرە ملیشیان بۆ گوند نشینە ڕاگوێزراوەکان تیا دروست کرد بو ، دیسان سەیدسادقیش کە شارۆچکەیەکی ٢٠ هەزار کەسی بو هەر بەو جۆرەیان لێکرد.

دوای هەڵەبجە لە ١٨-٣ دا جەیش گەیشتە سەرگەڵو، ڕۆژی ئایندەش بەرگەڵویان گرت ، بەو جۆرە سەدام بەڵێنەکەی خۆی بۆ بڕینی (سەری مارەکە) بردە سەر ..

لە کۆتایی ئەو ڕۆژەدا فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراق بەیانی سەرکەوتنەکەی ڕاگەیاند (١٩-٣) .

ئەنفالی دووەم :

نمونەی تراجیدیای ئەنفالی دو لەقەرەداغ ، وەك ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ بە درێژی وەسفی کردوە، لەناو ڕەوە بە کۆمەڵەکەی گوندنشینە ڕاونراوەکانی ناوچەی قەرەداخدا دەردەکەوێ کە بە

دوای شـوێنێکی ئـەمین لـە سـلێمانی یـان ئۆردوگایـەکی ئـەو نزیکانـە دەگـەڕان، چونکـە چەرمەسەرییەکەی ئینسانی کورد دەردەخەن .

لەم کاتەدا قەدپاڵی چیاکان و هەموو شوێنێك پڕبون لەو خەڵکـە جـل شڕانەی لـە ئـەنفال هەڵهاتبون ، لەگەڵ عەرەبانـەی پشـتی تراکتـۆر و ئـاژەڵ . هێزەکـانی ڕژێم دوای کیمیـاوی بـارانی چەند شوێنێك ، وەك سێوسێنان ، جافەران – لە ئازاری ١٩٨٨دا کە لـەمارتی ١٩٨٧ یشدا کیمیـا باران کرابو . کەوتبونە پەلاماردانی سەرجەمی دێهاتەکان و دانیشتوانیان .. لەلایـەکی تـر قـەدپاڵی چیـای گڵـە زەردە پـڕ بـوو لـە هێزەکـانی سـوپا و کۆمـاندۆو تـەواری ، کۆپتـەریش بـە ئاسمانـەوە دەخولانەوە ، تانك و تۆپ لە هەموو لایەکەوە گوللە تۆپیان دەهاویشت ، پیاوێکی خەڵکی جافەران وتبوی ئەوێ لە مەنجەڵێکی کوڵاو دەچو .

گروپێك لە گوندنشینەکانی خەڵکی (مەسۆی) پەنایان بردبوە بەر ئەشکەوتێك کە چەند دەقیقەیەك لە ماڵەکەیانەوە دوربو ، بەڵام کاتێ خەویان لێ دەکەوێت چراکەیان نەکوژانبووەوە ، لـە خەودا لە دەنگی کۆپتەر و بۆمباتەقینـەوە هەڵسابوون ، کەسـەرنجیان دا ئەشـکەوتەکە پڕبـوە لـە بۆنی کاڵەکی شیرین، خێزانەکـە بەهەڵـەداوان بـە دومنداڵەکەیانـەوە کەلـە پـێ کـەوتبون ڕادەکەنـە دەرەوە بەرەو چیای زەردە ..

لەیەکەم ڕۆژانی دوەم ئەنفالدا بـە هـەندێ لـە گوندنشـینەکانیان ڕاگـەیاندبو کـە بـۆ شـارو ئۆردوگاکان بچن ، کەچی دواییتر ماڵ بەماڵی (ئەسرو) (زەڕایـن) و سلێمانی گـەڕابوون بـە دوایـاندا بەشـێکی تـری خـەڵك هـەر کـە عەسـکەر دەبینـن بـەرەوچیاکان بەتولەڕێـەکاندا هـەڵدەهاتن ، ڕێگاریوەکانی سێوسێنان لەپاڵ چیاکاندا بۆ چەند ڕۆژێك لەبەر بـاران بـەبێ بێزاربون مابونـەوە لـە پێنجەم ڕۆژدا عەسکەرەکانی خاڵی پشکنین لەسـەر ڕێگـای قـەرەداغ –سلێمانی کەوتبونـە گرتنـی خەڵك ، ٢٥–٣٠کەس لە دانیشتوانی سێوسێنان گیران و جارێکی تر نەبینرانەوە .

گیراوەکان لە مۆلگەیەك لە گـەرەکی چواربـاخی سلێمانی کۆدەکەنـەوە .. تەنانـەت گـەلێ لەوانـەی کـە لـە سـلێمانییەوە خۆیـان گـەیاندبوە ناوچـەی قـەراخ ، لـە دوای بیسـتنی ڕەوەکـە ، بۆیارمەتیدانی خزم وکەس وکاریان گیرابوون .. هەموو شتێکی بەنرخ و ئاسـنامەیان لـە گیراوەکـان دەسـەند .. زۆر جـار گیراوەکـان لـە بنکـەی تـەواریی سـلێمانی ون دەکـران و ئیـتر هـەرگیز نـە دەبینرانـەوە ... دوو خـێزان کـە ڕووەو دەشـتی گـەرمیان هـەڵدەهاتن ، هـەر وەك سـەدانی تـر بـە مەبەستی خۆگەیاندنە کەلارو سەرفراز بون لە ئەنفال ، بەڵام هەرگیز نەگەیشـتنە مەبەسـتیان . دوو پیاو و سێ ژنی خەڵکی عەلیاوا سەرەنگون کران ، ٤٧ کەس لە گوندی مەسۆی کە زۆر منداڵ وژنیان

تێدا بو گیران و جارێکی تر نەبینرانەوە . لە گوندی بەلەکجار ٤ کەس ، سەرکو ٩ ، تەکیە ٤ ، بیرداری ٢، کۆشك ٣ ،گولانی خوارو ٢ ،مچە کوێر ٩ وەچەمی سمۆر ، گیران و نەبینرانەوە .

دوای کیمیاوی بارانی سێوسێنان ٢٠ ماڵ بەکۆمەڵ بەرەو رۆژئاوای گەرمیان هەڵهاتبون . چەند رۆژێك بەپێ رۆیشتبون لەناو ئەشکەوت یان روتەنیدا دەنوستن ، بەو هیوایەی لە گەرانەوەی جەیشدا بگەرێنەوە شوێنی خۆیان ، لە بەکرایف تێیکەیشتن کە ناوچەکە هەموی داگیرکراوە ، خەڵکی گوندی تاویل لە نێوان دەربەندیخان و کەلاردا ٧٩ کەسیان لێگیراو سەرنگونکران . ٤ پیاوی خەڵکی گوندی بۆیسانا خۆیان تەسلیم بە عەسکەر کرد ، پێیان وتبون خێزانەکانیشتان بێنن هیچتان لێبەسەرنایەت . کە ئەوانیش هاتن هەمویان گیران و بەرەو کەلار بران و هەرگیز نەبینرانەوە .. هەر لەم ماوەیەدا ٥٠٠ کەس خۆیان تەسلیم کردو سەرنگون کران ..

**ئەنفالی سێیەم**

هەمان رێکخراو بەم جۆرە وەسفی ئەهامەتییەکانی ناو ئەنفالی سێیەم دەکات :

پێشمەرگە ئەوەندەی پێ نەئەکرا کە بتوانێت بەرگری لەو هێرشە توند و بێ پەروایەی سوپای عیراق بکات ، ئەمە لە جەنگێکی تەقلیدی زۆر زیاتر بوو، بۆماوەی زیاتر لە یەك هەفتە ناوچەکە بە هێزەکانی پیادە ، فیرقەی زرێپۆش ، تۆپ، هێزی ئاسمانی وەجاش ئابڵوقە درابو ، شەپۆل بەشەپۆل پەلاماریان دەدا .. سوپاکە ناوچەکەی بەجێ نەهێشت تا هەموو گیانلەبەرەکان دەستگیر کرابون ، بەکۆپتەرو بەپێ لەناو چیاو شارۆچکە و شارەکاندا دوای هەموو گوندنشینە هەڵهاتوەکان کەوتبون ، بێ بەزەییانە لاوازییەکانی ی.ن.ك - یان لە گەرمیان بەهەل وەرگرت .. بنکەی قاییم و چەکی قورسیان نەبو. ئەو پێشمەرگانەی لە ئەنفالی یەك و دو رزگاریان بوبو وەخۆیان گەیاندبوە ئەو ناوچەیە ، شەکەت بون ، دوای چەکی کیمیاوی بە شێوەیەکی گشتیی خەڵکەکە روخابو ، وا پێدەچێت رژێم هەستی بەوە کردبێت کە ئیتر لە گەرمیاندا پێویستی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نییە ، هەرچەندە لە دژی شوێنی قاییم هەر بەکارهێنرا .

بەهۆی ٣١ بروسکەی نهێنی و پەلەی ئیستیخباراتی عەسکەری کەسەعات بەسەعات حاڵەتەکانی شەرگەکە دەدات بەدەستەوە، دەتوانرێت بە هەندێ درێژییەوە شەری عیراق لە گەرمیان نەخشە بکێشرێت. بروسکەکان لە هێرشە چەند لایەنییەکاندا کە بەلایەنی کەمەوە لە هەشت خاڵی چوار چێوەی گەرمیاندا بەیەك گەیشتبونەوە، باسی ١٢٠ گوند دەکات کە چۆن پەلامار دراون سوتێنراون کە ، نزیکەی هیچ کام لەو دنیانە بەمەبەستی عەسکەری باسنەکراون تەنها باسی بەرگریکردنی چەند حاڵەتێك دەکات کە ئەوەندەی پەنجەکانی دەستن .

ئامانجی ئۆپەراسیۆنەکە زۆر ئاشکرا بو :- سڕینەوەی هەموو شوێنەوارێکی نیشتەجێی ئادەمیزاد بو، ئەمە لە چەند ڕاپۆرتێکی مەیدانیی ئیستیخباراتدا ئاشکرا دەردەکەوێ . هەمو ئەو گوندانەی کە هێزە کە بەناویاندا تێدەپەڕین پێویست بو وێران بکرێن و بسوتێنرانایە . تەنانەت دوای تەولو بونی حەوت ئەنفال، لە ئوگوستدا هێزەکان گەڕابونەوەبۆ سوتاندن و نەهێشتنی هەمو پاشماوەو نیشانەیەکی ژیان . کامپاینەکانی گەرمیان لە سێ ناوچەی جوگرافیدا ، لە توزخورماتو ، قادرکەرەم و باکوری گەرمیان ، وەسەنگاو و باشوری گەرمیان ئەنجامدران .

ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ١٧ گوند کە زوریەیان هی ولاتی ژوروو خوارو بون دوای ڕاکردنە چیاکان ، ناچاری خۆتەسلیم کردن بون بە عەدنان جەباریی موستەشار ، هەروەك ئەوانەی پێشوییان ، هەموو سواری شاحینە کران و ژمارەیەکی زۆریان کە ١٠٢ کەسیان خەڵکی واراتی بون هەرگیز نەبینرانەوە .

لەناو سەرنگونکراوەکانی دێهاتەکانی جەباریدا ژمارەیەکی زۆر لە ژن و منداڵیان تێدا بوو .. لەو سەردەمانەشدا باسی بەکارهێنانی کیمیاوی لە هەندێ لە گوندەکاندا دەکرێت وەك : تازەشار ، کانی قادری ژورو خوارو ، وەشێخ حامید ، لەم دێیەی دواییدا تەرمی ٢٥ پێشمەرگە بینرابو . زۆر لە مانگاو بزن و باڵندە مرداربونەوە ..

لە بروسکەیەکی ئیستیخباراتی توزخورماتو لە ١٠-٤ دا باسی ١٥ تەرمی تێکدەران دەکات کە لە نزیك معسکری کەرتی توزخورماتووەوە شاردرابونەوەو کە گواستویاننەتەوە، فلیمی ئەو شاردنەوەیەش گیراوە ..

عائیشە ناو خەڵکی گوندی شێخ حامید لە ڕاکردنەکەیدا بە شێخ ئەحمەدی موستەشار دەگات ، کە پرسیاری لێدەکات چیی ڕویداوە ، دەڵێ نازانم پێویستە خۆت بەدەستەوە بدەیت، ئەوە باشترین شتە. من ناتوانم هیچ شتێکی تر بکەم، تەنانەت خزم و کەسەکانیشم کوژراون.. ئیتر رووەو تەدپاڵی چیاکانی قادرکەرەم دەڕوات کە بە کۆمەڵی زۆر لە ناوەرەکان دا پۆشرابو ، خەڵکەکە سێ ڕۆژ مانەوە، لە دوەم ڕۆژدا عائیشە منداڵێکی دەبێت بەڵام ئەم برسی بو زۆر لەوە لاوازتر بو کە بتوانی شیر بە منداڵەکەی بدات، هیچ پێخەفێکیشی نەبو ، ئەمیش لە سێیەم ڕۆژدا ئەشکەوتەکە بەجێ دەهێڵێت تا بەدوای خواردندا بگەڕێت .. دەورییەیەکی جاش کە بەدوای ڕزگاربوەکاندا دەگەڕێت ، عائیشە دەبینن زۆر سەری سوڕما کە بەبەزەییانە خۆیان نیشانداو بەڵێنیان پێدا کە بیبەن بۆلای موستەشارەکەیان بۆ ئەوەی کاری عەفوکردنی بۆ ڕێکبخات .شێخ ئەحمەد بەرزنجی موستەشار لە قوتابخانەیەك دایدەنێت کە زۆر گوندنشینی تری تەسلیم بوی تیا

دەبێت .. خواردنی دەدەنێ کاتێ سوپا بەرپرسیاریی وەردەگرێت ئیتر پیاوەکان جیا کرانەوە ، خرانە پاسی عەسکەرییەوە ، هەروەها ژن و منداڵەکانیش بەڵام نەفسەرێ رێگەی عائیشە دەدات کە بچێت بۆ سلێمانی .. دوایتر ئەم هەر لە ئەنفال ڕزگاری نەبو ، بەڵکو لە ئەشکەوتەکەدا لەگەڵ منداڵەکەشیدا یەکیان گرتەوە بەڵام عائیشە هەرگیز مێردەکەی و ٣ براو ١٢ ئەندامی خێزانەکەی جارێکی تر نەبینییەوە .. چونکە ئەوان لەناو گروپێکی ٨٠ کەسیدا خۆیان بەدەستەوەداو لەناویان بردن. دیسان ٢٥ کەسی گوندی کریم بسام و ٩٢ کەسی دێی عزیز بەگ کە زۆریان ژن و منداڵ بون هەرگیز نەبینرانەوە .. هەر لەم بەشەی ئەنفالی سێدا ٥١ کەسی خەڵکی دێی ئیبراهیم غولام خۆیان دا بەدەستەوەو جارێکیتر نەبینرانەوە.

ئەو هێزانە لایەنێکی تری پرۆسێسەکەیان لە سەنگاو و چەمچەماڵەوە ئەنجام دەدا ، لە گوندەکانی ناوچەی زەنگەنەو جەباری هەمو دێهاتەکانیان وێران کرد . سەرەڕای تاڵانکردن و خاپورکردنی دێهاتەکان ئەوانەی بگیرانایە یان خۆیان تەسلیم بکردایە وا هەمو شتەکانیان لێ زەوت دەکردن و دەیاننارد بۆ لەیلان، بەشێکی تر بۆ تۆردوگای ئەلسەورە لە دەرەوەی چەمچەماڵ ... ٢٧ کەس لە گوندی گولامە ، ٤١ کەس لە گوندی بەنگول وەهەنارە ، ١٧ کەس لەوانە کە خۆیان دا بەدەست موستەشارێکی زۆر شورەت خراپ بەناوی تەحسین شاوەیس کە بەڵێنە بۆشەکەی سەبارەت بە لێبوردن بۆ مەودایەکی زۆر لە ناوچەی قادرکەرەم دا دوبارەکرایەوە سەرنگونکران ...

خەڵکی قەیتەرانی سەد ماڵیی سەر ڕوباری باسەرە ، لە ترسی فڕۆکە بە ماڵو منداڵەوە هەڵهاتبون، پێش ئەوەی شەو دابێت کەوتبونە ناو تۆڕەکەی سوپاوە هەندێ کەس گەڕابونەوە بۆ عەلیاوەو لەوێ خۆیان دابوە دەست شێخ موعتەسەم بەرزنجی ، ئەمیش تەسلیمی عەسکەری کردبون هەندێکیان هەر نەبینرانەوە .. خەڵکی قەیتول بەرەو چەمچەماڵ ڕۆیشتبون ، لەناو چیاکاندا جەیش گرتبونی بە دو گروپ بە شاحینە یەکێکیان ڕەوانەی سلێمانی و ئەوی تر ڕوەو لای کەرکوك ڕەوانە کران ، زۆر لە مانە هەرگیز نەبینرانەوە .. خەڵکی قیر تسەپیاوان لە ژن و منداڵ جیاکرانەوە ، ٦٠ کەسێکیان سەرنگون کران .. دیسان لە قەیتولی هاوسێی ٦٠ کەس لە ناوبران .. ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی هەردو دێی دەرواو بانە مۆرت سەرنگون کران ، سەرجەمی ٢٠ دێی ئەو ناوچە بچوکە لەو ماوە کورتەدا وێرانکران ..

ستراتیجی ئەنفال لە سەنگاو و باشوری گەرمیان هەمان ستراتیجە سەرەکییەکەی هێرشەکانی باکوری گەرمیان بو ئەنجامدانی هێرشێکی عەسکەریی گەورەو داخراو لە چەند لایەکەوەو لەیەك کاتیشدا ، بۆ گرتنی بە کۆمەڵی ئەو سڤیلانەی پێیان دەگەیشتن و بۆ وێرانکردنی

گوندەکانیان و بۆ ڕاونانی ئەو گوندنشینانەی کە بەردەست نەکەوتبون تا بەرەو ڕێگا سەرەکییەکە وەیا بۆ خاڵەکانی کۆکردنەوەی خەڵکی کە پێشتر دانرابون ، هەروەها بۆ پاڵپێوەنانی ئەو پێشمەرگانەی کە مابون بۆ ناو ناوچە داخراوەکان کە ڕێگای دەرباز بونیان نەبو .. دیسان ئەو ڕێکخراوە لەسەر ئەنفال لە گەرمیان دەنوسێت : بێگومان ئەوانە هیچ هەڵەیەکیان نەکردبو تەنهائەوەبو کە کورد بونو لە شوێنێکی هەڵەو لەکاتێکی هەڵەدا دەژییان . بەڵام چارەنوسیان تیشکێکی گرنگ دەخاتە سەر یەکێك لە گەورەترین مەتەڵەکانی کامپەینی ئەنفال، هەرچەندە لەهەمو شوێنێکی کوردستانی عیراقدا ژنان و منداڵان لە چەندین ناوچەی داگیر کراودا سەرنگون کران ، بەڵام ئەو نێرینە پێگەیشتوانەی کە گیرابون لە چەندین ناوچەی دیاریکراودا بە کۆمەڵ لەناو بران ... جەیش گوندەکانی بیلاگەی گەورەو بچوك و دارەجی سوتاند، دوای تۆپباران و هەڵهاتنی دانیشتوانیان، لەناو ئەوانەی کە کوژران ، ئەکبەر ڕەشاد و ٣ برازایی و٢ خوشکەزایی لەگەڵ ٦ منداڵە بچکۆلەکانیاندا کە هەمویان تەمەنیان لەیەك ساڵەوە بۆ حەوت ساڵان بون ..

ئەوانەی لەو نەهامەتییە سەرفرازبوبون ، لەلایەن هێزێکی جاشەوە کە هەردو موستەشار شێخ کەریم و سەعید جاف کە خەڵکی کفری بون بەڕێوە دەبران ، ڕەوانەی کامپە تایبەتییەکەی قورەتو کران ، ئەمەش یەکەم هەنگاو بو لەسەفەرێکدا کە بەکوشتنیان کۆتایی دەهات ... شایەتێکی چاوێنی لە یەکێك لەوکاتانە ژمارەی گیراوەکان لە قورەتو بە ١٠٠٠٠ هەزار کەس باس دەکات ...

ڕێژەیەکی ئاوا گەورە لەسەرنگون کردنی ژن و منداڵ ، خسڵەتی تایبەتمەندیی ئەنفال بو لە ناوچەی هێزی داوودەدا .. هەرچەند کەم گروپ لە خێڵەکانی کوردستان ئەگەر نەوترێت هەر هیچیان ، بەهۆی ئەنفالەوە ئەوەندە خراپ لێیدرابێت هەروەکو لە جافی ڕۆغزایی درا، سەرەڕای وێرانکردنی هەمو دێهاتەکان و گرتنی ئەوانەی بەردەستیان دەکەوتن و سەرنگون دەکران ، لەوانە ٣٢ کەس لە گوندی کوتر شاشە ، لەباراوەش خێڵەکە (محمد توفيق محمد) ٣٧ کەس لە ئەندامانی خێزانەکەی کوژران ، لەناویاندا هەردوژنەکەی و ١٠ منداڵ بون، هەروەها کوڕەکەی لەگەڵ ژن و ٧ منداڵی ورد ، دیسان ٢٥ کەس لە خزمانی تری لە تەپەگامێش کە زیاتر لەنیوەیان منداڵ بون سەرنگونکران ... بەگەیشتنی ڕەتڵی کەلار بۆ قولیجان نزیك بە ئاوە سپی و سوتاندنی لەلایەن ڕەتڵی کەلار ، مانای وابو کە گەیشتونەتە ئەوپەڕی سنوری ڕۆژئاوای ئۆپەراسیونەکەی ئەولایە .. گوندنشینەکان هێندە زۆر بون لە ژمارە نەدەهاتن ، لە کێلگەکاندا دەنوستن ، دوای ئەوەی دو ڕۆژ بەپێ ڕێیانکردو گەیشتنە گوندی میلستورە ، ئیتر نەیاندەتوانی لەوە زیاتر دوربکەونەوە ، پیاوێکی خەڵکی کونەکۆتر وتبوی هەروەکو ڕۆژی قیامەت وابو ئیتر جەیش هەمویانی بۆ ناوچەیەکی

وشکەلانی بەردین کە لەساڵی ١٩٧٥ دا تەعریب کرابو برد .. لە ١٨ و ١٩ -٤دا ڕەتڵەکانی کفری وکەلار کارەکانی خۆیان تەواو کرد ، بەرگری لە ڕێگا سەرەکییەکەی کەلار - کفری ڕوبــاری ئاوەسپی تێکشکێنرا ، بەجۆرێك کە بەردی هیچ گوندێکیش بە پێوە نەما .. کەمێك دور بەلای ڕۆژهەلاتدا ، هێزەکانی پێپازو پونگاڵ -یش ڕاپۆرتی هەمان سەرکەوتنیان دابو .. هەرچەند لە دێی پونگاڵ لە شێخ تاویل ، هەشت کیلۆمەتر لە باشوری دەربەندیخان بەرگرییەکی کەللە ڕەقانە کـرا ، فەرماندەی سوپاکە موقەددەم سلێمان عبدالحسن لەیەك تەقەدا بریندارکرا ، دوای ناردنی هێزێکی زۆر و هەمو جۆرە یارمەتییەك و فڕۆکەو کۆپتەر ، تانك و تۆپی قورس و ڕاکێت .. ئینجا شەڕەکە ٥ ڕۆژی خایاند سەرەنجام هەر ٥٠ پێشمەرگەکە کشانەوە .

ئەم خەڵکانە ڕووەو مردن ڕێ دەکەن بۆیە ناتوانن پارە یان ئاڵتون لەگەڵ خۆیاندا ببەن ، ئەمە قسەی ئەفسەرێکی جەیشی عیراق بوو لە کاتی تالانکردنی ناو ئەنفالدا لە گەرمیان ..

بۆ کۆکردنەوەی گیراوەکان گەلێ سەنتەری وەك : میلستورە ، فەقێ مستەفا ، مەیدان ، عەلیاوە، قادر کەرەم ،وەچەمچەماڵ هەبوون..

قادر کەرەم سەنتەرێکی سەرەکی پۆلێنکردن بو کە بارەگای سەرەکی موستەشاری بەد ناو شێخ موعتەسەم بەرزنجی بوو ، برای شێخ جەعفەری پارێزگای سلێمانی لەو سەردەمەدا . ئەم موستەشارە و بە کرێگیراوەکانی تر : عەدنان جەباری ، سەید جەباری ، ڕەفعەت گلی ، قاسم ئاغا وە تەحسین شاوەیس ... لە بە کۆمەڵ بەدەستەوەدانی تەسلیم بووەکان ڕۆڵێکی گەورەیان بینی کە بە بەڵێن پێدان بە لێبوردن ، و تەنانەت ڕێگەدان کە بچنەوە شوێنی حەشارگەکانیان بۆ هێنانی شتەکانیان و بەڵێن دان کە نێرینەکان ماوەیەك لە فەوجی جاشەکاندا بن .. ئەم هەواڵانە بە خێرایی بلاو دەبووەوە ، یەکەکانی موعتەسەم بۆ ماوەی دوو ڕۆژ گروپی گەورەی لە دێلەکانی ڕەوانەی عەلیاوە دەکرد.. جگە لەوەی کە وێنەی تەلەفزیۆنییان دەگرتن و واپیشان دەدرا کە ئەوانە نۆکەری ئێرانن لە جەماعەتی تاڵەبانی و دەستگیرکراون ... ئەو خەڵکانە هەموو بزر کران ، تەنها ئەوانە سەرفرازبون کە لە چیاکاندا دەمانەوە یان دەچوون بۆ شارەکان .. هەر ئەوەندەی کاریان بە ( قادر کەرەم ) نەما ئەویش لە ئەنفال قورتاری نەبوو ، ماڵ بە ماڵ ناونوسکران و مۆڵەتی (١٥) ڕۆژیان دانێ بۆ چۆلکردن ، بەلام ئەمان هەر یەکە (١٥٠٠) دینار (٤٥٠٠ دۆلار بە نرخی ئەو کات)یان بە قەرەبو وەردەگرت ....

چەمچەماڵکە شارۆچکەیەکی گەورەو سەنتەری کۆکردنەوەی خەڵکە گیراوەکان بون کە لەسەنتەرەکانی ترەوە دەهێنران . ئەگەر لەناو ئەبرانایە وا بەرەو باشور بەکۆمەڵوگروپی گەورە گەورە ئەنێرران بۆ کوشتن و لە چاڵنانی بە کۆمەڵ .

## ڕاپەڕین و کاری ئازایانە لەناو قیامەتی مەرگدا

لەناو ئەو نەهامەتی وزوڵم و زۆرداری و جینۆسایدەی سەردەمی ئەنفالدا ، گەلێ کاری ئازایانەش کراوە، هەم لەلایەن خەڵکییەوە ، وەهەم لەلایەن هەندێ جاشەوە ..کە بونە هۆی ڕزگار کردنی ژیانی زۆر خەڵك ، بەڵام هیچ کارێك لەگەڵ ئەو نزەکردارەی خەڵکی چەمچەماڵ بەراورد ناکرێت :

کاتێك کە چەمچەماڵییەکان دەیانبینی هاوولاتییەکان ئاوا بە شاحینە بەناو شەقامەکاندا دەگوێزنەوە ، موجازەفەیەکی گەورەیان بەژیانی خۆیان کرد کە لەهەندێ حاڵەتیشدا تیا چونیشی دەگرتەوە .. ئەوان بەسەرهەڵدانێکی خۆرسکی بێ چەك هەستان، بێگومان هەندێ لە جاشەکان لەو ناڕەزاییەدا دەستیان هەبو . ئەوان بە نهێنی هەندێك شوفێری شاحینە کە بەسوخرە گرتبویانن – یان ڕازی کردبو کە ژنە دیلەکان ئازاد بکەن .. کاتێك کە خەڵکی شارەکە دەکەونە بەردە بارانی شاحینەکان و ورتکردنی جامەکانیان، شوفێرەکان ئەو هەراو هوریایەیان بەهەل وەرگرت بۆ ئازادکردنی ژنەکان .. .. لەو سەر هەڵدانەدا تەنانەت منداڵە بچوکەکانیش بەربیان نابوە گیرفانیانەوەو هەرەشەیان دەکرد کە جامی ئۆتۆمۆبیلەکان دەشکێنن .. سەربازەکان کەوتنە گوللە بارانکردنی خۆپیشاندەران . تەنانەت داوای فرۆکەی جەنگی و کۆپتەریان کردبو بۆ گوللە بارانکردنی خۆپیشاندەران .. بەپێی ڕاپۆرتێك ٥ کوژراو و١٢ بریندارپون بەڵام ئەوە کۆتایی ڕوداوەکە نەبو ..

بەڵکو ئەو خەڵکە هەڵهاتوە کەلەلایەن ئەمنەوە دەگیران بەئاشکراو لەبەرچاوی خەڵك گوللە باران دەکران .. درێژەی باسکردنی ئەو کارەساتانە لە بەڵگە نامە بەردەست کەوتووەکاندا ، دوبارە دەبنەوە لە خوێندنەوەیاندا گیان دەهێننە لەرزین ..

لە سیپتێمبەری ١٩٩١ دا دوای کشانەوەی سوپای عیراق لە قورەتو .. لەوێ زیاتر لە ٤٠–٥٠ لەو عەرەبانانە کە دێهاتییەکان بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانیان دەیانبەستن بەپشتی تراکتۆرەوە، بینرابون کە پڕبون لەکراس و شەرواڵی شڕوپوکاوە . وەلەهەمو لایەك سۆل ونەعلی لاستیك کەوتبو ئەوەش پاشماوەی ژمارەیەکی زۆر بو .. گوندنیشینێکی ڕزگار بو باسی ئەو هەزار کەسەی دەکرد کە لەمۆڵە گەورە دروستکراوەکاندا بون ، هەمویان ماندو برسی بون و دەترسان، هیچ کەسێك نەیدەزانی چی ڕودەدات ، بەڵام من دەمزانی کە شتێکی سامناك بەڕێوەیە ، کەس نەیدەوێرا لەگەڵ یەکتری قسە بکەن ئێمە هەمو بێدەنگ بوین و چاوەڕوانیمان دەکرد بزانین چی ڕودەدات .. ڕۆژی یەك نان لەگەڵ ئاودا پێمان دەدرا .. زۆر لەوە دەترساین کە بمانکوژن .

لە سیمینارێکدا کە ئەفسەرانی ئیستیخبارات بەڕیوەیان دەبرد بەکۆنە موستەشارێك وترابو پێشمەرگە کافرن و بەوپێیە رەفتاریان لەگەڵ دەکرێت ، ئێوە شەڕیان لەگەڵ دەکەن هەرچی ماڵ وماڵاتێکتان دەستگیربو بۆخۆتانی ببەن، لەڕوی یاساوە ژنەکانیان بە ئێوە حەڵاڵە هەروەها مەڕو مێگەلەکانیشیان .

بەپێی فەرمانەکانی ڕژێم لە ئەنفالدا بە موستەشارەکان گەیەنرابو کە جگە لەچەکی قورس هەرچییەکی تریگرن بۆ خۆیانە .هەڤاڵێکی بەعسیش وای بۆ سەرەك جاشێك ڕونکردبوەوە : پیاوەکان بدەن بە ئێمە شتومەکیش بۆخۆتان .
ئەو نێرینانەی کە تەمەنیان لە ١٥-٥٠ساڵ بو بەشێوەیەکی ڕۆتینی لە هەمو بەشەکانی گەرمیاندا لەناو چون ژمارەیەکی لەبەرچاویش لە منداڵو ژن لە باشوردا لەناو سەرنگونکراوەکاندا بون، زوریەی ئەوانە لە هۆزەکانی داوودە و جافی ڕوغزایی بون . لە هەندێ حاڵەتدا گوندی وا هەبوە هەمو خەڵکەکەی لەناوبران .
هەر لەم ناوچە بچوکەدا ئەم ڕێکخراوە دەڵێت بەلایەنی کەمەوە ١٠٠٠٠ هەزار لە خەڵکی کورد لەناو بران .. نمونەیەکی تری شێوەی ئەنفال لە کۆمەڵە گوندێکی سەر ڕوباری زێی بچوك لە ماوەی ئەنفالی چوارەمدا ڕویدا ..

ئەنفالی چوارەم:

ئەوکاتەی کە چوارەم ئەنفال دەستی پێکرد هێزەکانی عیراق هەرگیز وەی بەرزی وایان بەخۆوە نەدیبو، بەهۆی گرتنەوەی فاوەوە ..لە ٣ مایسدا فڕۆکەی مێك گوندی عەسکەری دایە بەر چەکی کیمیاوی تۆ کەسی لە خەلکی دێیەکە کوشت .. دوای ئەوە لە گۆکتەپەی دا، ڕزگاربوەکانی ئەم دێیە دەڵێن ٢٠٠ کەسێکیان ناشتوە . لەو لیستەی کە ئامادەکراوە ١٥٤ کەس تۆمارکراوە . ڕزگاربووەکانی عەسکەرو گۆکتەپە و حەیدەر بەگ بە هەمو لایەکدا بڵاوبونەوە لە ٤-٥ دا زیاتر لە ٥٠ خێزانی خەلکی عەسکەر لەلایەن ئەو هێزانەی بە درێژایی ڕێگا سەرەکییەکە نزیك دەبونەوە . دەستگیرکران و بۆ سوسێ بران .

میلیتاری عیراق بەدرێژی کەناری دەریاچەی دوکان بەرەو باکور دەڕۆیشت ، هەردێیەك بهاتایەتە ڕێگەی دوای تالانکرن دەیسوتاند، لە گوندەکانی، کلێسە ، بنگرد ، کانەبی ، قیزلو ، کانی هەنجیر وەکومەشین (١٦٨٠) کەس لیستکراوە کە لەناویان بردن ، سەدان کەسی تر لەگوندەکانی : گالنەغاج ، جیلامورتە ، گردەخەبەر ، قەسرۆك وەقامیش بزرکران . ڕاپۆرتێکی

فەیلەقی یەك مەزەنەی ئەوە ئەدات بەدەستەوە کە چەندین کەس لەو خەڵکانە ژن و منداڵ بون هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (٦٠٢٠) پیاو (١٢٩)ژن (٢٦٩) منداڵ جگە لە ٣٧ تێکەڕ خۆیان دا بەدەستەوە ..

خەڵکانی باکوری ڕوبارەکە هیچیان دەربارەی لێدانی گوکتەپەبە کیمیاوی نەدەزانی ، چونکە ئەو قەیاغەی کە خەڵکەکە بەکاریان دەهێنا جەیش پەکیخستبو ، بەهەڵاتنی ڕزگاربوەترس لێنیشتوەکان کە زوربەیان کوێر بوبون و دەمردن ، گوندنشینەکانی باشوری ڕوبارەکە لەوە بەئاگا هاتن کە ئەنفال گەیشتۆتە ئەوانیش ، بەشێ لە خەڵکەکە ڕایانکرد ، بەشێکیش مانەوە، ڕۆژی ئاینده هێرش بۆ ئەویەشەش دەستی پێکرد .. فڕۆکە بۆمبای بەردەدایەوە ، کۆپتەر ئاگاداری دەگەیاند بە دانیشتوان کە بێنە دەرەوە لێبوردنی گشتی هەیە بۆیان .. خەڵکەکە خڕدەکرانەوە دوای زەوتکردنی پارەو ئاڵتون و کەل و پەل کە پێیانبو بە ئێڤا نوردەخرانەوە ، هەرلەو کاتانەشدا ئەفسەرو عەسکەرو جاش دێیەکانیان تالان دەکرد ئینجا دەیانسوتاند .. کەدەستیان دەگەیشتە ئەوانەی بۆ چیا هەڵاتبون دەوریان دەدان، بۆیە ناچار دەبون بەدەست بەرزکردنەوە خۆیان بەدەستەوە بدەن .

لەدێی جیلەمورت جاشێك دیمەنی ئەوتالانکردنەی زۆر لاگران بو . بۆیە بە دەنگی بەرز ناڕەزایی دەربڕیبو ، ئەفسەرێك بە تورەییەوە بەرەنگاری بووە وتویەتی: ئەو خەڵکانە ڕووەو مردن ڕێ دەکەن ، ناتوانن پارەو ئاڵتون لەگەڵ خۆیان ببەن ، یاسای دەوڵەت دەڵێت ئەمانە دەکوژرێن .

دێی وا هەبو نێرینەکان دەگوێزرانەوە بەلام مێینەکانیان بۆ چەند ڕۆژێك لەبەر چەند هۆیەکی شاراوە دەهێشتەوە .. خەڵکی گوندی کلێسەکە لەئەشکەوتەکاندا خۆیان شاردبۆوە هەمو گیران و سەرنگون کران . کە پەلاماری گوندیگۆمەشین درا هەر کەسێکیان دەستبکەوتایە سەرنگون دەکرا. شایەتێك گێڕایەوە کە ١٥٠ کەس ئەنفال کرا، لە ٦–مایسدا فەیلەقی یەك ڕاپۆرتی دا کە ڕیزە گوندی گۆمەشین –گردخەبەر و گوندەکانی تری شێخ بزەینی لەگەڵ خاك تەخت کران .

ناوچەی شوان : لەکاتێکدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی تەق تەق بەو شێوەیە وێرانکرا ، یەکەکانی جەیش بایان دایەوە بۆ شارۆچکەی ڕێدار – ناحیەی شوان بۆ جارێکی تر ئەو کۆمەڵە جاشانەی کە موستەشارە قەڵەوەکەی کۆیە قاسم ئاغا کە بەقاسمە کوێر ناوی دەرکردبو، کۆمەکیان دەکردن . شارۆچکە بچوکەکەی شوان و حەفتا گوندەکەی کە چەندینیان لە سێپتێمبەری ١٩٨٧ دا وێران کرابو . دانیشتوانەکانیشیان بۆ ئۆردوگاکانی دارەتو بنەسڵاوە ، لای باشوری دەرەوەی شاری هەولێر ڕاگوێزرابون. ئەمنی کەرکوك ماڵ بە ماڵی شارەکەو چەمچەماڵ و بنەسڵاوە بەدوی

دەربازبوەکانی ئەنفال لە شێخ بزەینی دەگەڕا، گوندنشینەکانی تر دەیانبینی چۆن ماڵەکانیان تالان دەکرێ ، وئینجا دەسوتێنرێن و لەگەڵ زەویدا بە بلدۆزەر تەخت دەکرێن، ٥٠ گوندنشین ماوەی ١٢ ڕۆژ لە گیای کێوی زیاتر هیچ نەبو بیخۆن، بۆیە بەناچاری ڕوەو تەق تەق شۆڕ بونەوە ، دێهاتەکانی : سەربیری ، قەشقەوەخوڕ خوڕە سوتێنراو بەشێك لە خەڵکەکانیان کەلەناو چیاکاندا خۆیان حەشاردابو، دەوریان گیراو لەناو بران ، هەرموتەو تەکیەو تەق تەق سەنتەری کۆکردنەوەی گیراوەکان بون ، هێندە زۆر بوبون بۆ سەنتەری تری وەك نەمیریە دەنێرران کە قەڵایەکی عەسکەریی وەك ئەو قەڵا لە ژمارە نەهاتوانەبو کە لەهەمو کوردستانی عیراقدا دروستکرابو .. لەناویاندا پاش یەك شەو گیراوەکانی ١٢ گوندی ئەمبەرو ئەو بەری ڕوبارەکە بەرەو شوێنێکی نادیار گوێزرانەوە .. لەم ناوچەیەش وەك گەرمیان هەندێ جاش یارمەتیی هەندێ لە گیراوەکانیان دابو بۆ ڕاکردن .

## ئەنفالی ٥و٦و٧

هەمو ناوچە سنورییەکانی پارێزگای هەولێریش لەدوو ڕامالینی گەورەدا (١٩٧٧–١٩٧٨و١٩٨٣–١٩٨٤)دا وێران و چۆڵ کرابون و سڤیلەکان ڕاگوێزرابون . لەناوەڕاستی مانگی ئاپاردا ئەنفال گەیشتە بالیسان .. لە ئێوارەدا کاتێ خەڵکی وارا خۆیان بۆ جەژنی ڕەمەزان ئامادە دەکرد بە چەکی کیمیاوی لێیدرا ..

کاتێك ڕزگاربوەکان گەیشتنە لای هەڵهاتوەکان لەخەڵکی دێیەکە تا لە ڕوداوەکە ئاگاداریان بکەن ، ئیتر بە خێرایی خۆیان گەیاندە گوندەکە . پیاوێك گێڕایەوە کە بینیبویان لەناو باخی قەدپاڵی چیاکە ٤یا٥ کەسیان کەبەئاشکرا دەمردن ، دوای ئەوەی کەمێکی تر ڕۆیشتن ٣ کەسی تریان لەناو گۆڕستانەکەدا بینیبو کەمردبون، کاتێك گەیشتنە سەنتەری گوندەکە بینیبویان چۆن دێیەکە وێرانکراوە، سۆپاکان هێشتا خواردنیان لەسەر مابو، ئاژەڵ لە هەمو ئەو ناوەدا کەوتبون یان مردبون یان لە گیانەڵەدابون . ٣٧کەس لەو شەوەدا گیانیان لەدەستدا کەمنداڵی تەمەن دووساڵانیشیان تێدابوو ، ڕزگاربوەکان ٣٢ تەرمیان لە گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە دەرەوەی گوندەکەناشت ٣٠ کەس کە بەعەرەبانەی تراکتۆر دەبران بۆ خەستەخانە مەیدانییەکەی ی.ن.ك لەناو گوندی خەتێدا نێژران . یەکێکیش لە ئۆردوگای سەروچاوە کەتیایدا ٥٠ کەس لە قوربانییەکانی چەکی کیمیاویی شێخ وەسان – لە ساڵی پاردا نێژرابون تێدا بو ، لە کاتێکدا هەمو دۆڵەکە کیمیاوی باران کرابو، ئەوەش دووەم جار بو کە بالیسان و شێخ وەسان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەو چەکە لێدەدرێن، فڕۆکەی لە سۆڤییەت دروستکراو بۆ ماوەی ٢٠دەقیقە شێخ

وەسانی بەر کیمیاوی و بۆمبای هێشویی‌دا ، بە کیمیاوییەکە لە گوندی بلە ٣ منداڵ و دەگوترا لە نازەنین ٢کەس کوژران ، بۆمبای کیمیاوی و هێشویی بەسەر گوندی سێران دا دابارێنرا .. دواییتر لە درەنگانێکی ڕۆژی ٢٢ی ئایاردا یان سەرلەبەیانی ڕۆژی ئاییندە هێزی زەمینی لە سێ لاوەو لەهەمان کاتدا هێرشیان دەست پێکرد .. ئیتر زوریەی ئەو سڤیلانەی کە مابون بۆ بەرزاییو چیاکان هەڵاتن .. لاکی ئەسپ و مەڕ لەناو کێڵگەکاندا بڵاوبونەوە ، خەڵکی ئاکۆیانیش وەك خەڵکەکەی تر بەسێ لادا بڵاوبونەوە ، هەندێ بەپێ یان بە وڵاخ بەرەو سنوری ئێران ، هەندێکی تر پەنای بردە بەر ئۆردوگای حاجیئاوا کەلە ١٩٨٧ دا لەسەر کەناری باکوری دەریاچەی دوکان دروستکرابو . بەشێکی تر هەوڵیان دابو کەلەناو چیاکاندا خۆیان بشارنەوە .. سەدان ئاوارە لە دەشت و دەر بە درێژایی یەك مانگ مانەوە ، ئەمانە لەناوچەی سواراغادابون .. کەنەیدەهێشت عەسکەر دەستیان بۆ بەرێت بەناوی ئەوەوە کە جاشی ئەون ، زیاتر لەوە سواراغا ڕێگەی تێپەڕبونی خەڵکەکەی بەرەو سنوری ئێران تەئمین کردبو . ئەو خەڵکانەی تر کە گەیشتبونە دێی گوڵان ، بڕیاریان دا کە خۆیان بە دەستەوە بدەن بەو هیوایەی کە ببرێن بۆ ئۆردوگای حاجیئاوا لەدەرەوەی شارۆچکەی ڕانیە ، یەك گروپ لە خۆحەشاردراوەکانی دێی بلە و گەروان کە ٥٠ خێزانێك دەبون پاش خۆشاردنەوەی چەند ڕۆژێك جەیش دەوریان دەدات بەناچاریی بەناوچیاکاندا دەکەونە هاتوچۆ تا گەیشتنە شوێنێك کە دەیڕوانی بەسەر گوندی فەقێیان دا چوار ڕۆژ لەوێ مانەوە . تا گوللە تۆپەکان لێیان نزیك دەبوەوە و هەراسانی کردن ، جارێکی تر کەوتنە ڕێ بێ ئەوەی ئاگاداری کات بن ، چونکە نەیاندەوێرا بەڕۆژ بێنە دەرەوە ، تەنها بەشەو بەسەر لوتکە بەرزەکاندا ڕێیان دەکرد ، تا بەهیلاکەتیی گەیشتنە دێی جولە مێرگ کەلە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا بو ، لەخاڵی پشکنینەکانی جولەمێرگ کە جاشیان لێبو وەخۆیان لەوە لادابو کە بیانگرن پێشیان وتبون کە : ئێستا کاتی گونجاو نییە کە بێنە بەردەستی قەسابەکە ، هێزەکانی سوپا جیاجیان کردنەوەو لیستیان کردن و بردیانن بۆ مۆڵگای عەسکەری سپیلك لەو نزیکانە لە دەرەوەی خەلیفان هەر هەشت یان نۆخێزانێك لە چادرێکدا لەناوچەیەکی تەلبەندکراودا دانران ، ژن و منداڵەکانی دێی بلێی خوارو کە خۆیان بەدەستەوە دابو دیسان لەوێ بون ، پیاوەکانیش کە لەدواییدا خۆیان تەسلیم کردبو هێنران بۆ سپیلك .. بلێی خوارو لە ماوەی ئەنفالدا دوو جار ژمارەیەکی زۆر لە سڤیلەکانی سەرنگون کران .. لە بروسکەو دۆکومێنتەرەسمییەکانی عیراقدا ئاماژە بۆ ئەوانە کراوە ، ئەوەش ئاشکرایە کە ئەو سڤیلە گیراوانە پێش لەناوبردنیان لە گرتوخانەی حکومەتدا بون .. هەندێك لە ئەنفال کراوەکانی پێنجەم هەر لە سپیلك ونکران ، هەندێکی تر لە حەپسخانەی ڕەواندوز بینرابون ، خەڵکانی تر لەگرتوخانەی ئەمنی هەولێردا ونکران .. هەوەکو قۆناغەکانی چوار ئەنفالەکەی تر ، هەمان درێژەی ڕوداو دوای ڕوداو دوبارە دەبێتەوە ، لەم شوێنە کاتییانەی گرتنەکاندا ، دیلەکان دەخزێنرانە ناو شاحینەی ئیڤاوەو هەمیشە ڕوەو باشور بۆ لای کەرکوك گوزەریان دەکرد ..

دێی گارەوان نمونەیەکی وێرانکردنی دێهاتەکانی کوردستانە .. سەرەڕای ئەوەی دێیەکە تالانکرا ، بیناکان بە دینامێت تەقێنرانەوە و لەگەڵ زەویدا تەخت کران ، بۆری ئاو کە لە کانییەکانەوە ڕاکێشرابون تالانکران هەرچی درەخت هەبو لەبندا بڕیانەوە ، کورە هەنگەکانیش نەمان .. بەکورتی هەرچی شوێنەواری ژیان هەبو لەناویان برد تەنانەت گۆڕستانەکەشیان بە دینامێت تەقاندەوە ..

لەگەڵ ئەو هەمو دڕندەییانەشدا بەریەرەکانی ئەنفال بەردەوام بو ، بۆیە نەیتوانی سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێ و پەك خرا .. تەواو کردنەکەشی بە هێرشی پاکسازیی لە دۆڵەکانی ئالان و حەوزی بالیسان و ناوچەی سماقولی ، مەلەکان ، وەرتێ وە هێران ئەنجامدا .. تەنانەت دوای کشانەوەی پێشمەرگەش ، جارێکی تریش چەکی کیمیاوی لە دژی ناوچەکە بەکارهێنرا ..

ئەو خەڵکانەش کە لەدۆڵی سماقولی مابونەوە زۆریان بەهاندانی موستەشارێك خۆیان بەدەستەوەدابو ، داوای چەکیان لێکردبون بەڵام لەبەر ئەوەی زۆریان سڤیل بون چەکیان نەبو، بەبیانوی ئەوەی کە لێبوردن بیانگرێتەوە زۆریان لێکردن کە بچن حەشارگەی چەکی شاردراوەی پێشمەرگەهەڵبدەنەوە تەنانەت ڕێگەیان نەدان کە چەك لە جاشەکان بکڕن ، دوای ئەوەش ناچاریان کردن کە ئیعتیرافێك مۆر بکەن کە دان بەوەدا بنێن کە لەڕاستیدا پێشمەرگە بون .. موستەشارێك گێڕایەوە کە: هەر ئەوەندەی ئەم گەمە سامناکە تەواو بو، هەمو ئەم خەڵکە لەڕێگەی تۆپزاواوە سەرنگونکران، لەماوەی ئەو چەند هەفتەیەدا کەم ڕۆژ هەبو هێرشی چەکی کیمیاوی نەکرێت ، تەنانەت دوای ٨-٨-١٩٨٨ کە ئێرانییەکان مەرجەکانی سەدام حسەینیان بۆ ئاگر بەست قەبوڵ کرد .. هەرچەندە پێشمەرگە لە هەڵاتنی تەواودا بون دیسان جەیش نەیتوانی ڕێگە سەرەکییەکەی دەربازبونیان لێ دابخات ، فەرماندە هەوادارەکانی جاشیش وەك سواراغا یارمەتی خێزانەکانی دابو بۆ ئەوەی بگەنە سنور وە لە ٢٨-٨دا ناوچەکە لەلایەن جەیشەوە کۆنترۆڵ کرا و هیچ بەرگرییەك لە ئارادا نەما ئەو کات دوا ئەنفال دەستی پێکرد ..

## نمونەی کاری تیرۆر ..

بەڕێوەبەری ئەمنی هەرێمەکە لە هەولێر بە تەلەفون داوای لە پارێزگاری سلێمانی کردبو کە بەڕاپۆرتێك چالاکییەکانی خۆیانیان بۆ بنوسێت ، ئەویش بە نامەیەکی نهێنی و شەخسی ڕاپۆرتەکەی بۆ دەنوسێت کە ئەم ژمارانەی تیا باسکرابو :

١٩تاوانبار لەگەڵ ١٨کەس لە خێزانەکانیان گوللە بارانکران بە پێی ئەو فەرمانەی کە لە ئۆفیسی علی حسن المجید -ەوە هاتبو ١٩کەس نێررا بۆ گوللە بارانکردن لەبەر ئەوەی لە ناوچە قەدەغەکراوەکاندا دەستگیرکرابون .

٤٧کەس تێکدەری تر لە مەحکەمەی سەورە حکومی ئیعدام دران ...

٢٥٣٢ کەس ،١٨٦٩٠ خێزان کە سەرجەمیان ٩٠٣٠ کەس بون لەناو ئەوانەدا بون کەلە ئۆپەراسیۆنەقارەمانەکەی (ئەنفال)دا گیرابون وە ڕەوانەی کامپی سوپای میللی پارێزگای تەئمیم کران وانە بۆ تۆپزاوا .. یەکێك لە گیراوەکانی ئەم سەنتەری کۆکردنەوەیە دەڵێت :

ئێمە هەموو برسی و بێ هێز بوبوین ، هەر تەقریبەن مردبووین ، چەند ڕۆژێك بوو هیچمان نەخواردبوو ، تەنانەت هەستمان بە کاتیش نەدەکرد ، نەماندەزانی ئەوانە چیمان لێدەکەن ، کاتێ گەیشتینە بنکەکەیان ، بە بڵندگۆ ئاگادار کراین کە کەس دانەبەزێت ... ئینجا یەکەم جار پیاوەکانیان دابەزاند ، قۆڵ بەستیان دەکردین ، پیر بە جیاو لە ١٥ساڵ بۆ ٥٠ ساڵیش پێکەوە ، ژن و منداڵیش بە جیا ، یەکێکی تر دەڵێت : لە ناوەڕاستی ئەپریلدا ئێمە لە قەلاکەی قۆرەتووەوە بۆ تۆپزاوە گوێزراینەوە ، هەزاران گیراوی تری لێبوو ، بە هیچ جۆرێك نەماندەزانی چیی ڕوو دەدات ، نەماندەتوانی قسە بکەین ، ترس ڕێی نەئەداین قسە بکەین ، تەنها دەنگێ کە دەمانبیست دەنگی ئەو ئەفسەرە بوو کە دەستی دەکرد بە ناو خوێندنەوە : تاوانبار عەلی ڕەحمان ، تاوانبار مستەفا تاهیر... تاوانبار ... تاد .

ئینجا لاوەکان پۆلێن دەکران بەسەر گروپی بچوکتردا .. دوایی دەپشکێنران ، هەرچی شتێکیان پێبوایە لێیان زەوت دەکرا ، لێکۆڵینەوەیەکی کورت وە بێ بایەخ دەکرا ناوت ....؟ ناوی باوك و دایکت ، تەمەن ، ژمارەی براو خوشك و منداڵەکانت ، ماوەی بەشدار بوونت لەشەڕدا . لە دوایی تر دیلەکان دەخزێنرانە هۆڵی گەورە گەورە ، هەر هۆڵەو بۆ دانیشتوانی یەك ناوچە بوو . ڕۆژانەو سەرجەم لە٤ - ٥ هەزار کەسیان تێدا دەبوو ، هۆڵەکان بە چیمەنتۆ قایم دروست کرابوون ، ٦ بە ٣٠ مەترێك دەبوو ، زۆر قەڵەباڵغ بوو ، نەماندەتوانی بچینە دەرەوە ... دەرگا و پەنجەرەکان بە شیشی ئاسن چنرابوو ، بێ شووشە بوون ، جێگای ڕاکشان نەبوو ، بە درێژایی شەو بە چیچکانەوە دادەنیشتین ، بە هیچ جۆرێك تەوالێت نەبوو ، ئەگەر بەختیان هەبایا وا ڕۆژی دوو جار چوار چوارو پێنج پێنج دەبرانە سەر تەوالێت ، ئەگینا ، لە ڕۆژەکاندا تەنەکە بۆ میز کردن دادەنرا ، هەر لە ناو هۆڵەکانیشدا میز دەکرا ... زۆر کەس تووشی سك چوون دەبوون ...

**نمونەی کۆمەڵکوژی خەڵکی کورد لە بیابانەکانی خۆرئاواو خوارووی عیراقدا ....**

ئەمامەتیی ئەو گروپە زۆرانەی کە بە کاروانی پاس ڕەوانەی گۆڕەپانی کۆمەڵکوژی دەکران .. بە عەقڵی مرۆڤ نامۆن ، تا ئەو ڕادەیەی کە گیراوەکان تەنانەت لە ناو کاروانی بەرەو مەرگیشدا لە ناو خواردنەوە بێبەش بکرێن ، ناچار لە پێڵاوەکانیاندا میزی خۆیان بخۆنەوە ، ناو ئۆتۆمۆبیلەکان بکەن بە ئاوڕەست . عەزیزو عومەرو ئیبراهیم و مستەفا لەو دەگمەنانەن کە بە موعجیزە لە ناو جەرگەی قەڵسابخانەکاندا ڕزگاریان بوبو... یەکێکیان کە ناوی عەزیز بو بۆ ئەو ڕێکخراوەی گێراوەتەوە کە لە نێوان ١٥-١٨ ئەپریلدا ، یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزان کاروانی مردن بە پاس سازکرا ، کە بە ١٨ پاس مەزەنەیان کردووە ، هەر پاسە ٤٤ یان ٤٥ کەسیان تێدا بوو ، ئەوەی کە مستەفای تێدا بوو لە ٥٠-٦٠ کەس بوون ، میزو پیسایی کۆنیان تێدا مابوو ، ناوەوەی پاسەکان وەك دۆزەخیان لێهاتبوو . دیلەکانی کاروانەکانی پێشتر لەسەر پشتی کورسێکان پەیامی کورت کورتیان نووسیبو: بۆ (سنوری سعودیە) ( بۆ سنوری کوێت ) (بۆ عەرعەر). بە مەزەنەی عەزیز پاسەکەیان ٣٥ هەمین پاسی ناو ئەو کاروانە بوو ، کە گەیشتنە شوێنێك یەکێکیان شاری فەللوجەی ناسیبوەوە ، عەزیز لە دەری ئەم شارە بینیبوی کە کاروانی پاسەکان بون بە دوو بەشەوە ، ئەو بەشەی ئەمان بەرەو ڕەمادی بووەوە. لەوێش تێپەڕی کرد ، دوای ماوەیەکی زیاتر لە سەعاتێ ، بە لای ڕاستدا بەسەر پردێکدا تێپەڕین کە پێ دەچێت فورات بوو بێت . لەکۆتایی سەری پردەکە وەستان ، دوایی ٩ ئۆتۆمۆبیل کە بلدۆزەریان لە پێشەوەبو هاتن ئینجا بە جادەیەکی قیرتاوی هاوتەریب لەگەڵ فوراتدا ڕووەو ڕۆژئاوابونەوە . پاش نیو سەعاتێك کاروانەکە لای کردەوە بۆ سەر ڕێگایەکی گڵ . دیلەکان دەستیان کرد بە پاڕانەوە لە خواوە لەژێر لێوەوە بە ئاڵییەکەوە شایەتمانیان دەهێنا ، دەگریان و دەیان پرسی ئاخۆ چییان کردبێت وا ڕوبەڕوی ئەم چارەنوسە دەبنەوە ، هەروەك نەریتی موسڵمانەتی ئەم لاو ئەو لای یەکتریان ماچ دەکردو داوای لێبوردنیان لە یەکتری دەکرد ...دەورویەر نزیك لەتاریکبون دەبوەوە .. پاسەکەی عەزیزو هاوڕێکانی بەلمەکەدا ڕۆچوە خوارەوەو چەقی . یەکێکی تر کە دوایەمین بو، تیژ بەلای ڕاستدا پێچی کردەوە تا لەو چەقینە خۆی لابدات ..ئەویش لەلمەکەدا چەقی .. ئیتر بەندەکان بە تەواوی دەیانزانی چییان بۆ ئامادەکراوە ، بۆیە هیچ مەودایەك بۆ خۆنەویستی نەمابو . ئیتر بەسەرگەرمییەکەوە کەوتنە قسەکردن و پلان دانان بۆ خۆڕزگارکردن ، دەیانزانی کە ئەگاردەکەوەنە شوفێرەکە کوردی تێناگەن .. ئەمانە ٣٥ کەسێك دەبون گاردەکان گەیشتنە لایان بۆ کوشتنیان ... ئیبراهیم لە گێڕانەوەکەیدا وتی : ئەگەر لەو سی‌و پێنج کەسە یەکێکیشمان ڕزگاری ببوایە وا ئەو مەوڵەی دەهێنا .. لەناو بێدەنگی کوتوپڕدا دەنگی دەستڕێژو گرمەو چەقەچەقی بلدۆزەر گوێیانی پڕ دەکرد .. پاش ٢٠ دەقیقەیەك چەکەکان بێدەنگ بون . لەناو تاریکاییەکەوە بلدۆزەرێك بەزەحمەت بەرەو لای پاسەکەمان تەکانی دەدا ، لەپشتەوە وەستا ،

کەوتە پاڵنان بە پاسەکەوە تا دەریبهێنێت ، بەڵام تایەکانی زیاتر ڕۆ دەچو ، ئینجا کەوتە هەوڵی بەرز کردنەوەی پاسەکە، عەزیز* وای مەزەنەدەکرد کە بۆ ئەوە بوە تا پاسەکە بۆناو چاڵەکە قلْپبکاتەوە .. سەرەنجام بلدۆزەرەکە پاسەکەی بۆ پێشەوە دەرهێنا . دیلێکیان توانیبوی سەعاتەکەی لە تاڵانی و زەوتکردن قورتار بکات ، بۆیە دەیانزانی کات ٧٫٣٠ ـی ئێوارەیە ، دنیا تاریك بوبو .. دوجاری تر ڕیزە دەستڕێژو گوللە باران و زریکە زریك بیسترا ، دوای نزیکەی سەعاتونیوێك ، لە کاتێکدا کە عەزیزو هاوڕێکانی لە ترسا دەیانناڵاند ، سێ دەستە لە دیلەکانی پاسی دووەم ڕاکێشرانە ناو ئەو حەوزە ڕوناکییەوە کە لایتی ئوتمۆبیلەکان دروستیان کردبو ، تیمێکی تیر بارانکردن بەبەرگی ڕەسمی و کلاشینکۆف و دەمانچەوە ، کەوتنە دەستڕێژ لە بەندەکان ، کاتێك تەقە وەستێنرا ، تەرمەکان ڕاکێشرانەناو چاڵی تازە هەڵکەنراوەوە ، ئەم سەرنجی ئەوەی دا کە هەندێك لە لاشەکان هێشتا دەجولانەوە ..

لەوە دەچو نۆرە هاتبێتە سەر بارەکەی ئەم پاسەی ئەمان کە ئەم ڕوداوە سەرنجڕاکێشەرەی تێدا قەوما..

پلانی دیلەکان بەم جۆرەبو: کاتێك یەکەم گارد دەرگاکە دەکاتەوە بۆ بردنی دیلەکان بۆ کوشتن ، بەهێزترینیان هەڵمەتی بۆ بەرێت تا چەکەکەی لێ بسەنێت و ئینجا دەرگاکە بەکراوەیی بهێڵێتەوە . هەرچەندە زوربەی دیلەکان لەوە لاوازو بێهێزتربون کە بتوانن هاوکاریی بکەن ، بەڵام عەزیزو عومەرو چەند کەسێکی تریش حەزیان دەکرد ئەو کارەبکەن . بۆیە کەوتنە چاودێریکردنی ئەو دەرگایەی کە هەردو بەشی پاسەکەی لەیەك جوێ دەکردەوە ، برایم لە دواوە و بەترسەوە چاوەڕوان بو ، ئامادەیش بو کە ئەگەر بتوانێت پەلامار بدات. لە کونی پەنجەرەکەوە عەزیز دوگاردی بینی کە بەدەمانچەوە لەمبەرو ئەوبەری دەرگاکەوە خۆیان گرتوە ، یەکێکی تریش کەتفەنگی کلاشینکۆفی بەدەستەوەیە لای کورسی شوفێرەکەوە وەستا بو ، لەهەمان کاتدا گاردی چوارەم بە کلاشینکۆفێکەوە پێیەکی لەسەر پێپلیکەی پاسەکەو ئەوی تری لەسەر زەوییەکە، پاسەوانی دەرگاکەی دەرەوەی دەکرد، دوای چەند ساتێکی تر لە حەرەسە بەرگ ڕەسمیی پۆشەکان کە کابرایەکی چەتەوڵی مل ئەستور بو، قفڵی دەرگاکەی بەلای قەمەرەکەی شوفێرەکەدا کردەوە ، هەر ئەوەندەی ئەو کارەیکرد ، دیلێك کەناوی سەلام بو ، هەڵمەتی بۆ پێشەوە برد بۆ ئەوەی تێیبسرەوێنێ ، بەڵام پاسەوانی دووەم دەمانچەکەی لێ خستەکارو دەست بەجێ سەلامی کوشت و دەرگاکەی داخستەوە. عەزیز گوێی لەیەکەم حەرەس بو ، بڕیاری دا یەکە یەکە دیلە کان ئیعدام بکات ...

* هەموو (عەزیز)ە کان (عەوێز)ن...چاپی دووەم

بۆ کۆنترۆلکردنی دۆخەکە ، عەزیز ئامۆژگارییەکانی خۆی دەرکرد ، ئەو کاتەی گاردەکان یەکەم دیلیان بردەدەرەوە ، عومەر قورسایی خۆی بخاتە سەر دەرگاکە بۆ ئەوەی ڕێگە لە داخستنەوەی بگرێت ، پیاوەکانی تریش خۆیان هەڵبدەنە ناو ئەو کەلێنەوە، حەرەسە چەتەوڕلەکە گەڕایەوە ، دیلێکی ڕاکێشایە ناو دەرگا کراوەکەوە ، بە پارچە قوماشێکی سپی هەردوو چاوی بەست ، کاتێك لای کردەوە بۆ ئەوەی پیاوەکە ڕابکێشێتە ئەولاوە ، شەش دیل هورووژمیان برد بۆ پێشەوە ، چەند کەسێکیان قایشی تفەنگی گاردەکەیان گرت ، بەلام ئەو بە توندی قۆناغ ولولەی تفەنگەکەی گرتبو ، عەزیز هاواری لە دیلێکی تر کرد کە مشتە کۆلەیەك بدات بە دەم و چاوی ئەفسەرەکەدا ، هەرچەندە پیاوەکە وەك هەمو کەسێکیان بێ هێز بوبو ، چونکە چەندین ڕۆژ بو نانیان نەخواردبو ، لەگەڵ ئەوەشدا توانی لە چاوێکی ئەفسەرەکە بسرەوێنێت ، عەزیزیش تفەنگەکەی لە دەست سەند ، بەلام ئەفسەرەکە توانی کە مەخزەنەکەی لێ بکاتەوەو لە پشتی خۆیەوە فرێی بداتە دەرەوەی پاسەکە ، وەوالەچەکەکە بکات کە سودی نەمێنێت .. دیلەکان هوورووژمیان بۆ دەرگا کراوەکە برد ، بەلام ئەو گاردەی لەلای کورسی شوفێرەکەوە وەستابو ڕێگەکەی بڕی ، تەقەش دەستی پێکرد ، دوو پیاو لەسەرو عەزیزەوە کوژران ، دیلێکی تر هەوڵیدا لە پاسەکەوە باز بدات بەلام ئەویشیان کوشت ، لە کاتێکدا عەزیز هەوڵی دەرباز بونی ئەدا ، چاوی لێبو کە ، دووەم کەس لە چوار گاردەکە ، ئەوەی کەسەلامی کوشت ، بەملاو ئەولادا دەکەوت و ڕوەو ئەم دەهات ، خوێنێکی زۆریش لە شانی دەهات ، کابراکە هاواری دەکرد ((ئەبو سالح وەرە یارمەتیم بدە)) وادیاربو لەلایەن گاردێکی ترەوە بریندار کرابو ، عەزیز هەوڵی دا تابگاتە دەمانچەکەی کابرا ، بەلام بۆی نەدۆزرایەوە ، لەجیاتی ئەوە لەگەڵ کابرادا کەوتە زۆران ، باڵە برینداره‌کەی باداو پاسەوان بێدەنگ کەوت ، دیاربو لەسەر خۆی چوبو ، لە هەمان کاتدا هەمو ئەو سەربازو پۆلیسانەی لەدەرەوە بون کەوتنە داگرتنەوەی پاسەکە بە فیشەك، ئەو پیاوانەش کە لەبەشی نەفەرەکاندا بون هەمو لە ژێر کورسی پاسەکەدا پاڵ کەوتبون ، لەناو پاسەکەدا لاشە لەسەریەك هەڵدرابووەوە ، ئیبراهیمیش نەرمەی سمتی ڕاستی پێکرابو ئێشێکی زۆری هەبو، ئەوەشی دەزانیی کە چیتر ناتوانێ بەچاوی ڕاستی ببینێت، لەو هەلاو بگرەدا عومەر خۆی گەیاندە ژێر ئۆتۆمۆبیلێك ، لەکاتێکدا فیشەك لە هەمو لایەکی ئۆتۆمۆبیلەکەوە دەگەڕایەوە، عەزیز هەستی کرد کە قاچی بە پارچەی ئاسنی پەڕیو بریندار بووە ، کاتێك لەو شوێنەدا کەوتبو ، لەناو تەقینەوەی فیشەکدا گوێی لە دەنگێکی نامۆ بو ، لە یەکەم جاردا نەیتوانی شوێنەکەی دەستنیشان بکات ، بەلام دواتر زانیی کە ئەوە دەنگی خوێن بوو دڵۆپ دڵۆپ لە پاسەکەوە دەچۆڕایە خوارێ ، نزیکەی هەمو دیلەکانی هاوڕێی کوژرابون ..

چیرۆکی مستەفا ، دیمەنێکی تری ئەو تراجیدیایەبو کە کۆتایی بۆ نەبو .. سێ ئۆتۆمۆبیلی تر کە لە کەرکوکەوە لەگەڵ ئەم کاروانەدا ، هاتبون لەناو ئەو چاڵە بچکۆلەیەی عەزیز لە پەنجەرەی

شوفێرەکەوە دیبوی ، وەستان .. کات دەمەو مەغریب بو کاتێك حەرەسەکە دەرگای پشتەوەی ئەو پاسەیان کردەوە کە مستەفای تەمەن ٣٨ ساڵەو باوکی نۆ منداڵ و خەڵکی گوندی تۆپخانە کەلە تۆپزاولوە پێی هاتبون ، خستە سەر پشت .. دو دو پیاوەکان راکێشرانە دەرەوە . مستەفا ئاگاداری دەستڕێژە بەردەوامەکان بو کە دیاربو لە یەك کاتدا لە هەمو لایەکەوە دەهات ..حەرەسەکان پشکنینێکی خێرای مستەفایان کرد ، هەرچی پێ هەبو لێیان سەند جگە لەو دو سەد دینارەی کە لە تۆپزاواوە لەناو جلەکانیدا شاردبویەوە بێنەوەی بدۆزرێتەوە .. هەستی کرد زۆر بەتوندیی بە پشتێنەکەی خۆی قۆڵی لە پشتەوە بەسترلوەتەوە، بەجامانەکەی چاوی بەسترلوە ، هەروەها چاوی هاورێکەشی ، فەرمان بە دو دیلەکە درا کە بکەونە رێ . لەبەر ئەوەی مستەفا دەیزانی بەرەو مردن دەڕوات بۆیە کەوتە خوێندنەوەی (ئایەتەلکورسی ) نزیکەی بیست یاردەیەك بەرەو پێشەوە ڕۆیشت ، ئینجا هەستی بە هەڵتوتاندنێك کردو کەمێك لاریووەوە ، کەمێك بەولاوەدەنگی گاردێکی بیست ، فەرمانی بە دوو دیلەکەدا کە لەسەر پشتیان پاڵ بکەون ، کاتێك مستەفا فەرمانەکەی جێ بە جێ دەکرد ، هەستی کرد کە وەك لاشەیەکی بێ جوڵە کەوتۆتە نێوان هاوەڵەکەی و یەکێکی ترەوە ... دەنگی ماشێنی بلدۆزەرەکەش کە هاڕەی دەهات هاتە گوێی لە تەنیشتییەوە هەستی بە لەرینەوەو ناڵینێك دەکرد .. دەنگی تەقە نەما ... مستەفا گوێی لە دەنگی حەرەسەکان بوو دوور نەکەوتنەوە ، ئەوساکە دەرکی کرد گوللەی بەر نەکەوتوەمستەفا کەوتە رێ، چەندی توانی رێی کرد ، تا گەیی بە شوانێك ، شوانەکە بۆی باس کرد کە ئەو کوردێکی ئێرانەو لە ئۆردوگەیەك لەو نزیکانە نیشتەجێ کراوە ... شوانەکە ئەدرەسێکی ناو ئۆردوگەکەی دایەو فێری کرد کە چۆن دزە بکات بۆ ناو ئۆردوگەکە بە بێ ئەوەی حەرەسەکان ببینن . کە گەیشتە ماڵەکە ، بۆنی نانی تازە گەیشتە لوتی . ژنێکی خانەقینی بوو ، وتی دانیشە ئێستا باوکم دەگەڕێتەوە، کە پیاوەکە گەیشتەوە ماڵی ، مستەفا داوای ئامۆژگاری گەیشتنە بەغدای لێ کرد ، ئەویش وتی بەم زوانە پاسێك دەچێت بۆ رومادی ، هەندێك ئامۆژگاریی کرد کە چۆن خۆی لە خاڵی پشکنینەکان بپارێزێت، هەندێ خواردن و جووتێك نەعلی پێدا . کاتێك مستەفا گەیشتە دەروازەی ئۆردوگاکە پاسەکە لە دەرچوون دا بوو ، ئیشارەتی بۆ شۆفێرەکە کرد وەستا ، کاتێك سەرکەوتە ناو پاسەکەوە ، یەکێکیانی ناسیەوە ئەویش عەزیز بوو .

پاش قەسابخانەی ناو پاسەکە ، عەزیز توانیبوی خۆی دەرباز بکات بۆ ناو تاریکاییەکە ، بەسەر لێشێولوی و شڵەژاویەوە ، پێش ئەوەی پێ بنێتە ناو خەندەقێکەوە ، بەسەر لاشەیەکدا کەوتبوو کە خوێن لە لوتیەوە دەهاتە دەرێ ، بەلام هێشتا هەناسەی ئەدا . ئەم چاڵە زۆر لەوەی کە مستەفای تێدا بوو بۆ ئیعدام کردن ، جیاواز بوو ، عەزیز بە بیریدا دەهاتەوە کە ١٠-١٢ پێ

قووڵ و تەنها شەش پێش پان بوو وای بۆ دەچوو کە ٤٠٠ تەرمێکی تێدا بێت . بە خۆکشان سەرکەوتبووە سەرەوەو بۆ ناو بیابانەکە هەڵهاتبوو .

لە ترسی ئەوەی بناسرێتەوە ، جلەکانی داکەندبوو وە کردبوی بە بوخچەیەك . ئەمیش پێڵاوەکانی لێ بە جێ دەمێنێت . ئەی گێرایەوە کە من تەنها بەو خەندەقانەدا تێدەپەڕیم کە پڕبوون لە لاشە ، سەرتاپای ناوچەکە خەندەقی پڕ لە لاشە بوو . لە شوێنێکدا لە جادەی قیرتاو پەڕیبووەوەو گەیشتبوە ئاوێکی گەورە ، کە دانەویبووەوە تا ئاو بخواتەوە ، لایتە بەرزەکانی ئۆتۆمۆبیلێکی بینی کە نزیك دەبوەوە ، ترسا لەوەی کە یەکێك بێ لەلاندکرۆزەرەکانی تیمی ئیعدام کردنەکان ، ئیتر خۆی فرێ دەداتە ناو ئاوەکەوە ، دەستی کردبوو بە مەلە ڕوەو کەنارە دوورەکە، لە کاتێکدا تا ناو قەدی ئاو بوو بە خۆشییەوە تێبینی کرد کە ئۆتۆمۆبیلەکە بای دابوەوە بۆ لایەکی تر، ئیتر بەرەو ئەو ڕووناکاییە ڕۆیشت. ئەمە هەمان کامپ بوو کە مستەفا گەیشتبویە . دواتر عەزیز زانیبوی کە ئەم کامپە هەزاران خەڵکی قەسری شیرین – ی ناوچەی سنوری لێبوو ، کە وەکو بارمتە لە سەرەتای ڕۆژانی جەنگی ئێران و عیراق گیرابوون و هێڵرابوونەوە . کامپەکە بە تەلی دڕکەزی چوار دەوری گیرابوو ، قەدەغە بوو کامپەکە بە جێ بهێڵرێ ... عەزیز کەوتە لێدانی ئەم دەرگاو ئەو دەرگا بۆ یارمەتی ، بێ ئەوەی دەرگای لێبکەنەوە ، تا پیاوێکی پیرو دوو کوڕەکەی بەوە ڕازی بوون کە هەندێ شوربای فاسولیاو نانی بدەنێ ، بەڵام بە هیچ جۆرێك نەیاندەوێرا داڵدەی کوردێکی شڕەی ڕاکردو لە ماڵەکەیان بدەن . لەسەرەتای بەرە بەیان عەزیز ماڵ بە ماڵ گەڕاو دەپاڕایەوە، تا پیاوێك بەوە ڕازی بوو کە بیگەیەنێتە گەراج دوای ئەوەی خۆی گەیاندبووە رومادی و لەوێوە بە پاس ڕوەو بەغدا ، کە لەگەڵ مستەفادا یەکتریان بینیبوەوە، لە گەراجی بەغدا مستەفا وای دەزانی کە ئەفسەرێکی ئیستخبارات کە لە تۆپزاوە بینیبوی دەناسێتەوە بۆیە ڕای کردە ناو قەڵەباڵغییەکە ... سەرەنجام گەیشتە کەرکوك .....

بە دەیان شوێنی تر گۆڕەپانی کارەساتی لەو بابەتە بوون ، لەو بیابانەی ڕۆژئاوای عیراق هەر وەك ئەم ڕێکخراوە دەڵێت:

لاشەی ژمارەیەکی زۆر لە قوربانییەکانی ئەنفال لە گۆڕی بە کۆمەڵدا لە دەرەوەی شاری رومادی عیراق کەوتوون . ئەم گۆڕە بە کۆمەڵانە لە ناوچەیەکی بیاباندان کە مەحاڵە ئەمڕۆ چاودێرو پشکنینەرانی بیانیی بیانگەنێ ...

دیسان لە خواروی عیراق لە سەماوەو دەوروبەری نوگرە سەلمان و جێی تر چەندین تراجیدیای لەم بابەتانەی تیا کراوە...

زیاتر لەوانە چەند شوێنێکی دیار لە سەر سنوری کوردستان گەلێ کارەساتی تری لەو جۆرانەی تیا ڕوویداوە لە وانە هەر وەك ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ تۆماری کردون :

راپۆرتی دوورو درێژ دەربارەی سێ جێگەی بە کۆمەڵ گوللە باران کردن کە باندیان لەسەر گیراوەو چنگ کەوتون. یەکێکیان لە نزیك شوێنەواری ئارکیۆلۆجی (Hatra)یە(حەزەر) کە دەکەوێتە ٦٠ کیلۆمەتری باشووری شاری موسڵ .
جێگەیەکی تری کۆمەڵ کوژکردنی کورد لە نزیك چیای حەمرین بوو ، لە باشووری توزخورماتو ، ڕووداوێك کە لە زمانی شایەتێکەوە ، باسی (٤٠) پاسی پڕ کراو لە کورد دەکات کە حەرەس جمهوری حەپسی کردبوون ، لەسەر ڕێگایەکی گڵ کە بۆ ڕوباری عوزێم دەچێ گوللە باران کران .

ڕاپۆرتێکی تر باسی تیر بارانکردنی بە کۆمەڵ لە بەشێکی تری چیای حەمرین دەکات کە لە نێوان تکریت - کەرکوك دایە ، ژمارەی (٢٠٠٠) ژن و منداڵ بوون ، ئەم ڕێکخراوە دەڵێت : لەو لیستی ناوانەی ئەنفالکراوەکان کە دراون بەم ڕێکخراوە ، دەردەکەوێت کە زیاتر لە نیوەی ئەوانەی لە باشووری گەرمیان و دۆڵی زێی خوارو سەرنگون کران ژن و منداڵ بوون ، بە منداڵی شیرەخۆرەشەوە ، ژمارەیەکی زۆری تر لە برسا یان بە هۆی نەخۆشییەوە لەسەر چیاو ناو دۆڵەکان یان لە حەپسخانەکاندا مردن .

ئەوانەی لە گرتوخانەی نوگرە سەلمان سەرفراز بوون گێڕاویانەتەوە کە ژمارەی یەك کاروان بۆ ئەو ناوچەیە (١٥٠ تا٢٠٠) ئۆتۆمۆبیل بووە ، یەکێك لە بەندەکان ، لە ماوەی ژیانی ناو نوگرە سەلماندا (٥١٧) مردوی ژماردوە ، ڕۆژانە ٤-٥ پێنج کەس مردوون ، بێنەوەی شەرەفی ناشتنی ئاسایی ڕێگە پێبدەن .

دیلێکی ڕزگار بووی تر (تەیمور) باسی کاروانێکی تر لە کاروانی مەرگ لە خوارووی عیراق دەکات . ڕێکخراوەکە پێشەکی باسی گرتنی تەیموروکەس و کاری و گواستنەوەیان بۆ قۆرەتو ئینجا بۆ تۆپزاوە دەکات ، ژیانی ئەو ماوانەو دوا ڕۆژو بانگکردن و خستنە ڕێی کاروانەکە کە بە (٣٠) ئۆتۆمۆبیلی دەداتە قەڵەم ، باسی ژیانی ڕێگەو مردنی چەندین منداڵ دەکات ... دەڵێ : کاتێك کاروانەکە وەستا شەو داهاتبوو ، یەکە یەکە چاوی دیلەکانیان دەبەستەوە ... سەر لە نوێ کاروان کەوتەوە ڕێ ، کاتێ پاسەکە کەوتە هەڵبەزو دابەز ئەوە وای نیشان ئەدا کە بەسەر جادەی گڵدا بۆ ناو بیابان گوزەر دەکەن . دوای نیو سەعاتی تر پاسەکە بۆ جارێکی تر وەستا .... تەیمور سەیری کرد هەر ئۆتۆمۆبیلە بە ڕێکی لە پاڵ چاڵە قەبرێکی خۆیدا وەستاوە ... لە پشتی هەر چاڵێکەوە گردۆلکەیەك گڵی تازە بەرز بۆتەوە ... حەرەسەکان کەوتنە پاڵنان بە دیلەکانەوە بەرەو چاڵەکان ... ئەم لە ناو ترس و تۆقاویدا لە دایك و خوشکەکانی جیا بووەوە ... دەست بە جێ بە کلاشینکۆف کەوتنە گوللەباران کردن ، شانی لای چەپی پێکرا ، سەرەڕای ئازارەکەی بەلارەلارە

بەرەو ئەو سەربازەی گوللەی پێوەنابوو خۆی کێش کرد ، کە سەرنج دەدات کابرا فرمێسک بە چاویدا دێتەخوارێ ، کاتێك ویستی دەست بە کابراوە بگرێت تا لە چاڵەکە بێتە دەرەوە ، ئەفسەرەکە بە سەریدا قیژانی و بە عەرەبی فەرمانێکی پێدا ، ئیتر عەسکەرەکە سەر لە نوێ کەوتەوە تەقەکردن . گوللەیەکی تر بەر سەرو کەمەری لای ڕاستی کەوت . ئەمجارە بێ دەنگ لێیکەوت ... دیار بوو عەسکەرەکان بەوە ڕازی بوون ، بۆیە کەوتنە دورکەوتنەوە ، بە جۆرێك کە تەیمور هیچی نەدەبینی ، بەلام لە تاریکاییەکەدا هەر کەمێك بەو لاوە دەنگێ دێتە گوێی ، لە تەنیشتییەوە هەستی بە جولانەوەیەك کرد ، سەرنجی لێدا ، کچێکی گەنج بوو ، لەوە دەچوو کە بەرنەکەوتبێت . ئەم بە چرپە پێیگوت : با ڕابکەین ، کچەکە وەلامی دایەوە : ناتوانم زۆر لە عەسکەرەکان دەترسم ، بێ ئەوەی زیاتر لەسەری بڕوات کەوتە هەلگەڕان بەسەر گلەکەدا ... هەرچەند ئەمیش وەك کچەکە زۆر دەترسا نەیدەتوانی بۆی دەربچێت ، چونکە لاندکروزەرەکان هێشتا لە شوێنی تیر بارانکردنەکان دەسوڕانەوە ، لایتە بەرزەکانیشیان تاریکاییەکەیان بە شێوەیەکی بازنەیی ڕوناك دەکردەوە . تەیمور چاڵێکی بۆ خۆی ساز کردو پاڵ کەوت . جار جار دەچوەوە ناو خەندەقە پڕ لاشەکە .. ئینجا چاڵ بە چاڵ شوێنەکەی دەگواستەوە و ئەگەیشتە هەر یەکێکیان ڕێك خۆی تیا تەخت دەکرد ، بەو هیوایەی کە عەسکەرەکان نەیبینن ، لەوەدا سەرنجی دەدا هەندێ چاڵ تا ئەو کاتە بەتاڵ بوون ، پاش ماوەیەك دنیا بێدەنگ بوو ، ماشینەکان ڕۆیشتبون . کە وردتر سەرنجی دەدا ، پێیزانی کە لاشەکان لە ناو چاڵەکاندا گلیان بەسەردا کراوە . لە ڕاکردنەکەیدا (٢٠) چاڵێکی بەتالی بینی ... مانگ بە دەرەوە نەبوو .. ئەم لە لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بوو تا گەیشتە دوڕیانێك کە هەر دوکیان هەر گڵ بوون ، کوێرانە بەسەر یەکێکیاندا کەوتە ڕاکردن . پاش دوو سەعاتێك تارماییەکی شێوەدەوارێکی بەدەوی بە دیکرد . سەگ کەوتنە وەڕین ، خەوتویەکی نزیکترین چادر بە خەبەر هات و بە لایتێکی دەستییەوە هاتە دەری چادرەکە ، کاتێك تەیموری بە جلی کوردی و جەستەی خوێناوییەوە بینی ، ڕایکێشایە ناو چادرەکە ، نەیاندەتوانی لە یەك بگەن ، ئەو کوردیی نەدەزانی ، تەیموریش یەك وشەی عەرببی نەدەزانی ، کابرا هیچ شتێکی پێ نەدەکرا بۆ چارەسەری برینەکانی تەیمور ، هەرچەندە شوێنی مەترسی نەبون ، کابرا تەیموری بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە چادرەکەدا پاراست ، ئینجا بە شاحینەکەی بۆ نزیکترین شارۆچکەی برد کە ( سەماوە) بوو لە باشوری بەغدا. ئەم بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ لەوێ لای خێزانێکی عەرەبی بە بەزەیی مایەوە ، سەرەنجام بە نهێنی نامەیەکی بۆ مامی تەیمور لە کەلار کە لە ئەنفال ڕزگاری بوبو ، نارد ، تا بە زیندویی مانەوەی تەیموری پێ بگەیەنێت . لە ئوکتۆبەری ١٩٩٠دا ، تەیمورو مامەکەی یەکیان گرتەوە . ساڵی دواتریش پاش ڕاپەڕینە سەرکەوتوەکەی کوردستان ، سەرگوزەشتەی تەیمور کەوتە سەر زارو بلاوبونەوە ، بەوەش تیشکی ڕاستەقینەی ئەو تۆقینە پڕ لە سامەی کە ناوی ئەنفالە نیشان بە دنیای دەرەوە درا .

لەو ماوانەدا تەیمور هەواڵێکی بیستەوە کە کچێکی گەنجی کورد لە بیابانەکەدا دۆزراوەتەوە، تەیمور وای بۆ دەچو کە ئەوە هاورێکەی چاڵی مەرگ بوبێت ، بەڵام دایکی و سێ خوشکەکەی تەیمور ئەو شەوە لە دەست تیمەکانی ئیعدام کردن ڕزگار نەبوون ، بۆیە جارێکی تر نەیبینینەوە ...

**دوا ئەنفال لە بادینان:**

لە بەهاری ١٩٨٧دا ، علی حسن المجید هێڵێکی سوری بەسەر تێکرای پارێزگای دهۆک-دا هێنابوو ، لە بەشە جۆراو جۆرەکانی بادینان ٤٩ دێ سوتێنران ، حکومەت بە ڕەسمی بڵاوی کردبۆوە کە ئەوەی خۆی تەسلیم دەکات میللەتی خۆمانە ، ئەوەی واناکات بە ئێرانی دادەنرێت .

دوا قۆناغی ئەنفال هەندێك خسڵەتی تایبەتی لە ئەنفالەکانی تری جیا دەکردەوە ، بە تایبەتی هەندێك لە خێڵەکان ئاشتییەکی سەر بە خۆیان لەگەڵ بەغدادا پێکهێنابوو ، توانیبویان خۆیان لە کارەساتەکانی ئەنفال بپارێزن ، ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی بادینان و دەوروبەرەکانیشی ، بە لایەنی کەمەوە بۆ ماوەیەك ، ڕزگاریان بوبو ، بە تایبەتی سورچی ، دۆڵەمەڕی ، زێباری ...

درەنگانێکی ئێوارەی ٢٤ ئوگوست هێرش بۆ سەر بنکەکانی پ.د.ك لە زێوە شکان، نزیك بە تورکیا دەستی پێکرد ڕۆژی ئایندە بۆمبارانی فڕۆکە بۆ سەر هەندێ گوندو بنکەی پێشمەرگە بەردەوام بو ، ٢٠ سڤیل و هێندەش پێشمەرگە و لە هەفتەکانی ئاییندەشدا سەدان ژن ومنداڵ کوژران . لە هەندێ شوێن چەکی کیمیاوی بەکارهێنرا . ڕاکردووەکانی گوندی بێرجینی و گوندەکانی تر هەمان ئەو وەسفانەیان کردبو کە لەهێرشە کیمیاوییەکاندا باسکران ، ٤ کەس لەیەك خێزان کوژرابون بەڵام زوربەیان پێشتر ڕایانکردبو ، هەروەها گوندی تیلەکۆ لە نزیك خابور ، سپیندارۆك ، بارکە فڕە ، وارمیلە ، ماملیە ،بیلەجان ، سارکە ، گزە ..تاد کیمیاباران کران ..یەکێك لەنەخشەی میلیتاری عیراق داخستنی سنور بو ، بەڵام ئەوانەی لە سنورەوە نزیك بون توانیبویان بچنە ئەو دیو سنور، ڕێکخراوەکە لەزمان شایەتەکانەوە دەڵێت : پاش بۆمبا بەردانەوە هەواڵ گەیشتە گوندەکان کە بەرگریکردن بێسودە ، بەپێی قسەی پێشمەرگەیەکی گەنج لە سپیندار : تەنانەت پێش ئەوەی جەیش بێتە ناو گوندەکەمانەوە پەیامێك لە مەسعود بارزانی -یەوە هات کە بەرگری نەکەین فەرمانەکەی سەرکردایەتیی پێی ڕاگەیاندین کە هەمو شتێك تەواوبو ، شۆڕش کۆتایی هات ، ئێمە ناتوانین بەدەستی ڕوتی شەڕی چەکی کیمیاوی بکەین، لقی یەکی پ.د.ك-یش

پێی ڕاگەیاندین : ئێوە یەك ڕێگەتان لەبەردەمدایە : ئەگەر دەتانەوێت تەسلیم ببنەوە ، بۆ ئەوەی سڤیلەکان ڕزگاریان ببێت ..

بۆیە شەڕە پچڕپچڕەکانی دوای یەکەم شەپۆلی هێرشی کیمیاوی ناتوانرێت ناوبنرێن بەرگریکردن .. باشترین شتێك کە کرابێت بۆ هێواش کردنەوەی پێشکەوتنی جەیش ئەوەبو کە گروپی کشاوەی پ.د.ك لە پشتەوە بە زنجیرەیەك لێدانی جەیش هەستا بون . لەبەردەم هێرشی هەمە جۆرو هەمە لایەنەی ڕژێمدا (٦٥تا٨٠)هەزار کورد لە سنور پەڕینەوە بۆ تورکیا . بەهەزارەهاش ناچاربون خۆیان تەسلیم بکەن ، خەلکانێکی تریش تالێبوردنە گشتییەکەی ٦- سیپتەمبەر لە چیاکاندا خۆیان حەشاردا .

هەروەك ناوچەکانی تری کوردستان و کامپەینەکانی ئەنفال ، موستەشارەکان کەوتبونە فریودانی خەلك بۆ خۆ تەسلیم کردنەوە بەو ناوەوە کە لێبوردنی گشتی هەیە ، هەندێکی تر بەو بیانوەی کە گوایە پێشمەرگە نەبون و هیچیان لێناکرێ . کەچی هەمویان گیران و بە شاحینە ڕەوانەی سەنتەری کۆکردنەوەکانیان دەکردن ، لەوانە کامپی دیرەلوك ، سورەجێری ، کوانە ، ئۆردوگای بیرزیڤی ، هیزاوا ، قوتابخانەیەك و قەلاکەی جەیش لە مانگیش دیسان لە قوتابخانەیەکی سەرسەنگدا . هەروەك هەمان نەخشەی حەوت ئەنفالەکەی تر ، گیراوەکان بەپێی توخم و تەمەن جیادەکرانەوە ، بۆ چەند سەعاتێك یان چەند ڕۆژێك دەهێلرانەوە، وە دەخرانە ناو لۆری ئێڤاوە ڕووەو دهۆك . ئیتر ڕووەو قەسابخانەی بەکۆمەڵ کوشتن و لەچاڵ نان کەتیایاندا بە سەدان ژن ومندالی تێدابو.. خسلەتێکی ئەم کۆمەلکوژییەی بادینان ئەوە بو کە لەماوەی یەك سالی لێکۆلینەوەی ئەم ڕێکخراوە لە بادینان نەتوانرابو تەنها یەك کەسی ڕزگار بو بدۆزنەوە .. بەپێی ئەم ڕێکخراوە لە حەوت ئەنفالی یەکەمدا ، زۆر جار هۆی لەناوبردنی بەکۆمەلی ژن ومندالان ڕەنگدانەوەی شێوەیەك لەبەرگریکردنی پێشمەرگە بوە بەلام لە دوا ئەنفالدا هیچ بەرگریکردنێك نەبو پ.د.ك زۆر بەئاسانی تێکشکا ، لەوانەشە ئەمە تەفسیری هۆی پارێزراویی ژن ومندالی بادینان بکات .. بەلام بۆ پیاو گەلەکان ، موقەدەمێکی پێشوی جەیشی ڕژێم بە ڕێکخراوەکەی ڕاگەیاندبو : کە فەرمانمان بۆ هاتبو کە هەمو پێشمەرگەکان بکوژین ، تەنانەت ئەوانەش کەخۆیان تەسلیم دەکەنەوە ، هەروەها جوتیارە سڤیلەکانیش ئەگەر کاریان لە ناوچەقەدەغەکراوەکاندا بکردایە . علی حسن المجید نەیدەویست پیاوەکان کە لەتەمەنی ١٥تا ٦٠ سالیدا بون ببینێتەوە ، بەپێی قسەی ئەفسەرێکی کۆن لە ئیستیخباراتدا دەبو هەمویان بکوژرێن . بەپێی قسەی هەندێك لە شایەتەکان هەندێ کات ئەفسەری بەبەزەیی ڕێگەی بە گیراوەدا لە کوشتن سەرفرازببن .. هەندێك لە پیاو و لاوەکانی بادینان هەر لە شوێنی گرتنەکەیاندا تیرۆر کرابون ، هەروەك ئەو گروپەی پیاو و

لاوی نێی کورەمی کە لەژن و منداڵەکان جیاکرابونـەوە و بەچیپکانـەوە دایاننـابون وەدەستڕێژیان لێکردن ٢٧ کوژراو بون، دیسان لە گوندی میرگەتی حاڵەتێکی بچوکتر ڕویـدا بـو . بـەڵام لـە میاندا ئەفسەرێکی بەبەزەیی چوار لە پیاوەکانی لەناو ژن ومنداڵەکاندا شاردەوەو لە کوشتن ڕزگاریـان بـو ، بەڵام کە ئەفسەری فەرماندە ئەوانە دەبینێت بـە توڕەییـەوە بەسـەریاندا دەقیژێنێت کـە بۆچـی ئەمرەکەتان جێ بەجێ نەکردوەو نەتان کوشتون ئیتر دەست بـەجێ تۆڵبەستیان دەکـەن و گوللـە باران دەکرێن .

عەمید زۆراب لەناو راپۆرتەکانیدا ئاماژە دەکـا بـۆ نـەبونی نزیکـەی هیـچ بـەرەنگار بونێك ڕوبەڕوی هێزەکانی، ئەمەش لـە ژمـارەی کوژراوەکـانی جەیشدا ڕەنگـی دابـوەوە . لـەدوا ئـەنفالدا تەنها (٣١) چەکداری ڕژێم کوژرابون کە (١٨)کەسیان جاش بون .. ئەو کوردانەش کەلەم ئەنفالـەدا گیرابون لە بەندیخانەکانی جەیشـدا بـون بـەم جۆرە لیست کرابـون : تێکـدەری تەسـلیم بـوەوە : (٨٠٣)، تێکدەری گیراو : (٧٧١)، پیاوان : (١٤٨٩)، ژنان : (٣٣٦٨)، منـداڵان : (٦٩٦٤)، کـۆی هەموی (١٣٣٩٥) کورد جگە لەو کەسـانەی لـە شـەڕگەو پـەلامارو هێرشـەکاندا کوژرابـون هـەروەها جگە لەو پێشمەرگانەی کە لەپێکادان لەگەڵ فیرقەی ٢٩ دا کوژرابون کۆی هەمویان ٤٨ کەس بـون

## قەڵای دهۆك و زیندانی ژنان لە سەلامییە:

ئەو (١٣٣٩٥) گیراوانە یەکسەر بەلۆری ئیڤا بۆ قەڵاکەی دهۆك گوێزرابونـەوە ، هـەندێ لـە نێرینـەکان نـەبێت کـە دەڵێـن بـۆ موسـڵ بـران ، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی هیـچ کەسـێك بـە زیندویـی نەگەڕاوەتەوە تا باسی ئەوە بکات کە چیی ڕویدا بۆیە بەپێچەوانەی ناوچەی ئەنفالەکانی ترەوە کە بەلایەنی کەمەوە (٦) کەسی گەورە لە نێوان ١٢–٣٠ساڵ وە (٩) منداڵ بە ساغی سـەرفراز بـون . زیندانیەکان لە نهۆمی دووەمی قەڵاکە دانران ، هێندە قەڵەباڵغ بو کە لەناو ڕاڕەوەکاندا بەسەریەکدا کەوتبون ، هەندێك لە ژنەکان لە شەوی یەکەمدا هەر لە حەوشەی قەڵاکـە هێنرابونـەوە هـەروەك لـە تۆپزاوا ڕویدابو .

ژن و منداڵ و پیر لەلایـەك ، پیـاو و کوڕی تەمـەن لـە خزمـەتی سـەربازیدا بـەجیا ، دوای هـەندێ پرسـیاری کـورت و زەوتکردنـی ناسـنامەکانیان .. ئـەمن سـەرجەمی ئـەم کۆبونـەوەو لێکۆڵینەوانەیان بەشریتی ڤیدیۆ تۆمار کردبو .. لە کاتێکدا کە پیاوەکان بە کوتەك و بۆری لاسـتیك و بەشـەق و بەمستەکۆڵەو شـەقازللە لـە پیاوەکانیـان دەدا ، ژن و منداڵـەکانیان لـە نزیکیانـەوە وەستاندبو ، حەرەسەکان بەوە ڕایان دەبوارد کە بەدەنکە شـقارتە ڕیش و سمێڵـی حەپسـەکانیان

دەسوتاند ، منداڵەکان کەوتنە زریك و هورو گریان و هەوڵیان دەدا بۆلای باوکیان ڕابکەن ، بەڵام بە زللە و شەق دەیانگێڕانەوە دواوە . دوای تەواوبون لە جیاکردنەوەکان ، ئەوسا بەسەر زیندانەکاندا دابەشکران ، کە هەموی پیس و پڕبو لە پیسایی مرۆڤ ، ژنێکی بە تەمەن وتبوی : هەروەك ئەوە وابو کەلە تەوالێتدا بژی . پیاوان لە نهۆمی خوارەوەو ژن و منداڵ و پیریش لە دوەم نهۆمدا دانرابون .. گیراوەکان لە خێڵە سەرەکییەکانی بادینان بون بە تایبەتیی . دۆسکی ، سەندی ، ڕێکانی ، بەرواری ، سلیڤانی ، وەهی تریش چەند سەد دیلێکیان خەڵکی گوندەکانی ئێزیدی و ئاسورییەکان بون . نان و ئاویان نەدەدانێ . گاردەکان هەمیشە بە حەپسەکانیان دەگوت : ئێوەی کورد نێردراون بۆ ئێرە بۆ ئەوەی بمرن بە پێی سەرچاوەیەك لەماوەی یەك دوو ڕۆژێکدا ٢٠ کەسێك مردبون ، پیس و پۆخڵی و برسێتی و نەخۆشی و نەبونی خواردن و لێدان ..هۆیەکانیان بون...

لە حاڵەتێکدا دیبویان کە ١٢ کەس کە جلی پێشمەرگەیان لە بەردابووە ، ڕۆژانە لێیان داون ، بێ ئەوەی گوێ بدەنە خوێن .. تاسەرئەنجام لاشە خوێناوییەکانیان بینیبو کە عەسکەرەکان بە ڕاکێشان لایان بردبون ، یا جاری وا هەبووە یەکە یەکە لێیان دەدان و دەیان بردنە دەرەوەو جارێکی تر نەدەبینرانەوە . لە حاڵەتێکی تردا ١٨ بەند لە دەری قەلاکە ئیعدام کرابون . پاش چەند ڕۆژێك ژن و منداڵەکانیان گواستەوە ڕوەو موسڵ و دواییتر بەرەو ڕێی بەغدا ...دوا دیمەنی بینینیان چاوبەستنەوەی پیاوەکانیان و لێدانیان بو بە بلۆکی چیمەنتۆو دار .. ئیتر جارێکی تر نەیانبینینەوە ... دوای پێنج سەعاتێك کاروانی دیل لە ژن و منداڵی کورد گەیشتە سەلامیە لەسەر کەناری ڕۆژهەڵاتی دیجلە ، بەچەند میلێکی کەم لە باشوری موسڵەوە.. ئەمانە هیچیان نەکردبو ، هیچ تاوانێکی یاساییان ڕوبەڕو نەکرایەوە .. دوای ماوەیەك دیلە نێرینەکانیش لەسەلامیە بینرابون . ماوەیەك پاش گواستنەوەی ئەو دیلە نێرینە چاوبەستراوانە دەستڕێژی چەك دەستی پێکرد .. حەرەسەکان بە ژنەکانیان وتبو بۆ ئەوەیە سەرۆك سەدام لێبوردنی گشتیی دەرکردوەو مێردەکانیان سەلامەت دەبن .. دەبو گۆرانی بڵێن و ئاهەنگی گەورە بکەن ، تەنانەت چاوەڕوانی ئەوە بون کە ژنە کوردەکان سەمایان لە گەڵدا بکەن ، بەڵام ژنێك بینیبوی کە چۆن لە سەلامیە دوو ئۆتۆمۆبیل پڕدەکرا لە دیلە نێرینە چاو و دەست لەپشتەوە بەستراوەکان و دەڕۆیشتن ..

## ئەنفالی دوا ئەنفالەکان بەردەوام بو

### کارەساتەکانی دوا ئەنفال:

کارەساتەکانی دوا ئەنفال تەواوکەری چیرۆکی ئەنفالەکان بون .. نەخشەی بەعس بۆ

تەواوکردنی ئامانجەکانی ئەنفال لە جینۆسایدکردنی کوردو گۆڕینی باری دیموگرافی کوردستان بە ڕاگواستن و تەعریب و تەبعیس کەوتە قۆناغێکی نوێ لە کاری پڕلە تاوانکاری .. بەردەوامی وێرانکردنی ئەو شارۆچکەو دێیانەی مابون بەهی موستەشارو جاشیشەوە ، ئەوانە بەردەوام بون لەسەر یاسای قەدەغەکردنی ژیان لە ناوچە کۆن و هی نوێشدا بە نیشتەجێکردنی ڕزگار بوانی ئەنفال لە ئۆردوگای زۆرە ملێی کۆن و هی نوێدا ، بەردەوام بون لەسەر ڕوخاندنی ئەوەی مابو لە ئابوریی کوردستان .. بەردەوام بون لەسەرکاری تیرۆرو ئیعدام کردن و لەڕیشە هەلکەندنی ئەوەی ناوی بەریەرەکانی سیاسی و دەنگی داوالکردنی ماف و ڕخنەگرتنە .. دوای ئەنفالەکانیش فایلەکانیحکومەتی عیراق ژمارەیەکی زۆر بەلگەیان سەبارەت بە کەسەکان وئەو گروپانەی لەوناوچانەدا بینرابون ئیعدام کرابون تیابو .. زوریەی خێزانەکانی ئۆردوگاکان، ئەگەر هەمویشی نەبوبێت نێرینەی نان پەیدا کردنیان لە کیس چوبو ، کارو خزمەتەکۆمەلایەتیەکان بۆ خێزانەکانی ئەنفالکرلو قەدەغەکرابو، بە خوێندن بۆ مندالّ و سەرپەرشتی تەندروستی و ناسنامە دەرهێنانیشەوە .. ڕامالّینەکان شارەکانیشی گرتبۆوە ، بەتایبەتی شاری سلێمانی . هەردوای ئەنفالیش کاری بەکۆمەلّ کوشتن ڕوبەڕوی ئاسوری و کلدانی وئیزیدی بونەوە ، هەروەك هەمان ڕوداوە وەحشیگەرانەکان کە لەجینۆسایدی کوردا کرا . هەرچەندە لە کاتی ئەنفالدا گەلیّ گوندی ئەمانیش لەگەلّ هی موسلّمانەکاندا وێرانکران و گەلێکیان لەگەلّ کوردەکاندا ڕاپانکرد تا لە دوای لێبوردنەکەی ٦ سێپتێمبەردا ئەوانیش خۆیان تەسلیم کردەوە . بۆ ئیزدییەکان هەر لەناو کامپاینەکاندا بەکۆمەلّ دەبران و هەرگیز نەدەبینرانەوە ..

کاروکردەوەکانی بەعس لە هەمو ئۆردوگاکان بۆ کۆیلە کردنی خەلّکەکە بو، بە هەمو شێوەیەك و مانایەکی کۆیلە ، بەتایبەتی بەناچارکردنی جاسوسی و ڕاپۆرتدان و خزمەتی بەعس و ڕژێمەکەی .. بەگەڕان بە دوای خێزان و خزم و کەس و کاری پێشمەرگە و خەلّکە نەگەڕاوەکاندا .. هەرچەندە هەندێ توندو تیژی دژ بەناوچە قەدەغەکراوەکان کەم کرایەوەو ڕێگە دەدرا کە بۆ هەندێ لەناوچەکان کە کاریگەرییەکی وایان بەسەر لایەنی عەسکەرییەوە نەبو یان لەو شوێنانەدا کە مەبەستیان بو . بەلام ئەوە مەرجی بونە جاسوسیی بەسەر چالاکییەکانی ((تێکدەرانەوە)) لەگەلّ بو .. کەچی لە هەمان کاتدا گوند ڕامالّین بەردەوام بو .. هەرچەندە لە کۆی گوندەکانی هەرسێ پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆك تەنها (٦٧٣) گوند مابو , وە (٤٠٤٩) گوندو شارۆچکەو شاریش وێرانکرابون ئەوە بەپێی ئاماری نوێی حکومەتی کوردستان بو .. دیسان ڕژێم لەسەر کاولکردن هەریەردەوام بووە .. لە ١٥ – ئەپریلی ١٩٨٩ دا فەرمانی ژمارە ٣٤٤٨ی بیرۆی

باکور ، ڕێگەدرا بە چۆڵکردنی ژمارەیەکی دیاری نەکراو لە گوندەکانی خێڵەکانی : برادۆست و دۆڵەمەڕی کە دڵسۆزی ڕژێمیش بون ، بەناوی دروستکردنی بەنداوی بەخمە . هەرچەندە لە دیسەمبەری ۱۹۸۸دا چوار لە گوندەکانیان وێرانکرابون بەبیانویبەردەوام بونی کاری دژە شۆڕش..

ئیتر کاری گرتن و ڕاونان و ئیعدامکردن ، هاندانی بەکرێ گیراوان بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆر لە ڕێکخراوە نیشتمان پەروەرەکاندا .. ئەخشە دانان بۆ نانەوەی ئاژاوەو بەردەوام بونی شەڕی ناوخۆو فراوانکردنی .. بەعەرەب وبەعسیکردن ، لە هەمو شوێنێکدا کە بەعس بیگەیشتایە و جێگە پێی تێدا ببوایەتەوە ، بەردەوام بو، ئەوەی زۆر ستەم بو بەردەوام بونی کۆمەڵکوژی ئەو خەڵکانە بو کە لەماوەی ئەنفالدا گیرابون و لەکاتی لێبوردنەکەی ٦-٩ دا بە زیندویی مابونەوە ، تەنانەت ئەو کۆمەڵکوژیە ئەوانەشی گرتبۆوە کە دوای لێبوردنە گشتییەکە خۆیان تەسلیم کردبۆوە ، کەلەدۆکۆمێنتە ڕەسمیەکاندا بە ئەندامانی یەکێك لە ڕێکخراوەکان دانرابون .

نمونەی ئەوە، بەسەرهاتی ئەو ۱۸۰ حەپسەبو کە بۆ دوبز گوێزرابونەوە ، جگە لە سێ کەسی تر کە هەر لەوێدا لە ژێر ئەشکەنجەیەکی زۆر بەهەڵواسین و بوتڵ بە گونەوە بەستن کوشتیانن .. یونس ناو کە پێشمەرگەیەکی یەکێتی دەبێت و دوای لێبوردنەکە لە خەلیفان خۆی تەسلیم دەکات و دەگیرێت ، لە دواییدا لەم حەپسخانەیەدا خۆی دەبینێتەوە .. بەقسەی ئەم لە ئێوارەی ١٤-٩دوای لێسەندنی هەمو کەل وپەل و ناسنامەکان ، بەچاو و دەست بەستراوی سواری ئۆتۆمۆبیلیان کردن بەرەو شوێنێکی نادیار . هەر لەناو پاسەکەدا یونس توانیبوی دەستی بکاتەوە .. دوای لادان لە جادەی قیرتاو و بەردەوام بون لەسەر جادەی گڵ .. لە شوێنێکدا وەستان .. حەرەسەکان کەوتنە ڕاپێچکردنی بەندەکان بۆ خوارەوە ، کاتێ سەرە هاتە سەر یونس ، بەدییان کرد کە دەستی کراوەیە، کەوتنە لێدان ، تا یەکێکیان ئاسنێك دەکێشێت بەسەریداو دەبورێتەوە ، دواشتێ کە هەستی پێکردبو ، ئەوە بو کە پەنجەکانی بەر دەم وچاوی زەلامێکی تر دەکەوێت .. وەختێك بە ئاگا دێت ، سەرنج دەدات لەناو خەندەقێکدایەو نیوەی لەشی بەلم داپۆشراوە ، گوێی لە دەنگی بلدۆزەریشە ، دوای ساتێك گڵی کردە ناو خەندەقێکی تەنیشتییەوە، دیارە بۆ داپۆشینی لاشەی کوژراوەکان بووە ، پەڵە هەورێکی گەورەی تۆزیش بەرز بووەوە .. لەناو تۆزو تاریکاییەکەدا یونس خۆی کێشکرد بۆ جێگەیەکی دور لە پاسەکان .. دور کەوتەوەو کەوتە ڕێ تالای ڕۆژهەڵاتەوە ئاگرێکی بەدی کرد ، مەزەنەی کرد کە کێڵگە نەوتەکانی کەرکوکە .. بەرەو ئەوێ کەوتە ڕاکردن .. لەڕێگا دوای ئەوەی کە توانیبوی لە ئیفای عەسکەری خۆی لابدات، بەئۆتۆمۆبیلێکی سڤیل دەگات، کە شوفێرەکەی کورد دەبێت .. هەرچەندە بەرگی ڕەسمی جەیشی شەعبی لەبەردا دەبێت ، بێ ئەوەی پرسیاری لێبکات بۆ دوبز سواری کردبو .. لەدوایدا لەوێوە خۆی گەیاندبووە ناو پێشمەرگەو

ئینجا بۆ ئێران .

یەکێك لە تاوانە گەورە دیارو چاوێنییەکانی دوا ئەنفال لە مای -١٩٨٩ دابو کە بە دینامێت و بلدۆزەرو شۆفل شاری قەڵادزەشیان وێران و تەختکردو ناوچەکەشیان کرد بەناوچەی قەدەغەکراو .

دوای ئەنفال لە جەنیوەری ١٩٨٩دا لە قسەکردن لەسەر ئەنفال عەلی حەسەن ئەلمەجید ، بۆ بیرۆی باکوری عیراق وتی : ئایا دەبو بەچی شێوەیەك قەناعەتیان پێبکەن بۆ چارەکردنی کێشەی کورد و سەرپرینی تێکدەران ؟ ئینجا ئاماژە بۆ گومانی ئەفسەرێکی گەورە دەکات و دەربارەی ئەنفال و لەوەش زیاتر لەسەری دەڕوات : دەبو چی لەو ژمارە زۆرەی سقیلەکان بکرایە ؟ ئەلمەجید دەپرسێت : ئایا فەرز بو کە لە شێوەیەکی باشدا بیانهێڵمەوە ؟ من چی لەمانە بکەم ، لەم بزنانە، ئاگام لێیان بێت ؟ نەخێر بە بلدۆزەر دەیانخەمە ژێر خاکەوە .. لە ڕاستیشدا هەر ئەوەشی جێبەجێ کردو جێبەجێی دەکرد ..

بۆ ئەوەی دڕندەیی و قینی ڕەگەز پەرستیی و دوژمنایەتی بەرامبەر بەکورد و نەخشەی لەناو بردن وێرانکردنی نیشتمانەکەی ڕونتر بکەوێتە بەرچاو تا بزانین چۆن جاهیلییەتی سەرەتا ، ئەنفالی چواردە سەدە لەمەوبەر ، زیندو دەکرێتەوەو بە نوێترین چەك و بەهەمان عەقڵ و مەبەستەوە ئەنجامی دەدەن با سەرنج لە هەندێ قسەی عەلی حەسەن ئەلمەجید بدەین کە لەسەریاند تۆمارکراون و لە ڕاپەڕینەکە ، لە ڕزگار کردنی شاری کەرکوك دا لەماڵەکەی عەلی حەسەن ئەلمەجید و لەناو ئۆفیسەکەی کەوتنە دەست کورد ، ڕێکخراوی مافی مرۆڤیش لەو کتێبەیدا هەندێ بەشی نوسیوە :

من بە موستەشارەکانم ڕاگەیاند کەلەوانەیە گوندەکانیان خۆش بوێت جێیان نەهێڵن ، وتم من ناتوانم گوندەکەت وەك خۆی بهێڵمەوە ، چونکە بەچەکی کیمیاوی پەلامار دەدەم ، ئەوسا خۆت و خێزانەکەشت دەمرن ، ئەبێت هەر ئێستا جێی بهێڵیت ، چونکە من ناتوانم لە هەمان ڕۆژدا پێت بڵێم کە ئەمەوێت بە چەکی کیمیاوی هێرش بکەم ، هەمویان بە چەکی کیمیاوی دەکوژم !کێ هەیە هیچ شتێك بڵێت ؟ کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی ؟ دەیانگێم ! کۆمەڵگای نیو نەتەوییش و ئەوانەیش کە گوێیان لێدەگرن ... من بە هەڤاڵانی پسپۆڕم ڕاگەیاند کە پێویستم بە گروپێکی گەریلا لە ئەوروپا هەیە بۆ کوشتنی هەر یەکێك لەوانە کە دەیانبینن ، بەپشتیوانی خوا ئەوەش دەکەم دەیانشکێنم و دواشیان دەکەوم بۆ ئێران ئینجا داوا لە موجاهیدین دەکەم کە لەوێش پەلاماریان بدات ...تاد

لە کۆبونەوەی ١٥-٤-١٩٨٨یدا لەگەڵ بیرۆی باکورو پارێزگارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمـی‌دا درێژە بەو بیرو باوەڕو هەڵوێست و نەخشانە دەدات و دەڵێت : لە هاوینی داهاتودا ئیتر هیچ گوندێك کە لێرەو لەوێ لە هەرێمەکەدا بڵاوبونەتەوە نامێنێت ... بۆچی ڕێگە بدەم وەك کەر کە هیـچ شتێك نازانن لەوێ بژین ؟ بۆ گەنم ؟ گەنمەکـەیانم نـاوێت ، ئێمە لـە بیست سـاڵی ڕابوردودا لـە دەرەوە گەنمان هێناوە ، با پێنج ساڵی تریشی بخەینە سەر .. ناوچەی زۆر گەورە قەدەغەدەکەم ، هـەمو بونێك تیایاندا قەدەغەدەکەم .. تاد

لە کۆبونەوەیەکی تریدا لەگەڵ هەمان لێپرسـراواندا لـە ١-٨-١٩٨٨دا دەڵێـت : هـەر عـەرەبێك کـە نەژادی خۆی دەگۆڕێت بـە کـورد بۆ ئەوەیە کە خۆی لـە خزمـەتی عەسـکەری.بدزێتـەوە ، ئەمـە کێشەیەکی گەورەیە . ئایا دەبێت دەربارەی ئەوە چی بکەین ..؟

بۆچی موسڵ(پارێزگا) بە کورد تۆماریان دەکات ؟ ئێمـە داوامـان لێکردن کـە هـەرکوردێك لەوێ دەژیءابیگوێزن و ڕەوانەی چیاکانیان بکەن بۆ ئـەوەی وەك بـزن بژیـن ، دەیـانگێم ! بۆچـی ئێوە بەهۆی ئەوانەوە هەست بەسەر لێشواوی دەکـەن ؟ ئێمـە لـە موسـڵ ڕامانگواسـتن بـەبێ هیـچ قەرەبویەك ، خانووەکانیانمان تەخت کرد و پێمان گوتن وەرن ، بڕۆن بـڕۆن ! بـەڵام ئەوکەسـانەی کـە ئێسـتا جـەنگاوەرن (مەبەسـتی لەوانـە جاش و موستەشارە) لەسـەرەتاوە پێیـان دەڵێـن کـە پێویستە بچن لە ئۆردوگادا نیشتەجێ ببن ، دوای ئەوە پێیـان ڕادەگەیـەنین کە بـڕۆن بـۆ ناوچـەی ئۆتۆنۆمی ، هیچ جۆرە مشت و مڕێکیان لە گەڵدا ناکەین ، من بەڵێنێکیان بۆ دەخوێنمەوە .. تـاد ، ئەوانیش پێویستە ئیمزای بکەن ....

ئینجا لە هەر شوێنێك (لێرەدا عیبارەتێك نابیسترێت لەبەر دەنگە نزمیـی)بیـان بینمـەوە ، سەریان پان دەکەمەوە ، ئەم جۆرە سەگانە سەریان دەهاڕین .. دەتانـەوێت ژمـارەی دانیشـتوانی عەرەب بەم خەڵکە خوێن مژانە زیاد بکەن ؟ پێویستە ئێمە ناوچەکەتان (موسڵ) تەعریب بکـەین - وەتەنها عەرەبی ڕاستەقینە ، نەك یەزیدی ، کەڕۆژێك دەڵێن کوردین و ڕۆژێکی تر دەڵێن عەرەبین . ئێمە چاومان پۆشی لەو خەڵکە یەزیدیانـە کـە لەسـەرەتاوە بـون بەجـەنگاوەر (جـاش) بـۆ ئـەوەی نەهێڵین تێکدەرەکان زیاد بکەن . بەڵام بێ لەوە ، ئەبێت یەزیدییـەکان چـی کـەڵکێکیان هـەبێت .. تاد. ئینجا دوای ئەنفال دەڵێت : کاتێك لێبوردنە گشتییەکەی (سـێپتێمبەر ١٩٨٨بڵاوکرایـەوە مـن خەریك بو شێت ببم . بەڵام وەك ئەندامێکی لێپرسـراوی پارتیەکـەم گوتم باشـە . مـن وتم لەوانەیـە چەند کەسێکی چاك لە کوردەکان) نێوانیاندا بەدیی بکەین ، چونکە ئەوانیش هەر میللەتی ئێمـەن . بەڵام هـەرگیزاو هـەرگیز هیچمـان بـەدی نـەکرد . خۆ ئەگـەر دەربـارەی کـوردە لێپرسـراوە پایـە بەرزەکان پرسیارم لێبکـەن کـە کامانـەیان بـاش و بـەوەفان ، ئـەوا دەڵێـم بەتـەنها پارێزگارەکـانی

هەولێرو سلێمانی ، جگە لەو دوانە هیچ کەسێکی بەوەفا یان باشیان تێدا نییە......

حەز دەکەم دەربارەی دو خاڵ قسە بکەم : یەکەم ، بەعەرەب کردن ، دووەمیش ڕۆنە هاوینەشەکانی نێوان خاکی عەرەب و ناوچەی ئۆتۆنۆمیە . ئەو خاڵەی ئێمە لەبارەیەوە دەدوێین کەرکوکە . من هاتم لەسەرجەمی دانیشتوانەکەی کەرکوکدا عەرەب و تورکمانەکان لە سەدا ٥١ زیاتر نەبون ...

وێڕای هەمو شتێك من ٦٠ ملیۆن دینارم سەرفکرد تاکو گەیشتینە ئەم هەل ومەرجەی ئێستا . ئێستاکە ئاشکرایە ، بۆ زانیاریتان ، ئەو عەرەبانەی کە هێنران بۆ کەرکوك ڕێژەی سەدییەکەیان بۆتە ٦٠ لەسەدا ، ئینجا فەرمانمان دەرکرد کە کوردەکان لە کەرکوك و لە گوندەکانی دەورووپشتی و لەو نزیکانە قەدەغەیە کار بکەن .....

کەرکوك تێکەڵێکە لە فرە نەتەوەو ئایین و مەزەب ، ئەو خەڵکانە کە ئێمە لە ٢١–مای تا ٢١جون ڕامان گواستن ، یەك دانەیان خەڵکی ناوچە قەدەغەکراوەکان نەبون، بەڵام لە ژێر کۆنترۆڵی تێکدەراندا بون ، جا ئەگەر لەگەڵیاندا بوبن یان دژیشیان بوبێتن ...

# بەشی چوارەم

# لە جینۆسایدەوە
# بۆ
# کوردستانی فیدراڵ

# سەرنجێ لە رابوردوی نزیك

لەرەوتی روداوەكانی ناو رۆژگاری یەكەم جەنگی جیهان و كۆنگرەی ئاشتی لە پاریس.. چەندین روداو دەخولقا كە راستەوخۆ دژ بە خواست و ئامانجەكانی كورد بون، گەلێ دیاردە دەخولقاو دەهاتە ئاراوە كە كاروانی مێژوی نەتەوەی كوردیان وەردەچەرخاندو بەدژی بەرژەوەندییەكانی كورد كۆتاییان پێدەهێنرا.. لەوانە:

- شۆڕشی ئۆكتۆبەری روسیا (١٩١٧) كە بو بە هۆی كشانەوەی ئیمپراتۆریەتی روسیا لە جەنگ، بڵاوكردنەوەی پەیمانە نهێنییەكان و دەستبەرداربونی لێیان، بەوەش وازی لەو بەشەی كوردستان هێنا كە لەپەیمانی سایكس- پیكۆ دا بەر ئەو كەوتبو، مەبەست لە باكوری كوردستانە.. جگە لەوەش، بەپێچەوانەی بیروباوەڕەوە، بو بەگەورەترین دۆست و یارمەتیدەری ئەتاتورك لەسەركوتكردنی كورددا..
- دیاردەیەكی نامۆ بو كە لەناو داروخانی "پیاوە نەخۆشەكە" ئەفسەرێكی جەریەزەو زیرەك و نەتەوە پەروەری وەك مستەفا كەمال دەربكەوێ، بەدژی كوردو پەیمانەكان كار بكات، ناكۆكییە عاسیو گەورەكان لەگەڵ دەوروپشت و زلهێزەكان بۆ بەرژەوەندیی توركیا لابەلا بكات، دەوڵەتی توركیای نوێ دابمەزرێنێ و ببێتە گەورەترین دوژمنی كوردو بەردەوام بێت لە ئیستیعماركردنی گەورەترین بەشی كوردستان، و بشبێتە هۆو لایەنێك لە دابەشكردنەوەی كوردستان.
- چاوەڕوان نەكراو بو كە "جۆرج پیكۆ" "كلیمەنصۆ" رازی بكات بەواز هێنان لە باشوری كوردستان بۆ بەریتانیا، بەرامبەر بە قەرەبوویەكی كەم نرخ، بەبەراورد لەگەڵ باشوری كوردستاندا، كە ئەوەش یەكەم هەنگاوی زەمینە خۆشكەربو بۆ بەریتانیا كە ئەو بەشەی كوردستان بە میسۆپۆتامیاوە بلكێنێ و لەناو بازنەی ئیمپریالیستانەی خۆیدا ئیستیعمارێكی تر بۆ كورد بەرخسێنرێ، هەروەك لەسەرەتادا گەورە لێپرسراوانی ئینگلیز خۆیان چینە داتاشراوەكەی تۆكەریان بەوە پێناسە دەكرد.
- بە ئاسانی پەیمانی سیڤەر، كە لەبەندەكانی (٦٢،٦٣،٦٤)یدا دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردیی مسۆگەر دەكرد، بە پەیمانی لۆزان هەڵبوەشێنرێ كە كەم و زۆر باسی مافەكانی كوردی تیا نەكرابو..
- مافی بڕیاردانی چارەنوسی خۆ، كە لە چواردە بەندەكەی ویڵسن - دا هاتبو، كورد نەگرێتەوە، بەپێچەوانەشەوە بەداگیرو دابەشكردنەوە ئەو چارەنوسە بڕیار لەسەر بدرێ.
- پاشگەزبونەوەی ئینگلیز لە پەیمان و بەیان و بەڵێنەكانی بەرامبەر بە كورد.. تەنانەت لە دامەزراندنی حكومەتێكی كوردی كە لەناو سنوری دەوڵەتەكەی عێراقدا بێت.

• ئینجا لەدژی حوکمداری و مەلیکایەتییەکەی باشوری کوردستان (١٩١٨–١٩٢٤) بوەستێو بیڕوخێنێ، سادەترین ماف بۆ کورد مسۆگەر نەکرێ، وە راستەوخۆش لەدژی بێ.

ئەوانەو گەلێ هۆی تر، کوردی ناچار کرد کە بکەوێتە سەر رێبازی شەڕی چەکدارانە.. هەر لە شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی نەمرەوە – دوای روخاندنی حوکمداریو مەلیکایەتییەکەی – تا شۆڕشی نوێی کوردستان.. خەباتی ناو بازنەکانی ململانێی کوردو رژێمە جۆربەجۆرەکانی عێراق درێژەی هەبێت تا روبەڕووی دوایین و پڕ مەترسیترینیان ببێت کە رژێمی بەعسی عێراقە..

کۆمەلکوژیی خەلکی کورد لە باشوری کوردستاندا بە چەکی کیمیاویو غازی ژەهراوی و ئەنفالە بەدناوەکان و وێرانکردنی کوردستان بەمەبەستی جینۆسایدی کورد، دوای ئەوەی رژێمی حیزبی بەعسی عێراق لەجەنگە تەقلیدییەکەی و شەڕی پارتیزانیدا، بەهەلمەتی تۆقاندن و کاری تیرۆر و گرتن و ئەشکەنجەو لە سێدارەدان، ئەنجامی گەورەی بەدەست نەهێنا. ئەوانە بەری ئایدیۆلۆجییەکی فاشییانەی دژ بە توخمی مرۆڤی کورد بوە، سەرەنجامی دوژمنایەتییەکی بە بەرنامەو بەردەوامی رژێمەکە بوە لەدژی نەتەوەی کورد.. کە تاجەنگی کوێت، زۆربەی زۆری ئەلقەکانی بەرنامەکەیان لەناوچە دێهاتییەکاندا بەئەنجام گەیاندبو، تا ئەو ئاستەی کە سەرە بێتە سەر شارەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك، کە هەر وەك یەکێ لە ئەلقە هەرە گرنگەکانی نەخشەکە کاری بەپەلەی لەسەر بکات، کە پێشەکی وە بەهۆی هەستیاریی شاری کەرکوك و ناوچەکانی، بەهۆی کێلگەکانی نەوت، هەستیاریی ناوچە سنورییەکانی عێراقی عەرەبی و تێکەلەی چەند رەگەزێك تیایاندا، لەبەرنامەی بەعەرەبکردنی کوردستاندا، زۆر لە مێژ بو پرۆسەی راگواستنی خەلکی کورد، تەبعیس و تەعریب دەستی پێکردبوو، وە بەشی زۆر گرنگی لێ بەئەنجام گەیەنرابو..،

ئیتر وەك چەند ئەلقەیەکی هەستیاری ناو ئامانجەکانی لە ئەنفال، کاری بەبەعسیکردن وەك یەکەم هەنگاو لەسەر رێبازی بەعەرەبکردنی کوردستان، لەو شارانەو ئەو قەزاو ناحیانەی کە بەر هەلمەتی کاولکردن نەکەوتبون و مابون.. بەخێراییئەنجام دەدرا، برەوی پێدرا، هەنگاوی گەورە گەورە دەنرا. خەلکانی لاوازو کەم ورەو پولەکیو رەوشت نائاسایی، دەبون بە کەواسوری پێش لەشکری رژێم لەو جەنگەدا، کەلەسەرەنجامی ئەو تێکشکانە سایکۆلۆجیو رەوشتییەدا، بەمەزەنە، ژمارەی جاش و موستەشار گەیشتە (٣٦٠) هەزار چەکدار..

# بەرەو نرخاندنی کاروانی خەبات وکارەسات

ئەو دیاردانە یەکەم تێکشکانی سیاسیو سەربازیی نەبو کە رویەڕوی باشوری کوردستان بوبێت، بەڵکو پێش ئەوە، هەرەس و کارەساتە نەتەوەییەکەی ئازاری ۱۹۷۵ و دوایی پێهێنانی شۆڕشی ئەیلول و خەباتی رەوای گەلی کورد.. کیمیابارانی شاری هەڵەبجە کە بورکانێك بو جیهانی هەژاند، لەگەڵ کارەساتەکانی دەستپێکردن و کۆتایی پێهێنانی وتوێژ لەسەردەمە جۆربەجۆرەکاندا کە راستەوخۆ لەبەرژەوەندیی دوژمن دابون، بە زیانی گەورەش بۆ شۆڕشی کورد کۆتاییان پێدەهێنرا.. و پێشینەبون بۆشکستییەکانی کاروانی خەباتی کەمتر لەنیو سەدەی رابردو.. کە بەشێکی هۆکارەکان روی کورد خۆی دەگرێتەوەو خۆمان لێی بەرپرسیارین..

بۆیە لەهەر باس و لێکۆڵینەوەیەکی مێژوی سەردەمەکە، ناکرێ تەنها دوژمنی داگیرکەر بەیەکەم هۆی تراجیدیاکان دابنرێ، ناکرێو نەشیاوە ئەو بارە ئاڵۆزو زیانە گەورەو پاشەکشەو کارەساتانە، چاویان لێ بپۆشرێ، کارێکی نامۆ بەزیانە کە کەم و کورتیو هەڵەکانی ناوخۆ ، ئاوڕ لێنەدرێنەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکرێ، سود لەدەرس و پەندەکانی ئەو هەلاتەی ساڵانی : ۱۹٦۳، ۱۹٦٤-۱۹۷۰، ۱۹۸۳-۱۹۸٥، راپەڕینەکەی زستانی ۱۹۹۱و رابوونە مێژوییەکەی بەهاری ۱۹۹۱، ۱ ئایاری ۱۹۹٤، ۳۱ ئابی ۱۹۹٦ وە ١٤ ئایاری ۱۹۹۷.. وەرنەگیرێو هەروا ئاسان راگوزاری بەسەریاندا تێپەڕیبین، وەك تائێستا کراوە، دەبێ و زۆر پێویستە کە ئاوڕی جیددییان لێ بدرێتەوەو هەڵبسەنگێنرێن، لێکۆڵینەوەی بابەتیو زانستانەیان لەسەر بکرێو هەڵەکان، لێپرسراوەتی ئەم رێکخراوو ئەو رێکخراو ، ئەم سەرکردەو ئەو سەرکردە، ئاماژە بۆ بکرێن و روناکی بخرێتە سەریان.. نائاساییو نا بەرپرسیارییە هەروا ئاسان دەستپێکردنە پڕڕ لەهەڵەکان لەناو نەخوڵقاندنی هەلومەرجە سازو لەبارەکان و نەڕەخساندنی زەمینەی ئاسایی خەبات، کە پڕن لەدەرس و پەند، هەروا بێ توێژینەوە چاو لێبپۆشرێن.. کە یەکێك لەسەرەنجامەکانیان، ئەم بەردەوامیی ململانێ نابەرابەرەیە لەگەڵ خاوەن قودرەتە هەرێمییەکان، وە بەدەر لەکاری دیپلۆماسی هۆشمەندانەو بەبێ تێگەیشتنێکی واقیعییانە لەخۆو لە دوژمن و لە دنیای دەرەوە.. ململانێی سەربازیو کاری دیپلۆماسیی بەو رێبازو شێوانەی لەمەوبەر ئەنجام بدرێن و لەسەریان بەردەوام بین. کە تا ئێستا سەرکەوتنیان لێ بەدەست نەهاتوە-بێ لە کوردستانی فیدراڵ کە لەجێگەی خۆیدا چەند تیشکێکی ئاراستە دەکەین - نەك هەر ئەوە، بگرە زیانی گەورە گەورەش لە جوڵانەوەی نیشتمانی و لەگەلەکەمان کەوتوە کە گەلێکی بەکارەساتی روخێنەر کۆتاییان هاتووە..

فاکتەرو هۆکارەکانی کارەسات و نوشوستییەکان زۆرن، دەتوانرێ گرنگەکانیان لەمانەی خوارەوەدا بن:

- ڕەگەزپەرستی و دڕندەیی داگیرکەران کە هیچ دەرفەتێکی کاری دیموکراسیو بواری ئاشتییانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردیان لە ئارادا نەهێشتووە، هەموو دەرگاکانیان لەبەردەم کورددا داخستووە.. بەرامبەر بەوە وە وەك دژەکرداری بۆ وەستان بەرامبەر زوڵم و زۆرو ئەو نەهامەتییە، شەڕی چەکدارانەی دەست پێکردووەو لەسەریشی بەردەوام بووە..
- لاوازیی هۆش و هەستی نەتەوایەتیو هوشیاریی سیاسیو مانەوەی گیانی عەشیرەتگەریو زۆلبینینی عەقڵی خێڵەکی، وە زاڵکردنی بەرژەوەندییە تەسکەکان بەسەر بەرژەوەندیی بەرزی نەتەوە..
- نەخۆشییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان، لاوازیی کەسایەتی نەتەوەییو سیاسیی فەردی کورد، ئاسان ملدان بۆ فەرمانڕەوای بێگانەو بە پێچەوانەشەوە بۆ خۆماڵی..
- نەبونی بەرەیەکی کوردستانی لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن کە شیاوی بەدەستگرتنی جڵەوی خەباتی کورد لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە بێت.
- نەبونی ستراتیجێکی نەتەوەییو سیاسیو سەربازی لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە کە بەلێکۆڵراوەیی و سەرنجدانی وردەکارییەکانی جیاوازی نێوان پارچەکانی کوردستان، ڕەچاوکردنی بارودۆخ و هەلومەرجە جیاجیاکان لەهەر بەشێکی کوردستاندا.
- شەڕو ئاژاوەی ناوخۆو بەهەدەر خوێنی رۆڵەکانی گەل رشتن، زاڵکردنی دەستکەوتە حیزبییەکان بەسەر بەرژەوەندییە گشتییەکان، مل نەدان بۆ ڕێگەچارەی ئاشتییانە، بەپێچەوانەشەوە، پەنابردنە بەر ئەم دەوڵەتی داگیرکەرو ئەو دەوڵەتی هەرێمی.. بەڕادەیەك کە ئەم گرفتەخۆییە ببێتە گەورەترین هەڕەشە لەسەر ئەزمونەکە..
- رۆڵی نابەرپرسیارانەی زۆر لە روناکبیران، لە نوسەرو سیاسەتمەداران، بێ هەڵوێستیی لەوەرچەرخاندنە پڕ لەهەڕەشەو مەترسییەکان..
- نەخولقانی سەرکردەی مێژوویی کە رابەری سەرجەم جەماوەرو کۆڕو کۆمەڵە حیزبیو سیاسییەکان بکات..

لە ئاوڕدانەوەیەکی هۆشمەندانەی ئەو لایەنانە، لە نرخاندنێکی بابەتییانەی ئەو هۆکارو فاکتەرانەی شکستییە بەردەوامەکەو هەڵهێنجانی سەرەنجامەکانیان، گەلێ دیاردەی نامۆ وەبەرچاو دەکەون، گرنگەکانیان بۆ ئەم باسە ئەمانەن:

- بەردەوامییو گەورەیی نەهامەتییەکان کە لەهەندێ پلەدا بونەتە کارەساتی نەتەوەییوا کە هەموو هێزو تواناکان لەپەل و پۆ بخرێن.

• سەرەرای ئەو کارەساتانەش،ئەنجامەکانی خەبات بێ ئەنجامی بوە، لەڕوی بەدەستهێنانی داواو دڵخوازییەکانی ناو دروشم و ئامانجەکان، تەنانەت بە دڵخوازییە پلەییەکانیشەوە دەستبەتاڵ لە مەیدانەکە ماوینەتەوە..

• یەك دەرەنجامی زۆر گرنگ و مەزنی ئەو کاروان و کارەساتانە، گەورەبونی کێشەی نەتەوایەتیو سیاسیی مرۆڤی کورد بوە لەســەر ئاستی خۆیی، هـەرێمیو نێونەتـەوەیی، تـا ئـەو رادەیـەی کـە گەورەترین هـەڵی مێژویی بۆ کورد بخوڵقێ..هەرچەندە باروبۆخە جیهانیو هەرێمییەکـە رۆڵـی چارەنوسسازی تیا بینیوە.. مەبەستم ئەو هەڵە مێژوییەیە کە ئەم ئەزمونـەی کوردستـانی فیدراڵـی لێوە خوڵقاوە کە بۆتە گەورەترین و درێژترین ئەزمون لەم سەدەیەدا..

ئـەم ئەزمونـەی ئـەمڕۆ کەوا زیاتر لـە حـەوت ساڵە دەوامـی هەیـە، و فاکتـەرو هۆکـاری خوڵقاندنی هەلە مێژوییەکە زۆرە، سەرەکیو هەرە گرنگەکەیان داگیرکردنی کوێت و دووەم جـەنگی خلیج بو، ئەمیش لەچەند جەمسەرێکەوە ئەنجامی دیارو ئاشکرای یەکەم جەنگی خلیج بو لەوانە:

- باش بەهەل وەرگرتنی جەنگەکە لەلایەن رژێمی بەغداوە، تا ئەو ئاستەی کـە ببێـتە گـەورەترین هێزی سەربازیی خاوەن قودرەتێکی تەکنیکی و چەکی ستراتیجیی کۆمەڵکوژو راکێتی دورهاوێژ، بە جۆرێ کە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر سەرچاوەکانی نەوت لە خلیج.

- بـەهۆی بەدەستنەهێنانی ئامانجـەکان لــە داگیرکردنەکــە، حاڵــەتێکی نائاسـایی ســایکۆلۆجی لایسەددام حسەین خوڵقـا. جا بۆ داپۆشینی ئـەو شکستییەی سـەرەنجامی سـەپاندنی حاڵـەتی نەسەرکەوتوو نە ژێرکەوتوی هەردولایەنەکەی جەنگ بو، سەددام حسەین دەگەڕا بـۆ ئەڵتەرنـەتیڤێ کە ئەو حاڵەتانەی پێ داپۆشێ.. و خۆی بەسـەرکەوتوو پیشـان بدات و ئـەو حاڵەتـە سەپێنراوە لەبیربەرێتەوە.

- یەکەم جەنگی خلیج توانای ئـابوریی عێراقی چۆڵپرکرد، بەمەزەنـەی ئـابوری ناسـان جەنگەکە ٤٥٢,٦ بلیۆن دۆلار لەسەر عێراق کەوت، جگـە لـەو کاولکارییـەی کـە مەزەنـەی (١٠٠) ملیـارد دۆلار دەکرێ بۆ چاککردنـەوەو ئاساییکردنەوەی وڵات.. لەگـەڵ (٨٠) ملیـارد قـەرزی کـۆن و (٢٠-٣٠) ملیارد قەرزی ئەوروپا..*

ئەم هۆو فاکتەرانە عێراقی خستەسەر رێگەی گێچەڵکردن بە کوێـت و فشارخستنەسـەر دەوڵـەتانی تری خلیج، تا بیانکاتە شـەریکی جـەنگ لـە مەسرەفدا، بـەو حسابەی کـە ئـەم لـەبری نەتـەوەی عەرەب جەنگەکەی کردووەو دەروازەی رۆژهەلاتی نیشتمانی عەرەبی بۆ پاراستون..

---

* عێراق لە دە ساڵی داهاتوودا، لێکۆڵینەوەی دەزگای رەندی ئەمەریکایی، ل ٨٠ و ٨١.

که کوێت ملی بۆ هەموو داخوازییەکانی عێراق نەدا، ئەوسا داگیرکردنەکە بو بەحاڵەتێکی یاسایی، لای رژێم.

- داگیرکردنەکە ئەڵقەیەك بو لەئەڵقەکانی ستراتیجی نەتەوەیی حیزبی بەعسی عێراقی لەسەر رێبازی(وەحدەی عەرەبی).. وەك یەکەم هەنگاوی نەخشەی سەددام حسەین لەسەر رێبازی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە..

- یەکەم جەنگی خلیج زیاترو روونتر لە جاران بایەخی بەرفراوانکردنی بونی عێراق لەسەر ئاوی خلیج-ی دەرخست کە دەبو سەبارەت بە فاکتەرەکانی تر، ئەم هەنگاوە دوانەخرێ، و بوونی خۆی بسەلمێنێ و بیکات بە کارێکی یاسایی، لەناو سەپاندنی بوونی سیاسی کە هەر بەو گۆڕانە جوگرافییە بە داگیرکردنی کوێت ئەنجام دەدرێ..

## سەرەنجامە گرنگەکان

ئەو دلگیرکردنەی کوێت و دەردەلولی بیابان و تێکشکانی رژێمی عێراق.. دیاردەی راپەرینی شیعە لەخواروی عێراق و راپەرین و رابوونە مێژوییەکەی کوردستانی لێ بەئەنجام هات. ئەوانە گەلێ روداو و دیاردەی تریان لەگەڵ خۆیاندا خولقاند، گرنگەکانیان کە پەیوەندییان بە کوردەوەهەبو:

- تێکشکانی سەربازیو سیاسیو سایکۆلۆجیو ئابوریی رژێمی بەعس، بەو جۆرە کە راپەرینەکان ئاسان ئەنجام بدرێن.
- ئەنجامی رابوونە مێژوییەکەی کورد، خولقاندنی ناوچەی ئارام بو لەسەرو خەتی پانی ٣٦، وە لەراستیشدا ناوچەی ئارام گشت ناوچەکانی سلێمانیشی بە کردار گرتەوە.
- جۆرێ لە ماندانی نێونەتەوەیی بە خولقاندنی ئەو ناوچە ئارامەو، بە بڕیاری ٦٨٨ بەسەر عێراقدا سەپێنرا،خاڵەکانی کە راستەوخۆ پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە بەم جۆرە، دیاری کراوە:

بڕیاری (٦٨٨) ٥ نیسانی ١٩٩١*

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی:

١. سەرکوتکردنی خەڵکی مەدەنی عێراقیو ناوچە کوردنشینەکانی مەحکوم دەکات.

٢. داوا لە عێراق دەکات ئەو سەرکوتکردنە راگرێت.

---

* رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە: ١٦٦٨، رۆژی ٤-٨-١٩٩٨.

٣. سوره لەسەر ئەوەی کە دەبێ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان رێگەیان پێ بدرێ بۆ ئەوەی یارمەتییە مرۆییەکان بگەیەننە هەموو جێیەکی عێراق.

٤. داوا لە سکرتێری گشتی دەکات کە راپۆرتێك لەسەر مەینەتییەکانی دانیشتووە مەدەنییە عێراقییەکان و بە تایبەت دانیشتووە کوردەکان ئامادە بکا.

٥. داوا لە سکرتێری گشتی دەکا تا بەپەلە لە پێداویستییەکانی ئاوارەو دەربەدەرە عێراقییەکان دابین بکات.

٦. بانگەشەی وڵاتانی ئەندام و هەموو رێکخراوە مرۆدۆستەکان دەکا تا لەم هەوڵە فریاگوزارییە ئینسانییەدا بەشدار بن.

٧. داوا لە عێراق دەکرێ لە پێناو جێبەجێکردنی ئەم مەبەستانە هاریکاری سکرتێری گشتی بکات.

٨. بڕیار دەدرێ کە ئەو مەسەلەیە لەژێر لێکۆڵینەوەدا بمێنێتەوە.

• راپەڕین و رابوون و بڕیاری ناوچەی ئارام و بڕیاری ٦٨٨ کوردی خستە بەردەم هەڵبژاردن و بەوەڵەدبونی پەرلەمان و حکومەتی فیدراڵ، لە ژێر سایەو سێبەرێکی ئاشکرای نێو دەوڵەتیدا.

• ململانێی بەردەوام بۆ چەك داماڵین ولەناوبردنی چەکە ستراتیجییەکانی رژێمی بەغدا تا ئەو ئاستەی کە نەبێتەوە بە هەڕەشە لەسەر دەوڵەتانی خلیج و ئیسرائیل. لەهەمان کاتدا هێندە هێزخورت بێت کە بەرامبەر بە مەترسیی ئێران بوەستێ، و هەردەم ئامادە بێ بۆ راکێشانی بۆ مەیدانی بەرگری دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران و هەڕەشەیەکی هەمیشەیی بێت لەسەری و لەبەردەمیدا..

• ئەم سیاسەتی ماڵیکردنە دو سەرییە تا ئێستا دەوامی هەیە، بە تایبەتی رژێم بۆتە ئەڵقەیەکی گرنگی موعادەلەکان لە سیاسەتی ئەمەریکا بۆ مۆڵدانی هێز لە خلیج، بۆ پاراستنی ناوچە نەوتیو وڵاتە هاوپەیمانەکان لەلایەك وە بۆ ئەوەی ببێتە ئەو پۆلیسە رەزاگرانەی کە هەم ئەو ئامانجەی پێ تەئمین بکرێ وە هەم ببێتە هۆکاری گوشار لە ناوچەکەدا، تا ئەمەریکاییەکان چۆنیان بوێ بەو جۆرە بیانوی هێزخورتکردن بخوڵقێنن، رژێمەکانی خلیج ناچار بکەن بۆ داپۆشینی مەسرەفی ئەو هێزانە، وە بۆ کپ کردنی هەر دەنگێکی نارەزایی کە لەناوچەکەدا بەرزببێتەوە، کە ئەوەش دەستەبەری هاوبەشیکردنە لە سامانی ئەو وڵاتانە، بەشێوەی جۆربەجۆر.

• بڕیاری نەوت بەرامبەر خواردن، وە دانانی بەشێك لە پارەکەی بۆ کوردستان، ئەم بڕیارەو دابەشکردنی خواردنە پێویستەکان تا رادەیەکی زۆر باری نالەباری گوزەرانی خەڵکی ناوچەکەی راست کردۆتەوەو لە هەڕەشەی برسێتی و گرانییەکی کوشندە سەرفرازی کردووە.

## خسڵەتە بنچینەییەکانی راپەڕین:

روداوە پڕڕ لە شانازییەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان، کە لە راپەڕینە پڕڕ لە شکۆدارە مێژوییەکەدا خۆی بینییەوە، بورکانی ناو بومەلەرزەیەکی روخێنەر بو کە لەماوەی نزیک بە دو هەفتە (٥ – ٢١) ئازاری ١٩٩١ بونی رژێمی بەعسیی لە کوردستاندا لە رەگ و ریشە هەڵکەند، سەرتۆپی پرۆسەی رزگارکردن بەشاری کەرکوک کۆتایی پێ بێت، بەو جۆرەی کە ١٠٪ ی پانتایی کوردستانی باشور لە ژێر دەستی رژێمدا بمێنێ.

ئەم روداوە مێژوییە کە خولقێنەری رابوون و ئەمیش ناوچەی ئارام و پەرلەمان و حکومەتی فیدراڵی کوردستان بو وە کە تائێستا دەوامی هەیە، مێژویەکە دوو سەردەمی تەواو لەیەک جیای لەیەک ترازاند، سەردەمی داگیرکردن و جینۆساید، لەگەڵ سەردەمی روخاندنی رژێم لەناوچەکەو کەوتنەبەردەم سەردەمێکی ئازادو نیمچە سەربەخۆ.. مێژویەک، ئەگەر کورد خۆی لە ئاست رودلوەکانی و دیپلۆماسییەتی هۆشمەندانە بێت شەڕو ئاژاوەی ناوخۆ لابەلا بکات، ئەگەر بۆ چەسپاندن و گەشەکردنی کار بکات، وا شانسی مان و بەهێزبونی، دەرفەتی رێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا، لەسەر بناغەی یەکسانیو هاوتا بەرامبەر یاسا، رێکخستنی ئەو پەیوەندییە بە یارمەتی دەوڵەتان و لەژێر چەتری نێونەتەوەیی زیاترو بە ئومێدتر دەبن..

خسڵەتە بنچینەییە تایبەتیو گرنگەکانی راپەڕینەکەو ئەنجامەکانی بێ وێنەو دەگمەنن لە مێژوی سیاسیو خەباتی نەتەوەی کورددا.. سەرەتای مێژویەکی نوێیە. کە کوردی خستۆتە بەردەم وەرچەرخاندنێکی گەورە..

– بۆ یەکەم جار بو لەمێژوی خەباتیدا ئاسان و بێ ئەرکێکی گەورەو قوربانییەکی زۆر، بەبەراورد لەگەڵ کارەساتەکاندا، خەباتی چەکدار لە لادێو شاخەوە بگوێزێتەوە بۆ شار و سەرکەوتوانە ئەرکەکانی خۆی ئەنجام بدات، دام و دەزگا جاسوسیو سەربازییەکانی رژێم بکەونە بەردەم یاساو دادگای کورد خۆیو تاوانباران لە دادگاکردنێکی جەماوەریدا بە سزا بگەیەنرێن..

– کورد خۆی ئازاد و دیموکرات وڵاتی سەربەخۆی خۆی لە زوربەی ناوچەکاندا، لەویەشەی کوردستان، بەڕێوەبەرێ، زمان و کولتورو دابی کوردەواریی، شێوەی ئاسایی یاسایی بەکارهێنانیان بەخۆوە بگرێ.

– زەمینە خۆشبکرێ بۆ هاتنە ناوەوەی دەوڵەتە گەورەکان.بڕیاردان لەسەر ناوچەی ئارام، کە بو بەگەورەترین هەلی سەردەم دوای حوکمداریی مەلیکایەتییەکەی کوردستانی باشور لەدوای یەکەم جەنگی جیهان، و جەمهوریەتی کوردستان لە مەهاباد..بگرە گەورەو یاساییو دیارتر لەوان لە گەلێ رووەوە..

– خولقانی کەشێکی ئازاد و ئاوو هەوایەکی دیموکراسیو زەمینەی کاری فرەحیزبیو ڕۆژنامەگەریی ئازاد، کە ئەمانەش یەکەم ئەزموون بون بەو شێوە فراوانە لە ژیانی سیاسی نەتەوەی کورددا..

– خولقانی پەیوەندیی سیاسیو یاسایی لەگەڵ دنیای دەرەوە، بە تایبەتی دەوڵەتە گەورەکان، کە ئەوەش ببێتە دەروازەکردنەوەیەکی گرنگ وە دەگمەن بۆ ئایندەی کێشەی کورد.

– بەرفراوانکردنی پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ پارتی و ڕێکخراوی وڵات و میللەتانی ئەمەریکاو ئەوروپا، لەگەڵ پەرلەمەنتارو سیاسەتمەدارو ڕۆژنامەنوس و ئامرازی میدیا، وەلەگەڵ ڕێکخراوە مرۆڤیو جیهانییەکان.

– بەسەنگێکی دیار ڕێکخراوە جیهانییەکانی سەر بە UN، ڕێکخراوە مرۆییە سەربەخۆو پیشەییەکان، نوێنەرانی دەوڵەتە گەورەکان، بێنە کوردستانەوەو کاری تێدا بکەن..

– تەوژم و تەکانێ بە کوردایەتی بدات، هیوای سەرفرازیی ببوژێتەوە، هاوکاری و خەبات لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن ببێتەئەرکی سەرشان و بەرپرسیاریی نیشتمانیی لەبەردەم هێزە کوردستانییەکاندا..

ئەو خسڵەتە گرنگ و هەستیارانە.. لەبەردەم زیاتر گەورەبون و بەرفراوانتردا دەبون ئەگەر دیاردەی هەڵەی گەورە لەناو هەلە مێژووییەکەدا سەری هەڵنەدایە، کە ئەمەش خولقاندنی دیاردەی نێگەتیڤ بو لەناو ئەو کارو دەستکەوتە پۆسەتیڤ و مێژووییانەدا..

## هەڵەی گەورە:

هەڵە گەورەکەی سەرەتا کە وتوێژی بەرەی کوردستانی – ڕژێم بو لەسەر:

زەمینەیەکی هەڵە، لەناو هەلومەرجێکی هەڵە، لە زەمەنێکی هەڵەو بە شێوەو میتۆدو مامەڵەی هەڵە دەستپێکرد، بە تایبەتی لەناو ڕابوونە مەزنەکەو مەینەتییەکانی مرۆڤی کورد بەدەست ڕژێم، وە لەگەڵ هاتنە ناوەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتاندا، وتوێژەکە ئەنجام درا.. بڵاوکردنەوەی درێژەی سەرەتای کارەکە دنیای دەرەوەی هەژان، گەورەترین سەرسوڕمان لەناو نیشانەی پرسیارەکانەوە هەڵدەقولان.. بۆ بەیانییەکەی بە تێکشکانێکی سایکۆلۆجی گەورەوە بەرەو کارەکەم چوم، لەبەردەم ژورەکەمدا یەکێك لەهاوڕێیانی زۆر نزیکی کارەکەم، شاعیرو نوسەر (لارش ئێریك لارشۆن – Lars Erik Larsson) کە هەمیشە باسە سیاسیو هەمەچەشنەکانی تر تەوەرەی قسەکردنەکانمان بو لەکاتی قاوەخواردنەوەی پشودانەکاندا، بەحەپەساوییەکی گەورەوە هاتو وتی: مەحمود! ئەوە ئێوە چی دەکەن، چی ڕویداوە، بۆ وا دەکەن.. چۆن سەددام وا زوو گۆڕا، چۆن ئێوە وا زوو گۆڕان، ئێوە تەواو نامۆن، لەکاتێکدا هەموو دنیا یارمەتی ڕژێمی بەعسی نەدا، ئێوە

لەدژی دەجەنگان، کەچی ئێستا هەموو دنیا لەدژێتی، ئێوە دەچنە بەردەستیو لەگەڵیدا رێك دەکەون.
منیش بەو حاڵەتە دەرونییە پڕڕ لە بێ ئومێدییەوە وتم، ئەمە یەکێکە لەهەڵە مێژوییەکانمان کە دەبێ باجە قورسەکەی جەماوەر بیدات..
وتی: برا من لام وایە ئێوە وەك کورد سیاسەت نەکەن باشە دوریکەونەوە لەم سیاسەتەی ئێوە فێری بوون،ئەمە نەهامەتیو گەل دوچاری کارەسات کردنە...

ئەو وتووێژە خراپترو بەزیانتر بو لەسەرجەم وتووێژەکانی رابردوو، کە تائێستا بێ نرخاندن و دەرس و پەند وەرگرتن ماونەتەوە، چونکە راستەوخۆ لەبەرژەوەندی رژێم و سەددام و دژ بەبەرەژوەندییەکانی کوردبو هەلومەرجە رەخسیوەکان بۆ گەورەبونی کێشەی کورد بوو..
ئەو کارەو بڕیاری ٦٨٨ کە لە ٥ نیسانی ١٩٩١دا بڵاوکرایەوە، ئەگەر لەیادم مابێت، تەنها یەك رۆژی بەین بوو هەرچەند بڕیارەکە لەبەر رۆشنایی راپۆرتەکەی سکرتێری گشتی UN بو کەپێشترلە ٣٠ئازاردا پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایش کرابو..

یەکێ لە کارە هەرە بەزیانەکانی سەرەنجامی ئەو دیاردەیەنیشتنەوەو سنورداربونی: شەپۆلی نارەزایی رای گشتی میللەتان، خواستیان بۆ یارمەتیدان، وە رۆڵی چالاکی میدیاو رێکخراوە مرۆڤییەکان بوو..
- لایەنێکی نێگەتیڤی تری هەڵەی سەرەتا.. دەست بەسەرانەگرتنی باروئۆخەکە بوو، بروانەبوون بەخۆ، تێنەگەیشتن بوو لەرووداوەکان.. بۆیە سنوری راووروت، خەستەخانەو قوتابخانەکانیشی گرتەوە، سەرجەم ئاودیوکردن ئامرازی ئاوەدانکردنەوەشی گرتەوە. کورت و پوخت داروخانی ئەوەی مابو لە ئابوری وڵات بوو.. کەئەمەش کارێکی زۆر خراپی کردە سەر داهاتوی ئەزمونەکەو سەر ناوبانگی کورد لەدەرەوە، رۆڵی هەبوو لەزیاتر هاندانی دەوڵەتانی هەرێم کە ئاسانتر کاربکەن بۆ تەواوداروخان و داتەپینی زەمینەی ئابوری دەوڵەت، سەر لایەنی دەرونی خەڵکی کوردو متمانەیان بە ئایندەی ئەزمونەکەو بە توانای حیزبەکان بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی سەقامگیرو بە توانا کە فەرمانڕەوایەتی یاسا بسەپێنێت.. لەگەڵ ئەو دیاردە نامۆیەشدا، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەبەردەم ئیرادەو بڕیارو نەخشەی ئەمەریکاو بەریتانیاو فەرەنسا لەسەر یارمەتیدانی مرۆڤیو پاراستنی کورد بەردەوام بون، بەتایبەتی کارەساتەکان گەورە بون، درندەیی رژێم و نەخشەی جینۆساید لەبەرچاو بوو.. رۆڵی بەکاری میدیاو سیاسەتمەدارو پەرلەمەنتارە بیانییەکان کە دۆستی کورد بون، یان بون بە دۆستی کوردو وە یان ویژدانیان هەژاو بەزەییان جوڵا.. رۆڵی ئەوانە هەر بەردەوام بوو..

دوای ئەوەش بەرەی کوردستانی لەخەو خەبەری بووەوەو بەگشتی کەوتەوە سەر ڕێبازە دروستەکە بۆ جۆری مامەڵەی ڕوداوەکان.. تا ئەو سنورەی کە یارمەتی کورد بدەن بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان ودامەزراندنی حکومەتێکی فیدراڵی بە بڕیاری ئەو پەرلەمانەی کە نوێنەری زۆربەی هەرە زۆری گەل بوو ئەگە نەگوترێت سەرجەم.

هەڵەیەکی گەورەی تر: پەرلەمانە ساواکەی کوردستان کەوتە بەردەم ئەرکە مێژوییەکان و کاری باشی ئەنجام دا.. بەڵام لەسەر ئەو ڕێبازە دروستە، خراپە ناو گەورەترین هەڵەوە ئەوەش شەڕی پ.ک.ک بوو، گواستنەوەی شەڕی حیزبایەتی بۆ ناو پەرلەمان، لەڕۆڵی یاسایی و خۆشەویستیی ئەزمونەکە لەسەر ئاستی نەتەوەی کوردی کەم کردەوە، هەرچەندە هەڵەی لایەنە بەرامبەرەکە، لەبەرچاونەکردنی جیۆپۆلیتیکی کوردستان و ڕۆڵی دەوڵەتە گەورەکان، وە ئامادەنەبون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە وتووێژو لەبەر ڕۆشنایی گەورەیی ئەزمونەکە، هۆیەکی ئەو کارە پڕ لە زیانە بوو.. کە تائێستاش بۆ پ.د.ک بەردەوامە، خراپتریش لەوە، ڕاکێشانی هێزەکانی تورك بوو بۆ ناوباشوری کوردستان، کە زیانی گەورە گەورەی لە بزوتنەوەی نیشتمانیی کورد داوە..

ئەم دیاردە نامۆیە، هەندێ لای تریشی گرتبۆوە، کە سەرجەم سەریەشەیەکی زۆر گەورەی بۆ ئەزمونەکە خولقاندووە، بە جۆرێك کە ئەگەر هۆشمەندو واقیعبینانە، لەسەر زەمینەی خولقاندنی بەرەیەکی کوردستانی و ستراتیجێکی ئاسایشی نەتەوە، کێشەکە لابەلا نەکەن، وا گەورەترین کارەسات چاوەڕوانی ئەزمونەکەو هێزەکانی کوردستان دەکات..

## بایەخی سیاسی و یاسایی نێو نەتەوەیی کوردستانی فیدراڵ:

– بڕیاری ٦٨٨ لە لایەنە سیاسی و مرۆییەکەیەوە، گەورەترین هەنگاو بو بۆ نێو نەتەوەیی کردنی کێشەی کورد، بۆ یاسایی کردنی نێو دەوڵەتی و یارمەتیدانی ئەزمونەکە، وەك لە خاڵەکانی ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایشدا دەردەکەوێ..

– لەبەر ئەوەی نە کورد خۆی و نە یارمەتیدەرەکانی، لەو ئاستەدا نەبون کە کار بۆ ڕەخساندنی زەمینەی ئابوری دەوڵەت بکەن، کاریان بۆ ئەوە نەدەکرد کە بەبەرنامە بنەماکانی ئابورییەك کە جێگەی باوەڕی بازرگان و کاسپ کارو خاوەن پارەو کارگەو کارخانەکان بێت.. بۆیە ئەوە پاشەگەردانییەکی وای لێ خولقا کە نەتوانرێ خۆ لە کێشە ئابورییەکان، لە سنورە تەسکەکەشیدا لابدرێ.. سەرەنجامەکەش، ئەو ڕێبازە نادروستەیە کە ئەمڕۆ لەهەردوو حکومەتەکەی کوردستانی فیدراڵدا دەبینرێ.. هەرچەندە، دەبێ ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بێت کە بەو داروپەردووەیەو

دەرامەتەی لە ئارادایە، وە بێ پارمەتی و ئاوڕدانەوەی دەوڵەتان، خولقاندنی ئابوریی دەوڵەت، زەحمەت و بگرە مەحالیشە..

– دیاردە زەقەکانی ناو هەڵەی حیزبەکان، راستەوخۆ تێکەڵ بە دام و دەزگا حکومەتییەکان کران، چونکە لەناو بارێکی ئاڵۆزو لەسەر زەمینەیەیەکی وا کارەکان ئەنجام دەدران کە گەلێ لە هەلومەرجەکانی خولقانی‌حکومەت لەرزۆك و کەم رەسیو بون.. بۆیە نەتوانرا نەخشەی ئابورییەکی وا دابنرێ کە حکومەتی پێ بەڕێوەببرێ، کە جۆرێ لەسەربەخۆیی ئابوری خۆی لەدەستدابێت. ئەمەش لیبرالییەتێکی بێ سنوری لێ بەئەنجام هات کە تائەمڕۆش لەهەردو بەشەکەی کوردستانی فیدراڵدا دەوامی هەیەو دیاردە ناقۆلاکان بەرەو خراپتر دەڕۆن تا ئەو ئاستەی کە حکومەت و دام و دەزگاکانی لەژێر رکێفی سەرکردایەتی حیزبەکاندا بن، کە بەوەش سەرجەمی کاروبارەکان وابەستەی ئارەزوی ئەو سەرکردایەتییانە بێت. لەوەش ئاڵۆزتر ئەوەیە کە نەپەرلەمان و نە حکومەت ئاگاداری سەرچاوەی دەرامەت و دەستکەوتە جۆربەجۆرەکان نەبن..لێرەشەوە بارەکە پێچەوانە بووە لە لیبرالیزمەوە بۆ پاوانکردن..

ئەوەی لەم بەشەیاندا سەرنج لێدەدرێ سەبارەت بە باری ئابوری خراپی حکومەت و ناوچەکە، وە بەهۆی داگیرکردنی دەرامەتی گومرگی برایم خەلیل و بێبەشکردنی ئەم ناوچەیە.. وە بەهۆی نەبونی عەقڵێکی ئابوری دروست، کە لە بارودۆخەکە بگات و هیچ نەبێ لەناو ئەوەی لەبەردەستدایە و لواوە، بجولێ..لەبەر ئەوانە، هەڵەی تری لێ دەکەوێتەوە. ئەمڕۆ لەم ناوچەیەی ژێر سایەی یەکێتیدا.. بێ ئەوەی دەوڵەت بێن هەنگاونان بۆ بیناکردنی سەرمایەداریی دەوڵەت پیادە دەکەین.. دەست بەسەر هەموو چالاکییەکی بازرگانیدا گیراوە، هەروەك بویستری دەست بنرێتە بینی توێژاڵو چینی بۆرجواو وردە بۆرجوا کە سەرچاوەیەکی گرنگی بیناکردنی ئابوریی هەرێم و پارمەتیدانی حکومەتە، لایەنێکی گرنگە بۆ جێگیرکردنی بڕواو متمانەی ئابوریو سیاسی لای خەڵك، کەچی ئەوانە پێچەوانە کراونەتەوە.. بارودۆخە ئابورییەکە زەحمەت ترو ئاڵۆزتر کراوە،بازاڕ گەیشتۆتە حاڵەتێکی نیمچە وەستاو.. کە ئەگەر ئەوە بەردەوام بێت وا خاوەن پارەو کارگەو کارخانە بچوك و ناونجییەکان بیر لە کۆچ و گواستنەوە و وەگەڕخستنی پارەکانیان دەکەنەوە، ئەگەر بچوکترین دەرگایان لێ بکرێتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین بڕیاری ٩٨٦ "نەوت بەرامبەر خۆراك" ئەمڕۆ بۆتە گەورەترین سەرچاوەی ژیانی خەڵك.رۆڵێکی گەورە دەبینێ لەبەربەستکردنی گرانیو برسێتییەکی چاوەڕوانکراو.. لەبەر ئەوەی کە نەتوانراوە ئەم لایەنانە چارەسەر بکرێن، کە ئەمەش زەمینەیەکی زۆر خراپە بۆ تەمەڵی و پشت بەخۆنەبەستن، کە سەرەنجام کۆمەڵگەیەکی مشەخۆری لێ دەخولقێ.

– لایەنێکی تری گرنگ کە بایەخێکی سیاسیو یاسایی نێو دەوڵەتانە بۆ ئەزمونەکەی کوردستانی فیدراڵ، کە بەداخەوە، بەهۆی شەڕی ناوخۆو کاری دژ بەبەرژەوەندیی گەل، سودیان لێ وەرنەگیرا.

ڕێککەوتنەکەی "پاریس" بوو کە ئەگەر تێك نەدرایە وا سنورێکی یاسایی و سیاسی بڕیار لەسەر دراوو ددان پێدا نراو بۆ کوردستانی فیدراڵ دەخوڵقا، دەرگای یارمەتیدانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرای یاساییو سیاسیی دەوڵەتان بۆ کورد دەکرایەوە.. ڕوخاندنی ڕێککەوتنەکەی پاریس، کە بەریعایەتی فەرەنساو سەرەك کۆمارەکەی( فرانسوا میتران) بو، گەورەترین چەپۆکی کوشندەو گەورەترین کۆسپ بو لەبەردەم گەورەبونی کێشەی نەتەوایەتیی کورد لەسەر ڕێبازی سەربەخۆیی.

ڕێککەوتنەکەی ئەنقەرەش.. لەچەند خاڵێکیدا جۆرێ لەو مامەڵە سیاسیو یاساییەی تیا روون بوو.. دیسان ئەمەریکاو بەریتانیا بەڵێنی یارمەتی ڕاستەوخۆ، بۆ هەڵبژاردن و دامەزراندنەوەی پەرلەمان و حکومەت-یان دا. دیارە بەیارمەتی ئابوری و ڕەخساندنی زەمینەی ڕێکوپێك کردنی کاری حکومەتیشەوە.

- بۆ یەکەم جارە لە مێژوی کورددا پەیوەندیی لەگەڵ کوردو هێزەکانی، روو ڕوخسارێکی سیاسی بەخۆوە دەگرێ، چونکە لەوەوپەر و، ئێستاش بۆ هەندێ لاو هەندێ حاڵەت، ئەو پەیوەندییانە هەر لەڕێگەی دەزگا جاسوسیو موخابەراتییەکانەوە بووە، یارمەتییەکان هەر لەو ڕێگایانەوە بوون.. کە مەبەستەکان لەوە هەر بۆ بەکارهێنانی کارتی کوردی بووە بۆ بەرژەوەندیی دوژمنان و لەدژی خواستەکانی کورد.

ئەمڕۆ دەوڵەتە گەورەکان و گەلێ دەوڵەتی تر جۆرێ لە پەیوەندیی تایبەتیی و سیاسی و نیمچە یاساییان لەگەڵ کورددا هەیە ئەمڕۆ تەنانەت دەوڵەتانی هەرێم جۆرێك لەو مامەڵەیە پیادە دەکەن، هەرچەندە نیوە ناچڵ هەردوو ئامرازی پەیوەندییەکە بەکاردەهێنن. ئەم دیاردەیە لەپەیوەندی و دانیشتن بۆ لابەلاکردنی شەڕی ناوخۆ، لەسەردان، نوسین و قسەکردن، بڕیاری دەوڵەتی، یارمەتیدان، دەرخستنی بونی بەرژەوەندییەکانیان لەناوچەکەو لە کوردستاندا، لە میدیاو بڵاوکردنەوەی هەواڵو ئەو جۆرە کارو چالاکیو پەیوەندییانەدا دەردەکەون، ئەو جۆرە کارانەن زەمینەیەکی خۆشکراوی ئاشکرا دەڕەخسێنن بۆ پەیوەندی یاساییو سیاسی لەگەڵ کورد، کەجۆرێ لە پێناسەی ئاشکرایان پێوە دەردەکەوێ، خۆ ئەگەر کورد لە ئاست گەورەیی ڕوداوەکاندا بێ، وا ڕێگەی چەسپاندن و گەشەپێکردنیان روون و روناکە. تەنانەت هەندێ لەدەوڵەتانی هەرێم، وەك دیفاکتۆییەك جۆرێ لەو مامەڵەیەی لەگەڵدا دەکەن هەرچەندە لەگەڵ هێزە کوردو کوردستانییەکاندایە نەك داموەزگا حکومەتییەکان..

ئەگەر زیاتر قسە لەسەر سەنگی سیاسیو یاسایی ئەزمونەکە بکەین، وا گەورەترین تاقیکردنەوەو هەلی مێژوییە کە کێشەی نەتەوایەتی کوردی خستۆتە سەر شانۆی سیاسی

نێونەتەوەیی، بۆ یەکەم جارە لە مێژوی کورددا بەم جۆرە مامەڵەی نێونەتەوەیی لەگەڵدا بکرێو چەند گەورە دەوڵەتێ لەگەڵ UN دەستەبەری ئەوەو بەردەوامبوونی بن.

هەرچەندە تا ئێستا کوردستانی فیدراڵ لە ددان پێدانانی سیاسیو یاسایی، ناو بازنەو سنوری سیاسیو جوگرافی وڵاتەکە بێ بەشە، کە ئەم حاڵەتەش بۆ ئاستیی دلواو دروشم، بۆ ئامانجەکانی کورد کە لە کوردستانی فیدراڵدا خۆمان گرتۆتەوە، زۆر گرنگەو دەبێ هەوڵ بدرێ بۆ بەدەستهێنانی، چونکە ئەم جۆرە داواو دروشم و ئامانجانە هەر دەبێت بە جۆرێ لەپێکهاتن لەگەڵ رژێمی پایتەختدا رێکبخرێت..بەڵام ئەوە بە مۆڵەقەیی ماوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خواست و ئیرادەی کورد بۆ سوربون لەسەر داوای خۆی، هوشیاریی بۆ جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعەکەدا، لایەنێکی گرنگ و بنچینەییە لەخۆبەستنەوە بەیاساو لە کاری سیاسیو دیپلۆماسیدا.. چونکە هەڵبژاردنە دیموکرات و ئازادانەکەی ئایاری ١٩٩٢ ئیستیفتایەکی یاسایی و سیاسییە بۆ دیاریکردنی چارەنوسی کورد لەناو مافە رەواکانیدا کە سنورەکەی گەلێ لەوەش فراوانترو گەورەترە.. ئەوەش زەمینەیەکی باشی بۆ نێودەوڵەتیکردنی قەوارەکە رەخساندووە، کە ئەگەر ئەو هەڵەو لادانانەی هێزە سیاسییەکانی کورد نەبونایە، دور نەبوو ئەو حاڵەتەش ئەمڕۆ لە پیادەکردندا بوایە..

ئەگەر ئەو کێشە ناوخۆییانەی ئاماژەیان بۆ کراوە لابەلابکرێن و بزانین چۆن لەگەڵ کێشەهەرێمییەکان بە تێگەیشتنێکی وردو واقیعییانەی باری جیۆپۆلیتیك و رۆڵی هێزە کوردستانی و کوردییەکانی هەر پارچەیە کە مامەڵەیان بکەین، بە سنوردارکردنیان لەناو بازنەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و ئەو تێگەیشتنەو ئەو بۆچونەی هێزە کوردستانییەکان دەخاتە بەردەم یەك شارێگەی لابەلاکردنی ململانێ لەسەر ناکۆکییەکان،بەتایبەتی ناکۆکی لەسەر کامە هێزو کامە پارچە رۆڵی کاریگەرتر دەبینێو کامیان ئاسۆی بەردەم بەدیهێنانی ئامانجەکان، بە پلەییو ستراتیجییەکەوە، روناکترو بەئومێدترە، بەمەرجێ هەردولایان لەیەك جوێ نەکرێنەوەو هەریەکە گرێدراوی ئەویتر بێ.. سەرەنجام لەوە بگەین و لەسەر ئەوە رێك بکەوین کە کام پارچە شیاوو لەبارە کە قورسایی هەموو پارچەکانی تری بخرێتە سەر،کە قوربانی بەدەستکەوتیبچوك بدرێ لە پێناوی دەستکەوتێکی گەورەتر، ئەو کاتە دەتوانین لەسەر جۆری مامەڵەی یەکترو دەرفەتە رەخساوەکان نەخشە دابنێین و لەبەر رۆشنایی باری جیۆپۆلیتیکی کوردستان و دۆخە نێودەوڵەتییەکە، پەیوەندییەکانمان رێکبخەین، وە لەم ئاژاوەیەی ئێستا کە راستەوخۆ دژ بە دەستکەوتەکان و دژ بە کاروانی خەباتی نەتەوەیە، خۆمان سەرفراز بکەین.

## ئاسۆی بەردەم کوردستانی فیدراڵ:

گومان لەوەدا نییە کە ئەم ئەزمونەی کوردستانی فیدراڵو ئەم بارودۆخەی ئێستا، پەیوەندی راستەوخۆیان بەبڕیاری ناوچەی ئارام و(٦٨٨)ەوە هەیە، بۆ پارێزگاریکردنی کورد لەلایەن ئەمەریکاوە، بە جۆری مامەڵەی رژێمی سەددام و پاشەرۆژیشییەوە، پابەندە بە ئاستی پەیوەندییەکانیو مامەڵەی دیپلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێم بەرەچاوکردنی ئاڵۆزییە جیۆپۆلیتیکییەکان، وە هەمویشی بەبەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاوە..

بۆ ئەوەی دیمەنێکی روناکی ئەوانە لەبەرچاو بن، دەبێ تیشک بخرێتە سەر هەندێ لە ئەڵقەکانی بەرژەوەندی و سیاسەت و ستراتیجی سیاسیو سەربازیو ئابوری ئەمەریکا لەناوچەکەدا، دەبێ تێڕوانینمان بۆ عێراق و ئاییندەی لە حاڵەتە جۆربەجۆرەکانی گۆڕانەکانیشدا بۆ هەڵوێستی ئەمەریکا لە دەوڵەتانی هەرێم، گرفت و روداوە مەزەنەکراوەکان، هەڵوێست لەمەسەلەی کورد، وەك کێشەی نەتەوەیەك، وەوەك کێشەی مرۆڤیی،بابەتیو واقیعبینانە بن،بەخەیاڵ و لەسەر خەیاڵ کۆشك و تەلار لەهەوادا دروست نەکەین..

## رژێمی عێراق لەناو بازنەی مەزەنەی بۆچونەکانی ئەمەریکادا:

- عێراق رژێمێکی خوێن ریژی توندڕەوە کە لەدژی دانیشتوانەکەی خۆی چەکی کۆمەڵکوژی بەکارهێناوەو ئامادەشە دوبارەی بکاتەوە..
- عێراق هەڕەشەیەکی بەردەوامە لەسەر ئارامیی ناوچەکە، نەوت، بەکێڵگەو بازاڕو بازرگانیو نرخەوە.
- رژێمی عێراق یەکێك لەو دەوڵەتانەیە کە بو بەخاوەنی قودرەتێکی تەکنیکیو چەکی ستراتیجی کۆمەڵکوژو هەڕەشەکەر لەبەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاو دۆستە ستراتیجییەکانی.
- وڵاتێکی فرەنەژادو پڕ لە ئاژاوەیە.. کە بەدرێژایی تەمەنی زیاتر لە سێ چارەکە سەدە، لەناو ئاژاوەو شەڕو شۆڕی بەردەوامدا بووە، نەیتوانیوە حاڵەتی سەقامگیر بەخۆیەوە ببینێ، ژیانی هاوولاتیو یەکسانی بۆ رەگەزەکان دابین بکات، بەردەوام هەڕەشە بون لەسەر کورد، کوردیش لەحاڵەتی شەڕی چەکدارانەی بەردەوام دا بووە، نەتوانراوە بنەما رەسیوەکانی یەك ولات و یەك دەوڵەتی بەهێزو یەك گەل دروست بکرێن، کە هەموو لایەك لەبەردەم یاسا، ئەرك و فرمان و کار و یەکسانی یەکسان بن.
- دوژمنایەتی جیۆسیاسی، سیاسی، کلاسیکی لەگەڵ تورکیاو ئێراندا هەبووە بۆیە حاڵەتی مان و پارچەپارچە نەبون جێگەی پرسیار بووە.

لەگەڵ ئەوانەشدا ئەمەریکا سیاسەتێکی تایبەتی پەیڕەو دەکات، سیاسەتی مالیکردن، لاوازکردن لەبەردەم خاڵە سەرەکییەکانی ناو ستراتیجییەکەی، بەهێزکردنی لەبەردەم هەڕەشەکانی دەوری خلیج کە لەمانەدا کودەبنەوە:

– ئاسایشی نەوت لە خلیجدا، کە لەمێژەوە بەبەشێ لەناوچەکانی ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خۆیەوە،دانراوە. دیارە بە ئاسایشی ڕێگەوبان و گواستنەوەو بازاڕو نرخیشەوە.

– ئاسایشی ولات و رژێمەکانی خلیج.

– ئاسایشی ئیسرائیل، کە یەکەم هاوپەیمانی ستراتیجی ئەمەریکایە لەناوچەکەدا..

– داماڵینی عێراق لەچەکی ستراتیجیو کۆمەڵکوژ.

– بایەخدان بە مافی مرۆڤ لەناو ولاتەکەدا، بەتایبەتی بۆ کورد کە لەبەردەم هەڕەشەی لەناوبردندا بووە، وە جۆرێ لە مامەڵەی سیاسیی ئاشکرا، بێ دیاریونی سیاسەتێکی ئاشکراو سەرجەمیی بەرامبەر کێشەی نەتەوایەتی کورد، چونکە بایەخدانی ئەم تا ئێستا، لەڕووە ئاشکراکەیەوە، بە مرۆڤی کوردە لەناو چوارچێوەی هەر دەولەتێکی هەرێمدایە، کە خواستێتی، ئەو دەولەتانە تا ئێستا، وەك خۆیان بەیەکگرتویی بمێننەوە.

– ئارام و ئاسایش لەناوچەکەدا، بەبەردەوام بوون لەسەر سیاسەتی مالیکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ راکێشانی بۆ ناو موعادەلە سیاسییەکە کە ببێتە فاکتەری ئارام و ئاسایش، نەك هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا.

بۆیە هەر گۆڕانێك کە لەعێراقدا بکرێ، هەر جۆرە بڕیارێ بۆ بەردەوام بونی حاڵەتی ئێستای رژێم، واتە بۆ مانەوەی، دەبێت بەرەچاوکردنی ئەو خاڵانە بێ، بەرەچاوکردنی ئەو حاڵەتەش بێت کە ئایا لەحاڵەتی گۆڕانی سەری رژێم و مانەوەی حیزبی بەعس، یان گۆڕانێکی سەربازی، بەلاخستنی حیزبی بەعس: ئایا گۆڕانەکە بەسەرکردایەتییەکی پراگماتیك و گونجاو دەبێ لەگەڵ ئەو ئەڵقانەی ئەخشەیسیاسەتی ئەمەریکادا.

چونکە گۆڕانی سەربازی کە دەبێ هەر لەناو سوپاوە بێت، وە هاتنەکایەی سەرکردایەتییەکی تر لەناو ئەو گۆڕانەدا، ئامادەنییە کێشەی کورد چارەسەربکا، ئامادە نییە کێشەی مەزەبیو سیاسی شیعە چارە بکات، دوژمنایەتی جیۆسیاسی لەگەڵ دراوسێکان کۆتایی پێ بهێنێ.. مەگەر ئەو گۆڕانە لەژێر چەتری نێودەولەتان و UNدا بێت، کە ژیانی سیاسیو فرەحیزبیو دیموکراسی بەو جۆرەی کە لەگەڵ ئەقڵ و سروشتی میللەتانی عێراق گونجاو بن، کە ئەوەش لەگەڵ خواستەکانی ئەمەریکاشدا یەك دەگرنەوەو دەگونجێن. لەگەڵ ئەوانەشدا، دیسان هەندێ کێشەی سەرەکی بێ چارەسەر دەمێننەوە، وەك کێشەی مانەوەی حوکمی بەغدا بەدەست

عەرەبی سوننە مەزەبەوە، کە زۆرایەتی شیعە (زیاتر لە ٥٥٪) بێ چارەسەر دەمێنێتەوە، وە وەك پاشەڕۆژی کێشەی کوردو ئامانجە مێژوییەکە، چونکە نە کورد خۆی دەستبەرداری ئەوە دەبێ وە نەرێگەشی پێدەدرێ ئەو مافە بەدەستبهێنێو پیادەی بکات.

مانەوەی سەددام حسەین -یش وەك ئێستا بەم سیاسەتە، جووت لەگەڵ سیاسەتی مالیکردنی هەردوو دەوڵەتی عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێران.. ناتوانرێ تا سەر حیسابی بۆ بکرێ، پێچەوانەی خواستی کوردو ئەم واقیعەی ئێستایە کە ئەمەریکا سەرپەرشتی دەکات، پێچەوانەی خواستی زۆرایەتی شیعە دەبێ، لەهەندێ حاڵەتدا بەردەوامیی مەترسیش دەبێت لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، چونکە دوور نییە حاڵەتێکی تری لە پڕوو نەخوازراو جڵەوی روداوەکان بگرێتە دەست.

لەلێکدانەوەی ئایندەی عێراق و چارەنوسی، لەحاڵەتی گۆڕانێکی بنەڕەتیدا کە مافە بنچینەییەکانی گەلان و لایەنی مەزەبی لەبەرچاو بگیرێ، دوو گریمان لەبەردەمدا دەبن:
- دابەشکردنەوەی بە سێپارچەوە.. کوردستان، ناوچەی شیعە، ناوچەی ناوەڕاست تەواو وەك سەردەمەکانی پێش یەکەم جەنگی جیهان.

دابەشکردنی بە دوو بەشەوە.. ناوچەی کوردستان، وە عێراقی عەرەبی.

لەهەردوو حاڵەتدا ئەگەر سیاسەتێکی یەکگرتوی کورد لەئارادا بێت. وا هەم دەتوانرێ روبەڕووی گۆڕانەکان بێت وەهەم ئەمەریکاو دنیای دەوروپشت ئامادە دەبن کە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن..

خۆ ئەگەر ئەو سیاسەتە یەکگرتووە لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە بێت، وا سەرەنجامەکە هێندەی تر گەورەو سەنگینتر دەبێت، بەتایبەتی بۆ ئەو ئەگەرانەی بەردەم ئایندەی ستراتیجی ئەمەریکا کە هاوپەیوەندن بە کۆمارەکانیئاسیای ناوەڕاست، کەناوچەیەکی گرنگی نەوت و غازی ترە.. بۆ ئایندەی بوونی ئەمەریکا لەناوچەکەدا، بۆ بەردەوامیی باڵادەستیی لەوڵاتانی نەوت و غازی ناوچە ستراتیجییەکاندا.. ئەو کاتە کوردستان.. ئەگەر حسابی باکورەکەشی بۆ نەکرێ، لەبەر خاتری تورکیاو رۆڵی لە ناتۆو نەخشەکانی ئەمەریکادا، وا باشوور رۆژهەڵات رۆڵێکی زۆر مەزنیان دەبێو دەدرێتێ..

جانەگەر ئیسرائیل سەقامگیرترین هاوپەیمانی سەربازیو ستراتیجیی ئەمریکا بێت لەهەموو حاڵەتەکانی روبەڕوبونی مەترسییەکان و پاراستنی بەرژەوەندییە ژیانییەکانی ئەمەریکا، وا بۆ ئەو کوردستانەش.. دەتوانرێ هەمان رۆڵی پێ ببینرێ، چونکە هەر وەك چۆن حاڵەتی

سەقامگیرنەبونی ئاشتیو بەردەوامیی هەڕەشە لەسەر ئیسرائیل مەزنەیەکی دروست و بەردەوامەو دەشگونجێ لەگەڵ ئامانجەستراتیجییەکەی لەمەڕ مەسەلەی سنور و زەوی مێژویی "گەلی جو"، وە بەهۆی دوژمنایەتییەکلاسیکیو مێژوییــە بەردەوامەکەو بــەهۆی بۆچونــەکانی عــەرەب بەرامبــەر بــە ئیسرائیل و خولقاندنی هەڕەشەکە زیاتر ببێ. وە هەمان بۆچونیش بۆ کوردو ئەو ڕۆڵەو ئەو قــەوارە نەتەوەییەی پاشەڕۆژدا.. شوێنی خۆی دەگرێ، هــەمان پاشــەڕۆژ لەگــەڵیدا جــوت دەبێــت، هــەمان هەڕەشەی بەردەوام لە ئارادا دەمێنێ، چونکە تا ئێستا ئەوە ئاشکرایە کە هیــچ دەوڵــەتێ، ڕژێمــێ، ئامادە نییە دەستبەرداری بەشەکەی خــۆی ببێــت، کاتــێ ناوچەکــەش بــاری ئاســایی بــۆ بخولقــێ و نەتەوەی کوردیش وەك تورك و فارس و عەرەب دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ، وا دژایەتیکردنی کــورد بۆ داگیرکردن بەردەوام دەبێــت.

جا ئەگەر دەوڵەت و نەتەوەکانی دراوسێی کورد ئامادە نەبن مامەڵەیەکی یەکسان،لەڕوی ماف و زمان بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی بکەن.. وە ئەگەر ئەم حاڵەتــە بــەردەوام بێــت، و ئــەو گریمانــەش زەمینــەی بــۆ بڕەخســێ، وا ئــەو ڕۆڵــە چاوەڕوان کــراوەی پــێ دەسپێردرێ و ئــەو هاوپەیمانییە دەڕەخسێنرێ..

ڕەنگە گرێ کوێرەی ئەم گریمانەی ئاییندە و ڕۆڵی کورد، نەبونی سیاسەتێکی بەنەخشەی نەتــەوەیی کــورد خــۆی بێــت، سیاســەتێکی ســەربەخۆی بــە متمانــەی وا بگرێتــە بــەر، کــە ئــەو ئەمسەرونەوسەرکردنانە نــەمێنێو جــۆرێ لــە دڵنیــایی بەدەوڵــەتانی هاوپــەیوەند پــەیدا بکــات . سەبارەت بەسەرجەمی ئەو فاکتەرو دیــدو بۆچونانــە وە لەگــەڵ بــاڵاکردنی هەڵوێســت و پــەیوەندیی لەگەڵ کێشەی مرۆڤیو سیاسی کورد، ئەمڕۆ مامەڵەکە بۆ کورد و لەسەر کێشەکەی هەر لەســنوری دەوڵەتە هەرێمییەکاندا ماوەتەوە.. بەڵام بە پێچەوانــەی سیاســەتە کلاسیکییەکەیە کــە لاخســتن و گوێ پێنەدان ،بو لەســەر هەڵنەدان و بگرە ناحەزایەتییش بو.. کراوەیی ئــەو سیاســەتەی ئەمــەریکا لــەمڕۆدا دەگاتــە ئاســتی وەدەســتهێنانی مــاف لــە ســنوری فیدراڵیــدا. تەنانــەت بــۆ بــاکوری کوردستانیش. کەوابوو هێڵــە گشــتییەکانی ئــەمڕۆی سیاســەتی ئەمــەریکا بــۆ ئــەم پلەیــە مانــەوەی ڕژێمی سەددام حسەینە تا :

– لەڕێگەی ئەمەوە کۆنترۆڵی بەردەوام و بێ قڕەو بێ مونافیسی نەوتی خلیج بکات.

– لەم پلەیەدا عــێراق نەکەوێتــە بــەردەم هەڕەشــەی پارچەپارچــەبون و خولقــاندنی ئاژاوەیــەك کــە ئەمەریکا نەتوانێ جڵەوی بکات.

– تا ئەلتەرنەتیڤێ بۆ ڕژێم دەخولقێ، تامیکانیزمی بەردەوامیی سیاسەتەکانی ئەمەریکا خەلــەلێکی تێ نەکەوێ.. و بەو جۆرە بەردەوام بێ..

– لە گۆڕانەکەدا یان بە مانەوەی ڕژێمی ئێستا، عـێراق ببێتەئەڵقەیـەکی ئەخشـەی سیاسـەتەکانی ئەك هەڕەشەی بەردەوام..

خۆ ئەگەر سەرحسابێکی سیاسەتی هەنوکـەی دەوڵـەتانی هـەرێم بکـەین، وا تابلۆکـەی وا دێتە بەرچاو:

تورکیا: تا ئێستا ئامادە نییە ددان بەبونی نەتەوەی کورددا بنێ، بەهـەموو هێزیشییەوە دژایـەتی دەکات، ئامادەنییە واقیعی کوردستانی فیدراڵ قبوڵ بکات، مەگەر لە خـەوی بوژانـەوەی ویلایـەتی موسڵو داگیرکردنیدا مانۆڤرێکی سیاسی لەو بابەتە تاقیبکاتەوە.

سوریا: ئامادەنییە هیچ جۆرە مافێکی نەتەوایەتیو کولتوری کورد ددان پێدا بنێ.

ئێران: ئامادە نییە مامەڵەی کێشەی کورد وەك نەتەوە، نە لەسنوری جوگرافی خۆی وە نـە لەسـەر ئاستی پارچەکانی تری کوردسـتان بکـات، بـەڵام دوور نییە لەسـەر بنچینـەی ئـایین لـە ئاییندەدا ئەگەرێکی وا بێتە ئاراوە، کە لەو کاتەدا کێشەی مەزەبی ڕۆڵی خۆی دەبینێ..

عێراق: لە هیچ زەمان و مەکانێکدا بۆ سـاتێکیش نابێ جێگـەی متمانـە بێـت، خـۆ ئەگـەر هەلیشی بۆ هەڵبکەوێتەوە، وا سەرلەنوێ ئەخشـەی جینۆسـایدی کـورد، بـێ ڕەحمانـەتر لـەجاران، دەهێنێتەوە ئاراوەو کاری لەسەر دەکات.

لەناو ئەو دیدو لێکدانـەوەو مەزەنەکردنانـەدا، لەبـەردەم نادیـاریی ئـاییندەی کوردسـتانی فیدراڵدا.. ئەمڕۆ چەند ئەڵقەیەکی هەڕەشەی یەك لەناویەکدا تابلۆقەی ئەزمونەکەی داوە:

– ڕژێمـی بـەغدا، ترسیی گەڕانـەوەی، بـەزۆری هـێزو لەشکرکێشـی، یـان هەڕەشـەی سـازش و سازشکاری لەگەڵ دەوڵەتی بڕیار بەدەست.. کە لێرەشدا زیاتر دوو حاڵـەت لەبـەرچاو دەگیرێ، یەکەم: ڕەچاوکردنی مافەکانی کوردو دابینکردنی ژیانی دوور لەکوشتن و بڕین و تـیرۆر، یـا دووەم: گوێ نەدان بە کوردو کێشەکانی، وە جڵەوشلکردن بۆ ڕژێم و ئەنجامدانی سیاسـەتەکانی کـە بەشـی یەکەمی ئەم لای دووەمە چاوەڕوان نەکراو نییە، بەڵام بەشـە دووەمەکـەی ئاسـان قبـوڵ و مەزەنـە ناکرێ.

– ئەمـەریکاو ئـاییندەی ئـەو ڕۆڵـەی کـە لـەماوەکانی دوا ڕابوون تـا ئێسـتا، بینیویێتـی، وە هـۆ سەرەکییەکانی ئـەو ڕۆڵـە.. نادیـاریی سیاسـەتی ئەمـەریکاو گـەورە دەوڵـەتانی تـر لەهەڵوێستیان بەرامبەر ئاییندەی کورد.

– گرفتە خۆییەکان کە دەرهاوردەی لاوازیـی هـۆش و هەستی نەتەوایەتیو هوشیاریی سیاسیی، دەردە کۆمەڵایەتیو سایکۆلۆجییەکان، لاوازی کەسایەتی کوردو کەسایەتی نەتەوەیی مرۆڤی کورد، بـەردەوامیی ئـەقڵ و ڕۆڵـی تیرەگـەریی و خێڵایـەتی.. وە لەسـەرو هەموویانـەوە شـەڕی نـاوخۆو پەنابردنە بەرداگیرکەرو بونە کەواسووری بەر لەشکرەکەیان.

- هەرەشەی دەوڵەتانی هەرێم سەبارەت بەو هۆو فاکتەرانەی لەدەرکی خوێنەر بەدەر نین.
- گوشاری دەوڵەتانی عەرەب و زلهێزەکانی تری دنیا بەتایبەتی روسیاو چین بۆ هێنانەوەی رژێمی سەددام بۆ ناو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، بۆ گوشار لەسەر ئەمەریکاو بەریتانیاو UN و هەوڵی سازشکاری، بۆ دەست بەرداربون لەکورد..
- باری ئابوری و گوزەرانی جەماوەر، مەترسی هەرەشەکە لە نەبونی سیاسەتێکی ئاقڵانەی خۆییەوەیە، لەیارمەتی نەدانی دەوڵەتانەوەیە، کە هیچ نەخشەیەکیان بۆ یارمەتیدانیکورد بۆ بیناکردنی ئابوری خۆی نییە، هیچ گومانیش لەوەدا نییە کە رەخساندنی ئابورییەکی دەوڵەتیی، لەناو ئاوو هەوایەکی وەک ئەمەی کوردستان کارێکی زەحمەتە، بێ یارمەتی زلهێزەکان و بێ دەستگرتنی کورد.. ئەگەر بۆ ئەمە سەرنج لەکێشە ئابورییەکانی گەلێ دەوڵەتی وەک: روسیا، هەندێ وڵاتی رۆژهەڵاتی ئەوروپا، میسرو گەلێ لە وڵاتانی تری عەرەب، تورکیاوە کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست، بدەین و بەراوردێکی سەرپێی بکرێ وا دروستیی ئەم بۆچونە باشتر دەردەکەوێ.

دەستنیشانکردنی قورسایی و کاریگەری رۆڵی ئەڵقە خۆیی و دەرەکییەکان کە هەرەشەن لەسەر کوردستانی فیدراڵ، لەمڕۆدا بەدەرن لە لێکدانەوە کلاسیکییەکە کە هۆکاری خۆیی بەسەرەکی، دەرکیش بە ناسەرەکیو لاوەکی دادەنێ، چونکە بۆ ئەم کوردستانی فیدراڵە وە تارادەیەکی دوور و ئاشکرا مەسەلەکە پێچەوانە بۆتەوە، لەبەر ئەوە کە ئەزمونەکە جوت لەگەڵ خواستی کورد، بەڵام بەدەر لە قودرەتی خۆی، رەخسێنراوە..

بۆیە موعادەلەکانیش پێچەوانە بونەتەوە، بە تایبەتی وە تا ئێستا لایەنی کەمی هەلومەرجی خۆڕاگرتن و بەریەرەکانی، بەردەوامیی ژیانی هەمەلایەنەکانی بۆ نەخوڵقاوە، ئەگەر رویەڕووی مەترسییە دیارو چاوەڕوانکراوەکان ببێتەوە رەنگە ئامارە بۆ ئەنجامەکەی زەحمەت نەبێ..

کەوابو هەرەشەی گەورە لە بەجێهێشتنی ناوچەی ئارامدایە.. بەردەوام بونیش بەچەند هۆو فاکتەرێکەوە بەستراوەتەوە.

هیچ گومانێکیش لەوەدا نییە کە بەشێکی زۆر گرنگی بەردەوامیی ئەزمونەکە پەیوەندی راستەوخۆی بەبەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاوە هەیە، بەئەڵقەیەکی ستراتیجی ئەو وڵاتەوە هەیە کە بەستراوەی دەستکەوتەکانیو ئایندەی بون و مانەوەیەتی لەناوچەکەدا، لەلایەک، وە خواستی بەریەستکردنی نەخشەی رژێم بۆ کۆکوژیی کورد، کە زیاتر لە ویژدانی هەندێ سیاسەتمەدارو لێپرسراوو پەرلەمەنتارو میدیای گەلێ دەوڵەتەوەیە..

## پاشەرۆژی کوردستانی فیدراڵ لەناو ئاییندەی مەزەنەکانەوە:

ئەم ئەزمونەی کوردستانی فیدراڵ کەوا زیاتر لە حەوت ساڵە خولقاوە و دەوامی هەیە، گەلێ روخسارو هەلومەرجی ژیانی نیمچە دەوڵەتی یان دەوڵـەتیی بەخۆوە گرتـووە کە، لـە لایـەنی سیاسـی و بـەڕێوەبردن و یاسایی‌و پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان، لـە زۆر رووەوە بەسـەربەخۆ دەچێت و دەتوانرێ ئەو پێشبینییە بکرێ کە زەمینەی رەخساندنی دەوڵەتی سەربەخۆیە.

لەلایەکی ترەوە کە سەرنج لەهـەندێ دیاردەی تـر دەدرێ وا ئاییندەیـەکی تـەماوی دێتـە بەرچاو، بەتایبەتی: مانـەوەی رێك نەخستنی پەیوەندییـەکان لەگـەڵ بـەغدا.. ددان پێدا نـەنانی سیاسی‌و یاسایی پایتـەخت، کـە ئـەمـەش کـەلێنێکی گـەورەی ژیـانی ئەزمونەکەیـە، هەڕەشـەیەکی راستەوخۆیە بۆ سەری، خۆ ئەگەر رەفتاری رژێمی بەعس – مان لەبەرچاو بێت و لێ غـافڵ نـەبین وا هەڕەشەکە جیددی دەبێت. کەوابوو لە عورفی یاسای نێودەوڵـەتی‌و یاساو پێناسـەی قـەوارەی سیاسی‌و جوگرافی عێراق.. دەبێت لایەنی دووەمی کێشەکە بۆ سەر مێزی چارەسەر راپێچ بکرێ.. یان بەزۆری هـێز مەسـەلەکە لەگـەڵیدا ببڕێنرێتـەوە، وە یـاخود لەهەڵکەوتنی هەلومـەرجی لـەباردا بانگەشـەی سـەربەخۆیی بکرێ.. وە یـان ئەمـەریکاو هاوپەیمانـەکانی، عـێراق ناچـار بکـەن بـۆ چارەسەری کێشەکە، بەو جۆرەی کە کـورد ئامانجـەکانی مسۆگەر بکـات، بـێ تـرس لەهەڕەشـەی پاشەرۆژ.. واتە پێکهاتنی حکومەت لەژێر چەترو زەمانەتی نێو دەوڵەتیدابێت..

بۆ ئەم پلەیە، گەڕانەوەی سەددام بە ملهوڕی‌و زۆری هێز، لە بازنەی مەزەنەو ئەگـەرەکان بێ جێگە نییە بەلام چاوەڕوان نەکراوە.. ئەگەر هەبێت حاڵەتی ۳۱ئاب بـە نمونـەی نـالۆجیکی ئـەو بۆچونە بهێنێتەوە، وا دەکرێ، هەندێ هۆو فاکتەر بۆ پاسـاوی بێدەنگی ئەمـەریکا یـان هـەڵکردنی تیشکی سەوز بۆ سەددام حسەین، بۆ ئەو بهێنرێتەوە، چونکـە، ئەمەریکاییـەکان لەچـەند حاڵـەتێك نارەزایی خۆیان بۆ ی.ن.ك دەردەبڕی..

- جۆری پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران .
- جۆری پەیوەندییەکان لەگەڵ پ.ك.ك.
- ملنەدان بۆ گوشاری تورکیاو وەستان بەرامبەری.

لەکاتێکدا کە لای بەرامبەر پ.د.ك – یەکگرتوو تەواو پێچەوانەی یـەکێتی و جـوت لەگـەڵ ئەو حاڵەتانە دەجولایەوە.. کە کارەکەش گەیشتە هەڕەشە بۆ سەر سەرکردایەتی پارتی دوای ۳۱ ئاب کە تەواو لەدژی کوردستانی فیدراڵ و بەرژەوەندیی نەتـەوەی کـوردو بـۆ بـەرژەوەندیی رژێمـی

سەددام و شکاندنی تینوێتی گیانی تۆڵەی عەقڵی تیرەگەریو خۆپەرستیو پاوانکردنی سیاسەتی خێڵەکی، دەکرێ ئەو کارە بە تەمێ کردنێکی ی.ن.ك و دەرنەچون لەمێڵی سوور دابنرێ لەلایەن تورکیا و ئەمەریکاوە. هەڕەشەیەکی راستەوخۆش بێت لەلایەن رژێمەوە لەگەڵ گەلێ دەستکەوتی گرنگ لەوانە:

- ئەهێشتنی هەیبەتی بڕیاری UN و بوون و کاری رێکخراوە مرۆییەکان.
- لاوازکردنی حاڵەتی یاسایی و نێودەوڵەتیو بڕیاری ٦٨٨.
- داگیرکردنەوەی پایتەختی کوردستانی فیدراڵ، پێشێلکردنێکی ئاشکرای گەلێ عورف و بڕیاری نێودەوڵەتان.
- سەپاندنی خۆو هەڕەشەی رژێم، کە جەختی لەسەر داگیرکەری خۆی و ئاییندەی پەیوەندییە زۆرەملێیەکان کرد.
- قوڵکردنەوەی ناکۆکیو دووبەرەکی و شەڕ لەناوخۆدا.
- مسۆگەرکردنی وابەستکردنی لایەکی حکومەتی کوردستان، و لاوازکردنی لاکەی تر.

ملدان بۆ ئەم داگیرکەرو ئەوداگیرکەر تا خواستە دژ بە بەرژەوەندییەکانی گەل بەدەست بێنێو بگونجێ لەگەڵ شارەزو و مەرامی خۆیدا.. دەرخستنی وەلا بۆ بەغداو بۆ داگیرکەر.. کە ئەمەش روونتر دروشمی روخاندنی رژێمی بەغدای بێمانا کرد، زیاتریش لەوە لەبەر ئەوەی کورد، نە لەڕوی هێزو نە لەڕوی سەنگی مرۆڤی، و نە لەڕوی باری جیۆپۆلیتیکی کوردستانی عێراق وە نەلەڕوی ئامادەیی کورد بۆ جڵەوی عێراق گرتنەدەست و نەگونجاوی ئەو کارە، هیچ کاتێك ئەو دروشمە گونجاو نەبووە، بەڵکو هەر بۆ داشکان و سازش بووە لەگەڵ هێزە عێراقییەکاندا کە دەبوو ئەو دروشمە هی ئەمان بێ و خۆشیان بەکارەکە هەستن ! چونکە کورد ناتوانێ دروشمی روخاندنی رژێم هەڵبگرێ، ناتوانێ ئەو کارە ئەنجام بدات، بۆیە کارێکی ناناساییو لەئەنجام نەهاتووە لەسەر ئەو جۆرە دروشمانە بەردەوام بێت.. رەنگە شڵەقاندنی دۆخێکی سیاسیش بێت بۆی کە، ئەو بارە گرانە بخرێتە سەرشانی بزوتنەوەی نیشتمانیی کوردستان..

لەبارترین و گونجاوترین دەرفەت لەبەردەمی کورددا خۆگونجانە لەگەڵ ئەلتەرنەتیڤێ کە بسازێ لەگەڵ هێزو ئەقاێ و توانای خۆ و باری جیۆپۆلیتیکی کوردستاندا، کە دەستەبەری مافە پلەییەکان و رێ خۆشکەریێ بۆ مافە مێژوییو ئامانجە ستراتیجییەکەی، بە جۆرێ کە لەناو ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەدا بتوانرێ دەستکەوتەکان بپارێزرێن، خۆ لەنەخشەی دوژمنی داگیرکەر لابدرێ، مامەڵە هەرێمیو نێودەوڵەتییەکان پەرەی پێ بدرێ.. وە زەمین و هەلومەرجی لەبار بن بۆ رەخساندنی بەرەیەکی کوردستانی پێگەییو، ستراتیجێکی سیاسیو سەربازی لەسەر ئاستی

نەتەوە، کە هەلومەرجە جۆربەجۆرەکان ڕەچاو بکات، تا لەسەر ڕێبازی جولانەوەیەکی کوردستانیی ڕەسەن، کاروانی خەباتی نەتەوەکەمان بەرەو سەرفرازی و کوردستانێکی یەکگرتوو سەربەخۆو دیموکرات ئاراستە بکرێ.

**بۆ ئەو ڕێگەیەش لەم بارودۆخەی ئەمڕۆی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورددا، سێ جۆر خەبات بۆ ئامانجە ستراتیجیو پلەییەکان لەبەردەم هێزەکانی کوردستاندایە:**

یەکەم: خەباتی کوردستانیی بەدامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتوو ستراتیجێکی سەرجەمی لەسەر ئاستی کوردستانی مەزن،کە زیاتر ستراتیجەکەی لەبەردەم دوو ئەلتەرنەتیفی ئاشکرادا دەبێت: یەکەمیان شۆڕشێکی سەرجەمی دژ بە داگیرکەران، بێ گوێدانە ستراتیج و هاوکاری و پەیمانی سەربازیی یەکگرتوویان لەدژی کورد.

دووەم: هەر بەو ستراتیجە، بەلام بە هەلبژاردنی ولات و دەولەتی لەبار لە هەموو ئەو لایەنانەی کە پەیوەندی بە ململانێ هەمەلایەنەکانەوە هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆو هەرێمیو نێونەتەوەیی.. بە ئاراستەکردنی هەموو هێزو توانا یەکخراوەکان بۆ ئەو مەیدانە لە لایەک وە بەدانانی نەخشەیەکی تایبەتیی خەبات لە پارچەکانی تردا کە ڕاستەوخۆ لە خزمەت ئەو ستراتیجەو ئەو ململانێیەدا بێت، کە لەمەدا مانای وایە کورد دوژمنی سەرەکیشی هەلبژاردووە ئەگەر بارودۆخەکانی تر ئەم عامیلە نەکەن بە لابەلا کە پێویست بە دواخستنی بکات..

سێیەم: خەباتی ناوچەگەری لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا، کە ئەمەشیان دوو لایەن و دوو ڕوی هەیە:

– یان خەباتێکی تەواو ناوچە گەری بەبێ گوێدانە ناوچەکانی تر.

– وە یاخود بە پێکهاتن لەسەر نەخشەیەک کە هەموو لایەک ڕەچاوی بارودۆخە تایبەتییەکانی لاکانی تر بکات وە خزمەتی ئەو لایەنەش بکات کە زیاتر لەپێش و لەبارو گونجاوو پێگەیشتووترە..

لەهەر حالەتێکی ئەو چەند لایەنەدا ئەوەی کە زۆر گرنگ و ڕۆلبینەرە لەمامەلەی نێونەتەوەییدا، هەروەك چۆن دوژمنە سەرەکییەکە، یان لایە سازاوەکە، هێزەکان مۆل و خەباتە سەرەکییەکەی ئاراستەی بکرێت، دیسان هەر بەو جۆرە وە بەپێی کەرەکتارو مامەلەی ڕابردوو ستراتیجی هەر دەولەتێکی تری داگیرکەر، پێویستە پاش لێکۆلینەوەیەکی وردی بابەتییانە ڕووی ئەو مامەلەیە، ئاست و ڕادەکەی لەناو ستراتیجێکی ڕووندا، بێ گرێو گۆل بێت.

## دوژمنی سەرەکیو خەباتی یەکگرتوو:

ئەگەر لەو مەیدانەو لەسەر ئەو رێبازە باس بێتە سەر هەڵبژاردنی دوژمنی سەرەکی، کە بخوازرێت، بکرێتە لایەنی ململانێی سەرەکی بۆ خەبات لەسەرئاستی کوردستانی مەزن، وا دەبێت ئەوە دەستنیشان کردنی دوژمنە سەرەکییە دووربێت لەناوچەگەریی و سەرخستنی بەرژەوەندیی تەسکی حیزبیی و سەپاندنی خواستی هۆزو تایەفەگەریو ناو عەقڵی رابەر یا سەرکردایەتیی حیزبیی بەڵکو دەبێت لەسەر بنەماو بنچینەی گەلێ پێوانەی گرنگ بێت.. چونکە وە وەك مێژوی دوورو درێژی ململانێیەکەی کورد لەگەڵ داگیرکەراندا سەلماندویەتی، ناتوانرێت لایەنی باشەیان لێ دەستنیشان بکرێت، ناتوانرێت بگوترێت ئەمیان یان ئەویان لەیەکێکی تریان باشترە، بەڵکو تەنها دەتوانرێت ئەوە بگوترێت کە کامیان لە کامیان خراپتر، درندەتر، خوێنرێژتر و ماڵ وێرانکەرترە، کامیان بە درێژایی مێژوو زیانیان زیاتر داوە، کامیان شەڕی جینۆسایدی کوردیان کردووە، وە کامیان بەبەرنامەو بە ستراتیج و بە عەقڵ و بیروباوەڕەوە ئەو دوژمنایەتییەیان کردووەو لەسەری بەردەوام بوو..؟

لێرەشدا نامەوێت هەر قسەی ئاساییو رستەی تاوانبارکردن بکەمە بنەمای بۆچونەکان، بەڵکو بەڵگەو دۆکۆمێنتی کارو کردەوەکان، ئەوانەی کە نەك هەر لەزارو نوسینی خەڵکی کوردەوە دەرهێنراون..بەڵکو باش و بەجێ، شیاوو گرنگتر ئەوانەن کە هی رژێم خۆیین، ئەو نوسراوو نامەو بەڵگەو دۆکۆمێنتانەن کە دەستخەت و ناوو مۆرو ئیمزای لێپرسراوان و دام و دەزگاو دایەرەکانی عەسکەری و حکومەتی و حیزبیی رژێمەکەن کە لە راپەڕینە مێژووییەکەی ئازاری ١٩٩١دا جەماوەرو رێکخراوەکانی کوردستان لە گرتنی دایەرەو دەزگای ئەمن و ئیستیخبارات و مقەڕەکانی حیزبی بەعسدا دەستیان بەسەردا گرتوو نزیکەی ١٨,٥ تەنی لێ گوێزرایەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

ئەوانە بێ پێچ و پەنا دەری دەخەن کە رژێمی حیزبی بەعسی عێراقی دوژمنی سەرەکیو راستەوخۆی نەتەوەی کوردە، بێ ئیدراکی و نەفامییە بۆ یەك سات بڕوای پێ بکرێ.. بۆیە دەبێت خەباتی نەتەوە ئاراستەی ئەو بکرێ، خەباتی یەکگرتوی هێزە کوردستانییەکان راستەوخۆ لەدژی ئەو بێت..

# سەرچاوەکان


- پێشەکی جیرار شالیان، چاپخانەی شەهید جەعفەر، ١٩٨٥.

- چیا، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێ کوچکەی بەعسیان ، تەرحیل، تەعریب، تەبعیس، ١٩٨٦، لە بلاوکراوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان.

- رادۆفان پاڤیچ، پرۆفیسۆر، جولانەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە خەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتیو سیاسی، کردنی بە کوردی، محمود ملا عزت، سوید، ١٩٨٥.

- علاءالدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغداد، ١٩٥٢.

- میریللا گەلینی، کوردو کوردستان لە نووسراوەکانی ئیتالیدا، کردنی بە کوردی حکیم تۆفیق،ستۆکهۆلم، ١٩٨٧.

- ن . ا خەلفین، خەبات لەرێی کوردستاندا، وەرگێری بۆ کوردی جەلال تەقیٚ، سلێمانی،١٩٧١.

- رێبازی نوێ - ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ژمارە ٣،٤ ساڵی، ١٩٨٨.

- الشرارة، الجريدة المركزية للأتحاد الوطني الكردستاني، العدد ٢، ١٩٨٨.

ئەرکی نوێ، بلاوکراوەی ی.ن.ك - لەدەرەوەی ولات، ژمارە ٣، ١٩٨٨.

- وەلام، دەنگی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەدەرەوەی ولات ژمارە ١،-١٩٨٨.

- محەمەد ئەمین زەکی - کوردو کوردستان-چاپی بەغدا-١٩٣١

- دکتۆر عەزیز شەمزینی - جولانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان-چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ-١٩٨٥.

- ریچارد سیم-کوردستان هەوڵدان بۆ دان پیانان.

- مەحمود مەلا عزت - کوردو ململانێی دیپلۆماسی - دەست خەت

- د. كمال مظهراحمد - الطبقة العاملة العراقية.بغداد- ١٩٨١.

- مجيد خدوری - العراق الجمهوری -الطبعة الأولى ١٩٧٤.

- ستيفن هيسلي لونكريك - أربعة قرون من تأريخ العراق الحديث الطبعة الخامسة.

- السيد عبدالرزاق الحسنى - تأريخ العراق السياسى الحديث - ١٩٨٣.

- د.عبدالعزيز سليمان نوار - تأريخ العراق الحديث - القاهرة -١٩٦٨.

- عماد عبالسلام رؤوف - الموصل في العهد العثماني-فترة الحكم المحلي -النجف ١٩٧٥.

- ش ..آشيريان - الحركة الوطنية الديمقراطية في كردستان العراق -١٩٦١-١٩٦٨.

- أندرو كارفلي، العلاقات العربية - الأمريكية والضغط الصهيوني ترجمة أسعد حليم، ١٩٧٠

- بلەج شێرکۆ،دكتور ، القضية الكردية ماضي الكرد و حاضرهم، بيروت، ١٩٨٦

- ثامر كامل محمد، دراسة في الأمن الخارجي العراقي و ستراتيجيته تحقيق، بغداد، ١٩٨٥.

- حامد ربيع، دكتور ، مشاكل الوطن العربي فى السياسة الدولية، بيروت، ١٩٨٠.
- دولت حامد صادق، دكتور- محمد السيد غلاب، الدكتور- جمال الدين الدناصورى، الدكتور ، الجغرافية السياسية، قاهرة ، ١٩٧٥.
- سمير خيرى، الدكتور، نظرية الأمن القومي العربي، بغداد، ١٩٨٣.
- صباح محمود محمد، الدكتور، الأمن القومي العربى ، بغداد ، ١٩٨١.
- صلاح الدين الشامى، دكتور، دراسات في الجغرافية السياسية، قاهرة، ١٩٨٢.
- صلاح الدين المنجد، الدكتور، الحركات التقدمية في العراق حتى غزو التتار، بيروت ،١٩٦٢.
- صلاح الدين عامر، الدكتور المقاومة الشعبية المسلحة في القانون الد، لى العام، القاهرة.
- عبدالرزاق الحسنى ، تأريخ الأحزاب السياسية العراقية، بيروت، ١٩٨٣.
-عبدالسلام أبراهيم بغدادي، مفهوم الكيان الصهيونى للأمن القومي، بغداد، ١٩٨٣.
- محمد عبدالمجيد حسون ، ستراتيجية صراع القوى الكبرى، بغداد،١٩٨٢.
- هادي أحمد مخلف، الدكتور، المقاومات الجيو ستراتيجية للوطن العربى وتأثيرها على الأمن القومي العربي، آفاق عربية، العدد ٣، ١٩٨٥.
-ى.م.. برايموف، تشريح الصراع فى الشرق الأوسط، بيروت، ١٩٨١.
- دائرة المعارف الأسلامية.
- المجموعة الأحصائية السنوية، الجهاز المركزى للأحصاء، بغداد،١٩٨٤.
- الجمعية المصرية للقانون الدولي، المجلد الأول، ١٩٦٩.
- افاق عربيه- العدد ٢-١٩٨٥.
- فاضل حسين، الدكتور، مشكلة الموصل، بغداد، ١٩٥٥ .
- ماجد عبدالرضا، المسألة الكردية في العراق الى ١٩٦١، بغداد - ١٩٧٠.
- الدكتور نوري الطالباني، منطقة كركوك و محاولات تغير واقعها القومي، لندن ١٩٩٥

# ناوەرۆك

**بەشی یەکەم: رەگ و ریشەی مێژوی تەقەلای بەعێراقیکردنی کوردو مەسەلەی کوردستان:**

- دیاردەی سەرەتا.
- ئاورێکی دورتر لە مێژوی سیاسیو جوگرافیای ناوچەکە.
- ئیمپریالیزمی بەریتانیا ئالآی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بەرز دەکاتەوە.
- تێکەڵبونی بەرژەوەندییەکانی ئینگلیزو بۆرجوای عێراق و بۆرجوای عەرەبی عێراق.
- کورد لەناو ململانێو لەبەردەم دووڕیاندا.
- سەرەنجام

**بەشی دووەم: کوردو ململانێو ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە:**

- ئەم لێکۆڵینەوەیە
- ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە:

ماناو مەبەست..زەمینەو بنەما.

- کورد لەناو ململانێ و هەڕەشەی لەناوبردندا.
- ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورد: بنەماو ناوەڕۆك و مەبەست.
- پوختەی سەرەنجام و هەڵوێست.
- پاشکۆی ١ ، ٢.

**بەشی سێهەم: تاوانی عێراق لە کامپەینی ئەنفال و جینۆساید لەدژی کورد..**

**بەشی چوارەم: لە جینۆسایدەوە بۆ کوردستانی فیدراڵ.**

## له بەرهەمە بڵاوكراوەكانی نووسەر:

### نووسین و دانراو

- دیپلۆماسێتی بزوتنەوەی كوردایەتی، سلێمانی – ١٩٧٣
- كۆماری میللی مەهاباد:

  –چاپی یەكەم، كوردستان – ١٩٨٤ ( یەكێتی نوسەرانی كوردستان ) بە چاپی گەیاندو بڵاوی كردەوە.

  –چاپی دووەم ، ستۆكهۆڵم – ١٩٨٦

- ڕەگ و ڕیشەی مێژوی تەقەلای بە عێراقیكردنی كوردو مەسەلەی كوردستان ، سوید –١٩٨٧
- كوردو ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە، كوردستان – ١٩٨٨ ( كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان ) چاپی كردو بڵاوی كردەوە.
- دەوڵەتی جمهوری كوردستان – نامەو دۆكومێنت – بەرگی یەكەم، ستۆكهۆڵم – ١٩٩٢ .
- د.ج.ك – نامەو دۆكومێنت – بەرگی دووەم، ستۆكهۆڵم – ١٩٩٥.
- د.ج.ك – نامەو دۆكومێنت – بەرگی سێیەم، ستۆكهۆڵم – ١٩٩٧.

### وەرگێڕان

- دەروێشەكان بە دوای ڕاستیدا ئەگەڕێن، شانۆگەرییەكی سیاسییە، نوسینی مستەفا حەللاج. لە گەڵ نوسینی پێشەكییەك بۆ دەقە كوردییەكە، ئۆپسالا – ١٩٨٢.
- جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی كورد لە خەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی و سیاسیی، نوسینی رانۆفان پاشیچ. لەگەڵ نوسینی پێشەكی و فەرهەنگیلەیەك بۆ دەقە كوردیەكە:

  –چاپی یەكەم، ستۆكهۆڵم – ١٩٨٥ .

  –چاپی دووەم، كوردستان – ١٩٨٦ ، (كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان) چاپی كردو بڵاوی كردەوە.

- كورتەی مێژوی فەلسەفە – بەرگی یەكەم، سوید – ١٩٨٨، لەگەڵ پێشەكییەكی ٣٩ لاپەڕەیی لە ژێر ناوی

" ئەم بەرهەمەو فەلسەفەو وشەیەك بۆ جوڵانەوەی نیشتمانیی كوردستان و نرخاندنی زانستیانە" وە فەرهەنگیلەیەكی ٢٩ لاپەڕەیی بۆ لێكدانەوەی زاراوە فەلسەفی و سیاسییەكان.

### بەرهەمی نوسەر كە بەناوێكی ترەوە بڵاو كراوەتەوە

- خەباتی كرێكاران، سلێمانی – ١٩٧٢، بە ناوی یەكێتی نەقابەكانی پارێزگای سلێمانی – یەوە بڵاو كراوەتەوە.

لە گەڵ دەیان لێكۆڵینەوەو باس و بڵاوكراوە لە گۆڤارو ڕۆژنامەكاندا لەوانە: خەبات، النور، ڕزگاری، برایەتی، گزینگ، نوێ دەم، مامۆستای كورد، ڕابوون، كوردستانی نوێ......

# The Circle of Struggle
# &
## The Strategy OF Kurdish Nations Security

By
**Mahmod Mala Ezat**

لەسەر ئەرکی کتێبخانەی سلێمانی چاپکراوە

ژمارەی سپاردنی (١٧٣)ی ساڵی ١٩٩٩ی وەزارەتی رۆشنبیری پێ دراوە

چاپخانەی رەنج- سلێمانی